# لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

ژمارە (٤)ی زستانی (٢٠٢٥) گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسی و ستراتیجییە مەڵبەندی دیراساتی گشتیی (ی.ن.ک) دەریدەکات.

- **بۆچی ڕاوێژکار گرنگە؟** ڕۆڵی ستراتیژی ڕاوێژکاریی سیاسی و ئەمنی بۆ سەرکردەکان.
- **نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی، هۆکار و لێکەوتەکانی.**
- **هەوڵی تورکیا بۆ هەژموون دانان بەسەر ماڵی سوننەکان لە عێراقدا.**
- **ستراتیج و ململانێی تورکیا و ئیسرائیل لە دوورگەی قوبرس.**
- **یاسا دەستپێشکارەکان، ئەزمونی فینلاند و قەیرانی یاسا دانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان.**

# گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسیی و ستراتیجییە،
مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەریدەکات.

ژمارە (٤)ی زستانی (٢٠٢٥)

خاوەن ئیمتیـــــــاز | مەڵبەندی دیراساتی گشتی (ی.ن.ك)
سەرنووســـــــەر | د. یوسف گۆران
جێگـری سەرنووسـەر | پ.د. ئومێد رفیق فتاح
بەڕێوەبەری نووسیـن | م. هونەر احمد کریم

## دەستەی نووسەران

پ.د. عابد خالد رسول
د. فریدون صالح حمە
د. فاروق عبدول مولود
پ.ی.د. بێستون حسێن عارف
د. جلیل عمر علی

## دەستەی ڕاوێژکاری

سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاران: فرید ئەسەسەرد

## ئەندامانی دەستە

پ.د. یونس علی احمد
پ.ی.د. عیباد ئیبراهیم ئەحمەد
پ.ی.د. ئارام عمر محی الدین
پ.ی.د. هندرێن عبدالله طاهر
پ.د. هیوا عزیز اسعد
پ.ی.د. نرمین معروف غفور
پ.ی.د. یادگار علی محمد
پ.ی.د.سەنگەر حسام عبدالله

هەڵەبڕ | پ. ی. بێستون عارف عزیز
دیزاین | شاهۆ عەبدولڕەحمان

◆ پێگە: cgs.kurdpuk.org
◆ ئیمەیڵ: jss@dirasatdiploma.org
◆ ژمارە تەلەفۆن: ٠٧٧٠٥٠٩٢١٩٦
◆ ناونیشان: عێراق- هەرێمی کوردستان- سلێمانی- گەڕەکی چوارچرا.

# لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی گۆڤارێکی وەرزییە، مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات. لەلایەن دەستەیەك لە کەسانی ئەکادیمیست و پسپۆڕەوە سەرپەرشتی دەکرێت و گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ئەو توێژینەوە و ڕاپۆرتە سیاسی و جیۆپۆلۆتیکییانە دەدات، کە ڕەهەندێکی ستراتیجییان هەیە و کاریگەریی و لێکەوتەی فرە ڕەهەندی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییان هەیە.

بیرکردنەوە لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە لەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، عێراق، ناوچەکە و نێودەوڵەتی، جێی گرنگی پێدان و بایەخی زانستییە، گۆڤارەکە دەیەوێت ببێتە سەکۆیەك لە خستنەڕووی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر و فرە ڕەهەند، بۆ پرسە جیاوازە سیاسی و جیۆپۆلۆتیکییە خراوە ڕووەکان، بە سەنتەری هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەو پرسانەش کە ڕەهەندی ستراتیجیی هەرێمی و نێودەوڵەتییان هەیە و کاریگەرییان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە. سیاسەتی گۆڤارەکە گرنگیدانە بەو چەمك و پانتاییانەی کە ڕەهەندی ئایندەی و ستراتیجیی لەخۆدەگرن، بەشێوەیەك توێژەر بتوانێت لە ڕەهەندی ئایندەییەوە سیناریۆکان و بژاردەکان بەشێوەیەکی زانستیی شیبکاتەوە.

پاش جێبەجێکردنی ئەو مەرج و سیاسەت و ڕێنماییانەی نووسین، کە لە گۆڤارەکە بۆ توێژینەوە و ڕاپۆرتەکان دیاریکراون، ژمارەکانی گۆڤارەکە جگە لەوەی بە شێوەی چاپکراو بڵاودەکرێنەوە، هاوکات بە شێوەی ئەلیکترۆنیش لە ماڵپەڕی فەرمیی مەڵبەندی دیراساتی گشتیی بڵاودەکرێنەوە و دەخرێنە بەردەست گرنگی پێدەران و خوێنەرانی گۆڤارەکە.

# پێرست


- دابەشبوونی هەرێمی لە بازنەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ................................................ | ٥
پرۆفیسۆر. د. ئومێد رفیق فتاح

- بۆچی ڕاوێژکار گرنگە؟ ڕۆڵی ستراتیژی ڕاوێژکاریی سیاسی و ئەمنی بۆ سەرکردەکان ........................ | ٧
د. هۆگر عومەر ئەحمەد

- ئایندەی پرۆگرامی ناوەکی ئێران لەدوای هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنامە ناوەکییەکەی "٢٠١٥"ی ئێران..... | ٢٣
پ.ی. د. بێستون حسین عارف

- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا "٢٠٢٥" و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان ................................................ | ٣٩
ناودار زیاد

- نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی، هۆکار و لێکەوتەکانی ................................................ | ٦٣
بەهجەت ئەحمەد

- هەوڵی تورکیا بۆ هەژموون دانان بەسەر ماڵی سوننەکان لە عێراقدا ................................................ | ٨١
زانیار حمد محمد

- ستراتیج و ململانێی تورکیا و ئیسرائیل لە دوورگەی قوبرس ................................................ | ١٠٣
أحمد سیروانی

- یاسا دەستپێشکارەکان، ئەزموونی فینلاند و قەیرانی یاسا دانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان................ | ١٣١
د.دڵزوار ئەنوەر ئەحمەد

- سێبەری ڕاستی لە ئاوێنەی خەیاڵدا: کاتێک مێژوو ئەدەب دەبنە یەک کورتەیەك لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و مێژوو لەدیدی پۆست مۆدێرنەدا ................................................ | ١٥٥
پ.د. سامان حسین ئەحمەد

- دەوڵەتان چۆن بیردەکەنەوە: عەقڵانییەتی سیاسەتی دەرەوە ................................................ | ١٧١
خوێندنەوەی: دەستەی گۆڤار

مەڵبەندی دیراساتی گشتی

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

## تۆماری یاسایی

| ژمارە | ریکەوت |
| --- | --- |
| 1009 | 06/04/2025 - 06/04/2026 |

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 22/9/2008 بریاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری( لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ) وەرزییە، خاوەن ئیمتیازی (مەڵبەندی دیراساتی گشتی ی.ن.ک) و سەرنووسەرەکەی ( یوسف صمد لطف الله )، مەرجە یاساییەکانی تیدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (1009)تومارکرا، بۆ ماوەی یەک ساڵ.

ئازاد حەمەدەمین
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

# دابەشبوونی هەرێمی لە بازنەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا



پرۆفیسۆر. د. ئومێد رفیق فتاح

سیاسەتی نێودەوڵەتی بەقۆناغێکی نادڵنیایی و نائارامی تەواودا تێپەڕدەبێت، گۆڕانکاری لە ڕیزبەندی هاوپەیمانەکان و نەیارەکان تایبەتمەندی هێزە گەورەکانە، گۆڕانی گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکادا دروست بوون کە بەتەواوی لە ساڵانی پێشوو ناچێت، ئەو ئامراز و ناوچانەی کە پێشووتر لە پێشینەی سیاسەتی دەرەوە بوون، لە ئێستادا ئەو بەهایانەیان نەماوە، ئەوەی تایبەتە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو لە بڕگەی(د) پاکێجی ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکادا هاتووە، ئیتر دوای پەنجا ساڵ ئەو پێشینەیەی نەماوە، ئەمریکا سیاسەتی دەرەوەی بەرامبەر بە ئەوروپا و هاوپەیمانییە سەربازییەکەی لە ئەوروپا بەتەواوی گۆڕیوە، لە زۆربەی زۆری ئەو ڕێکخراو و هاوپەیمانی و ڕێککەوتننامانە کشاوەتەوە کە دەوڵەتان لەنێوان خۆیان لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمەکانەوە پێوەی پابەندبوون، ئەمریکا لە ئێستادا لە ڕێگەی پاراستنی ئاسایشی هەندێك دەوڵەت کە دەیەوێت زلهێزی هەرێمی دروست بکات پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانی دەپارێزێت.

دینامیکەتی گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خێران و هاوکێشەکان لەماوەی کورتدا دەگۆڕێن، میحوەر بەندی هەرێمی تایبەتمەندی سیاسەتی نێودەوڵەتییە و لە ئێستادا زنجیرەی ئەو جێگۆڕکێیە لەدەرکەوتندایە و بەدوای خۆیدا گۆڕانی ڕیشەی لە میحوەری هەرێمی دروست دەکات.

لە ئێستادا ئەگەرەکانی دەرکەوتنی هاوپەیمانی نوێی سەربازی و ئەمنی و ئابوری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرەتاکانی دەرکەوتن و هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان دەگۆڕن و هاوسەنگی هێز تا ڕادەیەکی زۆر وەکو خۆی نەماوە، کاتی دروست بونەوە و بونیادنانەوەی هاوبەشێتی تازەن، لەسەر بنەمای پێکەوەیی و تەواوکاری و دەست نیشانکردنی نەخشەی بەرژەوەندی تەبا لەگەڵ گۆڕانە واقیعی و کردەییەکان.

ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گۆڕاوانە لە جیاتی ئەوەی بەپێی ڕیزبەندی پێش وەختەی خۆی دیزاینیان بکات، دەرگای ئەوە دەکاتەوە جوڵەکە لە کۆتایدا بەرژەوەندییەکانی دەکاتە مەترسییەوە. یاخود نا.

گۆڕانکارییەکان لە (یەمەن و سۆماڵ و سودان و سوریا) هەروەها گۆڕانکاری لە هاوکێشەی هێز لە لوبنان و مەترسییەکانی سەر عێراق ئاماژەی ئاشکران بۆ بەهێزبوونی هاوکێشەیەکی تری هەرێمی و گرەنتیکردنی پێگە و بالای هێزی تری هەرێمی. ئەگەر پاڵنەرەکانی هەر پاڵنەرێکی وەکوو وزە و بالایی ئابوری و دەرکەوتنی ململانێی زلهێزەکان بێت. ئەوا ئامرازەکانی ئەم ڕکابەرییە بە شێوەی ڕاستەوخۆ هێزە هەرێمییەکانن.



# بۆچی ڕاوێژکار گرنگە؟

## ڕۆڵی ستراتیژی ڕاوێژکاریی سیاسی و ئەمنی بۆ سەرکردەکان

د. هۆگر عومەر ئەحمەد
پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

**پێشەکی**

کاری سەرکردایەتیی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا قورستر و پڕ داواکاری ترە لە سەردەمانی پێشوو، دەرفەتیش بە کەمترین هەڵی هەڵەکردن دەدات. سەرکردەکان ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و کێشەی جۆراوجۆر دەبنەوە لەوانە، ڕاگرتن و دروستکردنی هاوپەیمانێتی، پاراستنی متمانەی گشتی و بەڕێوەبردنی ئابوری و هتد... هەڕەشە ئەمنییەکان و کێشەی تیرۆر و شەڕی بە وەکالەت یان پرۆکسی و هێرشی ئەلیکترۆنی و چەندین کێشە و ئاڵنگاریی دیکە، کە بەردەوام ڕووبەڕووی سەرۆک و سەرکردە سیاسییەکان دەبێتەوە. سەرکردەکان بەردەوام لەژێر فشاری جۆراوجۆردان، کە هەندێکجار پێویست دەکات بڕیاری خێرا و کۆتایی بدەن، زۆرجار بەبێ ئەوەی کە زانیاریی تەواو یان متمانەکراویان لە بەردەستدا بێت.

لەم ژینگەیەدا ئەوەی حوکمڕانی کاریگەر لە حوکمڕانەکانی تر جیا دەکاتەوە، تەنیا زیرەکی یان کاریزمای سەرکردەیەک بە تەنیا نییە، بەڵکو ئەوە کوالیتی سیستەمی بڕیاردانە لە دەوری سەرکردە، کە پشت دەبەستێت بەوەی کێ زانیارییەکان فلتەر دەکات و دەیگەیەنێتە سەرۆک، چۆن بژاردە جیاوازەکان تاقیدەکرێنەوە، چۆن مامەڵە لەگەڵ ناکۆکییەکان دەکرێت و چۆن دەزگاکان هەماهەنگی دەکەن کاتێک بڕیارێک دەدرێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە ڕاوێژکاران، بەتایبەت ئەوانەی لە ناوەندی دەسەڵاتەوە نزیکترین، وەکو ڕاوێژکاری باڵای سیاسی و ئەمنی، تەنها "ستافی پشتیوانی" نین. ئەوان بەشێکی سەرەکی ئەو سیستەمەن کە سەرکردایەتیی دەکاتە کردارێکی ستراتیژی گرنگ و پڕ بایەخ.

بەها و نرخی ڕاوێژکاریی زیاتر لە کاتە هەستیار و قەیرانەکاندا دەردەکەوێت. دوای هەوڵدان بۆ کوشتنی ڕۆناڵد ڕیگان سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا لە ئازاری "١٩٨١"، ڕاوێژکارە باڵاکانی

سەرۆک- لەنێویاندا جەیمس بەیکەر بەردەوام بوون لە بەڕێوەبردن و بڕیاردان لەکاتێکدا کە بارودۆخی سەرۆک نادیار بوو، لەنێویاندا گفتوگۆکردن لەسەر ئەوەی کە ئایا بەشێوەیەکی کاتی هەمواری مادەی (٢٥)ی دەستور بکرێت یان نا. لەو کاتە گرنگانەدا بایەخی ڕاوێژکار و یاریدەدەری سەرۆک بەشێوەیەکی پراکتیکی زیاتر دەردەکەوێت کە دەتوانێت ماکینەی دەسەڵات لەژێر فشاردا بەردەوامی پێبدات.

ئەم توێژینەوەیە باس لەوە دەکات کە حوکمڕانی کاریگەر زیاتر پەیوەستە بە کوالیتی سیستەمی ڕاوێژکارییەوە، بەتایبەت لە بوارە سیاسی و ئەمنییەکان. سیستەمی ڕاوێژکاریی بەهێز یارمەتی سەرکردەکان دەدات کە کێشەکان بەڕوونی پێناسە بکەن، بژاردەکان بەشێوەیەکی واقیعی هەڵسەنگێنن، پێشبینی دەرئەنجامە نەخوازراوەکان بکەن و هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکاندا دروست بکەن. سیستەمی ڕاوێژکاریی لاوازیش- جا ڕاوێژکارەکان کاربکەن لەسەر بنەمای دڵسۆزی، ترس، یان بەرژەوەندی، پێچەوانەکەی دەکات: مەترسییەکان دەشارنەوە، زیاد لە پێویست دڵنیایی دەدەن و ئەگەری هەڵەی ستراتیژی زیاد دەکەن.

### تەوەرەی یەکەم: بۆچی سیستەمی ڕاوێژکاریی گرنگە؟

### یەکەم/ فلتەرکردن و کۆکردنەوەی زانیاری:

زۆرجار ڕاوێژکاران وەک "یارمەتیدەر"ی سادە وەسف دەکرێن، کە تەنها فەرمانەکانی سەرکردەیەک جێبەجێدەکەن. ئەم وەسفە زیاتر چەواشەکارانەیە. لەڕاستیدا زۆرێک لە ڕاوێژکاران- بەتایبەتی ڕاوێژکارانی سیاسی و ئەمنی- ڕۆڵێکی زۆر گەورەتر دەگێڕن. سەرکردەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕۆژانە بڕێکی زۆر زانیاریی وەردەگرن، بەڵام کات و سەرنجیان سنووردارە. دەبێت کەسێک بڕیار بدات کە چ زانیارییەک دەگاتە سەرکردە و کەی دەگاتە دەستیان و چۆن دەخرێتەڕوو. هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆرجار بە بەڕێوەبەری ستاف یاخود "دەروازەپارێز" ناودەبرێن. ڕۆڵەکە بریتییە لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کێ لەگەڵ سەرکردە کۆدەبێتەوە، کام پرس وەک بەپەلە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و کام ناکۆکی لەناو حکومەتدا پێش ئەوەی بگاتە دەستی سەرکردە چارەسەر دەکرێت.

ئەم ڕۆڵە تەنیا ئیداری نییە؛ ستراتیژییە. ئەگەر سەرکردەیەک لە کاتی قەیرانێکدا چەندین ڕاپۆرتی ناکۆکی پێ بگات، ئەمە هیچ سوودێکی نییە، سەرلێشێواوی دروست دەکات و مەترسی هەڵەکردن زیاد دەکات. ڕاوێژکارێکی باش بڕێکی زۆر زانیاریی دەکاتە پوختەیەکی ڕوون. ئەوان ڕوونی دەکەنەوە کە چی دەزانرێت، چی ناڕوونە، چی پێویستی بە سەرنجی دەستبەجێ هەیە و چ هەڵبژاردنێکی قورس دەبێت بکرێت. تەنانەت لە دەرەوەی حکومەتیش هەمان لۆژیک جێبەجێ دەکرێت: ڕاوێژکارێکی متمانەپێکراو یارمەتی بڕیاردەر دەدات لە کێشەیەکی ئاڵۆز تێبگات و بژاردەکانی بەردەمی بۆ ژمارەیەکی کەمی بژاردەی ڕوون کەم دەکاتەوە[١].

**دووەم/ تێستکردنی بژاردەکان: هەڵسەنگاندنی ستراتیژی و پلاندانان بۆ دەرئەنجامە جیاوازەکان**

کاری ڕاوێژکاران بەتایبەتی گرنگە کاتێک داهاتوو ڕوون نییە و نادیارە. کاری سەرەکی ئەوان بریتیە لە بیرکردنەوە لە پێش ئەوانی ترەوە. کاری ئەوان تەنها پێشنیازکردنی بژاردەکان نییە، بەڵکو پێشبینی کاردانەوەکان و کاریگەرییە جیاوازەکانە. پرسیاری وەک: ئەگەر ئەم بژاردەیە هەڵبژێرین، دواتر چی ڕوودەدات؟ ڕەنگە ڕکابەرەکان، هاوپەیمانان، یان نەیارانی ناوخۆیی چۆن کاردانەوەیان هەبێت؟ دواتر چ کێشەیەکی نوێ ڕەنگە دەربکەوێت؟ بڕیاری کۆتایی لای سەرکردەیە، بەڵام ڕاوێژکاران خەیاڵی ستراتیژی لەپشت بڕیارەکەوە تاوتوێ دەکەن[٢].

ئەمەش گرنگە، چونکە بەدەگمەن دەرئەنجامەکان ئاکامی بڕیاری تەنها یەک کەسە. گراهام ئالیسون لە توێژینەوەکەی لەسەر قەیرانی موشەکی کوبا ئەوە دەخاتەڕوو کە بڕیاردان بەتایبەتی لە کاتە سەختەکاندا ئەنجامی بیرکردنەوەی چەندین گروپ و پێکهاتەی ناو دەسەڵاتە نەوەک تاکە سەرکردەیەک. قەیرانی مووشەکی کوبا لە ساڵی "١٩٦٢" ڕوویدا و بە یەکێک لە نمونە گرنگەکان دادەنرێت، کە لەو کاتەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا درکی بە هەبوونی مووشەکی سۆڤیەتی لە کوبا کرد و بارودۆخەکە نزیک بوو لە شەڕێکی حەتمی. جۆن کێنەدی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا نەچوو بە تەنها بڕیار بدات و شەڕ لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت ڕابگەیەنێت، بەڵکو چەندین جار لەگەڵ کۆمەڵێک ڕاوێژکاری باڵا کۆبووەوە و باسیان لە بژاردەی جیاواز کرد، وەک هێرشکردنە سەر کوبا یان بەکارهێنانی فشاری سەربازی سنووردار. دوای ئەم گفتوگۆیانە لەگەڵ ڕاوێژکارەکانی، کێنێدی گەمارۆی دەریایی هەڵبژارد، کە بە "کەرەنتینە" ناوزەند کرا. لەم بارودۆخەدا ڕاوێژکارەکان جێگەی سەرۆکیان نەگرتەوە، بەڵکو هاوکار و یارمەتیدەری سەرۆک بوون بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخەکە و بەراوردکردنی بژاردە جیاوازەکان و لە کۆتاییدا کەمکردنەوەی مەترسی شەڕ. ئەم نمونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تەنانەت سەرکردە بەهێزەکانیش پێویستیان بە ڕاوێژکار هەیە، بۆئەوەی لە کاتی قەیرانە مەترسیدارەکاندا یارمەتی سەرۆک بدەن و پێش بڕیاردانی کۆتایی بژاردەی جیاواز تاوتوێ بکەن[٣].

بەها و نرخی ڕاوێژکاریی زیاتر لە کاتە هەستیار و قەیرانەکاندا دەردەکەوێت. دوای هەوڵدان بۆ کوشتنی ڕۆناڵد ڕیگان سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا لە ئازاری "١٩٨١"، ڕاوێژکارە باڵاکانی سەرۆک- لەنێویاندا جەیمس بەیکەر بەردەوام بوون لە بەڕێوەبردن و بڕیاردان لەکاتێکدا کە بارودۆخی سەرۆک نادیار بوو، لەنێویاندا گفتوگۆکردن لەسەر ئەوەی کە ئایا بەشێوەیەکی کاتی هەمواری مادەی (٢٥)ی دەستور بکرێت یان نا. لەو کاتە گرنگانەدا بایەخی ڕاوێژکار و یاریدەدەری سەرۆک بەشێوەیەکی پراکتیکی زیاتر دەردەکەوێت کە دەتوانێت لەژێر فشارد ماکینەی دەسەڵات بەردەوامی پێبدات[٤].

**سێیەم/ هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکاندا:**

تەنانەت باشترین بڕیاریش شکست دەهێنێت ئەگەر حکومەت نەتوانێت وەک یەکەیەکی هەماهەنگ مامەڵە بکات. زۆرجار ڕاوێژکاران وەک ڕێکخەر لە سەرانسەری وەزارەتەکان، دەزگاکان، بازنەکانی سەرکردایەتیی حزبەکان و دامەزراوە ئەمنییەکان کاردەکەن. ئەمە بەتایبەتی کاتێک زۆر گرنگە کە دەسەڵات پارچە پارچە بێت و پێکدادان لە بەرپرسیارێتییەکان هەبێت، یان تۆڕە کەسییەکان کێبڕکێ بکەن. هەماهەنگی زۆرجار بریتییە لە چۆنیەتی گواستنەوەی ستراتیژی لە کاغەزەوە بۆ پراکتیک.

سیستەمێکی ڕاوێژکاریی کارای بەرز، ڕوونی لە بەڕێوەچوونی کاروبارەکان دروست دەکات: کێ بەرپرسیارە لە چی، چ بابەتێک گرنگە، کام سەرچاوە لەبەردەستدایە و چۆن سەرکردە زانیارییەکان وەردەگرێت. هەروەها ڕێگری دەکات لە "بیرۆکەی ئازاد"ی بیرۆکراتی، کە دامەزراوەکان لەژێر پەردەی ناڕوونیدا بەدوای ئارەزووەکانی خۆیاندا دەگەڕێن. کاتێک هەماهەنگی لاواز بێت، سیاسەتەکان ناتەبا دەبن، پەیامەکان دژ بەیەک دەبن و ڕکابەرەکان دابەشبوونەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەقۆزنەوە.

**چوارەم/ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و پلاندانان بۆ ڕووداو و پێشهاتەکان:**

قەیرانەکان زۆرجار بۆ بڕیاربەدەستان مەترسیدارن، چونکە کاتی کەمیان لە بەردەستە و فشارێکی زۆریان لەسەر دروست دەبێت. لەم ساتانەدا سەرکردەکان دەتوانن دوو هەڵەی گەورە بکەن: لە ترسدا هیچ شتێک نەکەن، یان کاردانەوەی زۆر خێرا بنوێنن بەبێ بیرکردنەوە. ڕاوێژکاران بۆ ڕێگریکردن لە هەردوو کێشەکە یارمەتیدەرن. ئەمەش بە ڕێکخستنی گفتوگۆ و بەراوردکردنی بژاردە جیاوازەکان و دڵنیابوون لەوەی کە بۆچوونی جیاواز پێویستە ببیسترێت پێش ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدرێت.

**پێنجەم/ گۆڕینی زانیاریی تەکنیکی بۆ بڕیاری سیاسی:**

زۆرێک لە بڕیارەکان لە بواری ئاسایش و حکومڕانیدا زۆر ئاڵۆزن کە بە ئاسانی ناتوانرێت بڕیاری لەسەر بدرێت. پرسەکانی وەک هەواڵگری، بژاردەی سەربازی، دیزاینی سزاکان، تەندروستی گشتی، سیاسەتی وزە، یان مەترسییەکانی تەکنەلۆژیا وردەکاری تەکنیکی لەخۆدەگرن کە سەختە بە خێرایی تێبگەین. ڕاوێژکاران یارمەتی بڕیاربەدەستان دەدەن بە وەرگێڕانی ئەم زانیارییە ئاڵۆزانە بۆ هەڵبژاردنی ڕوون کە سەرکردەکان دەتوانن لێی تێبگەن و بڕیاری لەسەر بدەن. ڕۆڵی ڕاوێژکار ئەوەیە کە بژاردەکان بە زاراوەیەکی سادە ڕوون بکاتەوە: هەر بژاردەیەک تێچووی چی دەبێت، چ سوودێکی هەیە و چ مەترسییەکی هەیە[٥].

خاڵێکی گرنگ کە پێویستە لێرەدا باسبکرێت ئەوەیە کە ڕاوێژکاران جێگەی سەرکردەکان

ناگرنەوە. سەرکردەکان شەرعیەت و بەرپرسیارێتیی هەڵدەگرن؛ ئەوان دەبێت بڕیاری کۆتایی بدەن. بەڵام ڕاوێژکاران ژینگەی بڕیاردانی سەرکردە دادەڕێژن لەڕێگەی بە فلتەرکردنی زانیارییەکان، ڕوونکردنەوەی بژاردەکان، هەماهەنگیکردنی دامەزراوەکان و دارشتنی پرۆسەی بڕیاردان، بەشێوەیەک کە هەڵە لە بڕیاردان کەمدەکاتەوە.

**تەوەرەی دووەم: مۆدێلەکانی ڕاوێژکاری**

**یەکەم/ ڕاوێژکاری سیاسی و ڕاوێژکاری ئەمنی: ڕۆڵی جیاواز، بەرپرسیارێتی هاوبەش:**

لە زۆرێک لە حکومەتەکاندا هەموو ڕاوێژکارەکان وەک ئەوەی یەک کار بکەن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. لە واقیعدا دوو جۆری زۆر گرنگ لە ڕاوێژکار هەیە، کە سەرنجیان لەسەر شتی جیاوازە: ڕاوێژکاری سیاسی و ڕاوێژکاری ئەمنی. ڕاوێژکارە سیاسییەکان سەرنجیان لەسەر سیاسەتی ناوخۆیە، وەک حزب و هاوپەیمانی و ڕای گشتی و هەڵبژاردن. ڕاوێژکارانی ئاسایش سەرنجیان لەسەر هەڕەشە دەرەکییەکان و مەترسییە سەربازییەکان و دەرئەنجامە ستراتیژییە درێژخایەنەکانە. کاتێک ئەم دوو جۆرە ڕاوێژکارە پێکەوە کاردەکەن، سەرکردەکان زیاتر بڕیاری ڕوون و جێگیر دەدەن. کاتێک کێبڕکێ دەکەن، یان کاتێک لایەنێک زاڵ دەبێت بەسەر لایەنەکەی تردا، زۆرجار بڕیارەکان دەبنە کورتخایەن، مەترسیدار، یان دواکەوتوو.

> **" کاری سەرکردایەتیی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا قورسترو پڕداواکاری ترە لە سەردەمانی پێشوو، دەرفەتیش بە کەمترین هەلی هەڵەکردن دەدات. سەرکردەکان ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و کێشەی جۆراوجۆردەبنەوە لەوانە، ڕاگرتن و دروستکردنی هاوپەیمانێتی، پاراستنی متمانەی گشتی و بەڕێوەبردنی ئابوری و هتد "**

**دووەم/ ڕۆڵی سەرەکی ڕاوێژکارە سیاسییەکان:**

ڕاوێژکارە سیاسییەکان یارمەتی سەرکردەکان دەدەن بۆ مانەوە و حوکمڕانی لەناو سیستەمی سیاسیدا. ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە چی شتێک شیاو و گونجاوە نەك تەنها لەڕووی تیۆرییەوە. کاری ئەوان یارمەتیدانی سەرکردەکانە لە بەڕێوەبردنی حیزبەکان، دانوستان لەگەڵ ڕکابەرەکان، مامەڵەکردن لەگەڵ ڕای گشتی و ڕاگرتنی سیاسەتی گشتی حیزب بە بەردەوامی. نمونەیەکی زۆر گرنگ لە ڕاوێژکارانی سەرۆکی پێشووی ئەمریکاوە. کارل ڕۆڤ ڕاوێژکاری سیاسی باڵای سەرۆک جۆرج بوش بوو. ڕۆڵی سەرەکی ئەو سیاسەتی ئەمنی نەبوو، بەڵکو هەڵبژاردن

و پەیام و بنیاتنانی پشتیوانی سیاسی بوو. تەنانەت سەرۆک بوش بە "تەلارساز"ی هەڵمەتی هەڵبژاردنی دووبارەی خۆی ناوی برد. نمونەیەکی دیکە ڕەحم ئیمانوێلە کە وەک سەرۆکی باڵای ڕاوێژکارانی باراک ئۆباما کاری کردووە. وەک بەڕێوەبەر و ڕاوێژکارێکی سیاسی توند ناسرابوو کە کاری سەرەکی بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆنگرێس و مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێ سیاسییەکان و کەمکردنەوەی مەترسییە سیاسییەکان بوو. ئەم نمونانە ئەوە دەردەخەن کە ڕاوێژکارە سیاسییەکان سەرنجیان لەسەر دەسەڵات و کات و مانەوەی سیاسییە نەک ستراتیژی سەربازی[٦].

ڕاوێژکارە سیاسییەکان بەزۆری سەرنجیان لەسەر چوار ئەرکی سەرەکییە:

١. بەڕێوەبردنی کاروبارە ناوخۆییەکان: تێگەیشتن لەوەی کە چەندە پشتیوانی هەیە، کێ ڕەنگە دژی سیاسەتێک بێت و چ جۆرە بڕیارێک مومکینە.

٢. بەڕێوەبردنی کاروباری حزبایەتی: هێشتنەوەی گروپە جیاوازەکانی ناو حیزب بە یەکگرتووی و ڕێگریکردن لە دابەشبوونی ناوخۆی و کارکردن بۆ پاراستنی یەکێتیی ناو حزب.

٣. پێشبینیکردنی کاردانەوەی گشتی: بیرکردنەوە لەوەی کە خەڵک چۆن وەڵامی سیاسەتێک دەدەنەوە و ئایا حکومەت یان حزب دەتوانێت ڕوونکردنەوە و بەرگریی لێبکات.

٤. پاراستنی بەردەوامیی سیاسی: دڵنیابوون لەوەی بڕیارێک دەتوانێت نەک تەنها ئەمڕۆ، بەڵکو بەرامبەر ڕەخنە و فشارەکانی داهاتووش بمێنێتەوە[٧].

ئەمە ئەوە دەردەخات کە ڕاوێژکاری سیاسی بەقەد ڕاوێژکاری ئەمنی گرنگە. کاتێک سەرکردەکان سیاسەتی ناوخۆ پشتگوێ دەخەن، تەنانەت ستراتیژییەتێکی بەهێزیش ڕەنگە شکست بهێنێت. ئەگەر متمانەی گشتی دارمێت یان پشتیوانی سیاسی نەمێنێت، سیاسەتەکان جێبەجێکردنیان مەحاڵ دەبن.

## سێیەم/ ڕۆڵی سەرەکی ڕاوێژکارە ئەمنییەکان:

ڕاوێژکارانی ئەمنی سەرنجیان لەسەر ئەو مەترسیانە دەبێت کە تەنها بە غەریزەی سیاسی مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت یان تەنها بە لێهاتوویی سیاسی چارەسەر ناکرێن. ئەوان سەرنجیان لەسەر دوژمنە دەرەکییەکان و نادڵنیایی هەواڵگری و بژاردە سەربازییەکان و هاوپەیمانییەکان و مەترسییەکانی دەرەوەیە. کاری سەرەکییان تێگەیشتنە لە مەترسی و ڕوونکردنەوەی بۆ سەرکردە بەشێوەیەکی ڕوون، بۆئەوەی سەرکردە بتوانێت لەنێوان چەند بژاردەیەکی جیاوازدا هەڵبژێرێت.

نمونەیەکی ناسراو هێنری کیسینجەرە کە وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا و دواتر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کاری کردووە. کاتێک دەربارەی کیسینجەر دەخوێنیتەوە لەوە تێدەگەیت کە چۆن ڕاوێژکارێکی بەهێزی ئەمنی دەتوانێت سیاسەتی دەرەوە لە قاڵب بدات.

ئەو کاریگەریی لەسەر بڕیارەکان هەبوو بە کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی بڕیاردان و بەکارهێنانی دیپلۆماسی نهێنی و چوارچێوەدانان بۆ کێشەکان بەشێوەیەکی ستراتیژی. نمونەیەکی دیکە برێنت سکۆکرۆفتە کە مۆدێلێکی جیاوازی پەیڕەو کردووە. ئەو پێیوابوو ڕاوێژکاری ئەمنی دەبێت "دەلاڵی ڕاستگۆ" بێت، واتە کەسێک دڵنیابێت هەموو دیدگاکان و بۆچوونە جیاوازەکان دەگەنە سەرکردە، پرۆسەیەکی دادپەروەرانە بەڕێوەببات و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا و دامەزراوەکانی تردا بکات لەجیاتی ئیشکردن بۆ بەرەوپێشبردنی بۆچوون و سیاسەتی کەسی[٨].

**" زۆرجارڕاوێژکاران وەک "یارمەتیدەر"ی سادە وەسف دەکرێن، کە تەنها فەرمانەکانی سەرکردەیەک جێبەجێدەکەن. ئەم وەسفە زیاتر چەواشەکارانەیە. لەڕاستیدا زۆرێک لە ڕاوێژکاران- بەتایبەتی ڕاوێژکارانی سیاسی و ئەمنی- ڕۆڵێکی زۆر گەورەتر دەگێڕن "**

**ڕاوێژکارانی ئەمنی بەزۆری سەرنجیان لەسەر چوار ئەرکی سەرەکییە:**

١. تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی هەڕەشە دەرەکییەکان: هەڕەشەی ڕاستەقینە و جددی لە هەڕەشەی ڕەمزی یان زیادەڕەوی (گەورەکراوەکان) جیا دەکەنەوە، هەروەها ئەو کێشانە دیاری دەکەن کە پێویستی بە گرنگیدانی بەپەلە هەیە.

٢. لێکدانەوەی هەواڵگری: ئەوان ڕوونی دەکەنەوە چ زانیارییەک جێگای متمانەیە و چ زانیارییەک ڕوون نییە یان ناتوانرێت پشتی پێ ببەستین.

٣. هەڵسەنگاندنی بژاردەکان: یارمەتی سەرکردەکان دەدەن بە بەراوردکردنی هەڵبژاردە جیاوازەکان، وەک دانوستان، یان هەڵبژاردەی سەربازی و دیپلۆماسی و ڕوونکردنەوەی مەترسی و سنوورەکانیان.

٤. بیرکردنەوە لە داهاتوو: لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕەنگە ڕکابەرەکان چۆن وەڵام بدەنەوە، ئایا توندوتیژی دەتوانێت پەرەبسێنێت؟ بڕیارێک چ دەرئەنجامێکی درێژخایەن دروست دەکات[٩].

هەندێکجار ڕەخنە لە ڕاوێژکارانی ئەمنی دەگیرێت کە زۆر وریا یان زۆر توندن/ شەڕەنگێزن. لە واقیعدا ڕاوێژکاری ئەمنی باش لە هەردوو جۆری توندڕەوی دوور دەکەوێتەوە و بەشێوەیەکی ورد و دیسپلین لە مەترسییەکان دەڕوانێت و دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ هەڕەشە و دەرئەنجامە نەخوازراوەکاندا بکات.

**تەوەرەی سێیەم: ڕاوێژکاری و سیستەمە سیاسییە ناسەقامگیرەکان**

**یەکەم/ بۆچی سیستەمی ڕاوێژکاریی لە ژینگە سیاسییە ناسەقامگیرەکاندا زیاتر گرنگە؟**

بەشێوەیەکی گشتی سیستەمی ڕاوێژکاریی لە هەموو حکومەتێکدا و بۆ هەموو بارودۆخێک گرنگە. بەڵام ئەم گرنگییە زیاتر لە ژینگە سیاسییە ناسەقامگیرەکاندا دەردەکەوێت. لەم شوێنانەدا سەرکردەکان بوارێکی زۆر کەمیان هەیە بۆ هەڵەکردن. کێشەکان بە خێرایی لە ژینگەی دەرەوە دەچنە ناو سیاسەتی ناوخۆ. هەڵەیەکی بچووک دەکرێت سەربکێشێت بۆ قەیرانێکی گەورە ئەگەر بە نەشارازاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت.

لەم بارودۆخەدا، تەحەدای سەرەکی تەنیا هەڵبژاردنی باشترین سیاسەت نییە، بەڵکو دەرچوون و ڕزگاربوونە لە نادڵنیایی. سەرکردەکان دەبێت لە یەک کاتدا مامەڵە لەگەڵ فشارەکانی دەرەوە و دابەشبوونە ناوخۆییەکان و کۆمەڵێک کێشەی تردا بکەن. کاتێک هەموو ئەم فشارانە پێکەوە بوونیان هەیە، تەنانەت حیسابێکی هەڵەی بچووکیش دەکرێت زۆر بەقورسی بشکێتەوە و چارەسەرکردنی ئاسان نەبێت.

لەم جۆرە ژینگانەدا بەهۆی بەردەوامی فشاری دەرەکی بەشێوەیەکی گشتی مەترسییەکان زیاترن. وڵاتانی دراوسێ و ڕکابەرە ناوچەییەکان و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان هەمیشە چاودێری دەکەن و بەدوای لاوازیدا دەگەڕێن. لەوانەیە لەڕێگەی هەڕەشەی سەربازی، هێزی بە وەکالەت یان پرۆکسی، ئامرازی ئابووری، سزا، یان هەڵمەتی میدیا فشار بخەنە سەر لایەنێکی دیاریکراو. بەهۆی هەموو ئەو هۆکارانەوە بەدەگمەن سەرکردەکان دەتوانن بەهێمنی و دوور لە دەستێوەردان بڕیار بدەن. لەلایەکی ترەوە دابەشبوونی ناوخۆ پرۆسەی بڕیاردان لاواز دەکات. حکومەتەکان زۆرجار لاواز دەبن بەهۆی کێبڕکێی حزبی و کێشمەکێشی نوخبەی دەسەڵاتەوە، یان کاتێک ناوەندەکانی دەسەڵات دابەش دەبن و دامەزراوەکان لەبری هەماهەنگی، کێبڕکێ لەگەڵ یەکتردا بکەن. لەم جۆرە بارودۆخەدا تەنانەت ئەگەر سەرکردەکانیش ڕێکبکەون، ئاسان نییە گوتارەکان بکرێن بە کردار. لە دۆخێکی لەم شێوەدا هەڵەکردن باجێکی سەختی هەیە و هەندێکجار لێدوانێکی بێباکانە، هەنگاوێکی ئەمنی کە پلانی خراپی بۆ دانراوە، یان سیاسەتێکی ناڕوون دەتوانێت بە خێرایی زیان بە متمانە بگەیەنێت. زۆرجار ڕەنگە ببێتە هۆی پەرەسەندنی زیاتری کێشەکان لەگەڵ لایەنە نەیارەکان و ترساندنی هاوپەیمانەکان، یان دابەشبوونی پشتیوانی ناوخۆیی. لەم جۆرە ژینگەیەدا سیستەمی ڕاوێژکاری زۆر گرنگە[١٠].

لە ژینگەیەکی سیاسی هاوشێوەدا، سیستەمی ڕاوێژکاریی لاواز هەموو شتێک خراپتر دەکات. کاتێک ڕاوێژکاری و ئامۆژگاریی لە بازنەیەکی بچووکەوە دێت، یان کاتێک بۆچوونە جیاوازەکان سەرکوت دەکرێن، سەرکردەکان زانیاریی هەڵە و لایەنگری بەرتەسک وەردەگرن. هۆشدارییەکان زۆر درەنگ دێن بۆ سەرکردەکان. ئەو پەیامانەی بۆ هاوپەیمانان و ڕکابەرەکان

دەنێردرێت تێکەڵن. بڕیارەکان لەبری ستراتیژی دەبنە کاردانەوە.
سیستەمی ڕاوێژکاریی بەهێز پێچەوانەکەی دەکات. ئەوان یارمەتی سەرکردەکان دەدەن زووتر کێشەکان ببینن، بەڕوونتر لە مەترسییەکان تێبگەن و بە بەردەوامی مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی جیاوازدا بکەن. دیدگای جیاواز کۆدەکەنەوە- ئاسایش، سیاسی، ئابووری و دیپلۆماسی. ئەوان وا دەکەن گریمانەکان تاقیبکرێنەوە پێش ئەوەی ببنە سیاسەت بخرێنە ژێر پرسیارەوە. یارمەتی سەرکردەکان دەدەن بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ قەیرانەکان بەڕێوەببەن[١١].

**دووەم/ ڕاوێژکارە بەهێزەکان لە ژینگە سیاسییە ناسەقامگیرەکاندا دەتوانن چی بکەن؟**
سیستەمی ڕاوێژکاریی بەهێز بەتایبەتی لە ژینگە سیاسییە ناسەقامگیرەکاندا زۆر گرنگە. ئەوان لە سێ ڕێگەی سەرەکییەوە یارمەتی سەرکردەکان دەدەن:

**١. یارمەتیدانی سەرکردەکان بۆ مامەڵەکردن بە توانای سنووردار:**
لە دەوڵەتە ناسەقامگیرەکاندا زۆرجار دامەزراوەکان لاوازن و شارەزایی سنووردارە. لەم بارودۆخانەدا ڕاوێژکاران وەک ناوەندی بیرکردنەوەی سەرەکی دەوڵەت کاردەکەن. یارمەتی سەرکردەکان دەدەن بۆ قەرەبووکردنەوەی کەلێنەکانی زانیاری و لاوازی بیرۆکراسی و هەواڵگریی سنووردار. لێرەدا ئامانج لێی دروستکردنی سیستەمێکی تەواو و پیرفێکت نییە لە کاتێکی دیاریکراودا. ئامانج لێی دڵنیابوونە لەوەی سەرکردەکان زانیاری و ئامۆژگاریی پێشوەختەی باشیان هەیە بۆ ئەوەی هەڵەی جددی نەکەن.

> **” بەها و نرخی ڕاوێژکاریی زیاتر لە کاتە هەستیار و قەیرانەکاندا دەردەکەوێت. دوای هەوڵدان بۆ کوشتنی ڕۆناڵد ڕیگان سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا لە ئازاری "١٩٨١"، ڕاوێژکارە باڵاکانی سەرۆک- لەنێویاندا جەیمس بەیکەر بەردەوام بوون لە بەڕێوەبردن و بڕیاردان لەکاتێکدا کە بارودۆخی سەرۆک نادیار بوو “**

نمونەیەکی بەسوود لە یەکێک لە دەوڵەتە بچووکەکانەوە کە زۆرجار ڕووبەڕووی جۆرە نوێیەکانی هەڕەشە دەبنەوە. لە ساڵی "٢٠٠٧" ئیستۆنیا ڕووبەڕووی هێرشی ئەلیکترۆنی گەورە بووەوە کە فەرمانگەکانی حکومەت و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی کردە ئامانج. ئەمە تەنها کێشەیەکی تەکنیکی نەبوو، بەڵکو سیاسی و ستراتیژی بوو. وەڵامی ئیستۆنیا بۆ ئەم

کیشـەیە گرنگی هەماهەنگی نێوان دامەزراوەکان و پسپۆڕان و ڕاوێژکارانی لـە سـەرانسـەری وڵاتدا نیشـان دا. سـەرکردەکان پشتیان بە شـارەزایان و پسپۆڕان بەسـت و هەماهەنگییان وەک ئەولەویەتێکی ئاسایشی نیشتمانی تەماشاکرد. لێرەدا وانەیەکی سادە هەیە: کاتێک هەڕەشـەکان ئاڵۆز و خێرا بن، سـەرکردەکان پێویستیان بە ڕاوێژکارێکە یان دەوڵەت پێویستی بە پرۆسـەیەکی ڕاوێژکاریی هەیە کە بتوانێت شارەزایی تەکنیکی، ئەولەویەتی سیاسی و هەماهەنگی دامەزراوەیی بەخێرایی تێکەڵ بکات و بەشێوەیەکی کردەیی کاری پێبکات.

## ٢. بە وریاییەوە قسەکردن و مامەڵەکردن لەژێر فشاردا:

لە ژینگە سیاسییە ناسەقامگیرەکاندا، ئەوەی سـەرکردەکان دەیڵێن و دەیکەن زۆر گرنگە. لێدوانی سـەرکردەکان تەنها لەلایەن یەک ئامادەبوو یان گروپێکی دیاریکراوەوە نابیسترێت، بەڵکو هاووڵاتیان و لایەنە ڕکابەرەکان و هاوپەیمانان و گروپە چەکدارەکان و هتد. چاودێرییان دەکەن. بەهۆی ئەمەوە یەک پەیام کە لە سـەرکردەکانەوە دەدرێت دەتوانێت یان گرژی کەم بکاتەوە یان زیادی بکات. ڕاوێژکارە بەهێزەکان یارمەتی سـەرکردەکان دەدەن کە خۆیان لە هەڵەی ناپێویست لە قسە و کارەکانیان بەدوور بگرن.
تایوان دەتوانێت ببێتە نمونەیەکی زۆر بەسوود لەم ڕووەوە. تایوان لەژێر فشاری دەرەکی بەردەوامدا کاردەکات و لە هەمان کاتدا سیاسـەتی ناوخۆیی بەڕێوەدەبات. بۆ بەڕێوەبردنی ئەمە، سـەرکردەکانی بەردەوام پێکەوە ڕاوێژ بە ڕاوێژکارانی سیاسی و سـەربازی و ئابووری دەکەن. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پەیامە گشتییەکان و کاروبارەکانی سیاسـەت ڕوون و یەکگرتوون. وانەکە ئەوە نییە کە ئەوانی دیکە پێویستە سیستەمی تایوان کۆپی بکەن، بەڵکو کاتێک سـەروەری سنووردارە و مەترسییەکان زۆرن، ڕاوێژکاران یارمەتی سـەرکردەکان دەدەن دڵنیابن لەوەی کە کردار و قسـەکانیان ئاماژەی دروست بۆ هەموو ئامادەبووان دەنێرن[12].

## ٣. یارمەتیدانی حکومەت بۆ کاری هەماهەنگی:

لە سیستەمە سیاسییە ناسـەقامگیرەکاندا، خراپی هەماهەنگی کێشـەی جددی دروست دەکات. کاتێک دامودەزگاکانی حکومەت پێکەوە کار ناکەن و دەزگاکان کێبڕکێ لەگەڵ یەکتر دەکەن، بڕیارەکان هێواش و ناڕوون دەبن. لەوانەیە فەرمانگە جیاوازەکان پەیامی جیاواز بنێرن یان هەنگاوی جیاواز ئەنجام بدەن. ئەمەش دەوڵەت لاواز دەکات و ئاسانکاریی بۆ ئەکتەرەکانی دەرەوە دەکات کە فشار بکەن یان ببنە هۆی ناسـەقامگیری[13].

**تەوەرەی چوارەم: شکستی سیستەمی ڕاوێژکاری**

**یەکەم/ کاتێک سیستەمی ڕاوێژکاریی شکست دەهێنێت: بیرکردنەوەی گروپی، دڵسۆزی و سیاسەت**

سیستەمی ڕاوێژکاریی دەتوانێت ببێت بە یەکێک لە گەورەترین خاڵە بەهێزەکانی سەرکردە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانن ببنە لاوازییەکی جددیش. کاتێک سیستەمی ڕاوێژکاریی شکست دەهێنێت، زۆرجار کێشەکە لە سەرەتادا دیار نییە. بەزۆری بە ئامانجێکی مەعقول دەست پێدەکات: پاراستنی یەکڕیزی و خێرا مامەڵەکردن و دوورکەوتنەوە لە ململانێی ناوخۆیی. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەمە دەتوانێت بگۆڕێت بۆ کولتوورێکی زیانبەخش. ڕاوێژکاران دەست دەکەن بە گرنگیدان بە دڵخۆشکردنی سەرکردە لەبری ئەوەی ڕاستییەکان بڵێن. زانیاریی سەخت نەرم دەکرێت یان دەشاردرێتەوە. ناکۆکی وەک ناپاکی سەیر دەکرێت. کاتێک ئەمە ڕوودەدات، سەرکردەکان تەنها ئامۆژگاریی خراپ وەرناگرن- ئەوان لەناو ژینگەیەکی بڕیاردانی شێواودا کاردەکەن، کە ئەگەری هەڵەکردن زیاتر دەبێت.

> **” قەیرانەکان زۆرجار بۆ بڕیاربەدەستان مەترسیدارن، چونکە کاتی کەمیان لە بەردەستە و فشارێکی زۆریان لەسەر دروست دەبێت. لەم ساتانەدا سەرکردەکان دەتوانن دوو هەڵەی گەورە بکەن: لە ترسدا هیچ شتێک نەکەن، یان کاردانەوەی زۆر خێرا بنوێنن بەبێ بیرکردنەوە. ڕاوێژکاران بۆ ڕێگریکردن لە هەردوو کێشەکە یارمەتیدەرن “**

**دووەم/ کاتێک ئامۆژگاریی دەبێتە کەسی لەبری دامەزراوەیی:**

هۆکارێکی دیکەی شکستی سیستەمی ڕاوێژکاریی بریتییە لەوەی کە کاتێک سیستەمی ڕاوێژکاریی زۆر کەسی یان شەخسی دەبێت. ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە زانیارییەکان و دەستڕاگەیشتن پێیان لە لایەن گروپێکی بچوکەوە یان بازنەیەکی ناوخۆی بچوکەوە کۆنترۆڵکراوە. بڕیارەکان زیاتر پشت بە دڵسۆزی کەسی و پەیوەندییە تایبەتەکان دەبەستن، نەک بە دامەزراوە و ڕێکارە فەرمییەکان. ئەمەش زۆر مەترسیدارە، چونکە پشکنین و پشتڕاستکردنەوە یان دڵنیابوونەوە لە زانیارییەکان کەمدەکاتەوە. ڕەنگە زانیارییە گرنگەکان فلتەر بکرێن یان پشتگوێ بخرێن و دەنگە پسپۆڕەکانی دەرەوەی بازنەی ناوەوە بەلاوەبنرێت.

نمونەیەکی ناسراو سەردەمی فەزیحەی واتەرگەیت لە ئەمریکا. لەو ماوەیەدا بڕیاردان لەنێو گروپێکی بچووکی نزیک لە سەرۆکی وڵات چڕ ببووەوە. ئەمانە کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر

ئەو زانیارییانە هەبوو کە دەگات بە سەرۆک و بە چ شێوەیەک پێی دەگات یان چۆن کێشەکان لەبەردەم سەرۆکدا باس دەکرێت. لە ئەنجامدا بڕیارەکان لە ناو بازنەیەکی داخراوی کەسیدا دەدران، بەبێ هیچ ئاڵنگارییەک یان بیروبۆچۆنێکی جیاوازی دەرەکی[١٤].

وانەکە لێرەدا سادەیە، کاتێک سیستەمی ڕاوێژکاریی دەبێتە شتێکی زۆر کەسی، سەرۆک و بڕیاربەدەستان ئەو پارێزبەندییە لەدەست دەدەن کە دامەزراوەکان یان ڕاوێژکارییە بە دامەزراوەییەکان بەردەستی دەخەن. دامەزراوەکان وا دەکەن بڕیاردان تارادەیەک بە سیستماتیک بکرێت و ڕێگە لە بڕیاری خێرا دەگرن یان بڕیاردان بەشێوەیەکی تەندروست خاو دەکەنەوە.

## سێیەم/ کاتێک ڕاوێژکاران لە قسەکردنی ڕاستگۆیانە دەترسن یان دڵسۆزی لە زانیاریی گرنگتر دەبێت

کێشەیەکی جددی دیکە ئەوەیە کە کاتێک ڕاوێژکاران هەست بکەن کە ڕێککەوتن لەگەڵ سەرکردە گرنگترە لە هاوبەشیکردنی زانیارییە ڕاستەقینەکانیان. لەم سیستەمانەدا ڕاوێژکاران پاداشت دەکرێنەوە کە لەگەڵ سەرکردە ڕێککەوتوون، نەک ئەوەی ڕاستی بڵێن. ڕاوێژکاران پێیان وایە دڵسۆزی بە واتای وتنی "بەڵێ" دێت، تەنانەت کاتێک گومانیان لە شتێک هەیە. ناکۆکی وەک خیانەت سەیر دەکرێت. لە کاتی قەیرانەکاندا زۆرجار سەرکردەکان متمانە و دڵنیاییان دەوێت. لە هەمان کاتدا، ڕەنگە ڕاوێژکاران ترسیان هەبێت لە لەدەستدانی پلە و پێگە، یان متمانە، بەهۆی ئەمەوە لەبری ڕاستگۆیی بێدەنگی هەڵدەبژێرن.

وانەیەکی گرنگ لێرەدا هاندانی ڕای جیاواز، وانەی سەرەکی لێرەدا ئەوە نییە کە سەرۆکەکان ڕێگە بە ژاوەژاو و ململانێی سەخت بدەن، بەڵکو سەرۆکی سەرکەوتوو بەشێوەیەکی تەندروست ڕێگە بە ناکۆکی لە بیروبۆچوون و ڕای جیاواز دەدات. ئەم شێوازە ڕێگە بە تێستکردنی بیروبۆچوونەکان دەدات پێش ئەوەی بڕیاری نابەجێ یان هەڵە بدرێت[١٥].

بەشێوەیەکی پراکتیکی، ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەم خاڵە سادانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێن:

١. دیاریکردنی کەسێک بۆ ئەوەی بەوردی پرسیار و ڕەخنەی خۆی لە پلانەکە دیاری بکات و مەترسییەکانی بخاتەڕوو.

٢. داواکردن لە ڕاوێژکاران بۆ نووسینی کورتە وتار کە بژاردەکان، مەترسییەکان و کاریگەرییە نەرێنییەکانی داهاتوو ڕوون بکەنەوە.

٣. جیاکردنەوەی شیکاریی هەواڵگری لە پەیامی سیاسی.

٤. پاداشتکردنی ڕاوێژکاران بۆ ڕاستگۆیی و وردبینیان لە کارەکانیاندا[١٦].

دڵسۆزی کوێرانە بۆ سەرۆک هەندێکجار ڕەنگە بە ئەرێنی ببینرێت، بەڵام زۆر مەترسیدارە. ئەو سەرکردانەی تەنها ئەو شتانە دەبیستن کە دەیانەوێت بیبیستن یان حەز بە بیستنی دەکەن، ڕووبەڕووی زۆرترین ئەگەری نەخوازراو دەبنەوە و زۆرجار هەڵەی گەورە دەکەن.

**تەوەرەی پێنجەم: نیشانەکانی ڕاوێژکاری سیاسی و ئەمنی سەرکەوتوو**

ڕاوێژکارە باش و سەرکەوتووەکان بەوە پێناسە ناکرێن کە تا چەند لە سەرۆکەوە یان دەسەڵاتدارەوە نزیکن یان پلە و پایەیان بەرزە یان نا. ئەوان بە یەک پرسیاری سادە پێناسە دەکرێن: ئایا یارمەتی سەرکردەکان دەدەن بڕیاری باشتر بدەن؟ ڕاوێژکارێکی باش حوکمدان باشتر دەکات، یارمەتی حکومەت یان دەسەڵاتدار دەدات کە هەماهەنگی یان کاری پێکەوەیی زیاتر بکەن و یارمەتی دەسەڵاتدار دەدات بە پێدانی زانیاریی بەردەوام تەنانەت لە کاتی فشاری زۆردا. ئەمەش بەتایبەتی لە کاتی قەیرانەکاندا گرنگ دەبێت، کاتێک کات کورتە و هەڵەکان تێچوویان زیاترە.

> **" لە زۆرێک لە حکومەتەکاندا هەموو ڕاوێژکارەکان وەک ئەوەی یەک کار بکەن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. لە و اقیعدا دوو جۆری زۆر گرنگ لە ڕاوێژکار هەیە، کە سەرنجیان لەسەرشتی جیاوازە: ڕاوێژکاری سیاسی و ڕاوێژکاری ئەمنی "**

ڕاوێژکاری سەرکەوتوو دەبێت بە قووڵی لە دۆمەینەکان تێبگات، سیاسەتی ناوخۆیی، کاروباری ئەمنی، دیپلۆماسی، ئابووری، یان هەواڵگری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایی تەنها کاتێک گرنگە کە بتوانرێت بۆ بڕیار وەربگێڕدرێت. سەرکردەکان پێویستیان بە وتارێکی درێژ نییە. پێویستیان بە وەڵامی ڕوون هەیە بۆ پرسیارە پراکتیکییەکان: بژاردە واقیعییەکان چین؟ تێچووی هەریەکەیان چەندە؟ ئەگەر دوابکەوین مەترسی چییە؟ هەر لەبەر ئەمەشە ڕاوێژکارە بەهێزەکان دەبنە "وەرگێڕ" لەنێوان وردەکاری تەکنیکی و بژاردەی سیاسیدا[١٧].

ڕاوێژکاری سەرکەوتوو تەنها سەرنجی لەسەر کێشەی ئەمڕۆ نییە. بیر لەوە دەکەنەوە کە چی لە دوای ئەوە دێت. دەپرسن:

ئەوانی تر چۆن کاردانەوەیان دەبێت بەرامبەر بەم بڕیارە؟

ئەمە دەتوانێت چ کێشەیەکی نوێ دروست بکات؟

ئەگەر ئەمە شکستی هێنا، دواتر ناچار دەبین چی بکەین؟

نمونەیەکی ناسراو قەیرانی مووشەکی کوبایە. سەرۆک کێنێدی لە یەک کۆبوونەوەدا بڕیاری کۆتایی نەدا. چەندینجار لەگەڵ ڕاوێژکاران کۆبووەوە و بژاردەی جیاوازی تاوتوێ کرد و هەوڵیدا مەترسییەکانی پەرەسەندنی کێشەکان کەم بکاتەوە. وانەکە ئەوە نییە کە

سەرکردەکان ئەو کەیسە وردە کۆپی بکەن، بەڵکو وانەکە لێرەدا ئەوەیە کە سەرکردەکان بە پشتبەستن بە ڕاوێژکارەکانیان دەتوانن بیر لە بژاردەی دووەم و سێیەم بکەنەوە.

کارێکی گرنگی تری ڕاوێژکار، خزمەتکردنی فەرمانگەکەیە نەوەک دەسەڵاتی کەسی.

ڕاوێژکارە سەرکەوتووەکان لەوە تێدەگەن کە کاری ئەوان خزمەتکردنی ئەو ئۆفیس و سەرۆک و وڵاتەیە کە کاری تێدا دەکەن، نەوەک بەکارهێنانی ئۆفیس بۆ بەرژەوەندی کەسی[١٨].

ڕاوێژکاران بەشێوەیەکی گشتی سێ بەرپرسیارێتی ئەخلاقییان لەسەرە:

١. زانیاریی بەدەستناخەن یان بەلاوەی نانەن بۆ ئەوەی لە ململانێ و کێشە ناوخۆییەکان بەکاریبهێنن و خۆیانی پێ سەربخەن.

٢. پارێزگاری لە دامەزراوە پیشەییەکان دەکەن، بەتایبەتی هەواڵگری و زانیارییە وردەکان.

٣. ناهێڵن تەماحی کەسی کار لەسەر ئەو زانیاریانە بکات کە سەرکردە دەیبیستێت.

لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نییە کە ڕاوێژکار هیچ بۆچوونێکی کەسی نییە؛ بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ڕاوێژکار پرۆسەیەکی دادپەروەرانە بەڕێوەدەبات کە دڵنیایی دەدات لەوەی سەرکردە پێش بڕیاردان گوێی لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان دەبێت.

خاڵێکی تری ڕاوێژکاری باش و سەرکەوتوو ئەوەیە کە لە کاتی نادڵنیاییدا بەوردی بیروبۆچوونەکانی خۆی دەگەیەنێتە سەرکردە. نادڵنیایی لە سیاسەت و ئاسایشدا ئاساییە. ڕاوێژکاری باش شتەکان ناشارێتەوە. بەڕوونی و بەهێمنی ڕوونی دەکەنەوە. زمانی ورد بەکاردەهێنن وەک:

"ئێمە باوەڕمان وایە..."

"ئێمە خەمڵاندن دەکەین..."

"متمانەمان یان باوەڕمان بەم بابەتە کەمە..."

"ئەگەر ئەمە ڕوودات ڕەنگە ئەوەش ڕووبدات..."

ئەمەش یارمەتی سەرکردەکان دەدات لە مەترسییەکان تێبگەن بەبێ ئەوەی بەلاڕێدا ببرێن.

ڕاوێژکاران دەبێت یارمەتی سەرکردەکان بدەن کە متمانەیان بە خۆیان هەبێت بەبێ ئەوەی درۆ لەگەڵ خۆیان بکەن[١٩].

خاڵێکی تر ئەوەیە کە ڕاوێژکار پێویستە شارەزای سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە بێت. سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە پێکەوە گرێدراوە و شارەزابوون لە یەکێکیان بەتەنها وادەکات بەوردی لە کێشەکان تێنەگەیت و نەتوانیت پەیوەندیی لەنێوان ناوخۆ و دەرەوەدا دروست بکەیت. ڕاوێژکارێکی سەرکەوتوو دەتوانێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە چۆن سیاسەتی دەرەوە یان بڕیارێکی دەرەکی کاریگەریی ناوخۆیی هەبێت، یان بە پێچەوانەوە چۆن بڕیارێکی ناوخۆ دەتوانێت پەیامێکی نێگەتیڤ بۆ دەرەوە بنێرێت[٢٠].

## دەرئەنجام

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرکردایەتیی بەهێز تەنها پەیوەندیی بە سەرکردەیەکی بەهێزەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بەوەی کە ئایا سەرکردە بە سیستەمێکی ڕاوێژکاریی بەهێز دەورە دراوە کە بڕیاری باش بەرهەم بهێنێت؟ لە پراکتیکدا، ئەمە مانای ئەوەیە کە ڕاوێژکارەکان بتوانن زانیاریی دروست کۆبکەنەوە و تەحەدای گریمانە لاوازەکان بکەن و بڕیاردەران و سەرکردەکان ناچار بکەن کە بژاردە ڕاستەقینەکان بەوردی تاوتوێ بکەن، لەجیاتی کاردانەوەی عاتفیانە و پشتبەستن تەنها بە بازنەیەکی داخراوی ناپرۆفشناڵی کەسی. کاتێک سیستەمی ڕاوێژکاریی پرۆفیشناڵ و ڕێکخراوە، سەرکردەکان زیاتر دەتوانن خۆیان لە هەڵەی نەخوازراو بەدوور بگرن و بەشێوەیەک مامەڵە بکەن کە متمانە لە ناوخۆ و دەرەوەدا دروست بکەن.

ئەزموونی ڕاستەقینە دەریدەخات کە سیستەمی ڕاوێژکاریی بەهێز دەتوانێت ڕێگری لە هەڵەی گەورە بکات. نمونەیەکی ڕوون قەیرانی مووشەکی کوبایە کە لە پێشتردا ئاماژەی پێدرا. لەو قەیرانەدا سەرۆک کێنێدی بە تەنیا بڕیاری نەدا، پشتی بە پرۆسەیەکی ڕاوێژکاریی توندوتۆڵ بەست کە تێیدا بژاردە جیاوازەکان مشتومڕیان لەسەر دەکرا و مەترسییەکانی پەرەسەندنی کێشەکان بەوردی لەبەرچاو گیران. ڕاوێژکاران بڕیارەکەیان بۆ نەدا، بەڵکو یارمەتیدەر بوون لە دروستکردنی فەزایەکی دیسپلینکراو کە سەرۆک بتوانێت بژاردەیەکی گونجاو هەڵبژێرێت دوای تێگەیشتنی ورد لە هەر یەکێکیان. لە بەرامبەردا زۆرێک لە شکستە بەناوبانگەکان لە سیستەمی حکومڕانیدا مەترسی بازنەی ڕاوێژکاریی داخراو نیشان دەدەن، کاتێک هەمووان زۆر بە ئاسانی ڕازی دەبن و لەم بارودۆخەدا بیروبۆچونی جیاواز بەزۆری ڕێگەی پێنادرێت.

دەرئەنجامی دووەم هەماهەنگی باشترە لەناو حکومەتدا. زۆرێک لە شکستەکان لە سیاسەتدا بەهۆی نەبوونی هەواڵگرییەوە نییە، بەڵکو بەهۆی نەبوونی هەماهەنگییەوەیە: وەزارەتەکان بە ئاراستەی جیاواز کاردەکەن، دەزگا ئەمنییەکان سیگناڵی تێکەڵاو دەنێرن و سەرکردەکان زانیاریی ناتەواو یان فلتەرکراوی سیاسی وەردەگرن. پێکهاتەیەکی ڕاوێژکاریی کارای پرۆفیشناڵ ئەم کێشەیە کەمدەکاتەوە، ئەویش بە دروستکردنی چەن ڕۆتیناتێک: کێ زانیاریی کۆدەکاتەوە؟ کێ پشتڕاستی دەکاتەوە؟ کێ بژاردەکان دەخاتەڕوو؟ بە تێپەڕبوونی کات چۆن بڕیارەکان لە سەرانسەری دامەزراوەکاندا جێبەجێ دەکرێن؟ ئەمە حکومەتێک بەرهەم دەهێنێت کە یەکگرتووتر و پێشبینیکراوتر و کەمتر بەرەو ڕووی شۆکی کتوپڕ دەبێتەوە.

دەرئەنجامی کۆتایی بریتییە لە فێربوون و لێپرسینەوە لە ناو دامەزراوەکاندا. کاتێک بڕیارەکان لەڕێگەی پرۆسەی ڕوونەوە دەدرێن، ڕاپۆرتی نووسراو، بژاردەی تۆمارکراو و بەرپرسیارێتیی دیاریکراو، سیستەمەکە دەتوانێت لە شکست و سەرکەوتنەکان فێربێت. ئەمەش متمانەی گشتی دروست دەکات، چونکە خەڵک دەتوانن بزانن حکومەت تەنها بەنهێنی و دڵسۆزی

کەسی بەڕێوەناچێت، بەڵکو بە یاسایەک کە پاداشتی لێهاتوویی و ڕاستگۆیی دەداتەوە. خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ڕاوێژکاران سەرکردایەتیی لاواز ناکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەهێزی دەکەن. ئەو سیستەمە سیاسییانەی کە وەبەرهێنان لە پێکهاتەی ڕاوێژکاریی بەهێزدا دەکەن، باشتر توانای مامەڵەکردنیان لەگەڵ فشارەکاندا هەیە و زیاتر بەرگەی فشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەگرن.

---

## سەرچاوەکان

1 - Neustadt، R. E. (1991). *Presidential power and the modern presidents: The politics of leadership from Roosevelt to Reagan*. Simon and Schuster.
2 - Whipple، C. (2018). *The gatekeepers: How the White House chiefs of staff define every presidency*. Crown.
3 - Allison، G. T. (1971). Essence of Decision: Explaining the Cuban Missile Crisis. *Litile□ Brown and Company*.
4 - George، A. L. (1980). *Presidential decisionmaking in foreign policy: The effective use of information and advice*.
5 - Gibbs، N.، & Duffy، M. (2012). *The presidents club: Inside the world's most exclusive fraternity*. Simon and Schuster.
6 - Neustadt، R. E. (2011). *Thinking in time: The uses of history for decision makers*. Simon and Schuster.
7 - Whipple، Op. cit.
8 - Kissinger، H. (2011). *White house years*. Simon and Schuster.
9 - Sparrow، B. (2015). *The Strategist: Brent Scowcroft and the Call of National Security*. Hachette UK.
10 - Mearsheimer، J. J.، & Rosato، S. (2023). *How states think: The rationality of foreign policy*. Yale University Press.
11 - Sicherman، H. (1997). *The Politics of Diplomacy: Revolution□ War and Peace*. ORBIS، 41(4)، 615-629.
12 - Neustadt، 1991، Op. cit.
13 - Pielke، R.، & Klein، R. A. (Eds.). (2010). *Presidential science advisors: Perspectives and reflections on science□ policy and politics*. Springer Science & Business Media.
14 - Janis، I. L.، & Janis، I. L. (1982). *Groupthink: Psychological studies of policy decisions and* fiascoes (Vol. 349). Boston: Houghton Mifflin.
15 - Bernstein، C.، & Woodward، B. (2014). *All the president's men*. Simon and Schuster.
16 - Maister، D. H.، Galford، R.، & Green، C. (2021). *The trusted advisor*. Free Press.
17 - ibid.
18 - White House Transition Project. "The Chief of Staff" https://www.whitehousetransitionproject.org/wp-content/uploads/2016/03/WHTP-2009-21-Chief-of-Staff.pdf?utm_source=chatgpt.com.
19 - Hadley، S. J. (2017). The Role and Importance of the National Security Advisor.
20 - Allison، Op. cit.



# ئایندەی پرۆگرامی ناوەکی ئێران لەدوای هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنامە ناوەکییەکەی "٢٠١٥"ی ئێران

پ.ی. د. بێستون حسین عارف
پسپۆڕ لە پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان

## پێشەکی

چاوەڕوان دەکرا جەنگی (١٢) ڕۆژەی ئیسرائیل - ئێران و بۆمبارانکردنی وێستگە ئەتۆمییەکانی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە، کۆتایی بە پرسی پرۆگرامی ناوەکی ئێران بەلایەنی کەمەوە بۆ ئێستا بهێنێت، بەڵام دەرکەوت پرسێك کە بۆ ماوەی دوو دەیە و نیوە کرۆکی ململانێکانی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایە، هێشتا پرسێکی جددیە و تاران ئامادە نییە دەستبەرداری بێت، سەرەڕای ئەوەی هەموو ئابلۆقە و سزاکانی پەیوەست بەو پرسە بەسەریدا سەپێنراوەتەوە. لە کاتێکدا ئیدارەی ترەمپ، بە پشتبەستن بە هەڵسەنگاندنی زیانەکانی جەنگ، دەڵێت بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانی بەتەواوی "لەناوبراوە"، هاوکات هەواڵگریی ئیسرائیلی پێشبینی پاشەکشەی "چەندین ساڵ" دەکات لەو بەرنامەیە، بەڵام شیکارییەکی ورد بۆ وێنەکانی مانگی دەستکرد و زانیارییە هەواڵگرییە دزەپێکراوەکان و ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی وزەی ئەتۆم، ئاماژە بە ڕاستییەکی زۆر جیاواز لەوە دەکەن. هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بۆ سەر وێستگەی ئەتۆمی نەتەنز و فۆردۆ، بەبێ گومان توانای پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێرانی کەمکردووەتەوە و بە کردەیی زیانێکی زۆری بەو پرۆگرامە گەیاندووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ناوەڕۆکی ستراتیژیی مەترسییەکە، واتە خودی ماددە ئەتۆمییە پیتێنراوەکان، هێشتا چارەنووسیان نادیارە. نزیکەی (٤٠٠) کیلۆگرام یۆرانیۆمی پیتێنراو بە ڕێژەی (٦٠٪)، کە دیار نییە لەناوچووە یان پێش هێرشەکان گوازراوەتەوە بۆ شوێنیکی ئارام، ئەوە دەردەخات کە ئەم بەرنامەیە هێشتا دەکرێت ئێران هیوای لەسەر هەڵچنێت. ئەم بڕە ماددەیە، کە ئەگەر زیاتر بپیتێنرێت بەشی دروستکردنی نزیکەی دە کڵاوەی ئەتۆمی دەکات، وەک سەرەکیترین گۆڕاو لە سیناریۆکانی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمیدا دەمێنێتەوە. ئەم توێژینەوەیە بە وروژاندنی

پرسیاری ئەوەی کە ئایا چارەنووسی پرۆگرامی ناوەکی ئێران لەدوای هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران کە لە "٢٠١٥" واژۆ کرا بە کوێ دەگات. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە توێژینەوەکە پاشخانێك بۆ تێگەیشتن لە کێشەکە دەخاتەڕوو، دواتر تیشکدەخاتە سەر خودی ڕێکەوتنامە ناوەکییەکە و کشانەوەی ئەمریکا لەو ڕێکەوتنامەیە و هێرشەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران و پرۆگرامەکەی. لە کۆتاییدا چەند سیناریۆیەك بۆ پیشبینکردنی پرۆگرامی ناوەکی ئێران دەخەینەڕوو.

**تەوەری یەکەم: پاشخانی مێژوویی پرۆگرامی ناوەکی ئێران**

هەوڵەکانی ئێران بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای ناوەکی بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی شای ئێران (محمد ڕەزاشا پەلهەوی) دەگەڕێتەوە، لەو کاتەدا ئێران پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبوو، بەشێوەیەك هەندێك ئێرانیان بە پۆلیسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەسف دەکرد، ئەم بۆچوونە لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی دەگرت کە لە لایەکەوە ئێران خزمەتی بە ئەمریکا دەکرد لە بەرهەڵستیکردنی توونەی یەکێتی سۆڤیەت و ئایدۆلۆجیای کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ناوچەکە، لە لایەکی ترەوە دەزگای (سی ئای ئەی) ئەمریکی کودەتایەکی ڕێکخست بۆ لەکارخستنی سەرۆکوەزیرانی هەڵبژێراوی ئێران محمەد موسەدەق لە ساڵی "١٩٥٣" و دانانی محمد ڕەزا شا وەك فەرمانڕەوای ئێران[١]. بوونی ئەم پەیوەندییە بەهێزە لەنێوانیان ڕێگەخۆشکەر بوو بۆئەوەی ئێران بیر لە دروستکردنی پرۆژەی وێستگەی ئەتۆمی بکاتەوە، ئەمەش بە هاوکاریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەی دوولایەنەی هاریکاریی بەکارهێنانی ئاشتیانەی تەکنەلۆجیای وزەی ئەتۆمی لە ساڵی "١٩٥٧". ئەم ڕێکەوتنە بەشێك بوو لە پرۆژەکەی سەرۆك دوایت ئایزنهاوەر کە لە ساڵی "١٩٥٣" پێشکەشی کردبوو، بەمەبەستی پێدانی سەرچاوەی تەکنەلۆجی و زانیاریی لەبواری وزەی ناوەکیدا کە بۆ مەبەستی ئاشتییانە بەکاربهێنرێت. لەژێر ڕۆشنایی ئەم سیاسەتدا ئێران بە یارمەتی ئەمریکا یەکەم وێستگەی ناوەکی بەناوی سەنتەری توێژینەوەی ناوەکی تارانی دامەزراند، کە تواناکەی دیاریکراو بوو و لە ساڵی "١٩٦٧" دەستی بەکارکردن کرد و بە یۆرانیۆمی بەرز پیتێنراو ئیشی دەکرد. دواتر ئێران لە ساڵی "١٩٦٨" ڕێکەوتنامەی (ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی) واژۆکرد[٢]. ئەم ڕێکەوتنامەیە بۆ ڕێگەگرتن بوو لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و ڕێگەنەدان بەو وڵاتانەی دەیانەوێت چەکی ئەتۆمی بەرهەمبهێنن، بەڵام ئەم ڕێکەوتنامەیە نەیتوانی ڕێگە لە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی لە هەریەك لە هندستان و پاکستان و کۆریای باکور بگرێت. شای ئێران پلانی فراوانی هەبوو بۆ بنیاتنانی کەرتی وزەی وڵاتەکەی، هەروەك لە ساڵی "١٩٧٣" خواستی خۆی بۆ دروستکردنی چەند وێستگەیەکی ئەتۆمی بە توانای (٢٣) هەزار مێگاوات

لە داهاتوودا دەربڕی بوو. لەوکاتەوە تاوەکو شۆڕشی ئیسلامی لە "١٩٧٩"، تاران چەندین ڕێکەوتنامەی پەیوەست بە تەکنەلۆجیای ناوەکی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بۆ پەرەپێدانی توانای زانستی وڵاتەکە لە بواری ئەتۆمیدا واژۆکرد. لە ساڵی "١٩٧٦"، ئێران یەك ملیار دۆلاری لە پێناو بەدەستهێنانی لەسەدا دەی پشکەکانی وێستگەی پیتاندنی یۆرانیومی (یورودیف) لە فەڕەنسا و لەسەدا پێنجی پشکەکانی کانی یۆرانیۆم روسینغ لە نامبیا تەرخانکرد. هەروەها ئێران ڕێکەوتنامەیەکی کرد بە بەهای (٧٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی کێکی زەردی یۆرانیۆم لە باشوری ئەفریقا، ئەمە سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ ناردنە دەرەوەی کادیر و شارەزاکانی بواری ئەتۆمی بۆ ڕاهێنان و خوێندن لە دەرەوەی وڵات[٣]. شای ئێران لە هەوڵەکانی بۆ پێشخستنی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی لەژێر چاودێری و یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام بوو، کەواتە تا شۆڕشی ئیسلامی ئێران، پرۆگرامی ناوەکی ئێران بە مەترسی و هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناوچەکە نەزانراوە، بەڵام لەگەڵ ڕوودانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی "١٩٧٩" بە ڕابەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی کە بووە هۆی لەناوبردنی فەرمانڕەوایی شا لە ئێران، هاوکێشەی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران پێچەوانە بووەوە و لە دۆستایەتییەوە بۆ دوژمنایەتی بە تایبەتی لە دەرەنجامی دەستبەسەرکردنی (٥٢) کارمەندی سەفارەتی ئەمریکی لە لایەن گروپە شۆڕشگێڕەکانی ئێرانەوە بۆماوەی زیاتر لە ساڵێك[٤].

بەشێوەکی گشتی لەم ماوەیەدا یەکتر تۆمەتبارکردن و جەنگی وشەیی نێوانیان جیاکەرەوەی سەرەکی پەیوەندیەکانیان بوو. لە ماوەی دوای شۆڕشی ئیسلامی پرۆگرامی ناوەکی ئێران بۆ ماوەیەك لە لایەن کاربەدەستانی نوێی شۆڕشی ئیسلامییەوە وەستێنرا، هۆکارەکانی پشت ئەم بڕیارە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ کۆچکردن و هەڵهاتنی زۆرێك لە زاناکانی بواری ئەتۆمی ئێران لەدوای شۆڕش و هەروەها هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنامە ئەتۆمییەکانی سەردەمی شا لە لایەن وڵاتانی بیانییەوە بەشێوەی تاك لایەنە. هەڵگیرسانی جەنگی ئێران – عێراق و گۆشەگیرکردنی ئێران لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و یارمەتی زۆرێك لە وڵاتان بۆ عێراق لە دژی ئێران، وایکرد بەرپرسانی ئێران جارێکی تر بڕیاری دەستپێکردنەوەی پرۆگرامە ناوەکییەکەیان بدەن. لەبەرئەوە لە ساڵانی "١٩٩٠"کانەوە، ئێران هەوڵی دا کار لەگەڵ وڵاتانی نوێ بکات بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامە ناوەکییەکەی، لەوانەش: ڕوسیا و چین و کۆریای باکور[٥].

سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەك پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران بووە جێگەی نیگەرانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لەو کاتەی کە گروپی (موجاهیدن خەلق) ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە مانگی ئابی "٢٠٠٢" ڕایگەیاند کە ئێران بە نهێنی خەریکی پەرەپێدانی پرۆگرامی ناوەکییە، بۆ ئەو مەبەستەش ئامرازی پیتاندنی یۆرانیۆمی لە وێستگەی ناتانز بنیاتناوە، ئەمە جگە لە دروستکردنی وێستگەیەکی تر لە ئاراك کە بە ئاوی قورس کاردەکات[٦]. کێشەکە لەوەدا

بوو ئێران بە هیچ شێوەیەك ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتیی ئەتۆمی کە خۆی ئەندامە تێیدا ئاگادار نەکردبووەوە لە چالاکییەکانی لەو وێستگانە، ئەمەش گومانەکانی سەر ئێرانی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی زیاتر قووڵکردەوە. لە هەمان ساڵدا ئێران دانی بەوەدا نا کە کاری لەو وێستگانەدا کردووە، بەڵام بۆ مەبەستی ئاشتی و ناسەربازی بەگەڕی خستووە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاستەوخۆ ئێرانی تۆمەتبارکرد بەوەی کە بەنهێنی هەوڵی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی دەدات، پێشتریش لە فیبرایری "٢٠٠٢"، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆرج دەبیلو بۆش ئێرانی لەگەڵ هەریەکە لە عێراق و کۆریای باکور بە بەرەی شەڕ ناوبرد[٧].

دوای ساڵێك لە ئاشکرابوونی پرۆگرامە نهێنیەکەی ئێران، تاران بۆ ڕەواندنەوەی گومانەکان لەسەر پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی، بانگێشتی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی کرد بۆئەوەی سەردانی وێستگە ئەتۆمییەکانی بکات بە وێستگەی ناتانزیشەوە، لە بەرامبەردا چەند تیمێکی سەر بەو ئاژانسە سەردانی وێستگە ئەتۆمییەکانی ئێرانیان کرد، بەڵام لە ڕاپۆرتی سەرەتاییدا کە لە "٦" حوزیرانی "٢٠٠٣" بڵاویانکردەوەو ئاماژەیان بەوە کرد کە ئێران سەرکەوتوو نەبووە لە پابەند بوون بە ئیلتیزاماتەکانیەوە بە ئاگادارکردنەوەی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی، سەبارەت بە چالاکییە ئەتۆمیەکانی و ئاشکراکردنی وێستگە ئەتۆمیەکانی[٨].

لەم نێوەندەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە سەرەکییەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست "ئیسرائیل" بەردەوام لە هەوڵدا بوون بۆ وێناکردنی پرۆگرامی ناوەکی ئێران وەك مەترسیی بۆسەر ئاسایشی هەموو جیهان نەك تەنها بۆ ئیسرائیل. وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاش بەسەرکردایەتی بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا کە بە وڵاتانی (EU٣) ناسرابوون، هەوڵەکانیان بۆ گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ئێران دەستپێکرد، لە ئابی "٢٠٠٣" ئەم وڵاتانە پێشنیازی هاریکاریی تەکنیکیان لەگەڵ ئێران خستەڕوو بەومەرجەی ئێران ئامادە بێت پیتاندنی یۆرانیۆم ڕابگرێت و پرۆتۆکۆلێکی سەربار واژۆبکات[٩]. لەبەرامبەردا ئێران بەو پێشنیازە ڕازی بوو لە هەمان ساڵدا پرۆتۆکۆڵە سەربارەکەی واژۆ کرد و بۆ ماوەیەك پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی هەڵپەسارد، بەڵام هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی "٢٠٠٥" وەك سەرۆککۆماری ئێران، بووە هۆی پەکخستنی ئەو گفتوگۆیانە و دەستیکردەوە بە پیتاندنی یۆرانیۆم و ڕایگەیاند وڵاتەکەی بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری پیتاندی یۆرانیۆم و مافی سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای ئەتۆمی نابێت[١٠]. ئەم هەڵوێستەی ئەحمەدی نەژاد وای لە ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتیی کرد لە "٤" فیبرایری "٢٠٠٦" پرسی ناوەکی ئێران ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بکات، دوای دوو ڕۆژ لەم بڕیارە ئێران ڕایگەیاند کە چیتر پابەند نابێت بە پرۆتۆکۆڵە سەربارەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی. ئێران بەم هەنگاوە خۆی خستە ژێر زنجیرەیەك بڕیاری قورسی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی بڕیارەکان جەختیان لەسەر سزای ئابوری

و سەربازی و قەدەغەی مامەڵە لەگەڵ ئێران دەکردەوە، (٧) بڕیارە یەك لەدوا یەکەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بریتیبوون لە: هەردوو بڕیاری ژمارە (١٩٦٩ و ١٧٣٧) لە ساڵی "٢٠٠٦"، بڕیاری ژمارە (١٧٤٧) لە ساڵی "٢٠٠٧"، هەردوو بڕیاری ژمارە (١٨٠٣و١٨٣٥) لە ساڵی "٢٠٠٨"، بڕیاری ژمارە (١٩٢٩) لە ساڵی "٢٠١٠"، و بڕیاری ژمارە (٢٢٣١) لە ساڵی "٢٠١٥"[١١]. ئەم بڕیارە قورسانەی ئەنجومەنی ئاسایش هاوشان لەگەڵ سزاکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا لەبەرامبەر ئێران، تارانی ناچارکرد بۆ چارەسەرکردنی پرسی ناوەکی وڵاتەکەی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بێتە سەر مێزی گفتوگۆ. یەکێك لە ئەم گفتوگۆیەش بریتیبوو لە ڕێکەوتنامە ناوەکی ئێران ناسراو بە (Joint Comprehensive Plan of Action) کە لە تەوەری دووەمدا تیشکی دەخەینە سەر.

**” چاوەڕوان دەکرا جەنگی (٢١) ڕۆژەی ئیسرائیل - ئێران و بۆمبارانکردنی وێستگە ئەتۆمییەکانی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە، کۆتایی بە پرسی پرۆگرامی ناوەکی ئێران بەلایەنی کەمەوە بۆ ئێستا بهێنێت، بەڵام دەرکەوت پرسێك کە بۆ ماوەی دوو دەیە و نیوە کرۆکی ململانێکانی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا یە، هێشتا پرسێکی جددیە و تاران ئامادە نییە دەستبەرداری بێت، سەرەڕای ئەوەی هەموو ئابڵوقە و سزاکانی پەیوەست بەو پرسە بەسەریدا سەپێنراوەتەوە “**

**تەوەری دووەم: ڕێکەوتن و کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتن و هێرشکردنە سەر وێستگە ئەتۆمییەکانی ئێران**

پاش ماوەیەکی دوور و درێژە لە گفتوگۆ و ململانێ لەنێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا، دواجار لە "١٤ تەموزی ٢٠١٥"دا ئێران و وڵاتانی (٥+١) کە پێکهاتبوون لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش (بەریتانیا، فەرەنسا، چین، ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان) لەگەڵ ئەڵمانیا گەیشتنە ڕێکەوتن لەسەر پرسی ناوەکی ئێران. ڕێکەوتنامە ناوەکییەکە دکۆمێنتێکی (١٥٩) لاپەڕەیی بوو کە زۆر بەوردی باسی هێڵە گشتییەکانی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکە و پابەندییەکانی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوای لە ماوەی کارابوونی ڕێکەوتنامەکە دیاریکردبوو. جێبەجێکردنی تەواوەتی ئەم ڕێکەوتنامەیە دڵنیایی دەدات لەوەی کە پرۆگرامی ناوەکی ئێران بە تەنها بۆ مەبەستی ئاشتییە و هیچ کات لە هیچ بارودۆخێکدا ئێران ناتوانێت هەوڵی

بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بدات. ڕێکەوتنامەکە بەشێوەیەکی گشتی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوای پابەندکردبوو بە جێبەجێکردنی بەندەکانی ناو ڕێکەوتنامەکە. بە شێوەیەکی گشتی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر سنوردارکردنی پرۆگرامە ناوەکییەکەی ئێران و کرانەوەی بەڕووی پشکنەرە نێودەوڵەتییەکان، سزا و گەمارۆکانی سەر ئێرانیان سوککرد، بەڵام ئەم ڕێکەوتنە زۆری نەخایاند و دوای سێ ساڵ لەگەڵ گۆڕانکاریی لە ئیدارەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە "٢٠١٧" و گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن (دۆناڵد ترەمپ)ەوە کاندیدی کۆمارییەکان، پرسی کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران هاتە نێو سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە. دۆناڵد ترەمپ تەنانەت پێش ئەوەی ببێتە سەرۆك دژایەتیی توندی خۆی بۆ ڕێکەوتنی ناوەکی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوادا دەربڕیبوو و بە ڕێکەوتنێکی خراپ وەسفی کردبووە. دواتر لە بەرواری "١٢" فیبرایری "٢٠١٨"، دۆناڵد ترەمپ هەڕەشەی کشانەوەی ئەمریکای لە ڕێکەوتنامە ناوەکییەکەی ئێران کرد ئەگەر بێتو چارەسەری کەموکورتییە خراپەکانی ڕێکەوتنامەکە لە لایەن گۆنگرێس و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانەوە نەکرێت. ئەو چارەسەرەکانی لە چەند خاڵێکدا خستەڕوو: یەکەم، دواکارییەك کە ئێران ڕاستەوخۆ ڕێگە بدات هەموو وێستگە ئەتۆمییەکانی لە لایەن پشکنەرە نێودەوڵەتییەکانەوە بپشکنرێت. دووەم، دڵنیابوون لەوەی ئێران بەهیچ شێوەیەك لە بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی نزیك نەبێتەوە. سێیەم، هەڵگرتنی کاتی بەسەرچوونی ڕێکەوتنامەکە کە لە "٢٠٢٥" کۆتایی دەهات. چوارەم، پێویستە پرۆگرامی مووشەکی ئێران لە چوارچێوەی ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران جێگە بکرێتەوە و بۆ سزا نێودەوڵەتییەکان ملکەچ بێت[١٢].

سەرەڕای نیگەرانی و هۆشدارییەکانی دۆناڵد ترەمپ بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەورویپیەکان لەبارەی چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی ڕێکەوتنامە ناوەکییەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەك لە ڕێکەوتنامە ناوەکییەکەدا نەکرا و نیگەرانیەکانی دۆناڵد ترەمپ سەبارەت بەو ڕێکەوتنامەیە لەبەرچاو نەگیرا. لەبەرئەوە لە "٨" ئایاری "٢٠١٨"، دۆناڵد ترەمپ هەڕەشەکانی لەو بارەیەوە کرد بە کردار و بڕیاری کشانەوەی لە ڕێکەوتنامە ناوەکییەکە ڕاگەیاند و ئاماژەی بەوەکرد چیتر ئەمریکا پابەندی ئەو ڕێکەوتنامەیە نابێت و سزاکانی سەر ئێران دووبارە زیندو دەکرێنەوە[١٣]. سەرەڕای کشانەوەی واشنتۆن لە ڕێکەوتنامە ناوەکییەکە، تاران پابەندبوونی خۆی بە ڕێکەوتنەکە هێشتەوە و وەك هیوایەك بە وڵاتانی ئەوروپا بۆئەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ ئەو پرسە بدۆزنەوە، بەڵام زیادبوونی فشار و سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و شکستی وڵاتانی ئەوروپا لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو پرسە، وایکرد ئێران دوای ساڵێك چاوەڕوانی لە مانگی ئایاری "٢٠١٩" بڕیاری پابەند نەبوون بە بەشێك لە ڕێکەوتنامەکە ڕابگەیەنێت[١٤]. توندبوونی سزاکانی ئەمریکا و کوشتنی قاسم سولەیمانی لە سەرەتای "٢٠٢٠" زیاتر پاڵی بە تارانەوە نا بۆ زیادبوونی چالاکییە

ئەتۆمییەکانی بە شێوەیەك کە پیتاندنی یۆرانیۆمی گەیاندە ڕێژەی لە سەدا (٦٠٪) بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی پێویستە تەنها بۆ (٩٠٪)بەرزبکرێتەوە. لەسەردەمی ئیدارەی جۆ بایدن، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر بارودۆخی ڕێکەوتنامە ناوەکییەکە نەهات، بەڵکو دانوستانی ناڕاستەوخۆ بۆ زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنامە ناوەکییەکە بەردەوام بوو.

لەگەڵ دووبارە هاتنە سەر کاری دۆناڵد ترەمپ بۆ جاری دووەم لە ساڵی "٢٠٢٥"، گۆڕانکاریی گەورە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتبوو، تارادەیەکی زۆر هێزی ئێران لە پاشەکشەدا بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیسرائیل لە مانگی ئەیلولی "٢٠٢٤" لە زنجیرەیەك ئۆپەراسیۆندا زۆربەی سەرکردە باڵاکانی حزبوڵڵای لوبنانی بە حەسەن نەسروڵڵا سەرکردەی گروپەکەشەوە لەناوبردبوو، حزبوڵڵا بە ئاسانی بەدوای ئاگەربەستدا بوو لەگەڵ ئیسرائیل. هاوکات بزوتنەوەی حەماسیش کە بە هێرشێك لە "٧" ئۆکتۆبەری "٢٠٢٣ "بۆ سەر ئیسرائیل، جەنگێکی دوورو درێژی لەگەڵ ئیسرائیل دەستپێکرد، بەتەواوی لاواز بوو و بەشێکی کەرتی غەززە نەمابوو کە نەکەوتبێتە بەر هێرش یان داگیرکاریی ئیسرائیل، ئەمە جگە لە کوشتنی سەرکردە باڵاکانیان. هاوکات سوریا کە هاوپەیمانێکی سەرەکی ئێران بوو بە ماوەیەکی کەم لە لایەن دەستەی تەحریری شامەوە لە کۆتایی "٢٠٢٤" ڕوخێنرا[١٥]. بەواتایەکی تر هەژموونی ئێران لە لوبنان و فەڵەستین و سوریاوە بۆ سنورەکانی عێراق بەرتەسکبوویەوە. لەگەڵ دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ لە ساڵی "٢٠٢٥"، گفتوگۆ ناڕاستەوخۆکانی نێوان ئێران و ئەمریکا لەسەر پرۆگرامی ناوەکی ئێران بە نێوەندگیری عومان دەستپێکرد[١٦]، هاوکات ئیسرائیل زۆر نیگەران بوو لە هەوڵە دیبلۆماسییەکان بۆ چارەسەری پرسی ئەتۆمی ئێران، کە پێنج گەڕی دانوستان لەنێوانیان بەڕێوە چووبوو.

> **” سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەك پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران بووە جێگەی نیگەرانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لەوکاتەی کە گروپی (موجاهیدین خەلق) ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە مانگی ئابی "٢٠٠٢" ڕایگەیاند کە ئێران بە نهێنی خەریکی پەرەپێدانی پرۆگرامی ناوەکییە “**

لە کاتێکدا ئێران خۆی بۆ گەڕی شەشەمی دانوستانی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمریکا ئامادە دەکرد، کە بڕیاربوو لە "١٥"ی حوزەیرانی "٢٠٢٥" لە عومان بەڕێوە بچێت، ئیسرائیل لە "١٣"ی حوزەیرانی "٢٠٢٥" هێرشێکی فراوانی ئاسمانی بە ناوی (ئۆپەراسیۆنی هێزی شێر) بە بەکارهێنانی زیاتر لە (٢٠٠) فرۆکەی جەنگی بۆ سەر ئێران دەستپێکرد و ماوەی (١٢) ڕۆژی

خایاند[١٧]. لەو ماوەیەدا، قەبارە و چڕی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران بێ پێشینە بوو، کۆماری ئیسلامی ئێران ڕووبەڕووی گەورەترین مەترسی ئەمنی بوویەوە کە لە دوای شەڕی ئێران - عێراقەوە بەخۆیەوە نەبینی بوو. بە گشتی ئیسرائیل نزیکەی (٥٠٨) هێرشی لە سەرانسەری (٢٧) پارێزگای ئێران ئەنجامدا. زۆرێک لەو هێرشانە بریتیبوون لە چەندین هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئامانجە جیاوازەکان لە هەمان ناوچە یان شاردا. لە ماوەی (١٢) ڕۆژدا زیاتر لە (١٥٠) شوێنی جیاواز کرانە ئامانج. چڕی هێرشەکان بۆ سەر تارانی پایتەختی ئێران بەتایبەتی جێی سەرنج بوو، نزیکەی یەک لەسەر سێی هەموو هێرشەکان بۆ سەر تارانی پایتەختی ئێران چڕبوویەوە. لە کۆی (٢٢) قەزای تاران، حەڤدە قەزایان هێرشی کرایە سەر[١٨]. ئیسرائیل گورزی کوشندەی لە زنجیرە فەرماندەیی سوپای سەربازی ئێراندا و زیاتر لە (٣٠) فەرماندەی سەربازی و (١١) زانای ئەتۆمیی ئێرانی کوژران، کە زۆربەیان لە هێرشی یەکەم ڕۆژدا بوونە قوربانی. لەنێو کوژراوەکان (جەنەڕاڵ محەمەد باقری، سەرۆک ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران؛ حسێن سەلامی فەرماندەی سوپای پاسداران؛ غولام عەلی ڕەشید فەرماندەی بارەگانی ناوەندیی خاتەم-ئەلئەنبیا لەگەڵ جێگرەوەکەی عەلی شادمانی)، هەبوون. لەناو سوپای پاسدارانیش هەریەکە لە (فەرماندەی هێزی ئاسمانی سوپای پاسداران؛ فەرماندەی یەکەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێزی ئاسمانی پاسداران و جێگرەکەی؛ فەرماندەی یەکەی بەرگری ئاسمانی سوپای پاسداران؛ بەرپرسی هەواڵگریی سوپای پاسداران و جێگرەکەی؛ بەرپرسی هەواڵگریی هێزی قودس و جێگرەکەی) کوژران[١٩].

دوای (١١) ڕۆژ لە بەردەوامی شەڕەکە لەنێوان ئیسرائیل و ئێران، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کاتژمێر دووی شەو بە کاتی تاران، هێرشێکی فراوانی کردە سەر وێستگە ئەتۆمییەکانی ئێران و هەر زوو لەدوای هێرشەکە دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند کە پرۆگرامی ناوەکی ئێران بەتەواوی لەناوبراوە، بەڵام هەڵسەنگاندنە هەواڵگرییە سەرەتاییەکان و سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی (IAEA) ئاماژەیان بەوە کرد کە ڕەنگە بەرنامەکە تەنها چەند مانگێک چووبێتە دواوە[٢٠]. زانیارییە هەواڵگرییە دزە پێکراوەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو وێستگانە زیانی زۆریان بەرکەوتووە نەك لە ناوچووبێتن. هاوکات شرۆڤەکارە سەربازییەکانی ئەمریکا و پسپۆڕانی سەربەخۆ دەڵێن "زیانێکی زۆر"یان بەرکەوتووە. لێرەوە دەردەکەوێت کە هەڵسەنگاندنەکان بۆئەوەی بزانرێت کە دەسەڵاتدارانی ئێران چەندە خێرا دەتوانن بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆیان بنیات بنێنەوە جیاوازن.

هاوکات ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران کە لە "٢٠١٥" واژۆکرا، وادەی کۆتای هاتنەکەی "١٨"ی ئۆکتۆبەری "٢٠٢٥" بوو، تەنها لە حاڵەتێکدا ڕێکەوتنامەکە درێژ دەکرایەوە ئەگەر هەر پێنچ ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش ڕەزامەندیی لەسەر بەردەوامی

سوككردنی سزاكانی سەر ئێران دەربڕن، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا لەبەرئەوەی پێشوەختە هەریەكە لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا لە "٢٨"ی ئابی "٢٠٢٥" میكانیزمی سناپباكیان بەرامبەر بە ڕێكەوتنامەی ناوەكی ئێران چالاكردەوە و ئەندامانی ئەنجومەنیش نەگەشتن بەهیچ ڕێكەوتنێك لەسەر ئەو پرسە، بۆیە ڕێكەوتنامەی ناوەكی ئێران بوو بە ڕابردوو[٢١]، هەروەها بەشێوەیەكی خۆكاری هەموو سزاكانی سەر ئێران گەڕانەوە بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستبوون بە پرسی بەرنامە ئەتۆمییەكەی ئێران.

> **” پاش ماوەیەكی دوورو درێژە لە گفتوگۆ و ململانێ لەنێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا، دواجار لە "١٤" تەمموزی "٢٠٢٥"دا ئێران و وڵاتانی (٥+١) كە پێكهاتبوون لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەكەی ئەنجومەنی ئاسایش (بەریتانیا، فەرەنسا، چین، ڕووسیا و ویلایەتە یەكگرتووەكان) لەگەڵ ئەڵمانیا گەیشتنە ڕێكەوتن لەسەرپرسی ناوەكی ئێران “**

سزاكان ئەو كۆمپانیا و ڕێكخراو و كەسانە دەكەنە ئامانج كە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداری لە بەرنامە ئەتۆمییەكەی ئێران یان پەرەپێدانی مووشەكی بالیستیكی ئێران دەكەن. هەموو جۆرە گواستنەوە و دابینكردنێكی ئامرازی پێویست لە بواری ئەتۆمی قەدەغە دەكرێت. هاوكات هەرجۆرە پیتاندنێكی یۆرانیۆم بە قەدەغەكراو دادەنرێت، كە پێشتر تا ڕێژەی لەسەدا چوار لەژێر ڕێكەوتنامە ناوەكییەكە ڕێگە پێدرابوو[٢٢]. لەڕووی ئابورییەوە ئەو سزایانەی كە خراونەتە بواری جێبەجێكردنەوە بریتین لە گەمارۆی چەكی تەقلیدی لەگەڵ قەدەغەكردنی هەر جۆرە فرۆشتن یان گواستنەوەیەكی چەك بۆ ئێران. هاوردەكردن، هەناردەكردن یان گواستنەوەی پارچە و ئامرازە تەكنەلۆجیەكانی پەیوەست بە بەرنامەی ئەتۆمی و موشەكی بالیستیكی قەدەغە دەكرێت. سەروەت و سامانی قەوارە و كەسایەتییەكانی دەرەوەی وڵات كە سەر بە كەسانی ئێرانی یان گروپەكانی پەیوەست بە بەرنامە ئەتۆمییەكەن بلۆك دەكرێن[٢٣]. گەمارۆكان جگە لە بەئامانجگرتنی بەرنامە ئەتۆمی و مووشەكییەكانی ئێران، بەر پیشەسازیی سەرەكی نەوتی تاران، گواستنەوە و كەشتیوانی، هەروەها كەرتی دارایی و بانكیش دەكەوێت.

### تەوەری سێیەم: سیناریۆکانی ئایندەی پرۆگرامی ناوەکی ئێران

ئەم سێ سیناریۆیە لەسەر بنەمای دیمەنی دوای جەنگی (١٢) ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل-ئێران داڕێژراون، بە لەبەرچاوگرتنی وێرانبوونی دامەزراوە سەرەکییەکانی وەک نەتەنز و فۆردۆ، نادیاری کۆگای یۆرانیۆمی "ئاست بەرزی پیتێنراو" و فشارە جیۆپۆلیتیکییەکان لە ئەنجامی هەڵمەتی "ئەوپەڕی فشاری"ی ئەمریکا بۆ سەر ئێران.

### سیناریۆی یەکەم: ڕێکەوتنی ناچاری

ئەم سیناریۆیە زیاتر لە دەوری "دەرچەی دیبلۆماسی" دەسوڕێتەوە. گریمانەی ئەوە دەکات کە وێرانکاریی فیزیکی ژێرخانی ئەتۆمی ئێران و سزا و ئابڵوقە ئابوورییە توندەکانی ئەمریکا و دابڕانی ئێران لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لاوازبوونی بریکارەکانی و دارمانی دراوی تمەن، تاران ناچار دەکات مانەوە (survival) هەڵبژێرن وەك لە بەرەهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی. لۆجیکی پشت ئەم سیناریۆیە ئەوەیە کە جەنگی (١٢) ڕۆژە متمانەی دەسەڵاتدارانی ئێران بە سیستەمی بەرگری و پارێزراوی وێستگە ناوەکییەکان لاواز کردووە. هاوکات لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێرانیش باڵی میانڕەویی ئێران و بەشێك لە سەرکردەکانی ئێران لەوانە مەسعود پزیشکیان سەرۆککۆماری ئێران و عەباس عێراقچی دان بەوەدا دەنێن کە تاران پێویستی بە ڕێکەوتنی ئەتۆمی هەیە، ئەوان دەڵێن ئەمە پێویستە بۆ دورخستنەوەی مەترسی کردەوەی سەربازیی زیاتری ئیسرائیل و ئەمریکا، کە لە ئێستادا تا دێت ئەمریکا هێزی زیاتر لە ناوچەکە کۆ دەکاتەوە و هەڕەشەی کرەی سەربازی دەکات، و هاوکات ڕزگارکردنی ئێران لە سزا شەکەتکەرەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا[٢٤]. ئەگەر نزیکبوونەوەیەکی لەم شێوەیەش بێتە کایەوە، بە ئەگەری زۆرەوە دانوستانەکان لەڕێگەی کەناڵە نهێنییە دامەزراوەکان لە مەسقەت و دەوحە ئەنجام دەدرێن. هەروەها بە پێچەوانەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی "٢٠١٥" (JCPOA) کە سەرنجی لەسەر سنووردارکردنی پیتاندن بوو، ڕەنگە ئەم "پرۆتۆکۆڵە" نوێیە سەرنجی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی تەواوی پرۆگرمە ئەتۆمییەکە بێت.

واشنتۆن بە ئەگەرێکی زۆرەوە هەندێک لە سزاکانی پەیوەست بە پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران لادەبات یان هەڵیان دەپەسێرێت، ئەمەش وا دەکات ئێران بتوانێت هەناردەکردنی نەوت زیاد بکات و بە قۆناغ بەڕووی بازاڕەکانی جیهان بکرێتەوە. لە بەرامبەردا، تاران پابەند دەبێت بە کۆت و بەندەکان کە بەهۆی ڕێکەوتنەکەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت، بەتایبەت لە بارەی پیتاندنی یۆرانیۆم و ڕێگەدان بە پشکنەرە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها ڕەنگە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا لە سەرەتاوە هاندەری ئابووری و هاوکاریی مرۆیی پێشکەش بە ئێران بکەن، ئەمەش بۆ بەهێزکردنی پێگەی بەرەی میانڕەوەکان لە ئێران کە پشتگیریی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا دەکەن. یەکێتی ئەورووپا – کە ناوبژیوانی لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا

دەکرد – ڕەنگە بە گەرمی پێشوازی لە ڕێککەوتنەکە بکات و وەک سەرکەوتنی دیپلۆماسیی فرەلایەنە بیناسێنێت. ولاتانی ئەوروپی کۆتایی بە سزاکانی سناپ باك "Snapback" دەهێنن و دەست دەکەنەوە بە بازرگانی و وەبەرهێنان لە ئێراندا، تا ئەو کاتەی ئێران پابەندی ئەرکە ئەتۆمییەکانی بێت. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت یان بڕیارنامەی (٢٢٣١) درێژ بکاتەوە یان بڕیارنامەیەکی نوێ بۆ پەسەندکردنی ڕێککەوتنەکە دەربکات، بۆ ئەوەی پاڵپشتییەکی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ دابین بکات.

> **" لەگەڵ دووبارە هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترەمپ بۆ جاری دووەم لەساڵی "٢٠٢٥"، گۆڕانکاریی گەورە بەسەرڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتبوو "**

ڕووسیا و چینیش پێشوازی لە دەستپێشخەریەکی لەو شێوەیە دەکەن. هەردوولایان بە ئاشکرا دژی سەپاندنەوەی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون و داوای دانوستانی زیاتریان کردبوو. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لایەنگری مافی ئێرانن بۆ وزەی ئەتۆمی ئاشتیانە و ئەگەری هەیە هەوڵ بدەن هەژموونی خۆیان لەژێر سێبەری ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیەدا فراوان بکەن. بۆ نموونە، چین دەتوانێت هاوبەشییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئێران قووڵتر بکاتەوە و ڕووسیاش دەتوانێت هاوکارییە ئەتۆمییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە زیاتر زیندوو بکاتەوە.

**بەربەستەکانی بەردەم ئەم سیناریۆیە**

**یەکەم:** ڕاستە لە ناوخۆی ئێران بەرەی میانڕەوەکان پشتگیریی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا دەکەن، بەڵام بەرەی ئوسوڵگەراکان، لەسەرووی هەموویانەوە ڕێبەری باڵای ئێران کە وتەی کۆتایی هەیە لە پرسە چارەنوسسازەکان، دژی ڕێکەوتنێکی ناچارییە لەگەڵ ڕۆژئاوا، هاوکات ئەم بەرەیە زۆرینەی ناوەندەکانی بڕیاری ئێرانیان لە دەستدایە و ئەگەر دەستپێشخەری ڕێکەوتن بێتە کایەوە دەتوانن بەئاسانی لەباری بەرن.

**دووەم:** کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنەکەی پێشوو و هێرشی ئیسرائیل و دواتر ئەمریکا بۆ سەر وێستگە ئەتۆمییەکانی ئێران، بەرپرسانی تارانی بەتەواوی بە گومانکردووە لە هەرجۆرە ڕێکەوتنێك کە لەگەڵ ئەمریکا دێتەکایەوە، بۆیە گەڕانەوەی متمانە بە ئەمریکا پێویستی بەماوەیەکی زیاترە کە لەم ماوە کورتەدا هێنانە دی کارێکی زەحمەتە.

**سێیەم:** ڕەنگە ئەمریکا ئەمجارە تەنها بە سنورداركردنی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران ڕازی نەبێت، بەڵكو بە فشاری ئیسرائیل داوای بەتەواوی هەڵپەساردنی ئەو بەرنامەیە بكات، كە بۆ ئێرانییەكان زۆر قورسە بەمە ڕازی بن.

بەهۆی ئەو بەربەستانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێكرد، لە ئێستادا ئەم سیناریۆیە دەكرێت بە لاوازترین سیناریۆ سەیر بكرێت.

**سیناریۆی دووەم: بەردەوامی بارودۆخەكە وەك خۆی**

ئاشكرایە لە ئێستادا لەسەر پرۆگرامە ناوەكیەكەی ئێران هیچ ڕێكەوتنێك لەنێوان ئێران و ڕۆژئاوادا نییە. ئەمریكا داواكارییەكانی وەك پێشووتر لە سنورداركردنی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێراندا نەماوەتەوە، بەڵكو داوای هەڵوەشانەوەی پرۆگرامی ناوەكی ئێران دەكات. داوایەك كە زۆر قورسە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران بچنە ژێرباری. بۆیە ئێران سەرەڕای فشار و گەمارۆكان ئامادە نابێت ملكەچی داواكارییەكانی ئەمریكا ببێت و بەردەوام دەبێت لە بەهێزی زیادكردنی توانا ئەتۆمییەكانی كە پێشوەختە زیانێكی زۆری پێگەیشتووە. هاوكات ئێران هەموو هاوكارییەكانی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم ڕادەگرێت و ڕێگە بە پشكنەرە نێودەوڵەتییەكان نادات چاودێریی پرۆگرامی ناوەكییەكەی بكەن. لەم حاڵەتەدا ئێران بەناچاری گۆشەگیریی درێژخایەن لەلایەن ڕۆژئاواوە قبوڵ دەكات، بەڵام لەڕێگەی ستراتیژی "ڕووكردنە ڕۆژهەڵات" هەوڵدەدات كاریگەریی ئەم گەمارۆیانە كەمبكاتەوە.

مەترسییەكانی ئەم سیناریۆیە لەوەدایە كە بەردەوامی گەمارۆ و فشارەكانی ڕۆژئاوا لەسەر ئێران، بارودۆخی ناوخۆی ئەو وڵاتە بەرەو تونلێكی تاریك دەبەن، هەر لە بێبەهاكردنی تمەن و هەڵئاوسانی ئابوری و زیادبوونی ڕێژەی هەژاری. كە هەموو ئەم هۆكارانە لە ئێستادا وایكردووە شەپۆلێكی فراوانی خۆپیشاندان بە نزیكەی سەرجەم شارەكانی ئێران بگرێتەوە و چین و توێژە جیاوازەكان بەشداریان تێدا كردووە و دروشم دژ بە دەسەڵاتدارانی ئێران دەڵێنەوە و ئاژانسە هەواڵی ناوخۆیی و دەرەكییەكانیش باس لە زیانێكی گیانی و مادی گەورە دەكەن. خاڵێكی جیاواز و تەنانەت جێی مەترسی بۆ دەسەڵات لە ئێران، خۆپیشاندانەكانی ئەمجارە بە پێچەوانەی تەواوی خۆپیشاندانەكانی پێشوو، بەشداری و تەنانەت دەستپێشخەری چینی بازاڕییەكانە لە نارەزایەتییەكانی ئەمجارە، كە هەمیشە چینێكی پارێزگار و خۆپارێزبوون و لە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەكانی پێشووتر خۆیان بەدوورگرتووە. كە ڕەنگە ئەمە ئاماژەیەكی تری قووڵی ئاستی خراپی دۆخی دارایی و ئابوریی ئێران بێت كە وای لەم چینەش كردووە بێتە دەنگ و بڕژێتە سەر شەقام. هەروەها خاڵێكی جیاوازی خۆپیشاندانەكەی ئەمجارە هەستكردنە بە هەژموونی پاشا خوازەكانە بەسەر شەپۆلی خۆپیشاندانەكەدا و ئەمە لە جووڵە و دروشمی

خۆپیشاندانەکان و تەنانەت کاردانەوەکانی دەسەڵاتی ئێرانیش هەستی پێدەکرێت.
ئەوەی ڕوونە خراپی دۆخی ئابوریی و دارایی ئێران بەشێکی گەورەی پەیوەندیی بە گوشار و سزاکانی ڕۆژئاواو ئەمریکاوە هەیە، بەو پێیەش تا ئێستا هەوڵێکی شێلگیرو جێی متمانە بۆ گفتوگۆ و دانوسان لەنێوان هەردوولادا لە ئارادا نییە، بۆیە ئاسۆیەکی ڕوونی نزیك نییە بۆ دەربازبوونی ئێران لەم دۆخە ناهەموارەی ئێستا، ئەمەش بەڕوونی بە وتەو لێدوانی بەرپرسانی ئێرانیدا دیارە و لە بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێتەوە. هەروەها ڕەنگە دەسەڵات لە ئێران ڕۆژەکان بژمێرێت و لە هەوڵی ئیدارەدانی دۆخەکە بێت، ئەگەر بۆی بلوێت، هەموو هیوایەکی لەسەر کۆتایی هاتنی ماوەی ئیدارەکەی ئێستای ترامپ هەڵچنیبێت.

**سیناریۆی سێیەم: بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و هێرشی سەربازی ئیسرائیل و ئەمریکا**

ئەم سیناریۆیە وای دادەنێت کە هێرشەکانی حوزەیرانی "٢٠٢٥" بۆ سەر ئێران نەیانتوانیوە توانای سەرەکیی پیتاندنی تاران لەناوبەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوونەتە هۆی سوربوونی ڕژێمەکە لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکە، چونکە هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران لەناو بەشێکی سەرکردایەتیی ئێران بە هەوڵ بۆ گۆڕینی ڕژێم لێکدرایەوە، بۆیە ڕەنگە بگەن بەو بۆچوونەی کە تاکە زامنی مانەوەی ئێران بەم دەسەڵاتەی ئێستایەوە بریتییە لە بەدەستهێنانی دەستبەجێی چەند بۆمبێکی ئەتۆمیی کارا. هەروەها ئەو "٤٠٠" کیلۆگرامە یۆرانیۆم پیتێنراو بە ڕێژەی (٦٠٪)، کە تا ئێستا دیار نییە لە کوێیە، دەبێتە هەوێنی بەرنامەیەکی خێرا و بەپەلە.

> **” لە کاتێکدا ئێران خۆی بۆگەڕی شەشەمی دانوستانی ئەتۆمی لەگەڵ ئەمریکا ئامادە دەکرد، کە بڕیاربوو لە "١٥"ی حوزەیرانی "٢٠٢٥" لە عومان بەڕێوە بچێت، ئیسرائیل لە "١٣"ی حوزەیرانی "٢٠٢٥" هێرشێکی فراوانی ئاسمانی بە ناوی (ئۆپەراسیۆنی هێزی شێر) بە بەکارهێنانی زیاتر لە (٢٠٠) فرۆکەی جەنگی بۆ سەر ئێران دەستپێکرد و ماوەی (١٢) ڕۆژی خایاند “**

بە پێچەوانەی "پلانی ئاماد"ی سەرەتای ساڵانی "٢٠٠٠"ەکان، ئەمە هەوڵێکی پیشەسازیی بەرفراوان نییە، بەڵکو هەڵپەیەکی چڕ و شێلگیرانەیە بۆ بەرهەمهێنانی (٣-٥) کڵاوەی جەنگیی

سەرەتایی لە قووڵترین تونێلەکانی چیاکانی زاگرۆسدا. لۆژیکەکە بریتییە لە بەدەستهێنانی هێزی سڵەمینەوە لاسەنگ (Asymmetric Deterrence) کە ئێران پێویستی بە جبەخانەیەکی گەورەی ئەتۆمی نییە، بەڵکو تەنها ئەوەندە بەسە بۆ هەڕەشەکردن لە تەلئەبیب یان بنکەکانی ئەمریکا لە کەنداو بۆ ڕێگریکردن لە داگیرکاری یان دووبارەبوونەوەی هاوشێوەی هێرشەکانی "٢٠٢٥". بەڵام ئەمە بۆ ئێران ئاسان نابێت، چونکە بەرنامەیەکی ئەتۆمی ئێرانی کە بە خێرایی فراوان بێت و نەبوونی چاودێریی نێودەوڵەتی بەسەرییەوە، نیگەرانیی گەورە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات. هەستی ئیسرائیل بۆ مەترسییەکان زۆر بەرز دەبێتەوە – ئۆرشەلیم لەمێژە بەڵێنی داوە کە ڕێگە لە ئێران بگرێت لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و پیتاندنی یۆرانیۆم لەلایەن ئێرانەوە بۆ ئاستی چەکی سەربازیی بە هێڵێکی سوور دەبینێت.

بەبێ بوونی کۆتوبەندە دیپلۆماسییەکان، بەردەوامیی کەڵەکەبوونی یۆرانیۆمی پیتێنراو و دامەزراندنی وێستگەی نوێی سەنتەرفیوج، ئێران زیاتر لە هەر کاتێک لە دۆخی "لێواری"بەدەستهێنانی ئەتۆمی نزیک دەکاتەوە. ئەمەش مەترسیی ئەنجامدانی هێرشی سەربازیی پێشوەختە لەلایەن ئیسرائیلەوە زیاد دەکات، کە لەوانەیە بە پشتیوانیی ئەمریکا بێت. لە ڕاستیدا، شیکەرەوان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئیسرائیل زیاتر ئامادە دەبێت بۆ لێدانی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران ئەگەر ببینێت ئێران بەرەو دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی هەنگاو دەنێت. ململانێیەکی لەم شێوەیە دەبێتە هۆی تێکدانی سەقامگیریی ناوچەکە و مەترسیی هەڵگیرسانی جەنگێکی فراوانتر دروست دەکات، کە حیزبوڵڵای لوبنان یان بریکارەکانی تری ئێران تێیدا بەشدار بن. تەنانەت ئەگەر دۆخەکە نەگاتە جەنگێکی کراوەش، وڵاتانی عەرەبی کەنداو هەست دەکەن لەسەر بەرمیلێکی باروتی ئەتۆمی دانیشتوون و لە مەترسییەکی گەورەدان. بەتایبەتی سعودیە ڕەنگە هەوڵەکانی خۆی بۆ پارێزبەندیی ئەتۆمی خێراتر بکات. شازادەی جێنشین محەمەد بن سەلمان هۆشداریداوە کە ئەگەر ئێران ببێتە خاوەنی بۆمب، "سعودیەش هەمان کار دەکات"– ئەمەش مەترسیی دروستبوونی پێشبڕکێیەکی چەک لە ناوچەکەدا زیاد دەکات. لانی کەم وڵاتانی کەنداو بەدوای گرەنتی ئەمنیی بەهێزتری ئەمریکادا دەگەڕێن بۆ ڕێگرتن لە ئێرانێکی بوێرتر، یان بۆ خۆئامادەکردن بۆ پێکدادانی ئەگەریی نێوان ئیسرائیل و ئێران لە نزیک سنوورەکانیان.

## دەرەنجام

ماوەی چەندین دەیەیە دەسەڵاتدارانی ئێران لەپێناو پرۆگرامە ئەتۆمییەکەیان ئامادەی بەرگەگرتنی قورسترین گەمارۆکان و سەخترین بارودۆخەکان بوونە، تەنها لەبەرئەوەی دەستبەرداری ئەو پرۆگرامە ئەتۆمییە نەبن. بەڵام دوای هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەکرێت بوترێت بارودۆخەکە گۆڕاوە، ئێران دەبێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەنێوان

سێ بژاردەی قورسدا بدات:

**یەکەم**: ئێران بە ناچاری دەچێتە سەر مێزی دانوستان و لەپێناو ئاسایکردنەوەی بارودۆخەکە و ڕزگارکردنی دەسەڵاتی ئێران لەبەرامبەر وازهێنان لە پرۆگرامی ناوەکی (کە لە ئێستادا سیناریۆیەکی لاوازە)

**دووەم**: درێژەدان بە بارودۆخەکە و بەردەوامی گۆشەگیرکردنی زیاتری ئێران و بە بەنهێنی پەرەپێدانی پرۆگرامە ناوەکیەکە، هاوکات خۆئامادەکردن بۆ فراوان بوونی زیاتری نارەزایەتییە جەماوەرییە ناوخۆییەکان بەهۆی گەمارۆ و سزا ئابورییەکانەوە کە ماوەیەك پێش بەشێکی زۆری شارەکانی ئێرانی گرتەتەوە و خەڵکانی نارازیی داوای گۆڕینی تەواوی ڕژێمەکەیان دەکرد.

**سێیەم**: ئێران دەگات بەو باوەڕەی کە تاکە زامنی مانەوەی ئێران بە دەستهێنانی بۆمبی ناوەکییە، بەڵام ئەمەش ڕەنگە ئاسان نەبێت، بەهۆی ئەوەی کە ئیسرائیل و ئەمریکا پێش ئەوەی ئێران بگاتە ئەو قۆناغە هێرشی سەربازی دەکەنەوە سەر. بۆیە پێدەچێت بەردەوامی بارودۆخەکە وەك خۆی زیاتر سیناریۆیەکی نزیك بێت لە ئێستا و دەسەڵاتدارانی ئێرانیش هەموو هیوای خۆیان لەسەر کۆتاییهاتنی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بەسەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ هەڵبچنن.

---

## سەرچاوەکان

**1-** Aldasam، Dabbous. 2013. Relations Between the US and Iran. Army War College Carlisle Barracks Pa.

**2-** Gaietta، M. (2015). The trajectory of Iran's nuclear program. Palgrave Macmillan.

**3-** Nuclear Threat Initiative. 2018. " Iran"، James Martin Center for Nonproliferation Studies، May، 2018. Available At: http://www.nti.org/learn/countries/iran/nuclear/ (accessed 12 November 2025).

**4-** Bowden، M. (2006). Guests of the Ayatollah: The first battle in America's war with militant Islam. Atlantic Monthly Press.

**5-** Gaietta، M. (2015)، Op. cit.

**6-** Norris، Connor. 2008. "Mujahideen-e-Khalq (MEK)."، University of Military Intelligence، Fort Huachuca، July 27 2008 ، Available At: http://www.dtic.mil/dtic/tr/fulltext/u2/a495015.pdf

**7-** Cha، Victor and David، Kang. 2003. "The Korea Crisis." Foreign Policy، 136، 20-28. Available at: https://www.jstor.org/stable/3183619

**8-** International Atomic Energey Agency (IAEA).2003. Implementation of the NPT Safeguards Agreement in the Islamic Republic of Iran، Report by the Director General، June 6، 2003، Available at: https://www.iaea.org/sites/default/files/gov2003-40.pdf

**9-** Mazzucelli، Colette. 2007. "EU3-Iranian Nuclear Diplomacy: Implications for US Policy in the Middle East."، EUMA Papers، 4:6، March 2007.

**10-** Landau، Emily.، and Ephraim Asculai. 2005. "Iran's nuclear program and negotiations with the EU-3." Strategic Assessment 8، no. 3.

**11-** Arms Control Association. (2017، August). UN Security Council resolutions on Iran. https://www.armscontrol.org/factsheets/un-security-council-resolutions-iran

**12-** The White House. 2018. "Statement by the President on the Iran Nuclear Deal." The White House، January 12، 2018. Available At: https://www.whitehouse.gov/briefings-statements/statement-president-iran-nuclear-deal/

**13-** O'toole، Brian. 2018. "The Iran Deal: Withdrawal Symptoms."، Atlantic Council. May 9، 2018. Available At: http://www.atlanticcouncil.org/blogs/new-atlanticist/the-iran-deal-withdrawal-symptoms

**14-** Griffiths J، Berlinger J and McKenzie S، 2019 ، 'Iranian leader announces partial withdrawal from nuclear deal'، BBC، Available At: https://edition.cnn.com/2019/05/08/middleeast/iran-nuclear-deal-intl/index.html

**15-** Israel Policy Forum. (2025). Fracturing the axis: Degrading and disrupting Iran's proxy network. https://israelpolicyforum.org/fracturing-the-axis-degrading-and-disrupting-irans-proxy-network/

**16-** Anadolu Agency. (2025، May 28). Iran-US nuclear negotiations 'ongoing': Oman. https://www.aa.com.tr/en/americas/iran-us-nuclear-negotiations-ongoing-oman/3582465

**17-** CNN، 2024، Israel hit Iran's nuclear program – and Iran hit back. Here's what we know، available: https://edition.cnn.com/2025/06/13/middleeast/israel-attack-iran-nuclear-program-explainer-intl

**18-** ACLED، 2025، Twelve days that shook the region: Inside the Iran-Israel war، available at: https://acleddata.com/2025/07/04/qa-twelve-days-that-shook-the-region-inside-the-iran-israel-war/

**19-** Emanuel Fabian، 2025، The Israel-Iran war by the numbers، after 12 days of fighting، The Times of Israel، Available at: https://www.timesofisrael.com/the-israel-iran-war-by-the-numbers-after-12-days-of-fighting/

**20-** Kelsey Davenport، 2025، Israel and U.S. Strike Iran's Nuclear Program، Arm Control Association، Available at: https://www.armscontrol.org/act/2025-07/news/israel-and-us-strike-irans-nuclear-program (accessed 27 December،2025).

**21-** Ministry for Europe and Foreign Affairs. (2025، September 28). Activation of the snapback: Joint statement by the foreign ministers of France، Germany and the United Kingdom. France Diplomacy. https://www.diplomatie.gouv.fr/en/country-files/iran/news/article/activation-of-the-snapback-joint-statement-by-the-foreign-ministers-of-france

**22-** Bezhan، F. (2025، September 26). UN to reimpose global sanctions on Iran. What are they and how will Tehran react? Radio Free Europe/Radio Liberty. https://www.rferl.org/a/iran-sanctions-snapback-nuclear/33541832.html

**23-** Times of Israel Staff. (2025، September 28). 'Snapback': What are the sanctions that have been reimposed on Iran? The Times of Israel. https://www.timesofisrael.com/snapback-what-are-the-sanctions-that-have-been-reimposed-on-iran/

**24-** Stahle، M. (2025، November 25). After the JCPOA: Iran's strategic and economic dilemmas. Gulf International Forum. https://gulfif.org/after-the-jcpoa-irans-strategic-and-economic-dilemmas/

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا "٢٠٢٥" و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان



ناودار زیاد
توێژەری سیاسی و مامۆستای زانکۆ

## دەروازە

لە ساڵی "١٩٨٦"وە بەگوێرەی یاسای ڕێکخستنەوەی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، کە بە یاسای "گۆڵدواتەر-نیکۆڵس" ناسراوە، هەر سەرۆکێکی ئەمریکا پابەند کراوە بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێک بۆ کۆنگرێس کە تێیدا ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ڕوونبکاتەوە کە ئیدارەکەی پەیڕەوی دەکات. یەکەم ڕاپۆرت بەو ناونیشانە لە سەردەمی ڕۆناڵد ڕیگان، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا لە ساڵی "١٩٨٧"دا دەرچوو. ئەم کارە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد لە ساڵی "١٩٩١" گەشەی کرد و لە ڕاپۆرتێکی تەکنیکییەوە سەبارەت بە پرسەکانی بەرگری و جەنگ، بۆ ڕاگەیەندراوێکی سیاسیی ستراتیجی گۆڕا، کە تێیدا سەرۆکی ئەمریکا دیدگای ئیدارەکەی بۆ جیهان ڕووندەکاتەوە و ئەو مەترسیيانەی ڕووبەڕووی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا دەبنەوە، لەگەڵ دیاریکردنی کارە لەپێشینەکان و ناردنی پەیام بۆ هاوپەیمانان و نەیاران دەربارەی هەڵوێستی واشنتۆن بەرامبەر پرسە نێودەوڵەتییەکان. لەم چوارچێوەیەدا، کۆشکی سپی لە "٢٠٢٥/١٢/٤"، ستراتیجی نوێی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکای لە ساڵی یەکەمی ویلایەتی دووەمی ئیدارەکەی ترەمپی لە دووتوێی (٣٣) لاپەڕەدا بڵاوکردەوە، کە پرەنسیپ و ئامانجەکانی ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانیان و ڕێگاکانی جێبەجێکردنیان لەڕێگەی ئامرازە سەربازی و ئابوری و دیبلۆماسییەکان و هێزی نەرمەوە دیاریکردووە و ئاڕاستەکانی وڵاتەکەشی لە ناوچەکانی جیهاندا دەستنیشانکردووە، کە ڕیزبەندییەکەیان بەم شێوەیە: هەردوو ئەمریکا، ئاسیا، ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا.

ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر پێگەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو ستراتیجییەدا، هاوتەریب بە لێکۆڵینەوە لەو پێدراو و زانیاری و شیکاریانەی کە لە سۆنگەی ئەم ستراتیجەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە.

## تەوەرەی یەکەم/ وەرچەرخانی فەلسەفی و بونیادی لە ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا

### یەکەم: ئەمریکا لە خوداوەند "ئەتڵەس"ەوە بۆ "قەڵا"

ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا بۆ ساڵی "٢٠٢٥" (NSS ٢٠٢٥)، کە لەلایەن ئیدارەی نوێی دۆناڵد ترەمپەوە داڕێژراوە، یەکێکە لە گرنگترین پرسەکانی ئێستای ناوچەکە، بەتایبەت لە سایەی ئەو وەرچەرخانە گەورانەی کە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا ڕوویانداوە. هەندێك لە چاودێران و ناوەندەکانی (ثینك تانك) ئەم وەرچەرخانە بە کودەتایەکی دەستوری و بونیادی ناوزەند دەکەن بەسەر تەواوی ئەو چەمکانەی کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بنەمای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکایان پێکدەهێنا. بۆ زیاتر لە حەوت دەیە، ئەمریکا ڕۆڵی "ئەتڵەس"ی دەبینی: ئەو خوداوەندە یۆنانییەی کە تەواوی زەوی لەسەر شانەکانی هەڵگرتبوو و بەرپرسیارێتیی پاراستنی سەقامگیری جیهانی وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و مێژوویی لە ئەستۆ گرتبوو. بەڵام بەڵگەنامەی "٢٠٢٥" بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێت کە "سەردەمی ئەوەی ئەمریکا ئەتڵەس بێت کۆتایی هات"[١].

ئەم وەرچەرخانە بە واتای ئەوە دێت کە ئەمریکا چیتر خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لە بەرامبەر پاراستنی دیموکراسی یان دابینکردنی ئاسایش بۆ وڵاتانی تر وەک خێرخوازییەکی سیاسی. لەبری ئەوە، چەمکی قەڵای ئەمریکا (Fortress America) دێتە کایەوە. هەرچەندە، ئەم چەمکە دەقاودەق لە خودی ستراتیجەکەدا نەهاتووە، بەڵام تەواوی ناوەڕۆکی ستراتیجەکە لە دەورەی ئەم واتایەدا دەخولێتەوە، کە باس لە ئەمریکایەک دەکات کە لە ناوەوەدا قایمە و خاوەنی سەروەرییەکی ڕەهایە و تەنها کاتێک دەرگاکانی بۆ جیهانی دەرەوە دەکاتەوە کە بەرژەوەندییەکی ماددی و ئابوریی ڕاستەوخۆی هەبێت. ئەمەش، تێپەڕینە لە لیبراڵیزمی نێودەوڵەتییەوە کە ئیدارەی بایدن لە ستراتیجی "٢٠٢٢"دا پێداگری لەسەر دەکرد، بەرەو ڕیالیزمی ڕووت و ناسیۆنالیزمێکی ئابوری، کە دروشمی (ئەمریکا یەکەم-America First) بڕبڕەی پشتی پێکدەهێنێت[٢].

### دووەم: بەراوردکاریی لەنێوان ستراتیجی "٢٠٢٢" و "٢٠٢٥"

بۆ تێگەیشتن لە قوڵایی ئەو گۆڕانکاریانە، پێویستە بەراوردێک لەنێوان ستراتیجی بایدن "٢٠٢٢" و ستراتیجی ترەمپ "٢٠٢٥" بکەین، چونکە ئەم بەراوردکارییە دەری دەخات کە جیهان لە چ جۆرە ژینگەیەکەوە بەرەو چ ئاڕاستەیەک هەنگاو دەنێت. لە سەرەتادا بەشێوەی

خشتە بەراوردکارییەکە ئەنجام دەدەین و پاشان باسی گرنگترین جیاوازی و گۆڕانکارییەکان دەکەین[٣]:

| بەراوردکاری لەنێوان هەردوو ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا ("٢٠٢٢"ی ئیدارەی بایدن و "٢٠٢٥"ی ئیدارەی ترەمپ) | | | |
|---|---|---|---|
| تەوەر | ستراتیجی "٢٠٢٢" (ئیدارەی بایدن) | ستراتیجی "٢٠٢٥" (ئیدارەی ترەمپ) | گۆڕانکاری و وەرچەرخان |
| فەلسەفەی سەرەکی | دیموکراسی بەرامبەر ئۆتۆکراسی؛ واتا باوەڕ بە نەزمی نێودەوڵەتیی لەسەر بنەمای یاسا. | ئەمریکا یەکەم (America First)؛ واتا ڕیالیزم و ڕەتکردنەوەی جیهانگیری. | گۆڕان لە "پۆلیسی جیهان" و سەرپەرشتیاری دیموکراسییەوە بۆ "قەڵای ئەمریکا" و پاراستنی بەرژەوەندیی ماددی. |
| | بەها و سەرمایە؛ هاوپەیمانەکان بە گەورەترین هێزی ئەمریکا دادەنێت. داوای (٪٢) خەرجی بەرگری دەکات. | مامەڵەی بازرگانی؛ هاوپەیمانەکان نابێت بارگرانی بن. مەرجی (٪٥)ی داهات (پابەندبوونی لاهای) دەسەپێنێت. | ئەگەر وڵاتانی ناتۆ پارەی زیاتر نەدەن، ئەمریکا پابەند نابێت بە پاراستنیان (کۆتایی پاراستنی بێ مەرج). |
| ڕوسیا و ئۆکرانیا | کۆت و بەندکردن؛ ڕوسیا مەترسییەکی دەستبەجێیە. پشتیوانیی بێ مەرج بۆ ئۆکرانیا تا سەرکەوتن. | دانوستان و کۆتاییهێنان؛ دەبێت جەنگەکە بەخێرایی کۆتایی بێت. ڕوسیا وەک مەترسی لاوەکی دەبینێت بەراورد بە چین. | هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی ڕوسیا لە چین و کۆتاییهێنان بە هاوکارییە زەبەلاحەکان بۆ ئۆکرانیا. |
| چین | کێبڕکێی بەرپرسیارانە؛ چین تاکە ڕکابەرە کە بیەوێت نەزمەکە بگۆڕێت. جەخت لە هاوکاریی دەکات لە پرسی ژینگەدا. | جەنگی ئابوری و دابڕان؛ ململانێکردن لەگەڵ چین بۆ لابردنی لە پێگەی وەبەرهێنان و دابڕانی ئابوری و باجی گومرگی. | نەهێشتنی هاوکاریی لەگەڵ چین، بەڵام هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کێبڕکێ لەگەڵیدا. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران | دیبلۆماسی و ڕاگرتن؛ هەوڵدان بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی و چارەسەری دوو دەوڵەت (ئیسرائیل و فەلەستین). | هێزی ڕەق و لێدان؛ جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنی "چەکوشی نیوەشەو" (وێرانکردنی ئەتۆمی ئێران). فراوانکردنی ڕێککەوتنی ئیبراهیمی. | کۆتاییهێنان بە دانوستان لەگەڵ ئێران و شکاندنی بڕبڕەی پشتی هێزە بریکارەکانی (وەک حەماس و گروپەکان) بە هێزی سەربازی. |
| کەشوهەوا و وزە | مەترسی لەسەر وجود؛ گۆڕانی کەشوهەوا گەورەترین مەترسییە. وەبەرهێنان لە وزەی پاک و سەوز. | باڵادەستی وزە؛ ڕەتکردنەوەی گۆڕانی کەشوهەوا وەک فێڵ. هەناردەکردنی نەوت و گاز. | کشانەوە لە ڕێککەوتنە ژینگەییەکان و کردنی ئەمریکا بە گەورەترین هەناردەکاری نەوت و گاز لە جیهاندا. |
| ئابوری و بازرگانی | بازرگانی جیهانی؛ بەڵام بە ڕەچاوکردنی مافی کرێکاران و بەهێزکردنی چینی ناوەڕاست. | ناسیۆنالیزمی ئابوری؛ سەپاندنی گومرگ لەسەر هەموو کاڵایەک، لابردنی یاساکان و پشتگیریی دراوی دیجیتاڵی. | بەکارهێنانی ئابوری و دۆلار وەک چەک لە دژی نەیار و تەنانەت دۆستەکانیش ئەگەر بازرگانیی نادادپەروەرانە بکەن. |
| بەرگری و سوپا | نوێکردنەوە؛ بەکارهێنانی سوپا بۆ پاراستنی بەهاکان و هاوپەیمانان. | گومەزی زێڕین Golden Dome؛ دروستکردنی قەڵغانی مووشەکی بۆ خاکی ئەمریکا. کۆتاییهێنان بە "جەنگە بێ کۆتاکان". | کشانەوەی هێزەکان بۆ ناوەوە و دروستکردنی قەڵایەک بۆ پاراستنی ئەمریکا لەبری ناردنی سەرباز بۆ دەرەوە. |
| بەهاکان (دیموکراسی ، مافی مرۆڤ) | دڵی ستراتیجەکەیە؛ پشتیوانی لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە سەرانسەری جیهان. | پشتگوێخستن؛ دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان. گرنگ نییە وڵاتێک چۆن حوکم دەکات، گرنگ ئەوەیە دۆستی ئەمریکا بێت. | کۆتاییهێنان بە سیاسەتی بونیادنانی نەتەوە Nation Building و گوتاری مافەکانی مرۆڤ. |

ستراتیجی ئیدارەکەی بایدن "٢٠٢٢" جیهانی وەک گۆڕەپانی ململانێی نێوان دیموکراسی و ئۆتۆکراسی دەبینی و جەختی لەسەر نەزمی نێودەوڵەتیی لەسەر بنەمای یاسا دەکردەوە. بەڵام لە ستراتیجی "٢٠٢٥"دا، ئەم تێڕوانینە بۆ ڕیالیزمێکی بازرگانی گۆڕاوە. جیهان چیتر تۆڕێکی پێکەوەبەستراو نییە، بەڵکو بازاڕێکی کێبڕکێیە کە تێیدا ئەمریکا دەیەوێت قازانج بکات و خۆی لە کێشەی خەڵکی تر بەدوور بگرێت مەگەر پارەی بۆ بدەن.

> **" لە ساڵی "١٩٨٦"وە بەگوێرەی یاسای ڕێکخستنەوەی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، کە بە یاسای "گۆڵدو اتەر-نیکۆڵس" ناسراوە، هەرسەرۆکێکی ئەمریکا پابەند کراوە بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێک بۆ کۆنگرێس کە تێیدا ستر اتیجی ئاسایشی نیشتمانی ڕوونبکاتەوە کە ئیدارەکەی پەیڕەوی دەکات "**

ستراتیجی "٢٠٢٢" هاوپەیمانەکانی وەک گەورەترین هێزی ئەمریکا و بەهایەکی ستراتیجی دەبینی، بەڵام ستراتیجی "٢٠٢٥" مامەڵەی (تێچوو-قازانج)یان لەگەڵ دەکات. داواکارییەکەی بایدن بۆ (٢٪)ی خەرجی بەرگریی ئەندامانی ناتۆ گۆڕاوە بۆ مەرجێکی توندتر کە ناسراوە بە پابەندبوونی لاهای و پێدانی خەرجی لە (٥٪)ی داهات. ئەمە بەو واتایەیە کە ئەگەر وڵاتانی ناتۆ یان هەر هاوپەیمانێکی تر پارەی زیاتر نەدات، ئەوا ئەمریکا پابەند نابێت بە پاراستنیان. بەم جۆرە، ئەمریکا بە فەرمی کۆتایی بە سەردەمی پاراستنی بێ مەرج دەهێنێت.
ستراتیجی "٢٠٢٢" ڕوسیای وەک مەترسییەکی دەستبەجێ، چینیش وەک تاکە ڕکابەری درێژخایەن دەبینی. بەڵام ستراتیجی "٢٠٢٥" وەرچەرخانێکی تێدایە، چونکە ڕوسیا وەک مەترسییەکی لاوەکی بەراورد بە چین دەبینێت. ئاڕاستەکە بەرەو دانوستان و کۆتاییهێنان بە جەنگی ئۆکرانیا دەڕوات بە مەبەستی دوورخستنەوەی ڕوسیا لە چین. لەکاتێکدا، بەرامبەر چین جەنگی ئابوری و دابڕاندنی لە پێگەی وەبەرهێنەرێك کراوەتە ئامانج لەڕێگەی هاوسەنگکردنەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکان و ڕێگریکردن لە ململانێکان لەسەر تایوان و بەهێزکردنی هاوبەشییەکان لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئاسیا، بەتایبەتی هیندستان.

**سێیەم: دامەزراندنی سیستەمێکی دوورمەودا یان گۆڕانکارییەکی کاتی**

پرسیارێکی جەوهەری ئەوەیە: ئایا ئەم ستراتیجییەی "٢٠٢٥" تەنها بۆ ماوەیەکی کاتییە و لەگەڵ گۆڕینی ئیدارەکە کۆتایی دێت؟
هەرچەندە، هەر بەڵگەنامەیەکی ستراتیجی نیشتمانی بۆ یەك ئیدارە یاخود یەك کابینەی

حوکمڕانییە لە ئەمریکا، بەڵام شیکارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ستراتیجەکەی ئەمجارە دامەزراندنی سیستەمێکی دوورمەودایە و هەنگاوەکانی ترەمپ لەم ستراتیجەدا واقیعێکی نوێ دەسەپێنن کە گەڕانەوە لێیان ئەستەمە[٤]، چونکە کاتێک ئەمریکا مەرجی دارایی دەسەپێنێت، یان لەڕێگەی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی گەورەی وەک چەکوشی نیوەشەو Midnight Hammer توانای ئەتۆمی ئێران وێران دەکات، یان باجی گومرگی توند بەسەر چیندا دەسەپێنێت، ئەمە واقیعێکی نوێ دروست دەکات. هەر سەرۆکێکی تر دوای ئەو بێت، ناتوانێت بەئاسانی ئێرانێکی بێ ئەتۆم زیندوو بکاتەوە یان باجە گومرگییەکان لاببات بێ ئەوەی شۆکێکی گەورە بەر ئابوریی ئەمریکا بکەوێت. کەواتە، ئەمە تەنها گۆڕینی ئیدارەیەک نییە، بەڵکو داڕشتنەوەی جیهانە بۆ دەیەکانی داهاتوو[٥].

**چوارەم: کۆتایهێنان بە سیاسەتی بونیادنانی نەتەوە Nation Building**

یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەم ستراتیجە کە ڕەنگە زۆرترین کاریگەریی لەسەر وڵاتێکی وەک عێراق هەبێت، کۆتایهێنانە بە سیاسەتی بونیادنانی نەتەوە Nation Building[٦] کە وەك یەکێك لە چەمکە گرنگەکانی ناو ستراتیجەکە هاتووە و مایەی زۆرترین مشتومڕە. لە ستراتیجەکەی پێشتردا "٢٠٢٢"، ئەمریکا جەختی لەسەر پشتگیریکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان دەکردەوە وەک ئامرازێک بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی. بەڵام، ستراتیجی "٢٠٢٥" ئەم چەمکانە وەک چەکی لیبراڵەکان ناو دەبات و ڕەتیان دەکاتەوە[٧]. بەجۆرێك، ئەمریکا چیتر ئامادە نییە پارە بۆ پڕۆژە کولتووری و سیاسییەکان خەرج بکات. گوتارەکە گۆڕاوە بۆ ئەوەی کە گرنگ نییە وڵاتێک چۆن حوکم دەکرێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە دۆستی ئەمریکا بێت و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت. ئەمەش وەرچەرخانێکی ترسناکە بۆ ئەو سیستەمە سیاسییانەی کە لەسەر بنەمای پشتیوانی بەها ئەمریکییەکانی وەك مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی شەرعییەتیان وەرگرتبوو، چونکە بەگوێرەی ئەم ستراتیجە ئەمریکا دەبێتە کارەکتەرێکی پراگماتیک کە تەنها مامەڵە لەگەڵ قەوارەی بەهێز دەکات، نەک قوربانییەکان[٨].

سەبارەت بە عێراقیش، لەدوای "٢٠٠٣"وە، ئەمریکا ملیاران دۆلاری لە پڕۆژەکانی پەرەپێدانی دیموکراسی و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ و چاودێریی هەڵبژاردنەکان خەرجکردووە. بەڵام لە دیدگای ترەمپ و ستراتیجی "٢٠٢٥"دا، ئەم پارانە بە بەفیڕۆدان ئەژمار دەکرێن. ئەمەش بەو واتایەیە کە ئەمریکا چیتر گرنگی نادات بەوەی کە سیستەمی سیاسیی عێراق تا چەند دیموکراسییە یان تا چەند گەندەڵە. تەنانەت، ئەگەر بەغدا سیستەمێکی دیکتاتۆری یان ئۆلیگارشی پیادە بکات، بۆ واشنتۆن کێشە نییە، ئەگەر بێتوو سێ مەرجی سەرەکی جێبەجێ بکات، ئەوانیش: بەردەوامی فرۆشتنی نەوت و جێگیریی بازاڕی وزە و ڕێگریکردن لەوەی عێراق ببێتە بنکەیەک بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل، لەگەڵ

دابڕانی ئابوری و سیاسیی لە چین و ڕوسیا. بەمەش، ئەو هێزە مەدەنی و ڕێکخراوانەی کە لە عێراقدا پشتیان بە هاوکارییە دارایی و مەعنەوییەکانی ئەمریکا دەبەست بۆ چاکسازی، خۆیان لەبەردەم واقیعێکی تاڵدا دەبیننەوە کە تێیدا بەرژەوەندیی ماددی جێگەی بەها لیبراڵییەکانی گرتووەتەوە.

> **" ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا بۆ ساڵی "٢٠٢٥" (NSS ٢٠٢٥)، کە لەلایەن ئیدارەی نوێی دۆناڵد ترەمپەوە داڕێژراوە، یەکێکە لە گرنگترین پرسەکانی ئێستای ناوچەکە، بەتایبەت لە سایەی ئەووەرچەرخانە گەورانەی کە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا ڕوویانداوە "**

**پێنجەم: ئابوری و دۆلاروەک چەکێکی ستراتیجی**

ستراتیجی "٢٠٢٥" ناسیۆنالیزمی ئابوریی دەکاتە چەقی هێز. لە کاتێکدا بایدن باسی لە بازرگانی جیهانی دادپەروەر دەکرد. بەڵام، ترەمپ باسی بەکارهێنانی دۆلار دەکات وەک چەک لە دژی نەیار و تەنانەت دۆستەکانیش ئەگەر بازرگانییەکی نادادپەروەرانە بکەن. ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە ئەمریکا چیتر نابێتە پارێزەری بازاڕی ئازاد، بەڵکو دەبێتە یاریزانی یەکەم بۆ بەدەستهێنانی قازانج. پشتیوانی لە دراوی دیجیتاڵی و لابردنی یاسا ژینگەییەکان بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز بەشێکن لەم ستراتیجە بۆئەوەی ئەمریکا ببێتە گەورەترین هەناردەکاری وزە لە جیهاندا و پێگەی ڕوسیا و ئێران لەم بوارەدا لاواز بکات[٩]. بەم جۆرە، خودی ستراتیجەکەی ترەمپ ئاماژە بەوە دەکات کە کێبڕکێی ستراتیجی داهاتوو لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی ئابوریی دەوەستێت، ئەوانیش بریتین لە دارایی و وزە. لە لایەکەوە، ئەمریکا هەوڵدەدات لەڕێگەی بەهێزکردنی پێگەی دۆلار و سیستەمی داراییەوە، نەخشەڕێگایەکی گەشەپێدانی (دۆلار-تەوەر) دابڕێژێت کە تێیدا وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بە ئابورییەکەی خۆیەوە ببەستێتەوە: ئەمەش وادەکات ململانێی داهاتوو لەبری چەک، لەڕێگەی مەرجەکانی قەرزدان و سیستەمە دیجیتاڵییەکانی پارەدانەوە بێت. لە لایەکی تریشەوە، دابینکردنی وزەی فراوان (لە نەوت و گازەوە تا ئەتۆم) وەک بزوێنەری سەرەکی بۆ دووبارە پیشەسازیکردنەوە و بەهێزکردنی ژێرخانی دیجیتاڵی ئەمریکا دەبینرێت. بەم شێوەیە، یەکگرتنی هەژموونی دارایی و سەروەریی لە کەرتی وزەدا، دەبنە دوو ئامرازی بنەڕەتیی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ستراتیجی و مانەوەی ئەمریکا وەک هێزێکی بێ جێگرەوە لە جیهاندا[١٠].

**شەشەم: کۆتاییهێنان بە جەنگی مەیدانی و دەستپێکی قۆناغی بەرگریکردن لە دوورەوە**
لەڕووی سەربازییەوە، ستراتیجی "٢٠٢٥" کار دەکات بۆ دورکەوتنەوە بە جەنگە بێ کۆتاکان. ئەمریکا لەبری ناردنی سەرباز بۆ دەرەوەی وڵات، جەخت لەسەر دروستکردنی گومەزی زێڕین (Golden Dome) دەکاتەوە، کە قەڵغانێکی مووشەکی پێشکەوتووە بۆ پاراستنی خاکی ئەمریکا. ئەمە بە واتای کشانەوەی هێزەکانە بۆ ناوەوە و دروستکردنی قەڵایەک کە کەس نەتوانێت دەستی پێبگات، بەو جۆرەی تەنها هێزی تەکنەلۆژی و گورزی ئاسمانی وەک چەکوشی نیوەشەو بۆ سەر ئێران بەکاردەهێنرێت بۆ لێدانی دوژمنان لە دوورەوە بێئەوەی پێویست بە مانەوەی درێژخایەنی سەرباز بکات لەو شوێنانە یاخود سەربازەکانی ئامادەیی مەیدانی و بەرجەستەیان هەبێت.
ئەم وەرچەرخانە تەنها گۆڕانکارییەک نییە لە تاکتیکی جەنگدا، بەڵکو ڕاگەیاندنی کۆتایی سەردەمی "پۆلیسی جیهانی" و گۆڕینی ئەمریکایە بۆ هێزێکی بەرژەوەندیخواز. لەم ستراتیجە نوێیەدا، ڕیالیزمی نەرم Flexible Realism[١١] جێگەی بەها دیموکراسییەکانی گرتووەتەوە، بەجۆرێک کە واشنتۆن چیتر خەرجی جەنگە بێ کۆتاکان و پاراستنی ئەوانی تر ناگرێتە ئەستۆ، بەڵکو تەواوی وزەی خۆی بۆ قەڵایەکی ناوخۆیی و گەشەی ئابوری و سەپاندنی هەژموونی خۆی لە نیوەگۆی ڕۆژئاوادا تەرخان دەکات. ئەمەش واتای گۆڕینی هاوپەیمانییەکانە بۆ مامەڵەیەکی بازرگانی کە تێیدا ئەمریکا تەنها لەو شوێنەدا دەستوەردان دەکات کە قازانج و ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مسۆگەر بکات[١٢].
سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرژەوەندیی ئەمریکا بریتییە لە ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی هەڕەشە سنووربەزێنەکان و دڵنیابوون لەوەی هیچ وڵاتێك نەبێتە بنکەیەک بۆ هێزە دوژمنکارەکان یان فاکتەری ناسەقامگیرکەر لە ئاسایشی وزە و ڕێڕەوە ئاوییەکاندا. بەپێی ئەم لۆژیکە پاڵپشتی ئەمریکا بەندە بە توانای دەوڵەتی عێراق بۆ بەڕێوەبردنی هاوسەنگییە ناوخۆیی و هەرێمییەکانی. کەواتە، ئەمریکا چەترێکی پاراستنی گشتگیر پێشکەش ناکات، بەڵکو سنوورێکی ڕوون بۆ دەستێوەردانەکانی دادەنێت. ئەمەش ئەو تێگەیشتنە فراوانە دووپات دەکاتەوە کە سەقامگیری ناتوانرێت هاوردە بکرێت، بەڵکو دەبێت لە ناوخۆدا بەرهەم بهێنرێت[١٣].

## تەوەرەی دووەم/ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ستراتیجی "٢٠٢٥"دا و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق

**یەکەم: دابەزینی پلەی ستراتیجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**
یەکێک لە دیارترین خاڵەکانی ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا بۆ ساڵی "٢٠٢٥"، گۆڕانکاریی بنەڕەتییە لە تێڕوانینی واشنتۆندا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە، ئەم ناوچەیە چەقی سیاسەتی دەرەوە و بڕبڕەی پشتی ئاسایشی وزەی

جیهان بوو لای ئەمریکا. بەڵام بەگوێرەی ستراتیجی "٢٠٢٥"، کە دوو لاپەڕەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەرخانکراوە، پێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لیستی کارە لەپێشینەکانی واشنتۆندا پاشەکشەی کردووە و ئەو سەردەمە کۆتایی هاتووە کە ناوچەکە تەوەرەی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بێت. دەقاودەق لە ستراتیجەکەدا هاتووە "لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە یان سووککردنی سیاسەتە سنووردارکەرەکانی وزە لەلایەن ئەم ئیدارەیەوە و زیادبوونی بەرهەمهێنانی وزەی ئەمریکی، هۆکاری لەمێژینەی ئەمریکا بۆ گرنگیدانی سەرەکی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم دەبێتەوە"[١٤]. ئەمەش، بەڵگەیە لەسەر دابەزینی پلەی ستراتیجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لای ئەمریکا.

**” ستراتیجی "٢٠٢٢" هاوپەیمانەکانی وەک گەورەترین هێزی ئەمریکا و بەهایەکی ستراتیجی دەبینی، بەڵام ستراتیجی "٢٠٢٥" مامەڵەی (تێچوو-قازانج)یان لەگەڵ دەکات. داواکارییەکەی بایدن بۆ (٢٪)ی خەرجی بەرگریی ئەندامانی ناتۆ گۆڕاوە بۆ مەرجێکی توندترکە ناسراوە بە پابەندبوونی لاهای وپێدانی خەرجی لە (٥٪)ی داهات. ئەمە بەو واتایەیە کە ئەگەرولاتانی ناتۆیان هەرهاوپەیمانێکی ترپارەی زیاترنەدات، ئەوا ئەمریکا پابەند نابێت بە پاراستنیان. بەم جۆرە، ئەمریکا بە فەرمی کۆتایی بە سەردەمی پاراستنی بێ مەرج دەهێنێت “**

لەژێر ڕۆشنایی ستراتیجەکەدا، ئەم گۆڕانکارییە لە دیدگای ئەمریکادا بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، ئەوانیش: نەمانی پشتبەستنی ئەمریکا بە نەوتی ناوچەکە و گۆڕانی ئاڕاستەی ململانێی زلهێزەکان بەرەو چین و ناوچەی ئیندۆ-پاسفیک و تەرخانکردنی بایەخی زیاتر بۆ کێشەکانی کیشوەری ئەمریکا وەک بازرگانی مادده هۆشبەرەکان و کۆچبەری.

لەم دیدگا نوێیەدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیتر وەک ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و مەترسی بەردەوام نابینرێت کە پێویستی بە دەستێوەردانی سەربازیی پڕ تێچوو هەبێت، بەڵکو وەک دەرفەتێک بۆ هاوبەشی بازرگانی و وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و دابینکردنی ئاسایشی وزە و دەریاوانی سەیر دەکرێت. ئەمەش بە واتای وازهێنانە لە هەوڵەکان بۆ گۆڕینی سیستمە سیاسییەکان و قبوڵکردنی واقیعی ناوچەکە وەک خۆی لەپێناو بەرژەوەندییە ئابورییەکانی ئەمریکادا[١٥].

لە ستراتیجەکەدا، ڕیزبەندیی ناوچە جیهانییەکان بەپێی ئەولەویەتی ئەمریکا، بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکراوە[١٦]:

- نیوەگۆی ڕۆژئاوا (ئەمریکای باکور و باشور): بووەتە یەکەمی ئەولەویەتەکان. ستراتیجەکە پاشکۆی ترەمپ بۆ دۆکترینی مۆنرۆ دەخاتەڕوو، بە ئامانجی گێڕانەوەی باڵادەستی ئەمریکا لەم ناوچەیە و دەرکردنی نەیارە دەرەکییەکان (بەتایبەت چین)، بە ئامانجی پاراستنی سنوورەکان و تێکشکاندنی کارتێلەکانی ماددەی هۆشبەرە.
- ئاسیا: لە ڕیزبەندی دووەمدایە. جەخت لەسەر دووبارە هاوسەنگکردنەوەی بازرگانیی لەگەڵ چین و پاراستنی باڵادەستی سەربازیی لە ناوچەی ئیندۆ-پاسفیک دەکاتەوە. هەروەها، جەخت لەسەر پاراستنی تایوان کراوەتەوە.
- ئەوروپا: بۆ ڕیزبەندی سێیەم دابەزیوە. ستراتیجییەکە داوای سەقامگیریی ستراتیجی لەگەڵ ڕوسیا دەکات و هانی ئەوروپا دەدات کە خۆی توانای سەربازیی خۆی پەرەپێبدات. ئەوروپا ڕەخنەی لێگیراوە بەهۆی سیاسەتەکانی کۆچبەری کە بە وتەی ڕاپۆرتەکە دەبێتە هۆی سڕینەوەی شارستانی.
- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ئەولەویەتی ئەم ناوچەیە کەمکراوەتەوە. باس لەوە دەکات کە ئەمریکا بووەتە هەناردەکاری وزە و پێویستی بە شەڕە بێبەرهەمەکانی نەتەوەسازی(Nation-building)نەماوە. لەبری ئەوە، جەخت لەسەر وەبەرهێنان و فراوانکردنی ڕێککەوتنەکانی ئیبراهیمی دەکاتەوە.
- ئەفریقا: لە کۆتایی لیستەکەدایە. تەنها سێ پەرەگرافی بۆ تەرخانکراوە، کە تێیدا جەخت لەسەر گۆڕینی هاوکارییەکان بۆ وەبەرهێنان دەکرێتەوە و هانی مانەوەی درێژخایەنی هێزەکانی ئەمریکا نادات.

وێڕای ئەم دابەزین و پاشەکشەیە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە ئەمریکا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەجێدەهێڵێت، چونکە لە ستراتیجەکەدا هاتووە "لەبری ئەوە، ناوچەکە دەبێتە سەرچاوە و شوێنی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی"[١٧]. بەڵکو، ئەم دابەزینە بەو واتایەیە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیتر وەک ئەولەویەتی یەکەم نابینرێت. هۆکاری ئەمەش بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە کە لە پەرەگرافی پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد و لێرەدا باس لە دوو فاکتەری سەرەکییان دەکەین، ئەوانیش: یەك، سەربەخۆیی وزەی ئەمریکا، چونکە ئەمریکا ئێستا خۆی گەورەترین بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری نەوت و گازە لە جیهاندا و چیتر بۆ مانەوەی ئابورییەکەی پێویستی بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵکو تەنها وەک کارتێکی بازرگانی و ڕێگریکردن لە ڕکابەرەکان سەیری دەکات. دوو، کێبڕکێ لەگەڵ چین، چونکە ئەمریکا ناوەندیی ستراتیجی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی ئاسیا Indo-Pacific گواستووەتەوە و هەر دۆلارێکیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەرج بکرێت پێی باشترە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی چین بەکاربهێنرێت[١٨].

ئەگەر لە ستراتیجییەکانی ڕابردوودا (بەتایبەت لە "٢٠٠٣"وە تا "٢٠٢٢")، عێراق وەک سەنتەری شەڕی جیهانی دژی تیرۆر و تاقیگەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەماشاکرابێت، ئەوا لە ستراتیجی "٢٠٢٥"دا ئەم زمانە گۆڕاوە و تەنانەت لە هیچ شوێنێکدا ناوی عێراق نەهێنراوە و عێراق چیتر ئەو وڵاتە نییە کە ئەمریکا ئامادە بێت هەموو شتێکی بۆ بکات. بەڵکو، لەم بەڵگەنامەیەدا عێراق بەبێ ئەوەی ناوی بهێنرێت هاوشێوەی باقی دەوڵەتانی دیکەی هاوپەیمان و هاوبەشی ئەمریکا لە ناوچەکە وەک بەشێک لە بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا سەیر دەکرێت. ئەم دابەزینی پلەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەمریکا چیتر پێویستی بە مانەوەی سەربازیی گەورە نییە لە عێراق بۆ دابینکردنی ئاسایشی وزە، یان بۆ پێشگرتن لە سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوە توندڕەوەکان، یاخود بۆ سنووردارکردنی فراوانبوونی نفوزی ئێران. تەنانەت، ئەمریکا لەبارەی پێکهاتەی سیستەمە سیاسییەکەی هەوڵی دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەدات[19].

> **” یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەم ستراتیجە کە ڕەنگە زۆرترین کاریگەریی لەسەر وڵاتێکی وەک عێراق هەبێت، کۆتاییهێنانە بە سیاسەتی بونیادنانی نەتەوە Nation Building کە وەك یەکێك لە چەمکە گرنگەکانی ناو ستراتیجەکە هاتووە و مایەی زۆرترین مشتومڕە “**

**دووەم: ئۆپەراسیۆنی چەکوشی نیوەشەو Midnight Hammer و وەرچەرخانی ئێران**

بە تێڕوانینی (حەسەن دانایی فەر) باڵیۆزی پێشووی ئێران لە عێراق "ڕۆحی ستراتیجی نیشتمانی ئەمریکا "٢٠٢٥" بەردەوامە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو ڕێبازە توندەی کە لە شێوەی جۆن بۆلتۆن - ترەمپدایە بەرامبەر ئێران و تەنانەت بچووکترین ئاماژەشی سەبارەت بە دروستکردنی پەیوەندیی تەنانەت مەرجداریشی لەگەڵ ئێران تێدا نییە[20]. هاوتەریب بە، ئۆپەراسیۆنی چەکوشی نیوەشەو (Midnight Hammer) کە لە حوزەیرانی "٢٠٢٥"دا دژی ئێران ئەنجامدرا، هاوکێشەی هێزی لە ناوخۆی عێراقیشدا گۆڕیوە، چونکە، پێشتر، هێزە چەکدارەکانی نزیك لە ئێران لە عێراق وەک کارتی گوشار دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەکاردەهێنران. بەڵام، لەمەودوا هەر گروپێکی چەکدار لە عێراقدا ببێتە مەترسی بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا یان بەرژەوەندییە ئابورییەکانی، ڕەنگە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی هێرشی ئەمریکا ببێتەوە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی سەروەریی خاکی عێراق بکرێت. ئەمەش پەیامێکی ڕوونە بۆ بەغدا کە دەبێت یان ئەو گروپانە کۆنترۆڵ بکات، یان ئەمریکا خۆی بەبێ گەڕانەوە بۆ

حکومەتی عێراق چارەسەری سەربازییان بۆ دەکات.
ستراتیجی "٢٠٢٥"، باس لە خاڵێکی وەرچەرخانی سەربازی و سیاسیی دەکات کە هەموو هاوکێشەکانی ناوچەکەی گۆڕیوە، ئەویش: لە حوزەیرانی "٢٠٢٥"دا ئەمریکا ئۆپەراسیۆنی چەکوشی نیوەشەوی جێبەجێ کرد، کە گورزێکی سەربازیی وێرانکەر بوو بۆ سەر ژێرخانی ئەتۆمی و توانای مووشەکی ئێران[٢١]. بەڵام، ئەم ئۆپەراسیۆنە هەر تەنها کارێکی سەربازی نەبوو، بەڵکو سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ سیاسەتی ئەمریکا، چونکە پێشتر ئەمریکا پێویستی بە هاوپەیمانە ناوخۆییەکانی وەک (عێراق و هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو) بوو تاکو وەک بەربەست و قەڵغان بەرامبەر ئێران بەکاریانبهێنێت. بەڵام، دوای ئەوەی لە ڕێگەی "چەکوشی نیوەشەو"ەوە بڕبڕەی پشتی ئێران شکێنرا -بەپێی تێڕوانینی ستراتیجەکە- بایەخی ئەو هاوپەیمانانە کەمبووەتەوە. لێرەوە مەترسی بۆ سەر کورد و لایەنە عێراقییەکان دروست دەبێت، چونکە ئەگەر ئەمریکا پێی وابێت ئێران چیتر هەڕەشە نییە، ئیتر پێویستی بەوە نییە نازی ئەوان هەڵبگرێت.
ئەم گۆڕانکارییە لە دەقە فەرمییەکانی ستراتیجی "٢٠٢٥"ی ئەمریکادا، ئاماژەیە بۆ چوونە ناو قۆناغی هاوسەنگی لە کەناراوەکان، کە تێیدا واشنتۆن چیتر وەک پۆلیسی ناوچەکە یان پارێزەری هاوپەیمانە بچووکەکان کار ناکات. بەڵکو، تەنها لەڕێگەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و گورزی دوورمەوداوە ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی هەر هەڕەشەیەک دەکات. بەجۆرێك دوای بێدەنگکردنی تاران، ئەولەویەتی ئەمریکا بەرەو زەریای هێمن و ڕووبەڕووبوونەوەی چین گۆڕاوە[٢٢]. ئەمەش کورد و لایەنە عێراقییەکان دەخاتە بەردەم بۆشاییەکی ئەمنی، چونکە لە غیابی پێویستی ئەمریکا بەوان وەک بەربەست دژی ئێران، ئەگەری زۆرە واشنتۆن ڕێگە بە هێزە هەرێمییە گەورەکانی وەک تورکیا بدات هەژموونی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانەدا بسەپێنن، ئەمەش وەک جۆرێک لە بەکارهێنانی وەکیل بۆ پاراستنی سەقامگیری بەبێ تێچووی ئەمریکی. بەم جۆرە، ڕەنگە کورد لە هاوپەیمانێکی ستراتیجییەوە ببێت بە کارتێکی فشاری کاتی.

## سێیەم: هاوبەشییە مامەڵەییەکان Transactional Partnerships و دابەشکردنی بارگرانی

لە ستراتیجی "٢٠٢٥"دا، چەمکی هاوپەیمانی ئەخلاقی نەماوە و جێگەی خۆی بۆ هاوبەشی مامەڵەیی چۆڵکردووە. ئەمریکا لەم بەڵگەنامەیەدا، بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێت کە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هاوبەشەکان دەسپێرێت، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەمریکا دۆستەکانی لە ناوچەکە بەجێدەهێڵێت[٢٣]. بەڵکو، ئەمە ڕەنگە ناوچەکە بەرەو دروستکردنی میحوەرێکی ئەمنی ببات کە تێیدا وڵاتانی دۆستی ئەمریکا وەك ئیسرائیل و سعودیە و تورکیا بارگرانییەکە لە ئەستۆ بگرن. هەرچەندە، بەڵگەنامەکە دوو چەمك لێکجیادەکاتەوە، ئەوانیش هاوپەیمانەکان لەگەڵ هاوبەشەکان، کە بەشێك لە وڵاتە عەرەبییەکان بە هاوبەش

دادەنێت و بە جیاش ناوی ئیسرائیل دەهێنێت.

بە دەربڕینێکی وردتر و فراوانتر، ئەم ستراتیجە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی نیشان دەدات، کە تێیدا چەمکی هاوپەیمانی لەسەر بنەمای بەهاکان جێگەی خۆی بۆ هاوبەشی مامەڵەیی چۆڵکردووە. ئەم ڕێبازە نوێیە لەسەر بنەمای باڵادەستی تێچوو-کەم کار دەکات. واتە واشنتۆن دەیەوێت پێگەی جیهانی خۆی بپارێزێت بەبێ ئەوەی تێچووی دارایی و سەربازی بێ کۆتا بگرێتە ئەستۆ. لەژێر چەمکی "دابەشکردنی بارگرانی" ئەرکی پاراستنی سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەسپێردرێت بە هاوبەشە هەرێمییەکانی وەک ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو. ئەم هاوبەشییە نوێیە، مەرجدارە بە جێبەجێکردنی ئەجێندای ئابوریی ئەمریکا، وەک تێکەڵبوونی وڵاتانی ناوچەکە لەگەڵ پیشەسازییە تەکنەلۆژییەکانی واشنتۆن وەك زیرەکی دەستکرد و وزەی ئەتۆمی و ڕێگریکردن لە فراوانبوونی هەژموونی چین. بەم شێوەیە، پاراستنی ئەمنی دەبێتە کاڵایەکی بازرگانی و هەر وڵاتێک بیەوێت لەژێر چەتری ئەمریکادا بمێنێتەوە، دەبێت لەڕێگەی وەبەرهێنان و گرتنە ئەستۆی تێچووە سەربازییەکان، باجی ئەو پاراستنە بدات[٢٤].

**” لەڕووی سەربازییەوە، ستراتیجی "٢٠٢٥" کاردەکات بۆ دورکەوتنەوە بە جەنگە بێ کۆتاکان. ئەمریکا لەبری ناردنی سەرباز بۆ دەرەوەی وڵات، جەخت لەسەر دروستکردنی گومەزی زێڕین (Golden Dome) دەکاتەوە، کە قەڵغانێکی مووشەکی پێشکەوتووە بۆ پاراستنی خاکی ئەمریکا “**

ئەم ستراتیجە کۆتایی بەو دیدگایەش دەهێنێت کە لەدوای ساڵی "١٩٤٥"ەوە هەبوو، کە دەیگوت هەژموونی جیهانی هەمیشەیی ئەمریکا لە بەرژەوەندیی ئەو وڵاتەیە. لەبری ئەوە، ستراتیجی "٢٠٢٥" هەوڵدەدات ئەو بارگرانییە جیهانیانە لاببات کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆی ئەمریکاوە نییە. بۆ نموونە، ئەمریکا چیتر ئامادەنییە سەربازەکانی بنێرێتە ناو جەنگە بێ کۆتاکان بۆ پاراستنی وڵاتانی تر. هەر وڵاتێک بیەوێت لەژێر چەتری پاراستنی ئەمریکادا بێت، دەبێت باجەکەی بدات. ئەم باجە تەنها پارە نییە، بەڵکو بریتییە لە جێبەجێکردنی ئەجێندای ئابوریی ئەمریکا و ڕێگریکردن لە نفوزی چین و ڕوسیا. هەروەها، جەخت لەسەر نەتەوە-دەوڵەت وەک چەقی سیاسەتی دەرەوە دەکاتەوە و بە چاوێکی نەرێنی سەیری دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات[٢٥].

**چوارەم: تورکیا وەک پۆلیسی ناوچەکە**

لە ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا بۆ ساڵی "٢٠٢٥"، واشنتۆن پێی وایە ئەکتەرە بەتواناکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانن ڕووبەڕووی ئاڵنگاریيە ئەمنیيەکان ببنەوە: "هاوبەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پابەندبوونی خۆیان بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و توندڕەوی نیشان دەدەن"[٢٦]. بەمەش، ڕۆڵی تورکیا وەك ئەکتەرێکی بەتوانا لەڕووی سەربازی و ئەندامێکی سەرەکی ناتۆ بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز دەردەکەوێت[٢٧]. جگە لەوەی، تورکیا بەهۆی پێگە جوگرافییەکەی لە دەریای ڕەش و دەسەڵاتی بەسەر گەرووەکاندا، وەک گرنگترین بەربەست لە دژی هەژموونی ڕوسیا دەبینرێت. ئەمەش، ئیدارەی نوێی ئەمریکا دەخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕازیکردنی ئەنقەرە بۆ دوورکەوتنەوە لە مۆسکۆ و چین، پێویستی بەوەیە کە ڕۆڵێکی فراوانتری پێبدرێت لە بەڕێوەبردنی تەنگژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەوقاز، ئەمەش وادەکات تورکیا دووبارە بێتەوە بە میحوەرێکی بڕیاردەر لە ناوچەکەدا. تەنانەت، لە ستراتیجەکەدا بە ڕاشکاوی دەیەوێت ئەرکەکە بخاتە ئەستۆی هاوبەشە ناوچەییەکانی، کە تورکیا یەکێکە لەوان و بەهێزترینیانە.

بەو پێیەی کە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی فەلسەفەی "ئەمریکا یەکەم" لە ستراتیجی "٢٠٢٥"دا، پێشخستنی بەرژەوەندیی دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکانە بەسەر گروپە نادەوڵەتییەکاندا. لەم چوارچێوەیەدا، ئەمریکا بەرەو ئەوە دەچێت کە پەیوەندییە ستراتیجییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانێکی مێژوویی وەک تورکیا نەکاتە قوربانی پاراستنی هێزە کوردییەکان. ئەم گۆڕانکارییە بەو مانایەیە کە واشنتۆن ئامادەیە چاوپۆشی لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا بکات لە قووڵایی خاکی سوریا و عێراقدا، بەو مەرجەی ئەنقەرە سەقامگیرییەکی گشتی لە ناوچەکەدا بپارێزێت کە خزمەت بە بەرژەوەندییە ئابورییەکانی ئەمریکا بکات[٢٨].

بۆ هەرێمی کوردستان، گەڕانەوەی تورکیا وەک پۆلیسی ناوچەکە بە واتای زیادبوونی هەژموونی سیاسی و سەربازی ئەنقەرە دێت بەسەر ناوچەکەوە. بە خوێندنەوەی ستراتیجەکەش وادەردەکەوێت ئەمریکا بیەوێت پرسی کورد لە چوارچێوەی ئاسایشی نیشتمانی تورکیادا چارەسەر بکرێت، نەک وەک دۆسیەیەکی سەربەخۆی مافی مرۆڤ یان نەتەوەیی. ئەمەش وادەکات هەرێمی کوردستان ناچار بێت بۆ پاراستنی قەوارەکەی، زیاتر لە جاران ڕەچاوی هێڵە سورەکانی تورکیا بکات، بەتایبەت لە پرسی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK).

ستراتیجی "٢٠٢٥"، جەخت لەسەر سەربەخۆیی وزە و ڕێڕەوەکانی گواستنەوە دەکاتەوە. تورکیا وەک ناوەندێکی سەرەکی وزەEnergy Hub بۆ گواستنەوەی گازی دەریای ناوەڕاست و نەوتی عێراق بۆ ئەوروپا، دەبێتە پارێزەری بەرژەوەندییە ئابورییەکانی ڕۆژئاوا. لەم ڕوانگەیەوە، ئەمریکا گڵۆپی سەوز بۆ تورکیا هەڵدەکات تا وەک هێزێکی ڕێکخەر مامەڵە بکات، تەنانەت ئەگەر ئەمە لەسەر هەژماری فشارخستنە سەر لایەنە کوردییەکان بێت بۆ ڕادەستکردنی

دۆسیەی وزە و تەسلیمبوون بە نەخشەڕێگای ئەنقەرە[٢٩].

**پێنجەم: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک مەیدانی جەنگی ئابوری دژی چین**

ئەگەرچی لە ستراتیجەکەدا بایەخی سەربازیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمبووەتەوە، بەڵام بایەخە ئابورییەکەی بۆ ململانێ لەگەڵ چین زیادیکردووە. بەو پێیەی ستراتیجەکە چین وەک ڕکابەر لە بواری ئابوریدا دەبینێت. ئەمەش، ڕەنگە پاڵ بە ئەمریکاوە بنێت بۆ دروستکردنی ئاستەنگ بۆ پرۆژەی (یەك پشتێن و یەك ڕێگە)ی چین لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[٣٠]. تەنانەت، ڕەنگە ئەمریکا فشار بخاتە سەر عێراق و وڵاتانی کەنداو کە تەکنەلۆژیاکانی چین وەک هواوی و وەبەرهێنانە چینییەکان لە ژێرخانی وزەدا ڕەتبکەنەوە. بەم جۆرە، هەر وڵاتێک هاوکاریی چین بکات ڕەنگە ڕووبەڕووی سزای ئەمریکا ببێتەوە، سزاکانیش وەك دژایەتیکردنی لەڕێگەی دۆلارەوە. ئەمە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە بەردەم دوو بژاردەوە: یان دڵسۆزیی بۆ واشنتۆن و دوورکەوتنەوە لە گەورەترین بازاڕی جیهان (چین)، یان گەشەی ئابوریی لەگەڵ چین و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکوشی ئابوری ئەمریکا.

> ” سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرژەوەندیی ئەمریکا بریتییە لە ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی هەڕەشە سنووربەزێنەکان و دڵنیابوون لەوەی هیچ وڵاتێك نەبێتە بنکەیەک بۆ هێزە دوژمنکارەکان یان فاکتەری ناسەقامگیرکەر لە ئاسایشی وزە و ڕێڕەوە ئاوییەکاندا. بەپێی ئەم لۆژیکە پاڵپشتی ئەمریکا بەندە بە توانای دەوڵەتی عێراق بۆ بەڕێوەبردنی هاوسەنگییە ناوخۆیی و هەرێمییەکانی. کەواتە، ئەمریکا چەترێکی پاراستنی گشتگیر پێشکەش ناکات، بەڵکو سنوورێکی ڕوون بۆ دەستێوەردانەکانی دادەنێت. ئەمەش ئەو تێگەیشتنە فراوانە دووپات دەکاتەوە کە سەقامگیری ناتوانرێت هاوردە بکرێت، بەڵکو دەبێت لە ناوخۆدا بەرهەم بهێنرێت “

شانبەشانی ئەم فشارانە، واشنتۆن لەوانەیە هەوڵبدات بەدیلی ستراتیجی بخاتە بەردەم وڵاتانی ناوچەکە بۆئەوەی لە چین دایان ببڕێت، بۆ نموونە لەڕێگەی کاراکردنی ڕێڕەوی ئابوری هیندستان-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەوروپا. ئەم هەنگاوە تەنها بۆ ڕێگرتن نییە لە بازرگانی چین

لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو شەڕێکی قووڵتری تەکنەلۆژییە لەسەر زیرەکی دەستکرد و چیپە ئەلیکترۆنییەکان. بەجۆرێک، ئەمریکا مەرجی ئەوەی بۆ وڵاتانی وەک سعودیە و ئیمارات داناوە کە ئەگەر بیانەوێت دەستیان بە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوا بگات، دەبێت دیوارێکی ئاگرین لەنێوان داتا هەستیارەکانیان و تەکنەلۆژیای چینیدا دروستبکەن.

سەبارەت بە عێراق، ئەمریکا لەوانەیە فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق بۆئەوەی ئەو گرێبەستانە هەڵبوەشێنێتەوە کە پەیوەندییان بە ژێرخانی تەکنەلۆژیا و وزەی چینییەوە هەیە. ئەم ململانێیە عێراق دەخاتە دۆخێکی قورسەوە. لە لایەکەوە چین ئامادەیە وەبەرهێنانی گەورە بکات بێئەوەی مەرجی سیاسی بسەپێنێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەمریکا هەڕەشەی سزای دارایی و بڕینی دۆلار دەکات، هەروەك لە ستراتیجەکەدا هاتووە "هەر کەسێک لەگەڵ دوژمنە ئابورییەکانی ئێمە بێت، ناتوانێت سوود لە سیستەمی دارایی ئێمە وەربگرێت"[٣١]. ئەمەش لەوانەیە عێراق ناچار بکات کە لەنێوان گەشەی چینی و دۆلاری ئەمریکی، یەکەمیان بکاتە قوربانی بۆ مانەوەی دووەمیان.

### شەشەم: فراو انکردنی ڕێککەوتنی ئیبراهیمی و ئاشتی مامەڵەیی

ستراتیجی "٢٠٢٥" جەخت لەسەر فراوانکردنی ڕێککەوتنەکانی ئیبراهیمی دەکاتەوە: "بەرژەوەندییەکی ڕوونمان هەیە لە فراوانکردنی ڕێککەوتنامەی ئیبراهیمی بۆ نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە و بۆ وڵاتانی دیکەی جیهانی ئیسلامی"[٣٢]. بەڵام، جیاوازییەکە لێرەدایە کە ئەم ئاشتییە چیتر لەسەر بنەمای چارەسەری دوو دەوڵەت یان مافی فەڵەستینییەکان نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای پەرژینی ئەمنی و ئابورییە دژی ئێران و بۆ قازانجی هاوبەشە.

لەم هاوکێشە نوێیەدا، عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەونە دەرەوەی بازنە سەرەکییەکە مەگەر ئەوانیش هەنگاو بەرەو تێکەڵبوونی ئابوریی لەگەڵ ئەم میحوەرە نوێیە بنێن. ستراتیجەکە ڕاشکاوە لەوەی کە ئەمریکا چیتر کاتی خۆی بە دانوستانی بێ ئەنجامەوە بەفیڕۆ نادات و هەر لایەنێک نەیەتە ناو ئەم سیستەمە نوێیە، ئەوا بە پەراوێزخراو دەمێنێتەوە.

### حەوتەم: کۆتایی سەردەمی دیموکراسی لیبراڵ لە ناوچەکەدا

یەکێک لە گەورەترین گۆڕانکارییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە ئەمریکا چیتر بانگەشەی دیموکراسی ناکات و سیستەمە سیاسییەکانی ناوچەکە وەك خۆیان قبوڵ دەکات: "ئەمە پێویستی بە وازهێنان لە تاقیکردنەوە هەڵە و چەواشەکارەکانی ئەمریکا دەبێت کە ئەم نەتەوانە - بەتایبەتی شانشینەکانی کەنداو- ناچار بکات دەستبەرداری نەریت و شێوە مێژووییەکانی حکومڕانی خۆیان ببن. دەبێت هانیان بدەین و دەستخۆشی لە چاکسازیی بکەین کاتێک لەو شوێنانەدا کە بەشێوەیەکی سروشتی سەرهەڵدەدات،

بەبێ ئەوەی هەوڵبدەین لە دەرەوە بیسەپێنین. کلیل بۆ پەیوەندییەکی سەرکەوتوو لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە قبوڵکردنی ناوچەکە و سەرکردەکانی و نەتەوەکانی وەک ئەوەی کە هەن، لەکاتێکدا پێکەوە کار لەسەر بوارەکانی بەرژەوەندیی هاوبەش دەکەین"[٣٣]. ئەم چاوپۆشیکردن یاخود وەرچەرخانە بە خاتری ئەوەیە کە ئەو وڵاتانە دۆستی ئەمریکان. ئەمەش، مژدەیەکی خۆشە بۆ دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانی ناوچەکە و هاوکات هەڕەشەیەکی گەورەشە بۆ سەر ئەو هێزە مەدەنی و دیموکراسیخوازانەی (لەوانەش هەرێمی کوردستان) کە هەمیشە بۆ پاراستنی خۆیان پشتیان بە گوتاری مافی مرۆڤی ئەمریکی دەبەست.

**” یەکێک لە دیارترین خاڵەکانی ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا بۆ ساڵی "٢٠٢٥"، گۆڕانکاریی بنەڕەتییە لە تێڕوانینی واشنتۆندا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە، ئەم ناوچەیە چەقی سیاسەتی دەرەوە و بڕبڕەی پشتی ئاسایشی وزەی جیهان بوو لای ئەمریکا. بەڵام بەگوێرەی ستراتیجی "٢٠٢٥"، کە دوو لاپەڕەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەرخانکراوە، پێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لیستی کارە لەپێشینەکانی واشنتۆندا پاشەکشەی کردووە و ئەو سەردەمە کۆتایی هاتووە کە ناوچەکە تەوەرەی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بێت “**

بەو پێیەی ئەمریکا لە ستراتیجەکەدا بەلایەوە گرنگ نییە وڵاتانی ناوچەکە چۆن حوکم دەکرێن، بەڵکو تەنها ئەوەی بەلاوە گرنگە نەوت بفرۆشێت و کێشە بۆ ئیسرائیل دروستنەکات و کاڵای ئەمریکی بکڕێت[٣٤]. بۆیە، ئەم دیدگایە وادەکات کە بەهاکان جێگەی خۆیان بدەن بە بەرژەوەندییە ماددییەکان. ئەمەش، سەبارەت بە عێراق دەکرێت ئەوەی لێهەڵبهێنجرێت کە عێراق یان دەبێت ببێتە بەشێک لە سیستەمی نوێی ئابوری و ئەمنی ئەمریکا (کە تێیدا ئیسرائیل و تورکیا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن)، یان ڕووبەڕووی پەراوێزخستن و سزای دارایی ببێتەوە. لێرەوە، باشترە بڕیارەبەدەستانی عێراق تێبگەن کە زمانی بەها و دیموکراسی لاواز بووە و ئێستا کاتی زمانی ژمارە و قازانج و هێزە. هەر سەرۆکێک دوای ترەمپیش بێت، بەهۆی ئەو واقیعە نوێیەی کە ئەم ستراتیجە دەیسەپێنێت، ناتوانێت بەئاسانی پەیوەندییەکان بۆ سەردەمی لیبراڵیزمی پێشوو بگەڕێنێتەوە.

**تەوەرەی سێیەم/ کاریگەری و لێکەوتەکانی ستراتیجەکە لەسەر هەرێمی کوردستان**

**یەکەم: مەترسی و لێکەوتە نەرێنییەکانی ستراتیجەکە:**

١. گۆڕینی زمانی دیبلۆماسی ئەمریکا: بۆ هەرێمی کوردستان، ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا "٢٠٢٥" نوێنەرایەتی هەستیارترین قۆناغ دەکات لەدوای ساڵی "٢٠٠٣"وە. بە گەڕانەوە بۆ ئەو خوێندنەوەیەی کە لە تەوەرەکانی پێشتردا بۆ بەڵگەنامەکە کردمان دەردەکەوێت کە ئەمریکا لەم قۆناغەدا پشتی کردووەتە ئەو زمانە کلاسیکییەی کە کورد لە واشنتۆن بۆ ماوەی دوو دەیە بەکاریدەهێنا. ئەو گوتارەی کە دەیگوت "ئێمە سیستەمێکی دیموکراسیمان لە ناوچەکەدا هەیە" یان "ئێمە قوربانی جینۆسایدین"، پێدەچێت لە فەرهەنگی ستراتیجی "٢٠٢٥"دا چیتر برەوی نەبێت. ئەمەش وادەکات هەرێمی کوردستان ناچار بێت گوتاری سیاسیی خۆی لەداوای بەزەیی و پشتگیریی ئەخلاقییەوە بۆ پێشکەشکردنی قازانج و هاوبەشی سەربازی بگۆڕێت. هەرێمی کوردستان لێرەدا لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدایە، چونکە ئەگەر نەتوانێت خۆی وەک قەوارەیەکی بەهێز و قازانجبەخش نیشان بدات، ئەوا لە ئەجێندای "ئەمریکا یەکەم"[35]دا جێگەی نابێتەوە.

٢. مەترسییەکانی چەکوشی نیوەشەو و لاوازبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان: وەک لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، ستراتیجی "٢٠٢٥" بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە حوزەیرانی "٢٠٢٥"دا، ئەمریکا لە ئۆپەراسیۆنی "چەکوشی نیوەشەو"دا توانای ئەتۆمی و سەربازیی ئێرانی تێکشکاندووە. ئەمەش مەترسی ناڕاستەوخۆ بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروستدەکات، چونکە بۆ ساڵانێکی زۆر، بایەخی ستراتیجی کورد بۆ واشنتۆن لەوەدا بوو کە کورد دیوارێکی متمانەپێکراو بوو دژی فراوانبوونی نفوزی ئێران و گروپە بریکارەکانی لە ناوچەکەدا. کەواتە، ئەگەر ئەمریکا پێی وابێت کە ئێران لەڕێگەی "چەکوشی نیوەشەو"ەوە شکاوە و چیتر هەڕەشە نییە، ئەوا ئەو ناز و پشتگیرییە تایبەتەی کە بۆ خاتری ڕاگرتنی هاوسەنگی بەرامبەر تاران بە هەرێمی کوردستانی دەدا، کەم دەبێتەوە. مەترسییەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەمریکا چیتر پێویستی بەوە نابێت دڵی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ڕابگرێت تا لە بەرەی ئەوان بن.

٣. تورکیا وەک "پۆلیسی ناوچەکە" و هەڕەشە بۆ سەر دەستکەوتەکانی کورد: ستراتیجی "٢٠٢٥" جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هاوبەشە ناوچەییەکان دەسپێردرێت[36]. لەم هاوکێشەیەدا، تورکیا وەک ئەندامێکی سەرەکی ناتۆ و هێزێکی ئیقلیمی، ڕۆڵی ئەمنی لە ناوچەکەدا بەرزدەبێتەوە. ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ کوردانی ڕۆژاڤاش، مەترسییەکی گەورەیە. ئەمریکا لەپێناو ڕازیکردنی تورکیا (تاکو تورکیا لە دژی ڕوسیا و چین لە بەرەی ئەمریکا بمێنێتەوە)، ڕەنگە ئامادە بێت چاوپۆشی لە زۆرێک لە فشار و هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ناوچە کوردییەکان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، لە تێڕوانینی پراگماتیکی ترەمپدا، ڕازیبوونی دەوڵەتێکی خاوەن سوپایەکی گەورەی وەک تورکیا زۆر گرنگترە لە دڵنەوایکردنی

لایەنە کوردییەکان. ئەمە وادەکات واشنتۆن وەک ناوچەی نفوزی تورکیا سەیری هەرێمی کوردستان بکات، کە ئەمەش پاشەکشەیەکی گەورەیە بۆسەر پێگە و هەروەها ڕۆڵی نێودەوڵەتیی هەرێمی کوردستان.

٤. لاوازبوونی ئەوروپا و کاریگەرییەکەی لەسەر کورد: شیکارییەکانی (The Guardian) ئاماژە بەوە دەکەن کە ستراتیجی "٢٠٢٥" سووکایەتی بە ئەوروپا دەکات و بە لاواز و بارگران وەسفیان دەکات[٣٧]. ئەمە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە دۆستە تەقلیدییەکانی کورد (وەک فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا) کە هەمیشە بۆشاییە سیاسی و مرۆییەکانی ئەمریکایان لە هەرێمی کوردستان پڕدەکردەوە، ئێستا خۆیان لەژێر فشاری ئابوریی و سیاسیی واشنتۆندان. لاوازبوونی نفوزی ئەوروپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست واتە بێبەشبوونی کورد لە پشتیوانە لیبراڵەکان، ئەمەش کورد لەبەردەم ئیدارەیەکی ئەمریکی جێدەهێڵێت کە بە زۆری لە زمانی پارە و هێز تێدەگات.

> **" وێڕای ئەم دابەزین و پاشەکشەیە، بەڵام ئەمە بەوو اتایە نایەت کە ئەمریکا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەجێدەهێڵێت، چونکە لە ستر اتیجەکەدا هاتووە "لەبری ئەوە، ناوچەکە دەبێتە سەرچاوە و شوێنی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی "**

**دووەم: دەرفەتەکان بۆ هەرێمی کوردستان:**

١. نەوت و غازی سروشتی وەک کارتی ڕزگارکەر: سەرەڕای هەموو مەترسییەکان، سروشتی پراگماتیک و بەرژەوەندیخوازانەی ستراتیجی "٢٠٢٥" دەرفەتێکی زێڕین بۆ هەرێمی کوردستان دەرەخسێنێت، لەبەرئەوەی ترەمپ دەیەوێت نرخی وزە دابەزێنێت و ڕوسیا و ئێران لە بازاڕی وزەی جیهانی وەدەربنێت. ئەمەش، دەرفەت بۆ هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت تاکو خۆی وەک بەدیلێکی ستراتیجی پێشکەش بکات. کەواتە، کارتە بەهێزەکەی کورد لێرەدا نەوت و غازی سروشتییە. ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێت نەوت و غازەکەی بەو جۆرە ئیدارە بدات کە ڕەزامەندیی ئەمریکییەکانی لەسەر بێت، ئەوا دەبێتە هاوبەش لە ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکادا. لەم حاڵەتەدا، ئەمریکا وەک بەرژەوەندییەکی باڵای ئابوریی داکۆکی لە مانەوە و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دەکات. بەڵام ئەمە پێویستی بە هاوسەنگییەکی ورد هەیە لەگەڵ ئێران لەبارەی دۆسیەی غازەوە، چونکە تاران هەرگیز ڕێگە نادات غازی هەرێمی کوردستان جێگەی غازی ئەو بگرێتەوە. لێرەدا، هەرێمی کوردستان دەبێت لەنێوان ڕەچاوکردنی خواستەکانی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی ئێران یارییەکی سیاسی زیرەکانە بکات.

٢. پێشمەرگە وەک جەنگاوەری ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر: لە بەڵگەنامەی ستراتیجی "٢٠٢٥"دا هاتووە "چاوەڕێ دەکەین هاوپەیمانەکانمان بەشێکی زۆر زیاتری بەرهەمی گشتی نیشتمانی (GDP) خۆیان بۆ بەرگریی خۆیان تەرخان بکەن"[٣٨]، بۆئەوەی چیتر خەرجی بەرگریکردن لە هاوپەیمانەکانی لە ئەستۆی ئەمریکادا نەبێت، بەڵکو دەبێت لە ئەستۆی خۆیاندا بێت. ئەمە دەرفەتێکە بۆ هێزی پێشمەرگە. ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێت هێزی پێشمەرگە یەکبخات و وەک هێزێکی پرۆفیشناڵ و مۆدێرن و شەڕکەرێکی جێگرەوە لە ناوچەکەدا خۆی نیشانبدات، ئەوا دەکەوێتە خانەی هاوبەشی پەسەندەوە. ئەمریکا لەم ستراتیجەشدا ئامادەیە چەک و پارە بداتە هێزێک کە بتوانێت تێچووی شەڕی توندڕەوی و تیرۆر لەسەر شانی ئەمریکا کەمبکاتەوە. لێرەوە، چاکسازیی لە وەزارەتی پێشمەرگە و یەکخستنی هێزەکان تەنها داواکارییەکی ئەمریکی نییە، بەڵکو مەرجی مانەوەیە لەناو هاوکێشەی ئاسایشی "٢٠٢٥"ی واشنتۆندا.

٣. کونسوڵخانە گەورەکەی ئەمریکا لە هەولێر: بەپێی ڕاپۆرتێکی (The Associated Press)، تەواوبوونی کونسوڵخانە گەورەکەی ئەمریکا لە هەولێر بە تێچووی (٧٩٦) ملیۆن دۆلار و لەسەر ڕووبەری (٢٠٦) هەزار مەتر چوارگۆشە، پەیامێکی گرنگی تێدایە. لەکاتێکدا ئەمریکا لە زۆر شوێن دەکشێتەوە، دروستکردنی ئەم قەڵا دیبلۆماسییە لە هەولێر نیشانەی ئەوەیە کە ئەمریکا دەیەوێت هەرێمی کوردستان وەک بنکەیەکی پێشکەوتوو بۆ چاودێریکردنی ناوچەکە بهێڵێتەوە[٣٩]. هەرچەندە، ئەم کونسوڵخانەیە بۆ پاراستنی دیموکراسی نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە هەڵبژێردراوەکانی ئەمریکایە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەمریکا هەرێمی کوردستان وەک هاوبەشێکی مامەڵەیی دەبینێت تا ئەو کاتەی هەرێم بۆ ئەمریکا قازانجی هەبێت، ئەو قەڵایە وەک چەترێکی پاراستن دەمێنێتەوە.

**تەوەرەی چوارەم/ ڕاسپاردەکان: نەخشەڕێگایەک بۆ مامەڵەیەکی هاوتەریب بە ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا "٢٠٢٥"**

١. ئەو دەرئەنجامانەی کە لە ستراتیجەکەدا پێی گەیشتین، دەریانخست کە جیهانی دوای "٢٠٢٥" جیهانێکە تێیدا سۆز و مێژوو و بەها لیبراڵییەکان جێگەیان بۆ بەرژەوەندیی ماددی و هێزی ڕەق و گرێبەستە ئابورییەکان چۆڵکردووە. بۆ عێراق و بەتایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان، مانەوە لەم ژینگەیەدا پێویستی بە گۆڕینی زمانی دیبلۆماسی و ئامڕازەکانی کارکردن هەیە، بۆئەوەی لەلایەن ئەمریکاوە ڕووبەڕووی پەراوێزخستن نەبنەوە.

٢. باشترە هەرێمی کوردستان پشتی تەواو نەبەستێت بەو گوتارەی کە داوای پشتگیریی ئەمریکا دەکات لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و جینۆساید و پاراستنی کەمینەکان. بەڵکو، لەبری ئەوە، بەشی زۆری گوتارەکە بۆ سەقامگیری ناوچەیی و دابینکردنی وزە و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ڕێگەی هێزی هاوبەشەوە بگۆڕدرێت. بە واتایەکی دیکە، هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن

وا خۆی نیشان بدات کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەپارێزێت نەک داوای پاراستن بۆ خۆی بکات.

٣. لەبەرئەوەی ستراتیجی "٢٠٢٥" لەسەر بنەمای ئەولەویەتدان بە ئابوریی دارێژراوە، بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستان کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا بکاتە پارێزەری خۆی لە واشنتۆن، چونکە دەنگی کۆمپانیایەکی گەورەی نەوت لە کۆشکی سپی و کۆنگرێسدا زۆر لە دەنگی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەهێزترە.

٤. باشترە هەرێمی کوردستان غازی سروشتی وەک گەورەترین دەرفەتی ستراتیجی ببینێت، چونکە ترەمپ دەیەوێت ئێران و ڕوسیا لە بازاڕی وزە بکاتە دەرەوە.

٥. بەو پێیەی ستراتیجی "٢٠٢٥" ئاسایش بە هاوبەشە هەرێمییەکان دەسپێرێت، بۆیە باشترە هەرێمی کوردستان لەڕێگەی ئابوری و وزەوە تورکیا ناچار بکات کە ڕێز لە قەوارەکەی بگرێت، چونکە تورکیا لای ئیدارەی ترەمپ دەنگی لە کورد دلێرترە.

٦. ئەمریکا لەم ستراتیجەدا بایەخ بە هێز و توانای سەربازی دەدات، بۆیە باشترە هەرێمی کوردستان پرۆسەی چاکسازی و یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە خێراتر بکات، چونکە ئەگەر پێشمەرگە یەکگرتوو بێت، ئەوا دەبێتە هاوبەشی خواستراوی ئەمریکا بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی داعش و گروپە توندڕەوەکان.

٧. ستراتیجی "٢٠٢٥" مامەڵە لەگەڵ قەوارەی بەهێز دەکات. لەم سۆنگەیەوە، پەککەوتنی پەرلەمان و دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێم، پێگە و بەهای هەرێمی کوردستان لای ئەمریکا کەمدەکاتەوە. ترەمپ بایەخ بەوە نادات ببێتە ناوبژیوان لە کێشەی ناوخۆیی حزبە سیاسییەکاندا. بۆیە ئەگەر کورد لە ناوخۆدا پەرتەوازە بێت، ئەوا ڕەنگە ئەمریکا پشتگوێیان بخات. ئەمەش، وادەکات بکەونە ژێر گوشاری یاریزانە هەرێمییەکانەوە.

٨. دۆلار لای ئەمریکا ئێستا چەک یاخود کارتێکی بەهێز لێی دەڕوانرێت. بۆیە هەر هەوڵێکی عێراق بۆ سپیکردنەوەی پارە یان ناردنی دۆلار بۆ وڵاتانی ژێر سزا (وەک ئێران)، دەرگا بۆ دارمانی ئابوریی عێراق دەکاتەوە لەڕێگەی سزاکانی یەدەگی فیدراڵییەوە. بۆیە باشترە بەغدا پابەندی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بێت بۆئەوەی ئابورییەکەی نەبێتە قوربانی ململانێی نێوان زلهێزان.

٩. باشترە عێراق بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ چین بکات. ئەگەرچی چین وەبەرهێنێکی گەورەیە، بەڵام هەر نزیکبوونەوەیەکی ستراتیجی و تەکنەلۆژی لە چین، دەبێتە هۆی تووڕەکردنی ئەمریکا. بەڵکو، باشترە عێراق پرۆژە ئابورییەکانی بەجۆرێک دابەشبکات کە نەبێتە بەشێک لە بەرەی چین دژی ئەمریکا، چونکە سزای ئابوری ئەمریکا بۆ عێراق زۆر لە قازانجە چینییەکان گەورەتر دەبێت.

## لیستی سەرچاوەکان

1 - The White House. 2025. National Security Strategy of the United States 2025. Washington، D.C.: Office of the President. P:12. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 14/12/2025).

2 -أحمد كامل، ستبقى أميركا في القلعة وعلى العالم أن يعتني بنفسه، شبكة الجزيرة الاعلامية، 8/12/2025.

https://www.aljazeera.net/politics/2025/12/8/%D9%84%D8%B3%D8%AA-%D8%B4%D8%B1%D8%B7%D9%8A%D8%A7-%D9%84%D9%83%D9%86-%D9%81%D9%8A-%D9%82%D9%84%D8%B9%D8%AA%D9%8A-%D8%A3%D8%B1%D8%A7%D9%82%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85?utm_source=chatgpt.com (قرائ: 14/12/2025).

3 - The White House. 2022. National Security Strategy of the United States 2022. https://bidenwhitehouse.archives.gov/wp-content/uploads/2022/10/Biden-Harris-Administrations-National-Security-Strategy-10.2022.pdf. And The White House. 2025. Ibid. And Anderson، Scott R.، Aslı Aydıntaşbaş، and others. "Breaking down Trump's 2025 National Security Strategy. Brookings Institution، December 8، 2025. https://www.brookings.edu/articles/breaking-down-trumps-2025-national-security-strategy/. (Accessed 14/12/2025).

4 - صفاء الشيخ، التحول في الاستراتيجية الأمريكية: انعكاسات استراتيجية ترامب 2025 على الشرق الاوسط والعراق، مركز رواق بغداد للسياسات العامة، 24 كانون الاول 2025. https://rewaqbaghdad.org/ar/publications/the-shift-in-us-strategy-implications-of-trumps-2025-strategy-for-the-middle-east-and-iraq (زيارة: 16/12/2025).

5 - نور نبيه جميل، قراءة تحليلية مركبة لاستراتيجية الأمن القومي الأمريكي 2025، مركز حمورابي للبحوث والدراسات الاستراتيجية. https://www.hcrsiraq.net/wp-content/uploads/2025/12/قراءة-تحليلية.pdf. (زيارة: 14/12/2025).

6 - The White House. 2025. National Security Strategy of the United States 2025. Washington، D.C.: Office of the President. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 17/12/2025).

7 - The White House. 2022. National Security Strategy of the United States 2022. https://bidenwhitehouse.archives.gov/wp-content/uploads/2022/10/Biden-Harris-Administrations-National-Security-Strategy-10.2022.pdf. And The White House. 2025. National Security Strategy of the United States 2025. Washington، D.C.: Office of the President. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf. (Accessed 15/12/2025).

8 - صفاء الشيخ، التحول في الاستراتيجية الأمريكية: انعكاسات استراتيجية ترامب 2025 على الشرق الاوسط والعراق، مركز رواق بغداد للسياسات العامة، 24 كانون الاول 2025. https://rewaqbaghdad.org/ar/publications/the-shift-in-us-strategy-implications-of-trumps-2025-strategy-for-the-middle-east-and-iraq (زيارة: 17/12/2025).

9 - The White House. 2025. National Security Strategy of the United States 2025. Washington، D.C.: Office of the President. https://www.whitehouse.gov/wpcontent/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 18/12/2025).

10 - Paul Nadeau، The "Economic Security is National Security" Strategy، 9/12/2025، Institute of Geoeconomics، https://instituteofgeoeconomics.org/en/research/2025120901/ (Accessed 17/12/2025).

11 - The White House. 2025. National Security Strategy of the United States 2025. Washington، D.C.: Office of the President. P:9. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 17/12/2025).

12 - The New US National Security Strategy: A Blog Analysis and Commentaries. Peace Research Institute Frankfurt، 19 Dec. 2025، https://blog.prif.org/2025/12/19/the-new-us-national-security-strategy-a-blog-analysis-and-commentaries/. (Accessed 17/12/2025).

13 - الشرق الأوسط في وثيقة الأمن القومي الأمريكي لعام 2025، مركز أبعاد للدراسات الإستراتيجية، 18/12/2025، https://shorturl.at/XRs7g . (زيارة: 20/12/2025).

14 - The White House. 2025. National Security Strategy of the United States 2025. Washington، D.C.: Office of the President. P:28. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 17/12/2025).

15 - Trump National Security Strategy Pivots from the Middle East، The Soufan Center (IntelBrief، Dec. 10، 2025). https://thesoufancenter.org/intelbrief-2025-december-10/ (Accessed 21/12/2025).

16 - Grieger، Gisela. The 2025 US National Security Strategy. EPRS | European Parliamentary Research Service. PE 779.261، 12 December 2025. https://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/ATAG/2025/779261/EPRS_ATA%282025%29779261_EN.pdf?utm_source=chatgpt.com (Accessed 23/12/2025).

17 - The White House. 2025. National Security Strategy of the United States 2025. Washington، D.C.: Office of the President. P:28. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 23/12/2025).

18 - Dr. Ali Al-Din Hilal، The Future of the Middle East in Light of the US National Security Strategy، 17 December 2025، Future Center for Advanced Research and Studies، https://futureuae.com/en-US/Mainpage/Item/10677/the-future-of-the-middle-east-in-light-of-the-us-national-security-strategy (Accessed 23/12/2025).

19 - وحدة البحوث والدراسات، وثيقة الأمن القومي الأمريكي في 2025م.. قراءة في التحولات الأمريكية نحو الشرق الأوسط، منتدى الدراسات المستقبلية، بدون تأريخ النشر، https://future-studies-forum.com/us-national-security-document/ (زيارة: 24/12/2025).

20 - حەسەن دانایی فەر، ئایا رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لای ئەمریکا، گرنگی خۆی لەدەستداوە؟، 24/12/2025، https://www.rudaw.net/sorani/opinion/24122025 (سەردان: 26/12/2025).

21 - The White House. 2025. Ibid. P:28. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf. (Accessed 19/12/2025).

22 - Grieger، Gisela. The 2025 US National Security Strategy. EPRS | European Parliamentary Research Service. PE 779.261، 12 December 2025. https://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/ATAG/2025/779261/EPRS_ATA%282025%29779261_EN.pdf?utm_source=chatgpt.com (Accessed 21/12/2025).

23 - Trump National Security Strategy Pivots from the Middle East، The Soufan Center (IntelBrief، Dec. 10، 2025) https://thesoufancenter.org/intelbrief-2025-december-10/ (Accessed 18/12/2025)

24 - هيمنة منخفضة التكلفة: ماذا تعني استراتيجية ترمب للأمن القومي لمستقبل تموضع الصين في الشرق الأوسط؟، 29 ديسمبر 2025، مركز الإمارات للسياسات. https://www.epc.ae/ar/details/featured/estiratijiat-trump-lilamn-alqawmi-wa-mustaqbal-tamawdue-alsiyn-fi-alsharq-alawsat (زيارة: 2/1/2026).

25 - مصدر نفسه.

26 - The White House. 2025. National Security Strategy of the United States 2025. Washington، D.C.: Office of the President. P:28. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 21/12/2025).

27 - Ian Lesser، Türkiye's Stakes in the New US Strategy، 10 December 2025، The German Marshall Fund of the

United States (GMF). https://www.gmfus.org/about (Accessed 28/12/2025).

28 - "إستراتيجية الأمن القومي" الأمريكية تعوّل على دور تركي في استقرار سوريا، ترك برس، 10 ديسمبر 2025. https:// www.turkpress.co/node/108067 (زيارة: 29/12/2025).

29 - وحدة البحوث والدراسات. قراءة في التحولات الاستراتيجية الأمريكية نحو الشرق الأوسط من وثيقة الأمن القومي الأمريكي ‹إدارة ترامب› 2025. ميدان، 17 ديسمبر 2025.

https://maydaneg.com/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%AD%D9%88%D9%84%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%85%D8%B1%D9%8A%D9%83%D9%8A%D8%A9-%D9%86%D8%AD%D9%88-%D8%A7%D9%84%D8%B4%D8%B1%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%88%D8%B3%D8%B7/ (قرای: 29/12/2025).

30 - هيمنة منخفضة التكلفة، مصدر السابق.

31 - The White House. 2025. Ibid. https://www.whitehouse.gov/wpcontent/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf. (Accessed 3/1/2026).

32 - The White House. 2025. Ibid. P:28. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 3/1/2026).

33 - The White House. 2025. Ibid. P:28. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 3/1/2026).

34 - The White House. 2025. Ibid. P:28. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 3/1/2026).

35 - The White House. 2025. Ibid. P:8. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 3/1/2026).

36-TheWhiteHouse.2025.Ibid.PP:27-28.https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 3/1/2026).

37 - Peter Beaumont، New Trump doctrine identifies 'weak' Europe's problem: not enough racism، Tue 9 Dec 2025، The Guardian، https://www.theguardian.com/us-news/2025/dec/09/trump-europe-national-security-strategy?utm_source=chatgpt.com (Accessed 4/1/2026).

38 - The White House. 2025. Ibid. P:10. https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf (Accessed 6/1/2026).

39 - STELLA MARTANY، US opens massive $796M consulate in Irbil to strengthen Kurdish ties، The Associated Press، December 4، 2025. https://apnews.com/article/us-consulate-irbil-kurdish-iraq-7e3958815056489253cdee1cf19f5fd6 (Accessed 8/1/2026).

# نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی، هۆکار و لێکەوتەکانی



بەهجەت ئەحمەد
خوێندکاری دکتۆرا و پسپۆڕ لە بواری وزەدا

## پێشەکی

دەستوری عێراق لە ساڵی "٢٠٠٥"بە گرنگییەوە ئاماژەی کردووە بە سامانی نەوتی خاو و غازی سروشتی، کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی کێشە و ململانێ سیاسی و سەربازییەکانی عێراق بووە لەسەر ئاستی ناوخۆی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، بۆیە یاسادانەری دەستوری هەوڵی داوە چارەسەرێك بۆ ئەو کێشە و ململانێیانەی ڕابردووی دەوڵەتی عێراق بدۆزێتەوە، ئەویش لەڕێگەی دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت بە بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی نەوتی خاو و غازی سروشتی، بەشێوەیەك کە هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق بتوانن بەشداری بڕیارەکانی بکەن و کۆتاییبێت بە سیستەمی بەناوەندیی بەڕێوەبردنی ئەم سێکتەرە گرنگە ئابوری و سیاسییە.

بەڵام بەرژەوەندیی سیاسیی وڵاتانی هەرێمایەتی و بەرژەوەندیی ئابوریی بەشێك لە وڵاتانی خاوەن پیشەسازی گەورە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ڕێگربوون لەبەردەم ئەم هەوڵانەی یاسادانەری دەستوری عێراق، تاوەکو کێشە سیاسییەکانی ڕابردووی ناوخۆی عێراق بەردەوام بێت، و درێژە بە پەیرەوکردنی سیستەمی بەناوەندیی بەڕێوەبردن بدەن و مافە دەستورییەکانی پێکهاتەکانی گەلی عێراق و بەتایبەت هەرێمی کوردستان زەوت بکرێت، وەك مافی بڕیاردان لە وەبەرهێنان و بەشداری لە پرۆسە نەوتییەکانی عێراق و پەرەپێدانی کێڵگە نەوتی و غازییەکانی کوردستان بکات.

دەرنەچوواندنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو چەند هۆکارێکی هەبووە لەوانە، ڕێگریی سیاسیی وڵاتانی هەرێمایەتی و بەشێك لە وڵاتانی تر و بێتوانای دەسەڵاتی سیاسیی عێراق بەرامبەر ئەو فشارانە، هەروەها تا ڕادەیەکیش خواستی ژمارەیەك

لایەنی سیاسیی ناوخۆی عێراق بۆ بەردەوامی دۆخی ڕابردوو، کە ئەمەش لێکەوتەی خراپی لەسەر پرۆسەی سیاسیی لە عێراق هەبووە و سەرەڕای زیانی دارایی زۆر گەیشتووە بە داهاتی گشتی، هۆکارێکیش بووە بۆ بونیادنەنانی ژێرخانێکی ئابوریی سەقامگیر و بەهێز بۆ گەلی عێراق بەشێوەیەکی گشتی.

## داواکراوی یەکەم

## چوارچێوە دەستورییەکانی بەڕێوەبردنی سامانە نەوتییەکان

لە ڕوانگەی گرنگییە ئابوری و سیاسییەکانی نەوتی خاو و غازی سروشتی وەك سەرەکیترین سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی وزە و سەرچاوەی یەکەمی دابینکردنی داهاتی گشتی عێراق و هەرێمی کوردستان، دەستوری ساڵی "٢٠٠٥"ی عێراق بە گرنگییەوە ڕۆڵی وەبەرهێنان و بەڕێوەبردنی ئەم سێکتەرە و هەروەها دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجێیەتی پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی خاوی دیاریکردووە.

بۆیە بەمەبەستی شیکاریی برگە دەستورییەکانی تایبەت بە بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی و ئاڵنگارییەکانی بەردەم دەرچواندنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی، ئەم داواکراوە دابەش دەکرێت بۆ دوو بەش، لە بەشی یەکەم شیکاریی ڕێگرییە دەستورییەکانی یاسای نەوتی خاو و غازی فیدراڵی دەکرێت، بەشی دووەمیش تەرخان دەکرێت بۆ پابەندییە دەستورییەکانی یاسادانەر کە پێویستە لەکاتی دەرچواندنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی پیادەی بکات.

### بەشی یەکەم/ ڕێگرییە دەستورییەکانی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی

دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی "١٩٢١"تا پرۆسەی ئازادیی لە ساڵی "٢٠٠٣"، بەپێی وەسفی یاسای نێودەوڵەتی وڵاتێکی سادەی یەکگرتوو بوو، کە بەپێی سیستەمێکی کارگێریی ناوەندیی بەڕێوەبراوە، بەڵام لە دەستوری ساڵی "٢٠٠٥"گۆڕانکاریی لە پێکهاتە و پەیکەری دەوڵەتی عێراق کرا و بووە وڵاتێکی فیدراڵی[١]، دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن تێیدا لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و حکومەتی خۆجێیەتی پارێزگاکان دابەشکرا، بەتایبەت دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی، تا ڕێگرێت لە دووبارە نەبوونەوەی تاکڕەوی بەڕێوەبردن و دووبارە نەبوونەوەی ڕژێمێکی دیکتاتۆری، چونکە نەوتی خاو و غازی سروشتی ئەگەر بە وریایی مامەڵە لە بەڕێوەبردنی نەکرێت، دەبێتە سەرچاوەی دروستبوونی ڕژێمی دیکتاتۆری و تاکڕەوانە[٢].

بە تێڕوانین لە هەردوو مادەی (١١١) و (١١٢)ی دەستوری عێراق، دەبینرێت کە خاوەندارێتی

و شێوازی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی، بەدەرە لەو دەسەڵاتە دەستوریيانەی کە بۆ یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی عێراق لە هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی خاو و حکومەتی فیدراڵی دیاریکراوە، کە ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین گۆڕانەکان کە لە پەیڕەوی سیاسیی دەوڵەتی عێراقدا کراوە، کە پێچەوانەی دەستوری ساڵی "١٩٧٠"ی عێراق کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی بۆ دەسەڵاتەکانی ناوەند قۆرخکردبوو، بەبێ ڕێگەدان بە بەشداری پێکردنی هیچ یەکەیەکی کارگێڕی تری دەوڵەتی عێراق، ئەمەش پاڵپشت بە مادەی سیانزەی دەستور کە ئاماژەی بەوە کردبوو کە "سامانە سروشتییەکان و هەموو هۆکارەکانی بەرهەمهێنان موڵکی گەلی عێراقن، وەبەرهێنان تێیاندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتی ناوەند دەبێت"[٣].

بە وردبوونەوە لە مادەی (١١٢)ی دەستوری ساڵی "٢٠٠٥"ی عێراق، دەبینرێت دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی خاو دابەشکردووە و هەر سێ لایەن بەشدارن لە بەڕێوەبردن لەیەك ئاستی دەسەڵاتدان بۆ دانانی پلانی ستراتیجی بەڕێوەبردن و وەبەرهێنان لە سەرجەم کێڵگە نەوتی و غازییەکانی عێراقدا[٤].

بەڵام بونی (کێشەی سیاسی جۆراوجۆر لە ڕابردوو، و نەبوونی متمانە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا)، کە بەڕوونی لە نووسینەوەی دەستوردا ڕەنگیان داوەتەوە، وایکردووە ناڕوونی و دژیەکی لەنێوان مادەکانی دەستوردا هەبێت، کە ئەمەش کێشەی بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی دەستور تایبەت بە سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی دروست کردووە، و ڕێگەی داوە بە لایەنە سیاسییەکان خوێندنەوەی جیاواز بۆ بڕگەکانی دەستور بکەن، هەر لایەنێك بەپێی ویستی سیاسی و بەرژەوەندییە داراییەکانی، کە گرنگترین خاڵەکانی ئەو کێشانە بریتین لە:

١- لە دەقی هەردوو مادەی (١١٠) و (١١٢)ی دەستوردا، بەڕوونی دژیەکی و تێکەڵاوی دەسەڵاتەکان لە نێوانیاندا هەست پێدەکرێت، بەتایبەت لەلایەنی دارایی کە نەوتی خاو و غازی سروشتی سەرچاوەی یەکەمی دابینکردنی داهاتی گشتی وڵاتە. لە بڕگەی (٣) لە مادەی (١١٠)ی دەستور دەسەڵاتی داڕشتنی پلانی دارایی عێراق بە حکومەتی فیدراڵی سپێدراوە، وەك دەسەڵاتێکی ڕەها بەبێ بەشدارپێکردنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجێی پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و غازی سروشتی، بەڵام بەپێچەوانەوە لە بڕگەی یەکەم لە مادەی (١١٢) دەسەڵاتی دابەشکردنی داهاتی نەوتی خاو و غازی سروشتی دراوە بە هەر سێ دەسەڵاتی کارگێڕیی لە دەوڵەتی عێراقدا، تا بتوانرێت داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو و غازی سروشتی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو هاوڵاتیان و ناوچە جیاوازەکان بەشێوەیەکی

یەکسان و بەپێی ڕێژەی دانیشتوان دابەش بکرێت[٥].
ئەنجامی پێدانی ئەم دەسەڵاتە ڕەهایە بە حکومەتی فیدراڵی بۆ دارشتنی پلانی گشتی دارایی عێراق، وەك لە برگەی سێهەم لە مادەی (١١٠) دیاریکراوە، دووبارە گەڕانەوەیە بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی بەڕێوەبردن لە عێراقدا و کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی وەبەرهێنانە لە سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتییە لە دەستی حکومەتی فیدراڵی، چونکە هەموو پرۆسەی وەبەرهێنان لە کێلگە نەوتی و غازییەکان پێویستی بە دابینکردنی سەرمایەی دارایی گەورە و بەشداری کۆمپانیای بەتوانا و شارەزا هەیە، بۆیە قۆرخکردنی دەسەڵاتە داراییەکان لەلایەن حکومەتی فیدراڵی وا دەکات، ئاڕاستەی دابینکردنی بودجەی گشتی و سەرمایەی وەبەرهێنانی ناوخۆیی ئاڕاستە بکرێت بۆ ئەو ناوچانەی کە کێشەی سیاسییان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی نییە، دەتوانێت دارایی گشتی وەك چەکێکی کاریگەر لە ململانیە سیاسییە ناوخۆییەکان بەکاربێت، کە ئەمەش بەهێزکردنی پێگەی حکومەتی فیدراڵی بەرامبەر حکومەتی هەرێم و پارێزگا وەبەرهێنەرەکانی نەوتی لێدەکەوێتەوە[٦].
٢- ناڕوونی لە برگە و مادەکانی دەستور، کە ئەمەش بەشێکی گەورەی هۆکاری ڕێگرییەکانی بەردەم ئامادەکردنی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و غازی فیدراڵی بووە. بۆ نمونە، لە برگەی یەکەم لە مادەی (١١٢)ی دەستور ئاماژە دراوە بە دەستەواژەی کێلگەکانی ئێستا، بۆ ئەم دەستەواژەیە هەر لایەنێکی سیاسی بەپێی بەرژەوەندیی سیاسی و ئابوری تایبەت بەخۆی لێکدانەوەی دەستوری بۆ کردووە و هەوڵی داوە بیخاتە خزمەت بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی، بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێك هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی بدات بەپێی ڕێکارە دەستورییەکان کە لە مادەی (٩٣)ی دەستوردا دیاریکراوە[٧].
لە مادەی (٩٣)ی دەستور و مادەی (٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ژمارە: (١)ی ساڵی "٢٠٢٥"، ئەو ڕێکارانە دیاریکراون کە پێویستە بگیرێنەبەر بۆ داواکردنی ڕوونکردنەوە لە دادگای باڵای فیدراڵی تایبەت بە برگە و مادە ناڕوونەکانی دەستور، هەروەها ئەو لایەنانە دیاریکراون کە ئەم مافەیان هەیە. وە ڕوونکردنەوەکەی دادگای باڵای فیدراڵی کە لە چوارچێوەی بڕیارێکی ڕوونکردنەوەی دەستوری دادگاکە دەردەکرێت، بڕیارێکی یەکلاکەرەوە دەبێت و پابەندی دەستوری بۆ هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی عێراق دروست دەکات، و کۆتایی بە هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی نافەرمی بۆ برگە و مادەکانی دەستور دەهێنێت[٨].
یاسادانەری دەستوری چەند پابەندییەکی دەستوری داناوە، کە پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان پەیڕەوی بکات و لەکاتی دەرچواندنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی بۆ پاراستنی هاوسەنگی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی لە عێراقدا لەبەرچاوی بگرێت، کە لە بەشی دووەمدا شیکاریی بۆ دەکەین.

**بەشی دووەم**

**پابەندییە دەستورییەکانی دەرچواندنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی**

یاسادانەری دەستوری چەند پابەندییەکی دەستوری بۆ پابەندکردنی دەسەڵاتی یاسادانان لە عێراق جێگیرکردووە، تا لەکاتی دەرچواندنی یاساکان پەیرەوی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش چاودێریی دەستوری بۆ داناوە، کە بریتییە لە دادگای باڵای فیدراڵی تا دەقە یاساییەکانی چوارچێوەیەکی دەستوریان هەبێت. وە ئەم پابەندییانە بەپێی بایەخ و جۆری یاساکان دەگۆڕێن، و دەبێت دەسەڵاتی یاسادانان پێوەی پابەند بێت و ئەم پایەندییە دەستوریيانە ئامانج لێی بەهەند وەرگرتن و بەهێزکردنی پێگەی دەستوری یاساکانە، کە سێکتەرە ئابورییەکانی عێراق ڕێکدەخات، کە گرنگترینیان سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتییە، لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی ئەم پابەندییانە یاساکە بە نادەستوری دادەنرێت و دەتوانرێت لەبەردەم دادگای باڵای فیدراڵی عێراق تانەی لێبدرێت و داوای هەڵوەشاندنەوەی بکرێت، ئەویش لەڕێگەی تۆمارکردنی داوایەکی دەستوری بەپێی ئەو مەرج و ڕێکارانەی کە لە پەیرەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی دیاریکراوە[٩].

> **" دەستوری عێراق لە ساڵی "٢٠٠٥" بە گرنگییەوە ئاماژەی کردووە بە سامانی نەوتی خاو و غازی سروشتی، کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی کێشە و ململانێ سیاسی و سەربازییەکانی عێراق بووە لەسەرئاستی ناوخۆی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی "**

لە گرنگترین پابەندییەکانیش کە دەستور دیاریکردون بریتین لە:

١- بەپێی برگەی یەکەم و برگەی چوارەم لە مادەی (٨٠) لە دەستور، ئەو یاسایانەی کە خەسڵەتی ئابوریيان هەیە یان پەیوەستن بە پلانی پەرەپێدانی ئابوری دەبێت لەسەر شێوازی پرۆژە یاسا لە ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی ئامادەبکرێن، ئینجا بدرێتە دەسەڵاتی یاسادانان تا بتوانرێت کاری لەسەر بکرێت نەك بە شێوازی پێشنیازی یاسا، بەمەش سنوری دەسەڵاتی جێبەجێکردن فراوانتر بووە، چونکە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی لەبەردەم ئەرکی بەڕێوەبردنی سێکتەرەکانی ئابوری و ستراتیجییەکانە و لە دەسەڵاتەکانی تری دەوڵەت لەو بوارەدا شارەزاترە.

یاسای نەوت و غازی فیدراڵی سەرەڕای بەها ئابوریەکەی ڕۆڵێکی بەهێزیشی دەبێت لەسەر

دیاریکردنی پێگەی سیاسی لایەنەکان لە ناوخۆی وڵات، و هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ ناوەندە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان و هەرێمایەتییەکان، چونکە نەوتی خاو و غازی سروشتی کاڵایەکە خەسڵەتی ئابوریی و سیاسیی هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆڵی لە هاندانی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان هەیە بۆ وەبەرهێنان لە عێراقدا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی بۆ ناوخۆی عێراق بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕۆڵێکی سەرەکی لە پشتیوانیکردنی بودجەی گشتی عێراقدا دەبێت[١٠].

دوو پابەندی کەوتووەتە سەر حکومەتی فیدراڵی لەکاتی ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی، یەکەمیان دەستور پابەندی خستووەتە سەر حکومەتی فیدراڵی، بە بەشداری پێکردنی هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجیەتی پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی، چونکە بەپێی مادەی (١١١) ی دەستور نەوتی خاو و غازی سروشتی کراوە بە کاڵایەکی خاوەندارێتی هاوبەش و موڵکی هەموو هاوڵاتیانی عێراقە بەبێ جیاوازی، لە هەر ناوچەیەك نیشتەجێ بن، دووەمیش یاسای شارستانیی عێراق ژمارە (٤٠)ی ساڵی (١٩٥١) کە ڕێکارەکانی بەڕێوەبردنی ماڵ و کاڵا هاوبەشەکانی دیاریکردووە.

بەپێی مادەی (١٠٦٤) لە یاسای شارستانیی عێراق، دەبێت بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی موڵك و ماڵی هاوبەش لەنێوان هەموو خاوەن بەشەکان بەشێوەیەکی هاوبەشی بێت، بۆیە پێویستە هەر سێ حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجێیەتی پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت کە نوێنەرایەتی سەرجەم هاوڵاتیانی عێراق دەکەن، بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و غازی فیدراڵی ڕۆڵی دەستوری خۆیان بدرێتێ[١١].

٢- بە تێروانین لە برگەی دووەمی مادەی (١١٢)ی دەستور، دەبینرێت ڕۆڵێکی گرنگی بە هەردوو حکومەتی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی خاو داوە لە دارشتنی پلانی ستراتیجی بۆ پەرەپێدانی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی لە عێراقدا[١٢]. هەروەها ئامادەسازی بۆ دەرچواندنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی، بەم پێیە شێوازی پلانی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی یەکگرتوو دەبێت بۆ هەموو کێڵگە نەوتی و غازییەکانی عێراق، بۆیە ئەمە وادەکات بەبێ بەشداری هەموو لایەنە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی عێراق وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی سەرکەوتوو نابێت، هەروەها دەرچواندنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی دەستوری نابێت و لە بەردەم دادگای باڵای فیدراڵی شیاوی تانە لێدان دەبێت[١٣].

نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی کێشەی بۆ سیستەمی دارایی عێراق بە گشتی و پرۆسەی سیاسی لە عێراق دروست کردووە، تەنانەت ئایندەی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق خستووەتە مەترسییەوە، سەرەڕای ئەوەی کە هۆکارێك بووە بۆ زیادنەبوونی ڕۆژانەی

بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و غازی سروشتی وەك ئەوەی پلانی بۆ دانرابوو، کە لە داواکراوی دووەم شیکاریی دەکرێت.

**داواکراوی دووەم**

**دەرئەنجامە دارایی و سیاسییەکانی نەبوونی یاسای نەوت وغازی فیدراڵی**

هەبوونی سامانێکی زۆری نەوتی خاو و غازی سروشتی لە عێراق و بەردەوامیدان بە نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی کاریگەری و دەرئەنجامێکی خراپی لەسەر دۆخی دارایی گشتی و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لێکەوتووتەوە، هەروەها کاریگەریی لەسەر ئەرکی دامەزراوەکانی بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی هەبووە، و نەتوانین بە گەیشتن بەو ئاستی بەرهەمهێنانەی کە پلانی بۆ دانرابوو، ئەمە جگە لەوەی نەبوونی یاساکە عێراقی بەسەر چەند مۆدێلیکی جیاوازی گرێبەستی نەوتی و بەڕێوەبردنی ئەم سێکتەرە دابەشکردووە و بووەتە سەرچاوەی قووڵبوونەوەی ململانێ سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی.

> **” بە تێڕوانین لە هەردوو مادەی (١١١) و (١١٢)ی دەستوری عێراق، دەبینرێت کە خاوەندارێتی و شێوازی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی، بەدەرە لەو دەسەڵاتە دەستورییانەی کە بۆ یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی عێراق لە هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی خاو و حکومەتی فیدراڵی دیاریکراوە “**

بۆ ئەم مەبەستە، ئەم داواکراوە بۆ دوو بەش دابەشدەکرێت، لە بەشی یەکەم شرۆڤەی کاریگەرییە داراییەکانی نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی دەکرێت، بەشی دووەمیش بۆ شرۆڤەی لێکەوتە سیاسییەکانی نەبوونی یاساکە تەرخان دەکرێت.

**بەشی یەکەم**

**کاریگەرییە داراییەکانی نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی**

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) و دوای دۆزینەوەی نەوت، بنەماکانی ئابوریی موڵکداری نەوت (الاقتصاد الريعی) بۆ بەرێوەبردنی دارایی و ئابوریی وڵات دیاریکرا، بەهەمان شێوە دەوڵەتی عێراق بە پەیڕەوکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوەندیی

پابەند کرا، سەرەڕای بوونی جیاوازی زۆر لە پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا لەڕووی نەتەوەیی و مەزهەبی و بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان، چونکە بەڕێوەبردنی ناوەندیی گونجاوترین و باشترین سیستەمی حوکمرانییە لە وڵاتدا، کە دژیەك نەبێت لەگەڵ ئابوریی مۆڵکداری نەوتدا و پارێزگاری لە بەرژەوەندیی وڵاتانی خاوەن پیشەسازیی بکات، لەم ڕێگەیەوە وڵاتانی خاوەن پیشەسازیی توانیان کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی نەوتی خاوی عێراق بکەن، ئاسایشی وزە بۆ پیشەسازیی وڵاتەکانیان مسۆگەر بکەن، بەڵام لەبەرامبەردا ئەم سیستەمە دارایی و کارگێرییە بووە هۆی دروستبوونی تاك سەرچاوەی داهات بۆ دارایی گشتی و پوکانەوەی سەرچاوەی داهاتە نانەوتییەکانی تری وڵات و دروستکردنی دۆخێکی ناسەقامگیری دارایی کە تا ئێستاش کاریگەرییەکانی بەردەوامە[١٤].

لە ئێستادا عێراق وڵاتێکی خاوەن ئابوریی مۆڵکداری نەوتە کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستووە بە داهاتی فرۆشتنی دەرەکی نەوتی خاو بۆ بودجەی گشتی وڵات، کە بە (٩٠٪) دەخەملێنرێت، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی بارێکی ناسەقامگیری دارایی و کورتهێنانی بەردەوامی بودجەی گشتی، بەشێوەیەك زۆر ساڵ حکومەتی فیدراڵ پشتی بە قەرزی دەرەکی بەستووە تا بتوانێت کورتهێنانی بودجە کەمبکاتەوە، بەتایبەت ئەو ساڵانەی کە نرخی نەوتی خاو لەبازاڕەکانی وزەی جیهانی دابەزیوە.

قووڵبوونەوەی زیاتری پیادەکردنی سیستەمی بە ناوەندیکردنی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی، لە دەرئەنجامی ململانێی سیاسیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق لەلایەك، و پشتگیریی وڵاتانی هەرێمایەتی بۆ ئەو پرسە، تا ڕێگرببن لە بەردەم هەرێمی کوردستان پێگەیەکی بەهێزی هەبێت لە ناوەندیی بڕیاری سیاسیی بواری وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان لە نەوتی خاو و غازی سروشتی، لەلایەکیتر، (سەرەڕای گۆڕانکاریی لە بونیادی دەوڵەتی عێراق کە لە دەوڵەتێکی یەکگرتوو بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی لە ساڵی "٢٠٠٥"وە گۆڕا)، بووە هۆی دواکەوتنی پیشەسازیی نەوت لە عێراقدا، کە ئەمەش بووە هۆی زیاتر بە هەدەردانی داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو و زیادبوونی ڕێژەی سووتانی غازی سروشتی هاوەڵ کە زیانی ئابوریی ساڵانەی بۆ عێراق لە چوار ملیار دۆلار زیاترە، و هەروەها قووڵبوونەوەی زیاتری ناکۆکییە سیاسی و داراییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان.

بەگشتی نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی کە تێدا دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی دابەشبکات، چەندین کاریگەریی بۆ سیستەمی دارایی عێراق دروستکردووە، کە گرنگترینیان:

١- نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی کاریگەریی نێگەتیڤانەی کردووەتە سەر دۆخی دارایی عێراق، ئەویش بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسانی ئابوریی لە وڵاتدا و پەککەوتنی کەرتی پیشەسازیی ناوخۆی و پشتبەستن بە کاڵای هاوردەکراو، بە نەتیجەش

ڕۆشتنە دەرەوەی ڕێژەیەکی زۆری یەدەکی نەختینەی بیانی عێراق، کە بەڕوونی ئەم دۆخە لە ئابوریی عێراقدا دەرکەوتووە[١٥].

٢- یەدەکی نەوتی خاوی عێراق بەپێی دواین ئامارەکانی وەزارەتی نەوتی فیدراڵی گەیشتووە بە (١٤٥) ملیار بەرمیل، کە لەسەر ئاستی جیهان عێراقی گەیاندووەتە پلەی چوارەم، بەڵام بە پێچەوانەوە بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە پلەی پێنجەم دایە، کە هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەنەبوونی کۆمپانیا نەوتییە گەورەکانی جیهان بۆ وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراقدا، بەهۆی نەبوونی یاسایەك کە لەگەڵ دەستور هاوتەریب بێت، تا بەرچاوڕوونی هەبێت لای کۆمپانیاکان لەسەر ماف و ئەرکەکانیان لە عێراقدا، هەروەها پەیڕەوکردنی ژمارەیەك یاسا کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو[١٦]، کە هۆکاری سەرەکی نەتوانینی جێبەجێکردنی پلانی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو بووە بەشێوەیەك کە بتوانرێت، داهاتی گشتی کە لە فرۆشتنی نەوتی خاو هەناردەکراو بەدەست دێت لەگەل خەرجییە گشتییەکانی وڵات هاوتابێت، هەروەها بەداهاتی نەوتی خاو بتوانرێت سەرچاوەکانی داهاتی گشتی بودجە هەمەجۆر بکرێت، سوود لە تەکنەلۆجیای سەردەم وەبگیرێت بەمەبەستی کەمکردنەوەی سوتانی غازی سروشتی هاوەڵ کە لەگەڵ نەوتی خاو بەرهەم دێت، کە بەشێوەیەکی گشتی لەگەل بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێك نەوت (٦٠٠) بۆ (٦٥٠) پێ سێجا غازی سروشتی هاوەل بەرهەم دێت، کە ڕێژەی (٣٠٪)ی ئەو غازە بەناچاری دەسوتێنرێت کە زیانی ئابوریی ساڵانەی لە چوار ملیار دۆلار زیاترە[١٧].

**” بە وردبوونەوە لە مادەی (١١٢)ی دەستوری ساڵی "٢٠٠٥"ی عێراق، دەبینرێت دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی خاو دابەشکردووە و هەرسێ لایەن بەشدارن لە بەڕێوەبردن لەیەك ئاستی دەسەڵاتدان بۆ دانانی پلانی ستراتیجی بەڕێوەبردن و وەبەرهێنان لە سەرجەم کێڵگە نەوتی و غازییەکانی عێراقدا “**

٣- نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی هۆکارێکی تریش بووە بۆ ناشەفافبوونی پرۆسە نەوتییەکان، هەروەها ئاشکراکردنی داتاکانی بواری وەبەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و غازی سروشتی، بۆیە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەر سێ حکومەتی فیدراڵی و هەرێم و

خۆجێیەتی پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت بەردەوام بەهۆی شاردنەوەی داتاکان یاخود نەبوونی زانیاری و سیستەمێکی یەکگرتوو، لە دیاریکردنی یەدەکی سەلمێنراوی نەوتی خاو و غازی سروشتی کەوتوونەتە هەڵسەنگاندنی هەڵەوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی گومان لای کۆمپانیا نەوتییەکان و دروستبوونی ترس لایان ئەگەر خواستی خۆیان بۆ وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوتی عێراقدا نیشانبدەن، کە ئەمەش هۆکارێکی تری ڕێگری بووە تا بتوانرێت ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو زیاد بکرێت.

هەر بۆیە دەبینین، بەردەوام لێدوانی بەرپرسانی هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی هەمیشە بە ئاراستەیەك بووە، کە دەتوانن بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە عێراق و هەرێمی کوردستان بگەیەننە نزیکە (١٠) ملیۆن بەرمیل نەوت ڕۆژانە، بەڵام هەتا ئێستا کۆی گشتی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو (٤) ملیۆن و (٦٥٠) هەزار بەرمیلی تێنەپەراندوە، بەهەمان شێوەش لە هەرێمی کوردستان ئاستی بەرهەمهێنان نەك زیادی نەکردووە، بەڵکو بەشێوەیەکی بەردەوام دابەزیوە[١٨].

٤- پرۆسە نەوتییەکان بەشێوەیەکی گشتی دەتوانن ببنە هۆی فەراهەمکردنی هەلی کار بۆ هاوڵاتیانی عێراق لە دەرەوەی ڕاژەی کەرتی گشتی لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە، کە هاوکار دەبێت بۆ کەمکردنەوەی فشاری خواستی هاوڵاتیان بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی هەلی کار لە کەرتی گشتیدا، بەڵام بەهۆی دەرنەچوونی یاسای نەوت و غاز و پشتبەستن بە یاسا کارپێکراوەکانی پێشووی عێراق، کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ ڕاپەراندنی پرۆسە نەوتییەکان پشتی بە کەرتی گشتی بەستوە، بۆیە دەرفەت بۆ ڕەخساندنی هەلی کار کەم بووە و فشار لەسەر کەرتی گشتی زۆر بووە و ڕێژەی بێکاری زیادکردووە، بەشێوەیەك کە ڕێژەکەی بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە ساڵی "٢٠٢٥"دا گەیشتووەتە (١٣,٨٪).

بەپێی مادەی (١٥)ی پرۆژە یاسای نەوت و غازی فیدراڵی "٢٠٠٧"، پابەندی خراوەتە سەر کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان بەمەبەستی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ هاوڵاتیان، هەروەها پابەندکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان بە کڕینی پێداویستییەکانیان لە بازاڕی ناوخۆی عێراق، کە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ بازاڕی ناوخۆ[١٩].

تایبەت بە هەرێمی کوردستان، دوای بە نادەستوری ناساندنی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢)ی ساڵی "٢٠٠٧"لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی، هیچ دەقێکی یاسای نەما لە هەرێمی کوردستان کە کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان پابەند بکات بە ڕەخساندنی دەرفەتی هەلی کار بۆ هاوڵاتیانی هەرێم و عێراق لە پرۆسە نەوتییەکاندا و گەرەنتیکردنی مافەکانی دەستی کاری ناوخۆیی.

حکومەتی فیدراڵی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی دروستبووە، هەوڵیداوە پەنا ببات بۆ یاساکانی سەردەمی ڕژێم (پێش ساڵی ٢٠٠٣) و

ئەو یاسایانەی کە دوای خۆماڵیکردنی نەوت لە عێراق دەرچوون، کە بەگشتی بۆ سەردەمی خۆماڵیکردنی نەوت و پەیڕەوکردنی سیستەمی ناوەندیی دەرکراون، کە ڕێگرن لە بەشداری ڕاستەوخۆی حکومەتی هەرێم و حکومەتی خۆجێیەتی پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە بڕیاردان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ وەبەرهێنانی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراقدا، کە ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی دەستوری ساڵی "٢٠٠٥"ی عێراقە، لەو یاسایانەش، یاسای ژمارە (١٢٣)ی ساڵی "١٩٦٤"(یاسای دەزگای نەوتی نیشتمانی) و یاسای ژمارە (١٠١)ی ساڵی "١٩٧٦"(یاسای وەزارەتی نەوت)[٢٠].

> **" لە دەقی هەردوو مادەی (١١٠) و (١١٢)ی دەستوردا، بەڕوونی دژیەکی و تێکەڵاوی دەسەڵاتەکان لە نێو انیاندا هەست پێدەکرێت، بەتایبەت لەلایەنی دار ایی کە نەوتی خاو و غازی سروشتی سەرچاوەی یەکەمی دابینکردنی داهاتی گشتی وڵاتە "**

نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی سەرەڕای ئەوەی هۆکاری دروستکردنی کێشە و ئاڵنگاریی بووە لەبەردەم بەرەوپێشچوونی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و غازی سروشتی ، هۆکاری بەردەوامی کورتهێنانیش بووە لە بودجەی گشتیدا، لێکەوتەی سیاسیی لە پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراق و قووڵکردنەوەی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە لە بەشی دووەمدا شیکاریی دەکەین.

**بەشی دووەم**

**لێکەوتە سیاسییەکانی نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی**

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق و پەسەندکردنی دەستوری نوێ لە ساڵی "٢٠٠٥" و ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە پەیکەر و بونیادی دەوڵەتدا، عێراق دابەشی سێ دەسەڵاتی بەڕێوەبردن کرا، کە بریتین لە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە چوارچێوەی هەرێمێکدا، بەمشێوەیە دەتوانرێت بوترێت عێراق لە هەرێمێك و چواردە پارێزگا و بەغدادی پایتەختی حکومەتی فیدراڵی پێکهاتووە، کە دەستور هاوبەشی بە هەر سێ دەسەڵاتەکە کردووە لە پرۆسەی وەبەرهێنان و بڕیاردان بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتی و غازییەکان.

ئاڵۆزییە سیاسییەکانی ڕابردوو لەنێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق، نەبوونی متمانە و ترس

لەیەکتر و هەوڵی پارت و هێزە سیاسییەکان بۆ مسۆگەرکردنی ئایندەی سیاسییان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق، هەروەها ئاسەوارەکانی بوونی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری لە عێراق بۆ ماوەی زیاتر لە چەندین دەیە، بەڕوونی لە برگە و مادەکانی دەستوردا ڕەنگیداوەتەوە، کاریگەریی لەسەر داڕێژەرانی ڕەشنووسی دەستور هەبووە، بەتایبەت لەو برگانەی کە تایبەتن بە بەڕێوەبردن و وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوت و غاز و بەشداریپێکردنی هەرێمی کوردستان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی خاو لە ناوەندیی بڕیاری سیاسی و بەڕێوەبردنی پرۆسەنەوتییەکان[21].

لەلایەکی دیکەوە، دەستوەردانی وڵاتانی هەرێمایەتی لە کارەکانی لێژنەی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوری ساڵی "٢٠٠٥"بەڕوونی لە مادەکانی تایبەت بە بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی دیارە بەتایبەت مادەی (١١٢)ی دەستور، تا ڕێگری بکرێت لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی بکات و ڕۆڵی لە داهاتووی پیشەسازیی نەوتی عێراقدا هەبێت، ئەویش لەڕێگەی هێشتنەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی بڕیاردان لە دەستی حکومەتی فیدراڵی و بەردەوامی دان بە پیادەکردنی سیستەمی ناوەندیی لە بەڕێوەبردنی ئەم سێکتەرە هەستیارە، چونکە دەسەڵاتی وەبەرهێنانی نەوتی خاو و غازی سروشتی جگە لە بەهێزکردنی پێگەی ناوخۆیی، هۆکارێکی بەهێزی دروستکردنی پەیوەندیی سیاسییەکانە لەگەڵ ناوەندە نێودەوڵەتییەکانیش، کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان تا بتوانێت پێگەی سیاسیی خۆی بەهێزتر بکات، کە وڵاتانی ناوچەکە بەوردی چاودێریيان کردووە و دڵخوازیان نەبووە کە هەرێمی کوردستان لەو جۆرە پەیوەندییانەی هەبێت و هەنگاو بەرەو سەربەخۆی بنێت، بۆیە ئەو وڵاتانە ڕۆڵی خۆیان لە نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستور گێڕاوە و ڕێگرییە دەستورییەکانیان داناوە[22].

دەرچوواندنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی، دەتوانرا بکرێتە سەرەتای کردنەوەی گرێکوێرەی بەشێکی کێشەکانی عێراق و کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان و بونیادنانی ئابورییەکی تا ڕادەیەك جێگیر، هەروەها سەرەتایەك بوایە بۆ دامەزراندنی پایەکانی فیدراڵیەت لە عێراقدا و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و وەبەرهێنان لە سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتیدا[23].

بۆیە گەرچی هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵی و بە نێوەندگیریی نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتی "١٥"ی شوباتی "٢٠٠٧"ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و غازی فیدراڵیان ئامادەکرد، دواتر وەك ڕێکارێکی یاسایی ئاڕاستەی ئەنجومەنی شورا کرا، ئەمەش بەمەبەستی ڕێکخستنی برگە و مادەکانی بە داڕشتنێکی یاسایی، کە هەنگاوێکی گرنگ بوو بە ئاڕاستەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان دەسەڵاتە سیاسییەکانی وڵاتدا.

بەڵام ئەم هەنگاوانە لە کۆتایی هەمان مانگدا وەستا، ئەمەش دوای واژۆکردنی لێکتێگەیشتنێك لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، ئەگەر تا ڕێکەوتی "٣١"ی ئایاری "٢٠٠٧"پرۆژە یاسای نەوت و غازی فیدراڵی پەسەند نەکرێت، هەر لایەك دەتوانێت بەشێوەیەکی ئازادانە گرێبەستی وەبەرهێنانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان واژۆ بکات، کە ئەمەش سەرەتای دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی سەختری ململانێیەکانی نێوان هەرێم و بغداد و هەڵپەساردنی برگەکانی مادەی (١١٢)ی دەستور بوو، کە بە زیانێکی گەورەی سیاسی و ئابوری بۆ هەرێمی کوردستان گەڕایەوە، هەروەها گەڕاندنەوەی هەرێم بوو بۆ چوارگۆشەی یەکەم و بەردەوامیدان بە بەڕێوەبردنی ناوەندیی بۆ نەوتی خاو و غازی سروشتی[٢٤].

**" لە مادەی (٩٣)ی دەستورو مادەی (٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ژمارە: (١)ی ساڵی "٢٠٢٥"، ئەوڕێکارانە دیاریکراون کە پێویستە بگیرێنەبەربۆ داواکردنی ڕوونکردنەوە لە دادگای باڵای فیدراڵی تایبەت بە برگە و مادە ناڕوونەکانی دەستور، هەروەها ئەولایەنانە دیاریکراون کە ئەم مافەیان هەیە "**

بەمەش پرۆسەی سیاسی نوێ لە عێراقدا بەشێوەیەکی گشتی تووشی دابڕان و دابەشبوون بوو، و بنەماکانی فیدراڵیەت هەڵپەسێدرا و هیچ ڕۆڵێك بۆ پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی خاو و هەرێمی کوردستان نەمایەوە، وەك ئەوەی لە مادەی (١١٢)ی دەستور ڕێکەوتنی لەسەر کرابوو، بەدوایدا هەردوو حکومەت هەریەکەیان بەشێوەی سەربەخۆ و بێئاگاداری یەکتر گرێبەستی نەوتییان لەگەڵ ژمارەیەك کۆمپانیای نەوتی بیانی واژۆکرد، کە لە هیچ وڵاتێکی نەوتی هاوشێوەی ئەو جۆری بەڕێوەبردنەی سامانی نەوتی نەبووە، کە بە ئەنجام کێشەکە گەیشتە دادگای باڵای فیدراڵی و بە تۆمارکردنی داوا لەسەر هەرێمی کوردستان کۆتاییهات، دادگاش بڕیاری دا بە نادەستوریبوونی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢)ی ساڵی "٢٠٠٧"و هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم[٢٥]. دواتر لێکەوتە سیاسییەکانی دەرنەچواندنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی زیاتر بە دوو ئاڕاستە پەرەیسەند، یەکەمیان لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و پرۆسە نەوتییەکان لە هەرێم، چونکە بەهۆی فشارەکانی حکومەتی فیدراڵی وەبەرهێنان لە کێلگە نەوتییەکانی هەرێم نەتوانرا وەك پێویست بکرێت

لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکان، بەتایبەت دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لە ساڵی "٢٠٢٢"دژی هەرێم، کە کاریگەری کردە سەر ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە هەرێم و ڕێژەکە بۆ ئاستی نیوە دابەزی، کە بەپێی دواین ڕاپۆرتی کۆمپانیای بە بازارکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)، هەرێمی کوردستان بۆ مانگی تشرینی دووەمی ساڵی "٢٠٢٥"ڕۆژانە توانیویەتی تەنها (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوتی خاو هەناردە بکات، کە پێشتر سەروو (٥٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی خاو بوو.

ئاڕاستەی دووەمی ململانێ سیاسییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، بریتیبوو لە تۆمارکردنی داواکارییەك لەلایەن حکومەتی فیدراڵی لەسەر کۆماری تورکیا لە دادگای ناوبژیوانی پاریس، پاڵپشت بەڕێکەوتنی ڕاکێشانی بۆری نێوان هەردوو وڵات کە مێژووەکەی بۆ ساڵی "١٩٧٣"دەگەڕێتەوە، دوای چەندین دادبینی دادگاکە بڕیاریدا بە بەرپرسیارکردنی کۆماری تورکیا لە شکاندنی ڕێکەوتنی ڕاکێشانی بۆری گواستنەوەی نەوت لەگەڵ عێراق و بڕیاردرا بە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەڕێگەی بۆری، کە وای کرد پیشەسازیی نەوتی هەرێمی کوردستان تووشی گەورەترین گرفتی یاسای و دارایی بوویەوە و تا ئاستی دارمانی ژێرخانی پیشەسازیی نەوتی کوردستان[٢٦].

دوای پابەندبوونی کۆماری تورکیا بە جێبەجێکردنی بڕیاری دادگای ناوبژیوانی پاریس، لەڕووی سیاسییەوە هەرێمی کوردستان تووشی گۆشەگیرییەکی سیاسیی هات، بۆ دەربازبوون لەو دۆخە خراپە سیاسی و ئابورییەی کە هەرێمی کوردستانی گرتەوە، بەناچاری ڕێکەوتنی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی کرد بۆ ڕادەستکردنی نەوتی خاوی بەرهەمهاتووی هەرێم و بەمەبەستی دووبارە هەناردەکردنەوەی لەڕێگەی کۆمپانیای بەبازارکردنی نەوتی عێراق، کە لە ڕێکەوتی "٢٧"ی ئەیلولی "٢٠٢٥"دووبارە لەڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ نەوتی خاوی بەرهەمهاتووی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی سێ مانگ هەناردە کرایەوە و لە ڕێکەوتی "٣١"ی کانوونی یەکەمی "٢٠٢٥"دووبارە ماوەی ڕێکەوتنەکە درێژکرایەوە.

ڕاستە بەم ڕێکەوتنەی نێوان هەردوو حکومەت توانرا کێشەی دارایی حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی کەم و کاتی چارەسەر بکرێت، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە لێکەوتە سیاسییەکانی ئەو لێکتێکەیشتنەی ساڵی "٢٠٠٧"کە واژۆ کرا چارەسەر بکرێت و مادەی (١١٢)ی دەستور بخرێتەوە بواری جێبەجێکردن، هەرێمی کوردستان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت ببنە هاوبەشی دەسەڵاتی بڕیاردان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی لە عێراقدا و بنەماکانی فیدراڵیەت لە عێراق بچەسپێت.

**دەرئەنجام و پێشنیاز**

سەرەڕای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر پەسەندکردنی دەستوری عێراق و گۆڕینی پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق لە وڵاتێکی یەکگرتووی سادە بۆ وڵاتێکی فیدراڵی و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە ناوەندیی بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن، کە گرنگترینیان بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتییە لە سەرجەم ناوچەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا. بەڵام نەبوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی کاریگەریی هەبووە لەسەر جێبەجێنەکردنی بنەما دەستورییەکانی بە فیدراڵیکردنی عێراق و مانەوەی بیری بەڕێوەبردنی ناوەندیی بۆ سەرجەم دەسەڵاتە سیاسی و ئابورییەکانی وڵات، ئەمە سەرەڕای ئەو بۆشاییە فراوانەی کە لە بەرەوپێشچوونی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی لە عێراقدا بەجێیهێشتووە.

> **” یاسادانەری دەستوری چەند پابەندییەکی دەستوری داناوە، کە پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان پەیڕەوی بکات و لەکاتی دەرچواندنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی بۆ پاراستنی هاوسەنگی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتی لە عێراقدا لەبەرچاوی بگرێت “**

زیانەکانی نەبوونی ئەو یاسایە لەسەر سێکتەرە ئابورییەکان، هەروەها ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لەسەر ئاستی عێراق بەگشتی و بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان زۆرن، بۆ هەرێمی کوردستان زیانەکانی هەر بە زیانە ئابورییەکان نەوەستاوە، بەڵکو لێکەوتەی سیاسی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، تا ئاستێك کە کاریگەریی لەسەر پێگەی سیاسیی قەوارەی هەرێمی کوردستان کردووە.

هەروەها لە ئێستادا کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان خواستیان نییە وەبەرهێنان لە کێلگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، کە ئەمەش ڕێگرە لە هاتنی سەرمایەی دەرەکی بۆ ناو هەرێمی کوردستان، تا بتوانێت لە بووژانەوەی ئابوریی هەرێم پشتیوان بێت، کە بەهۆی کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی تووشی قەیرانێکی سەخت بووە.

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە زانستییە بە مەبەستی دەربازبوون لەو دۆخە سیاسی و ئابورییەی بەهۆی پیشەسازی نەوتەوە هەرێمی کوردستانی تێکەوتووە، گونجاوترین بڕیار بۆ هەرێم بریتییە لە:

١- هەرێمی کوردستان لەڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی و بەسوودوەرگرتن لە کێشەکانی ڕابردوو، ئامادەکاری بکات بۆ دیاریکردنی مافە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەردوو سێکتەری نەوتی خاو و غازی سروشتیدا.

٢- داواکردن لە دادگای باڵای فیدراڵی بۆ ڕوونکردنەوەی مادەی (١١٢)ی دەستور، چونکە بڕیاری دادگاکە پابەند دەبێت بۆ هەموو دەسەڵاتەکانی عێراق و کارئاسانی باش بۆ کاتی گفتوگۆکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دەکات، تایبەت بە ئامادەکردنی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نەوت و غازی فیدراڵی.

---

لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- نصت المادة الاولى من دستور العراق عام ٢٠٠٥ على انه " جمهورية العراق دولة اتحادية واحدة مستقلة ذات سيادة كاملة، نظام الحكم فيها جمهوري نيابي (برلماني) ديمقراطي . وهذا الدستور ضامن لوحدة العراق" .

٢- حميد حنون خالد، مبادئ القانون الدستورى وتطور النظام الساسى في العراق، مكتبة السنهورى، بغداد، ٢٠١٢، ص ٣٩٨.

٣- كطران زغير نعمة وأحسان حميد المفرجى ورعد ناجي الجدة، النظرية العامة فى القانون الدستورى والنظام الدستورى فى العراق، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠١٠، ص ٤٠٩.

٤- منذر الفضل، مشكلات الدستور العراقي، دار آراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠١٠، ص ٢٠١.

٥- نبيل جعفر عبدالرضا ومصطفى عبدالله محمد، المسارات العكسية للنفط العراقي، الطبعة الاولى، مكتبة الواعي، البصرة، ٢٠١٦، ص ٥٨.

٦- نصت الفقرة الاولى من المادة ١١٢على انه" "تقوم الحكومة الاتحادية بادارة النفط والغاز المستخرج من الحقول الحالية مع حكومات الاقاليم والمحافظات المنتجة على ان توزع وارداتها بشكل منصف يتناسب مع التوزيع السكاني في جميع انحاء البلاد، مع تحديد حصة لمدة محددة للاقاليم المتضررة والتي حرمت منها بصورة مجحفة من قبل النظام السابق والتي تضررت بعد ذلك بما يؤمن التنمية المتوازنة للمناطق المختلفة من البلاد وينظم ذلك بقانون" .

٧- شورش حسن عمر وعدنان عاجل عبيد و أفين خالد عبدالرحمن، المبادئ العامة للقضاء الدستورى فى العراق، مطبعة يادكار، السليمانية، ٢٠٢٤، ص ٦٤.

٨- نصت المادة الرابعة من النظام الداخلى لمحكمة الاتحادية العليا رقم ١ لسنة ٢٠٢٥ على انه " لأى من السلطات الأتحادية والوزارات والهيئات المستقلة و رئاسة الأقليم و رئاسة الوزراء فى الأقليم والجهات غير المرتبطة بوزراة والمحافظين الحق في اقامة الدعوى أمام هذه المحكمة للبت بدستورية نص فى قانون أو نظام يتعلق بمهام تلك الجهة وآثار خلافاص فى التطبيق".

٩- شورش حسن عمر وعدنان عجيل عبيد وأفين خالد عبدالرحمن، المرجع السابق، ص ٩٦.

١٠- حميد حنون خالد، المرجع السابق، ص ٣٦٩.

١١- نصت الفقرة الاولى من المادة ١٠٦٤ من القانون المدنى العراقى على انه " تكون أدارة المال الشائع من حق الشركاء مجتمعين مالم يوجد أتفاق على خلاف ذلك".
١٢- نصت الفقرة الثانية من المادة ١١٢ من دستو تنص على انه " تقوم الحكومة الاتحادية وحكومات الاقاليم والمحافظات المنتجة معا برسم السياسات الاستراتيجية اللازمة لتطوير ثروة النفط والغاز بما يحقق اعلى منفعة للشعب العراقي معتمدة احدث تقنيات مبادئ السوق وتشجيع الاستثمار" .
١٣-بايةزيد حسن عبدالله، سامانی نەوت و گازی عێراق و پشکی کورد لە بەڕێوەبردنیدا، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨، ص ١٥٠.
١٤-خالد مطر مشاري و نبيل جعفر عبدالرضا، مستقبل الدولة الريعية فى العراق، مكتبة الواعي، البصرة، ٢٠١١، ص ٢٤.
١٥- أحمد بريهى على، أقتصاد والنفط والأستثمار النفطى فى العراق، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠١١، ص ٢٤.
١٦- مصطفى عبدالله محمد ونبيل جعفر عبدالرضا، المرجع السابق، ص ٩.
١٧- أحمد صباح عبدالعالى ونبيل جعفر المرسومى، أقتصاد والغاز الطبيعى، مكتبة الواعى، البصرة، ٢٠٢٣، ص ١٠٣.
١٨- حسن رشك غياض الدبيسى، السياسة النفطية فى العراق، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٦، ص١٨٥.
١٩- نصت المادة ١٥ من مشروع قانون النفط والغاز الاتحادى على أنه " ........ ب – على شركة النفط الوطنية العراقية وحاملى تراخيص التنقيب والانتاج الأخرين التزام منح الأفضلية لشراء المنتجات واستخدام الخدمات العراقية طالما هى منافسة من حيث السعر والجودة وتتوافر بالكميات المطلوبة و الأزمان المقررة. ت- على شركة النفط الوطنية العراقية وحاملى تراخيص التنقيب والانتاج الأخرين لأقصى درجة ممكنة ومقبولة أستخدام مواطنين عراقيين يتمتعون بالمؤهلات اللازمة وعلى من يقوموا أيضاً بتدريب واعداد المؤهلين لهذه الغاية........".
٢٠- حسن رشك غياض الدبيسى، المرجع السابق، ص ١٧٧.
٢١- طالب حسين حافظ، النفط والسياسة فى العراق، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية، بغداد، ٢٠٢١، ص ٤٦٦.
٢٢- عامر هاشم عواد، قضية النفط والغاز فى العراق وأثرها فى العلاقة بين المركز والأقليم، بحث منشور فى مجلة دراسات دولية، العدد ٩٩، ٢٠٢٤، ص ٦٥.
٢٣-فؤاد قاسم الأمير، ثلاثية النفط العراقي، دار الغد للنشر، بغداد، ٢٠٠٧، ص ٢٠٧.
٢٤- نصت الفقرة الخامسة من مذكرة التفاهم بين حكومة اقليم كوردستان و الحكومة الاتحادية على أنه " ..... ستعمل الحكومة الاتحادية وبالتنسيق مع حكومة الاقليم لاستكمال مستلزمات تنفيذ القانون تفعيل الهيئات والهياكل المنصوص عليها فى القانون فى مدة لاتتجاوز نهاية أيار ٢٠٠٧ ، و أذا تم تجاوز هذا التأريخ يجتمع رئيس وزراء العراق و رئيس أقليم كردستان لبحث سبل أنجاز ذلك خلال شهر و أيجاد حل على أساس الخيارات التالية : أ – فى حالة عدم تنفيذ الفقرة الخامسة أعلاه حتى تأريخ ٣١ أيار ٢٠٠٧ يكون للطرفين الحق بابرام عقود التطوير والأنتاج وفقاً لما جاء فى الدستور ومشروع قانون النفط والغاز

والمبادئ العامة لمعايير نماذج العقود ( الخيار الأول). ب – تمديد الفترة المذكورة في البند أعلاه".

٢٥- نصت قرار محكمة الاتحادية العليا في قرار ٥٩ / اتحادية / ٢٠١٢ و موحداتها ١١٠ / اتحادية / ٢٠١٩ في ٢٠٢٢/٢/١٥ على انه " لمخالفة حكومة اقليم كردستان احكام المواد (١١٠ و١١١ و١١٢ و١١٥ و١٢١ و١٣٠) من دستور جمهورية العراق لعام ٢٠٠٥ ، قررت المحكمة الاتحادية العليا الحكم بعدم دستورية قانون النفط والغاز لحكومة إقليم كردستان رقم (٢٢) لسنة ٢٠٠٧ وإلغائه".

٢٦- The arbitration court ruling stated that "The tribunal found Turkey liable for breaching various provisions of the ITP agreement. In particular، the tribunal found that Turkey has been in breach of the ITP agreement since May ٢٠١٤ because it loaded Iraqi crude oil at Ceyhan at the instructions of the KRG and in breach of the instructions issued by the Iraqi Ministry of Oil. The tribunal also ordered Turkey to load all crude oil in the storage tanks at Ceyhan in accordance with the instructions of the Iraqi Ministry of Oil، as required by the ITP agreement".

# هەوڵی تورکیا بۆ هەژموون دانان بەسەر ماڵی سوننەکان لە عێراقدا



زانیار حمد محمد
خوێندکاری دکتۆرا لە زانستە سیاسیەکان

**پێشەکی:**

ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی "٢٠٠٣"، زەمینەی بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسی لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتی تائیفی لە عێراقدا خۆشکرد. ئەمەش بووە هۆی دوورخستنەوەی نوخبە سوننەکان لە دامودەزگا سەرەکییەکانی حکومەتدا. هەڵوەشاندنەوەی سوپا و سیاسەتی ڕیشەکێشکردنی بەعس، پێگەی سیاسی و ئابوری و ئاسایشی سوننەکانی لاواز کرد. بەڵام کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی "٢٠١١" زەمینەی بۆ ئەنقەرە ڕەخساند کە پێگەی هێزە سوننەکان لە عێراق بەهێز بکات ، ئەمەش بە ئامانجی باڵادەستی بەسەر ماڵی سوننەکان لە عێراقدا. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە بۆچی تورکیا دەیەوێت لە عێراق هەژموونی بەسەر ماڵی سوننەکاندا هەبێت؟ ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئەم پرسیارە لە ڕوانگەی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لە سیاسەت و ڕەفتاری تورکیا لە عێراق وەڵام بداتەوە. لەمەشدا تیشک دەخاتەسەر چەند ئامانج و پاڵنەرێکی سەرەکی تورکیا بۆ باڵادەستی لەعێراقدا ، وەک ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێزی ناوچەیی، کێشەی پەکەکە و ئاسایشی سنورەکان، پاڵپشتی لە پێکهاتەی تورکمان، ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق (کورد، شیعە، سوننە). بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەی تورکیا چەندین ئامڕازی جۆراوجۆری وەک ڕێکخستنی ناوماڵی سوننە و ئاڕاستەکردنیان، بونیاتنان و ئابوری، هەوڵی خاوەندارێتی سوننە دەگرێتەبەر. بەڵام ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاریی وەک نەبوونی مەرجەعییەتی سوننی، ناجێگیری دۆخی سیاسی و ئاسایشی ناوچە سوننییەکان، ناجێگری پێگەی هێزە سوننییەکان، کاریگەریی ئێران بەسەر ماڵی سوننە، دەبێتەوە. توێژینەوەکە بەسەر دوو تەوەری سەرەکیدا دابەش

دەبێت، کە ئەوانیش: لە تەوەری یەکەمدا تیشک دەخرێتە سەر پاڵنەر و ئامرازەکانی تورکیا بۆ هەژموونکردن بەسەر ماڵی سوننەدا لە عێراق، لە تەوەری دووەمیشدا شرۆڤەی ئالانگارییەکانی هەژموونی تورکیا بەسەر ماڵی سوونە لە عێراق دەخەینەڕوو.

**تەوەری یەکەم/ پاڵنەرو ئامرازەکانی تورکیا بۆ هەژموون دانان بەسەر ماڵی سوننە لە عێراقدا**

لەدوای ساڵی "٢٠٠٣"ەوە، عێراق بووەتە یەکێک لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی کێبڕکێی نێوان زلهێزەکانی ناوچەکە. لەم نێوەندەدا تورکیا وەک زلهێزێکی ناوچەیی بەردەوام لە هەوڵدا بووە بۆئەوەی هەژموونی بەسەر ماڵی سوننەکان لە عێراقدا هەبێت. لەمەشدا چەندین پاڵنەری هەبووە و لەڕێگەی گرتنەبەری ئامرازی جۆراوجۆرەوە هەوڵیداوە بۆئەوەی پێگەی خۆی لە بوارە جیاوازەکاندا بەهێز بکات. لەم تەوەرەدا گەنگەشەی پاڵنەر و ئامرازەکانی تورکیا بۆ هەژموون دانان بەسەر ماڵی سوننەکان لە عێراق دەکەین.

**یەکەم/ پاڵنەرەکانی تورکیا بۆ هەژموون دانان بەسەر ماڵی سوننە لە عێراقدا**

تورکیا گرنگیەکی تایبەت بە هێزە سیاسی و سەربازییەکان لە ناوچە سوننەکان دەدات، ئەمەش وەک ڕەنگدانەوەی ستراتیجی تورکیا دەبینرێت بۆ هەژموون دانان بەسەر ماڵی سوننەدا. کە لە چەند پاڵنەر و بەهانەیەکی وەک ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێزی ناوچەیی، کێشەی پەکەکە و ئاسایشی سنورەکان، پاڵپشتی لە پێکهاتەی تورکمان، ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق (کورد، شیعە، سوننە) خۆی دەبینێتەوە. ئەنقەرە بە سوود وەرگرتن لە پەیوەندییە سیاسی، ئابوری، ئایینی، نەتەوەییەکانی هەوڵیداوە ناوچە سوننەکانی عێراق بکاتە قوڵایی ستراتیجی خۆی. لەم ڕوانگەیەوە بە تیشکخستنە سەر گرنگترین ئەو پاڵنەرانە شرۆڤەی ئەم بابەتە دەکەین:

**١- ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێزی ناوچەیی:** تورکیا لەڕێگەی پاڵپشتی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابوری بۆ سەرکردە سوننەکان و هاوپەیمانیتیەکان لە پارێزگاکانی وەک ئەنبار، موسڵ، سەلاحەدین و کەرکوک هەوڵ دەدات پێگەی سیاسی سوننە لە ناو دەسەڵاتی عێراقدا زیاد بکات ، بۆئەوەی ڕێگری لە بالادەستی تەواوی هێزە شیعەکانی نزیک لە تاران بکات. لەڕاستیدا ئەم سیاسەتە ڕێگە بە ئەنقەرە دەدات کە بەبێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی کایەی کاریگەری لە هاوکێشە ناوخۆییەکانی عێراقدا زیاد بکات. بەمەش تورکیا کاریگەریی لەڕێگەی پارتە عەرەبیە سوننییەکان و تورکمان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراقدا دادەنێت. بەپێچەوانەوە ئێران کاریگەریی خۆی لەڕێگەی هێزە شیعەکان و هێزەکانی حەشدی شەعبی و

پێکهاتەی فەرمی دەوڵەتەوە لە عێراقدا پیادە دەکات.
تورکیا لەم دواییانەدا ڕێبازێکی فرە لایەنە پەیڕەو دەکات، پەیوەندییەکانی لەگەڵ زۆرینەی لایەنە شیعەکان تایبەت بە پرسی بەغدا بەهێزتر کردووە، بەتایبەتی لە پرسە گرنگەکانی وەک وزە و ئاسایشی و ئابوری. هاوکات تورکیا لە عێراق کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی سوننە دەکات، بە سەرنجدان بە پاشەکشەی پێگەی ناوچەیی ئێران لە سوریا و لوبنان و تارادەیەکش عێراق، تورکیا بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە سوریا و عێراق، لەم چوارچێوەیەدا لە عێراق هەوڵەکانی بۆ هەژموون دانان بەسەر ماڵی سوننەکان و نزیکبوونەوە لە شیعەکان، لە ڕوانگەی ئێرانەوە وەك هەڕەشەیەك بۆسەر بەرژەوەندییەکانی لێکدراوەتەوە، چونکە ئێران، عێراق بە یەکێک لە دیارترین کایەی سیاسیی خۆی دەزانێت.[١] هەروەها هەندێکجاریش بە ئامانجی کەمکردنەوەی کاریگەریی ئێران و شیعەکان لە بەغداد، تورکیا هاوکاریی پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕووی ئابوری و سیاسییەوە دەکات. ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی تورکیایە بۆ هێشتنەوەی ئەکتەرە جیاوازەکان لە ئاستێکی دەسەڵاتدا کە هیچیان نەتوانن بە تەواوی زاڵ بن بەسەر ئەوانی دیکەدا. جگە لە کورد و شیعە، تورکیا پاڵپشتی لە سوننە و تورکمانەکان لە عێراق دەکات ، ئەمەش بە ئامانجی ڕێگریکردن لە پەراوێزخستنی تەواوەتی سوننەکان لە سیستەمی سیاسی عێراق و بەهێزکردنی گروپە سوننە/تورکمانەکان لە دژی نفوزی شیعە و کورد.[٢] کەواتە دەتوانین بڵێین تورکیا نایەوێت هیچ تاکە ئەکتەرێک هەژموونی تەواوەتی لە عێراقدا بەدەست بهێنێت؛ نە ئێران، نە حکومەتێکی ناوەندیی زۆر بەهێز و تەنانەت قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردیش.

**٢- کێشەی پەکەکە و ئاسایشی سنورەکان:** بەپێی ستراتیجی تورکیا بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە هەرێمی کوردستان بە یەکێک لە مەترسییە هەرە گرنگەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی دادەنرێت. ئەنقەرە پێیوایە ڕووداوە سیاسی و ئاسایشییەکان لە عێراق بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پرسی کورد لەناو تورکیادا دەبێت. لە ڕوانگەی تورکیاوە بەهێزبوونی ئەکتەر و هێزە سیاسییە سوننەکان لە عێراق وەک ئامرازێک بۆ هاوسەنگی لە بەرامبەر زیادبوونی کاریگەریی کورد و شیعە دادەنرێت. لەم چەند ساڵەی دواتردا، تورکیا هێرشەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی بەشێوەیەکی بۆ لە ناوبردنی پەکەکە لە ناوچە سنوری و شاخاوییەکان وەك قەندیل و گارە وحەفتانین و ئاقاشین بەرچاو زیاتر کردووە، هێرشەکان تەنها سنووری هەرێمی کوردستانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو هێرشەکان بە قوڵایی (٢٨١) کیلۆمەتر لە ناوخۆی عێراق ئەنجامدراوە و ناوچەکانی ژێر دەسەڵات حکومەتی فیدراڵی وەک شەنگال و موسڵ کردووەتە ئامانج. هەوڵە بەردەوامەکانی تورکیا بۆ لەناوبردنی پەکەکە وایکردووە بچێتە ناوچەگەلێکەوە کە سنور و پێگەی هێزەکانی

نزيك لە ئێرانن، ئەمەش جۆرێك لە پێكدادان و ململانێی دروستكردووە[٣]. لە ساڵی "١٩٩١"ەوە تا ئێستا دەوڵەتی توركيا زياتر لە (٨٠) بنكە و بارەگای سەربازی و لۆجيستی لەناو هەرێمی كوردستان و عێراقدا دروستكردووە، كە لەو بنكە سەربازيیانەوە هێرش دەكرێتە سەر بنكە و بارەگاكانی پەكەكە و هاوڵاتی سيڤيل[٤]. بەتايبەتی لەدوای دەركەوتنی داعش لە ساڵی "٢٠١٤" ئەنقەرە گەورەترين بنكەی سەربازيی لە عێراق دامەزراند بە ناوی "زێلكان" لە سنوری پارێزگای نەينەوا، كە زياتر لە (٨٠) كيلۆمەتر لەناوخۆی هەرێمی كوردستانداياە. لە ئێستادا نزيكەی(١٥٥٣ كيلۆمەتر چوارگۆشە)ی قووڵايی خاكی پڕە لە بنكە و بارەگاكانی توركيا كە نزيكەی لە (٣,٥٪)ی هەرێمی كوردستان و لە (٠,٣٪)ی كۆی ڕووبەری عێراق دەكات[٥]. ئەمەش بە ئامانجی دروستكردنی قووڵايی بەرگريی توركيا لە دەرەوەی سنوورەكانی و ڕێگريكردن لە چالاكی و جووڵەی پەكەكە لە ميحوەرەكەی شەنگال-مەخمور-قەنديل. هەروەها وەک هێمايەک بۆ ئامادەبوونی پاڵپشتی توركيا لە ئەكتەرە سوننەكان دەبينرێت، لەبەرئەوە سروشتی دەستێوەردانی بەردەوامی توركيا لە عێراق ئەوە دەردەخات كە جوگرافيای عێراق جێگەيەكی سەرەكی لە ئاسايشی نەتەوەيی توركيادا هەيە و وەک پێگەيەكی گرنگی ستراتيجی لێی دەڕوانێت[٦]. هەروەها لە لايەكی ديكەوە، توركيا سەرنجی لەسەر كاريگەريی دانانە لەسەر بنەماڵە و نوخبە سوننەكانە دژ بە بوونی پەكەكە لە عێراق– هەرێمی كوردستان، بۆ ئەم ئامانجە دەيەوێت پرسی پەكەكە لە ململانێيەكی دوولايەنەوە (توركيا – كورد)ەوە بۆ پرسێكی ئاسايشی نيشتمانی عێراقی بگۆڕێت ، بەو شێوەيە وێنەی پەكەكە دەكات كە ئامرازێكە بۆ خزمەتكردنی پرۆژە ناعێراقييەكان (واتە وەك پرۆژەيەكی ئێرانی دەيناسێنێت) ، كە ئەمەش هەڕەشەيە بۆ سەر سەروەری عێراق لای عەرەبی سوننە.

**” ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی "٢٠٠٣"، زەمینەی بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسی لەسەربنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتی تائیفی لە عێر اقدا خۆشکرد. ئەمەش بووە هۆی دوورخستنەوەی نوخبە سوننەکان لە دامودەزگا سەرەکییەکانی حکومەتدا “**

جگە لە كاريگەريی دانان لەسەر سوننەكان توركيا زۆرجار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەكەكە پەنا بۆ حكومەتی عێراق- شيعە دەبات ، بۆ نموونە چەندين ڕێكەوتنی ستراتيجی لەنێوان توركيا و عێراق بوونيان هەيە ، هەر بۆ نموونە بەپێی نوسراوێكی ئەنجومەنی وەزيرانی عێراق بە بڕياری ژمارە: (٢٥٤٠١) كە لە (٢٨)ی ئاياری (٢٠٢٤) لەسەر فەرمانی محەمەد شياع

سودانی سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان دەرچووە، لەوکاتە بەدواوە لە نووسراوە فەرمییەکاندا ناوی پەکەکە وەك ڕێکخراوی قەدەغەکراو بهێندرێت[٧]. تورکیا ئامانجی بەهێزکردنی هاوکارییە لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە و پاراستنی سەقامگیریی لە عێراق، لەوانەش لەڕێگەی هەماهەنگی ئاسایشی و هاوبەشیکردنی هەواڵگری و پشتیوانی لۆجستی لەنێوان ئەنقەرە و بەغدادا[٨].

### ٣- پاڵپشتی لە پێکهاتەی تورکمان:

چەندین ساڵە تورکیا هەوڵ دەدات کاریگەریی ستراتیجی خۆی لە عێراق فراوان بکات ، ئەمەش لەڕێگەی گرتنەبەری تێکەڵەیەک لە هێزی ڕەق و هێزی نەرم لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا ، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم ڕێبازە پاڵپشتیکردنی تورکمانەکانی کەرکوک، تەلعەفەر و موسڵ و بەشێکیان لە سەلاحەدینە[٩]. پەیوەندیی کولتووری، ئابوری، ئاسایشی و سیاسیەکانی ئەنقەرە لەگەڵ ئەم پێکهاتەیە لەوانەش لەگەڵ بەرەی تورکمانی عێراقی، وەک گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی-سیاسی تورکمان ئامرازێکی گرنگە بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە عێراق.[١٠]لە ڕوانگەی تورکیاوە پشتیوانی لە تورکمانەکانی عێراق پەیوەستە بە ئامانجەکانی وەك ئاسایشی و ئابوری و سیاسی ، ئەمەش لەڕێگەی پێشکەشکردنی هاوکاریی دارایی و پرۆژەی گەشەپێدان و تواناسازیی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەوە بۆیان.[١١] یەکێک لە گرنگترین ئامرازی نەرمی هێزی تورکیا لەم بوارەدا دەزگای هاوکاری و هەماهەنگی تورکیا (TIKA)یە. لە ساڵی "٢٠١٦"ەوە دوای قەیرانی داعش و چڕبوونەوەی ئاستەنگە ئەمنییەکان لە عێراق، ئەم دامەزراوەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان چالاکی کردووە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدان لە بوارەکانی پەروەردە، تەندروستی، ژێرخانی و ڕۆشنبیریی لە ناوچە تورکماننشینەکان، پرۆژەکانی تیکا لە کەرکوک بریتیبوون لە پاڵپشتیکردنی میدیای ناوخۆیی و ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان و پشتگیریکردنی ناوەندە پەروەردەییەکان ، لە تەلەعفەریش بەشداریکردن لە پرۆژە تەندروستییەکانی وەک ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانەی پەرستاری. ئەم ڕێوشوێنانە وەک بەشێک لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ بەهێزکردنی هێزی نەرم و پێشخستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانی لە عێراقدا سەیر دەکرێن[١٢]. تورکیا کاریگەریی گەورەی لەسەر پێکهاتەی تورکمان لە کەرکوک و موسڵ و تەلعەفەر هەیە، بەتایبەتی پشت بە بەرەی تورکمانی عێراقی دەبەستێت بۆ دەستەبەرکردنی هەندێك لە بەرژەوەندییە ئاسایشی و ئابورییەکانی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەکاریاندەهێنێت ، کە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی سیاسی و ئابوری لە ئەنقەرە وەردەگرێت.[١٣]

تورکیا هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بۆ دانانی نوێنەرایەتی تورکمان لە پەرلەمانی عێراق چڕکردووەتەوە. ئەمەش بریتییە لە داواکردنی پاراستنی هاوسەنگی دیمۆگرافی لە

هەڵبژاردنەکاندا لە ناوچەکانی وەک کەرکوک، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بۆچوونی ئەنقەرەیە کە زیادکردنی نوێنەرایەتی یاسایی بۆ تورکمان پێویستە بۆ بەهێزکردنی قورسایی سیاسی پێکهاتەکە و پێویستی بەردەوامی پشتبەستن بە هاوپەیمانیی فراوانتر بۆ دەستەبەرکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق.[١٤] لەم چوارچێوەیەدا، تورکیا جگە لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردن و چەسپاندنی ڕۆڵی سیاسی تورکمان لە پەرلەمانی عێراق، بەهەمان شێوە چالاکانە هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە پێکهاتە سیاسی و کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا داوە. پشتیوانی تورکیا بۆ بەشداریکردنی تورکمانەکان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی پەرلەمانیدا، ئامانجی دروستکردنی هێڵی سیاسییە بۆ کاریگەریی دانان لەسەر بڕیاردان لە بەغدا. هاوکات لە هەرێمی کوردستاندا تورکیا هەوڵدەدات هاوسەنگییەک لە بەرامبەر کاریگەریی هێزە کوردییەکان لەڕێگەی پاڵپشتی سیاسی و ئابوری و دیپلۆماسییەوە بۆ پارت و نوخبە تورکمانەکان دروست بکات. کەواتە پرسی تورکمان تەنیا خەمێکی کەمینەیی نییە بۆ تورکیا، بەڵکو بەشێکە لە ستراتیجی جیۆپۆلەتیکی فراوانتری ئەنقەرە بۆ بەڕێوەبردنی هاوسەنگی هێز و پاراستنی بەرژەوەندییە ئاسایشی و ناوچەییەکانی لە عێراقدا.

**٤- ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزلەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێر اقدا (کورد، شیعە، سوننە):**

تورکیا بە سوود وەرگرتن لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان و هەندێک لە زلهێزە ناوچەییەکان، هەوڵدەدات کە پارێزگاریی لە هاوسەنگی هێز لە ناوخۆی عێراقدا بکات. ئەم پێگە دیپلۆماسییەی وایکردووە کە تورکیا وەک بەرگریکار لە هێزە سوننەکان ببینرێت. لەم پێناوەدا تورکیا کۆمەڵێک ئامرازی ئاسایشی، سیاسی، ئابوری و دیپلۆماسی بۆ پاراستن و ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز لەنێوان پێکهاتە نەتەوەیی-ئایینییەکانی عێراق بەکارهێناوە. ئامانج لەم سیاسەتەش ڕێگریکردنە لە تێکچوونی هاوسەنگی هێز بۆئەوەی گەرەنتی بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی ئەنقەرە لە عێراق بکات، بەتایبەتی لەڕێگەی کەمکردنەوەی پێگەی ئێران و ڕێگریکردن لە سەربەخۆیی کورد.

تورکیا سەربەخۆیی سیاسی کورد لە عێراق بە هێڵی سووری ئاسایشی نیشتمانی خۆی دەزانێت. باشترین نموونەش، دژایەتیی ڕاشکاوانەی بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ساڵی "٢٠١٧"؛ کە ئەنقەرە بە ئاشکرا دژایەتیی خۆی بۆ هەنگاوێکی لەو شێوەیە دەربڕی و بە پرسێکی ئاسایشی نیشتمانی بۆ تورکیای زانی، ئەنقەرە هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستی گرتەبەر بۆ لەباربردنی دەرئەنجامەکانی. لە وەرگێڕانێکی خێرای هەڕەشەکانی بۆ کردار، کۆمەڵێک ڕێوشوێنی سزای بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاند ، لەوانەش: داخستنی فڕۆکەخانەکانی و ئاسمانی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان؛ ڕێگەی بە سوپای عێراق دا بچێتە ناو خاکەکەیەوە بە

مەبەستی کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکانی عێراق-تورکیا ، کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمدایە؛ هەرەشەی گرتنەوەی بۆری نەوتی هەرێم بۆ بازاڕی جیهانی. لەوەش زیاتر، ئەنقەرە بە ئاشکرا پشتگیریی لە سوپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبیی دژی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکوک و نەینەوا کرد[١٥]. تورکیا هەوڵی داوە پەیوەندیی سەربەخۆ لەگەڵ هەریەک لە لایەنە سەرەکییەکانی عێراق دروست بکات ، بۆئەوەی ڕێگری لە بالادەستی تەواوەتی یەک هێز بکات. سەرەڕای دژایەتیی سەربەخۆیی کوردستان، پەیوەندیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە چەندین بواری جیاوازدا هەیە، لە هەمان کاتیشدا پارتی بۆ کۆنترۆڵکردنی یەکەکە و هاوسەنگی بەرامبەر بە بەغداد بەکاردەهێنێت. هەروەها هەوڵدەدات لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی سوننەکان و بەهێزکردنی پێگەیانەوە هەژموونی هێزە شیعەکانی نزیک لە ئێران کەم بکاتەوە و ڕێگریش لە حوکمڕانی بالادەستی شیعەکانی سەر بە ئێران لە عیراقدا بکات.

> **” لەدوای ساڵی "٢٠٠٣"ەوە، عێراق بووەتە یەکێک لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی کێبڕکێی نێوان زلهێزەکانی ناوچەکە. لەم نێوەندەدا تورکیا وەک زلهێزێکی ناوچەیی بەردەوام لە هەوڵدا بووە بۆئەوەی هەژموونی بەسەرماڵی سوننەکان لە عێر اقدا هەبێت. لەمەشدا چەندین پاڵنەری هەبووە و لەڕێگەی گرتنەبەری ئامرازی جۆراوجۆرەوە هەوڵیداوە بۆئەوەی پێگەی خۆی لە بوارە جیاوازەکاندا بەهێزبکات “**

**دووەم/ ئامرازەکانی تورکیا بۆ هەژموون دانان بەسەرماڵی سوننە لە عێر اقدا**

هەوڵدانی تورکیا بۆ بالادەستی بەسەر ماڵی سوننە لە عێراق لەڕێگەی چەندین ئامرازی جیاوازەوەیە، لە گرنگترینیان: ڕێکخستنی ناوماڵی سوننە و ئاڕاستەکردنیان، ئامرازی بونیاتنان و ئابوری، هەوڵدانی خاوەندارێتی سوننە. لە خوارەوەش تیشک دەخەینە سەر ئەم ئامرازانە:

**١- ڕێکخستنی ناوماڵی سوننە و ئاڕاستەکردنیان:**

لە چوارچێوەی سیاسەتی ناوچەیی تورکیا لەدوای ساڵی "٢٠٠٣"ەوە، ئەنقەرە لە هەوڵدایە بۆ فراوانکردنی کاریگەریی سیاسی خۆی لە عێراق و هەوڵدان بۆ ئاڕاستەکردنی هێز و لایەنە سوننەکان لەسەر ئاستی سیاسی و نەتەوەیی و ناوخۆیی. ئەم ستراتیجە لەسەر بنەمای پشتیوانی ئامانجدار بۆ نوخبە سیاسییە سوننەکان و سەرکردە ناوخۆییەکان لە پارێزگا

ستراتیجیەکانی وەک موسڵ، ئەنبار، سەلاحەدین و کەرکوک بووە؛ ئەو ناوچانەی کە لە ڕوانگەی دیمۆگرافی و جیۆپۆلەتیکی و ئاسایشیەوە ڕۆڵی گرنگ لە هاوسەنگیی هێز لەناوخۆی عێراقدا دەگێڕن. لەم چوارچێوەیەدا، تورکیا هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی سوننە سەنتەریی داوە، لەڕێگەی پەیوەندیی لەگەڵ عەرەبی سوننە، پارتی دیموکراتی کوردستان و نوخبەی تورکمان بەتایبەت تورکمانە سوننەکان.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی "٢٠٠٣" و لە ئەنجامی نەبوونی سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی ناوخۆیی سوننە، تورکیا پەیوەندیی لەگەڵ هێز و لایەنە سوننەکان دروستکرد، کە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی دیپلۆماسیی سنووردارادا بوو. بەڵام دوای کشانەوەی ئەمریکا لە "٢٠١١" لە عێراق، گۆڕانکاریی بەسەرداهات، کاتێک حکومەتی عێراق کەسایەتییە سیاسییە سوننەکانی وەک تاریق هاشمی جێگری پێشووی سەرۆک کۆماری عێراق و ڕافع عیساوی وەزیری دارایی ئەوکاتەی بە تۆمەتی تیرۆر پەراوێزخست و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کرد. ئەم ڕووداوانە دەرفەتیان بۆ تورکیا ڕەخساند کە زیاتر دەستوەردان بکات، بۆ نموونە بە پاڵپشتیکردنی دامەزراوە سیاسییە نوێیەکانی سوننە و پێکهێنانی میلیشیاکان لە موسڵ بە سەرۆکایەتیی ئەثیل نوجەیفی پارێزگاری پێشوو. بەمشێوەیە کاریگەریی خۆی لە پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکوک و ڕۆژئاوای عێراق فراوانتر کردووە.[١٦] لە ڕاستیدا دەتوانرێت پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و بەشێک لە پارت و هێزە عێراقییە سوننەکان لە شێوەی هاوبەشی ستراتیجیدا شیبکرێنەوە ، کە ڕەهەندە ئابوری و ئەمنییەکانیش لەخۆدەگرێت. سوننەکان سوودیان لە پشتیوانی سیاسی و ناسیاسی تورکیا وەرگرتووە، لەڕووی سیاسییەوە تورکیا ئەکتەرێکی سەرەکی بووە لە داڕشتنی هاوپەیمانییەکان لەناو پێکهاتەی سوننەدا، ئەمەش کاریگەری لەسەر بەهێزکردنی پێگەی سیاسی هێزە سوننەکان لە هەڵبژاردن هەبووە. لەهەمان کاتدا دەتوانرێت ئەم هاوکارییە وەک بەشێک لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی کاریگەریی ڕکابەرە ناوچەییەکان و چەسپاندنی پێگەی خۆی وەک ئەکتەرێکی کاریگەر لە هاوکێشە ناوخۆییەکانی عێراقدا لێکبدرێتەوە[١٧]. لە سەردەمی ئەردۆغاندا تورکیا هەوڵی داوە کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق و سیاسەتمەدارانی سوننە هەبێت و هانیان بدات بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی یەکگرتووی سوننە و دروستکردنی پەیوەندیی نزیک لەگەڵ هەندێک لە سەرکردەکاندا. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا زیاتر سەرنجی لەسەر پشتیوانیکردنی گروپە تایبەتەکانی سوننە بووە، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدان و شکستی داعش[١٨]. لەو پێناوەدا تورکیا ڕۆڵی ناوبژیوانی لەنێوان دوو کەسایەتیی سەرەکی لە سیاسەتی سوننەی عێراقدا بینی، ئەوانیش خەمیس خەنجەر سەرۆکی ئەوکاتەی (تحالف عزم) و محەمەد حەلبوسی سەرۆکی (حزب تقدم) و سەرۆک پەرلەمانی پێشووی عێراق. دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی "٢٠٢١" کە حەلبوسی کردە کاریگەرترین سیاسەتمەداری سوننە لە دەسەڵاتی عێراقدا، هەوڵەکانی

ئەنقەرە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم جیاوازییانە بە ئامانجی زیادکردنی کاریگەرییە بەبێ ئەوەی بچێتە ناو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی لە بەغدا.[١٩] لە "٢٦"ی شوباتی "٢٠٢٢"، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا پێشوازی لە محەمەد حەلبوسی و خەمیس خەنجەر کرد. لە کۆبوونەوەکەدا، هاکان فیدان، بەرپرسی ئەوکاتەی هەواڵگری تورکیا و (وەزیری دەرەوەی ئێستای تورکیا) ئامادە بوو. سەردانەکەی حەلبوسی و خەنجەر بۆ تورکیا هاوکات بوو لەگەڵ ئامادەکارییەکانی کوتلە و لایەنە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری نوێی ئەوکاتەی عێراق و دواتر پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو.[٢٠]



**کۆبوونەوەی محەمەد حەلبوسی و خەمیس خەنجەر لەگەڵ ئەردۆگان و هاکان فیدان**

**وێنەکە لە ڕوداو دیجیتال وەرگیراوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

ئەم نێوەندگیریە لەنێوان خەنجەر و حەلبوسی بە ئامانجی یەکخستنەوەی ماڵی سوننە و پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی سوننە بۆئەوە بوو کە کاریگەریی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق هەبێت، بە پێچەوانەی ئەو دابەشبوونەی کە پێشووتر بوونی هەبوو لەنێوان سوننەکان کە وایکردبوو لە پرۆسەی سیاسی و لەلایەن شیعەکانەوە بێ کاریگەربن و پەراوێز بخرێن.[٢١] ئەو کۆبونەوەیە بووە هۆی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی سوننی بەناوی هاوپەیمانیی سەروەری سوننە "تحالف السيادة السني". هەروەها دواتر کۆبوونەوە لەنێوان بەرپرسی دەزگای

هەواڵگری تورکیا و بەشێک لە سیاسەتمەدارانی سوننە بەڕێوەچوو ، ئەمەش وەك بەڵگەیەکە بۆ بەشداری چالاکانەی هەواڵگریی تورکیا لە بەڕێوەبردنی پرسی سوننە و یەکخستنی ماڵی سوننە .[٢٢] ئەم کۆبوونەوەیە لەگەڵ سەرۆککۆماری تورکیا، بە ئامادەبوونی بەرپرسی هەواڵگری، ڕەخنەی بەرفراوانی لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق لێکەوتەوە. هاوڵاتیان ڕەخنەیان لە دەستوەردانی تورکیا لە پرۆسەی سیاسی عێراق گرت. دروستکردنی هاوپەیمانییەکی سوننە بە یەکێک لە گرنگترین پرۆژە سیاسییەکانی تورکیا لە عێراق دادەنرێت[٢٣]. هەروەها لە بەرواری "٢٠٢٥ /٤/٢٢" ئەردۆگان، لە سەردانەکەی بۆ بەغدا لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکان و ئەندامانی سوننە کۆبووە، مشتومڕی بەرفراوانی لێکەوتەوە، ئەمەش ڕادەی کاریگەریی تورکیا لەسەر سیاسەتی عێراق لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ڕووندەکاتەوە ، کە تورکیا دەیوست ماڵی سوننەکان ڕێکبخاتەوە و کۆتایی بە ناکۆکییەکانیان بهێنێت ، چونکە لەوکاتەدا بە بڕیارێکی دادگای فیدراڵی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق محەمەد حەلبوسی دوورخرابووە ، ئەمەش وایکردبوو کە هێزە سیاسییە سوننەکان کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەو پۆستە بکەن. لەم کۆبونەوەیەدا زۆربەی سەرکردە سوننەکان ئامادەبوون، لەوانە محەمەد حەلبوسی، خەمیس خەنجەر ، موسەنا سامەرایی و ڕافع عیساوی .[٢٤] جگە لە ڕێکخستنی ناوماڵی سوننەکان لەو کاتەدا پرسی پارێزگاری کەرکووکش یەکێکی دیکە بوو لە کێشە سەرەکییەکان لەنێوان سوننە و کورد (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) و تورکمان.



ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆککۆماری تورکیا نێوەندگیریی کۆبوونەوەیەک دەکات کە سەرکردەی پارتە سوننەکانی عێراق لەخۆگرتبوو لە بەغدا.
وێنەکە لە "الشرق الأوسط" وەرگیراوە ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

پاش چەند رۆژێك لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لە "٢٠٢٥/١١/١٦" ، (جمال الدين چاليك - Ahmet Cemalettin Çelik) جێگری سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی تورکیا، بەشێوەیەکی ڕانەگەیەندراو و نهێنی گەیشتتە عێراق ، مەبەستی هاتنەکەی ئیدارەدانی هاوپەیمانیی لایەنە سوننییەکانە پێش پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق. چالیک بە نزیک و متمانەپێکراوی ئەردۆغان ناسراوە. وەک کەسێکی سەرەکی لە دانوستانە هەستیارەکاندا رۆڵێکی کارا دەبینێت. حکومەتی تورکیا ئەم بەرپرسە ئەمنییەی بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییە ناوخۆییەکان ڕاسپاردبوو ، کە سیاسییەکان، سەرۆک هۆزەکان و پیاوانی ئایینی دەگرێتەوە، بەئامانجی پێکهێنانی بەرەیەکی سونی بەو شێوەیەی کە خزمەت بە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئەنقەرە لەناو عێراقدا بکات.[25] بۆ ئەم ئامانجە تورکیا سەرچاوەی دارایی بۆ پاڵپشتیکردنی کەسایەتییە کاریگەرەکانی ناو کۆمەڵگەی سوننە تەرخانکردوە ، بەتایبەتی سیاسەتمەداران و شێخەکانی هۆزەکان و کەسایەتییە ئایینییەکان. جێگری سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی تورکیا پەیوەندیی بە محەمەد حەلبوسی و خەمیس خەنجەر و کەسایەتییە سیاسییەکانی دیکەشەوە کردوە.[26] ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراق بەرژەوەندییەکانی تورکیا پارێزراو بێت و ئەو کەسایەتییە سوننییانە کە لە تورکیاوە نزیکن پۆستیان پێ بدرێت و سوننەکان لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی یەکگرتوو بەشداری بکەن.

> **” تورکیا لەم دو اییانەدا ڕێبازێکی فرە لایەنە پەیڕەو دەکات، پەیوەندییەکانی لەگەڵ زۆرینەی لایەنە شیعەکان تایبەت بە پرسی بەغدا بەهێزترکردووە، بەتایبەتی لە پرسە گرنگەکانی وەک وزە و ئاسایشی و ئابوری. هاوکات تورکیا لە عێراق کاربۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی سوننە دەکات، بە سەرنجدان بە پاشەکشەی پێگەی ناوچەیی ئێران لە سوریا و لوبنان و تاڕادەیەکش عێراق، تورکیا بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە سوریا و عێراق “**

هەوڵەکانی تورکیا بۆ ڕێکخستنی ناوماڵی سوننە بەردەوامی هەبوو، دواجار پێنج پارت و هاوپەیمانی سوننەکان کە پێکهاتبوون لە حزبەکانی وەك (تقدم، عزم، السيادة، الحسم،

الجماهير)، لە "٢٠٢٥/١١/٢٣"، پێکهێنانی "ئەنجومەنی سیاسیی نیشتمانییان" ڕاگەیاند، ئەمەش هاوشێوەی "چوارچێوەی هەماهەنگی" هێزە شیعەکان دەبینرێت ، ئەوەش دوای کۆبونەوەی ئەو هێزە سیاسیانە لەماڵی خەمیس خەنجەر لە بەغداد، کە هەموو لایەنە سوننەکان نزیکەی (٧٥) کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە.[٢٧]

**٢- ئامرازی بونیاتنان و ئابوری:** هەوڵەکانی تورکیا بۆ زاڵبوون و کاریگەریی بەردەوام بەسەر ماڵی سوننە لە عێراقدا تەنها لە ئامرازە ئاسایشی و سیاسیەکاندا سنووردار نەبووە، بەڵکو پشتی بە بواری بونیاتنان و ئابوریش بەستووە ، وەک ئامرازێکی هێزی نەرم بۆئەوەی کاریگەریی لەسەر ناوچە سوننەنشینەکاندا هەبێت. هەروەها لەڕێگەی بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابوری، وەبەرهێنانی ئابوری، بازرگانی سنوورەکان و گەشەپێدان، هەوڵی داوە کاریگەرییەکانی وردە وردە بە دامەزراوەیی بکات.

دوای شکستی داعش، پارێزگاکانی عێراق کە زۆرینەیان سوننە بوون، لەوانە موسڵ، ئەنبار و سەڵاحەدین، ڕووبەڕووی ئاستێکی بێوێنەی وێرانکردنی ژێرخانی شار و پیشەسازی و خزمەتگوزاریی بوونەوە، ئەم دۆخە بۆشایی قووڵی ئاسایشی و ئابوری و حوکمڕانی دروستکرد ، کە زیاتر ڕێگەی بۆ دەستێوەردان و کاریگەریی تورکیا خۆشکرد کە هەوڵیدا ڕۆڵی خۆی لەم ناوچانەدا بەهێز بکات بە بەکارهێنانی گوتاری ئاوەدانکردنەوە و سەقامگیرکردن و پشتگیریکردن لە هێزە سوننەکان .هەوڵی تورکیا بۆ دروستکردن یان پاڵپشتیکردنی هەرێمێکی سوننی وەک هەوڵێک بۆ ڕێکخستنی سیستمی سیاسی و ئاسایشی و ئابوری ئەم ناوچانە لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی سەیر دەکرێت. بۆ نموونە ئەنبار نزیکەی (٥٣) ترلیۆن پێ سێجا گازی سروشتی تێدایە، ئەمە جگە لەوەی چەندین سەرچاوەی کانزایی وەکو زێڕ، فۆسفات، ئاسن، یۆرانیۆم، گۆگرد و زیوی هەیە.[٢٨] لەم میانەیەدا، تورکیا بەشداریکردووە لە دروستکردنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی موسڵ و نەخۆشخانەی (٦٠٠) قەرەوێڵەیی لە موسڵ و ڕێگاوبان و پرد و نەخۆشخانە و قوتابخانە و پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە ناوچە سوننیەکان ، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ باشترکردنی وێنەی تورکیا لەنێو کۆمەڵگا ناوخۆییەکاندا، و هەروەها ئەنقەرەی کردە ئەکتەرێکی سەرەکی لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە لە عێراقدا.[٢٩] بەپێی داتاکانی دامەزراوەی ئاماری تورکیا (TÜİK) عێراق لەنێو وڵاتانی عەرەبی وەک گەورەترین هاوردەکاری کاڵای تورکی لە پێشەنگی جیهانی عەرەبیدایە و لە ماوەی هەشت مانگی یەکەمی ساڵی "٢٠٢٥"دا پلەی یەکەمی گرتووە، بەشێکی زۆری ئەم پەیوەندییە ئابورییانەش لەڕێگەی ناوچە سوننەکانی عێراق ئەنجام دەدرێن. فراوانبوونی بازرگانی سنووری و دروستکردنی بازاڕی ناوخۆیی و هەناردەکردنی کەلوپەلی بەکاربەر و کەرەستەی بیناسازی و بوونی کۆمپانیا تورکییەکان لە پرۆژە تایبەت و گشتییەکاندا ، وایکردووە ناوچە سوننەکان لەڕووی ئابورییەوە پەیوەست بە تورکیاوە بن. ئەم پشتبەستنە کاریگەریی لەسەر

بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەرکردە سوننەکان هەبووە.[٣٠] چونکە پەیوەندییە ئابورییەکان دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندووە بۆ بازرگان بۆ کەسایەتی و لایەنە سوننەکان و هاوپەیمانییەکان کە بەشداری بکەن لە پڕۆژە ئابوریە هاوبەشەکان، بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا لەڕێگەی دەزگای هاوکاری و هەماهەنگی تورکیا (TİKA) وە کاریکردوە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی گەشەپێدان و پەروەردە و خزمەتگوزاریی لە ناوچە سوننەنشینەکان. هەرچەندە ئەم پڕۆژانە بە ڕواڵەت سروشتی مرۆڤدۆستانەن، بەڵام لەڕاستیدا بەشێکن لە ستراتیجی دیپلۆماسی گەشەپێدانی تورکیا، کە ئامانجی بەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەنقەرە و شەرعیەتی لەنێو پێکهاتە سوننەکانی عێراقدا.[٣١]

> ” هەوڵدانی تورکیا بۆ باڵادەستی بەسەرماڵی سوننە لە عێراق لەڕێگەی چەندین ئامرازی جیاوازەوەیە، لە گرنگترینیان: ڕێکخستنی ناوماڵی سوننە و ئاڕاستەکردنیان، ئامرازی بونیاتنان و ئابوری، هەوڵدانی خاوەندارێتی سوننە“

٣- **هەوڵی خاوەندارێتی سوننە:** هەوڵی تورکیا بۆ خاوەندارێتی سیاسی- ناسنامەی سوننەکانی عێراق دەتوانرێت بە یەکێک لە میکانیزمە سەرەکییەکانی کاریگەریی هێزی نەرم و باڵادەستی ئەنقەرە بەسەر ماڵی سوننەکاندا هەژمار بکرێت. ئەم خاوەندارێتیە بە مانای خاوەندارێتی یاسایی نییە، بەڵکو بە مانای پاراستنی سیاسی، نوێنەرایەتی ناسنامە و ڕۆڵبینی ناوچەیی بۆ سوننەکانی عێراق لەلایەن تورکیاوە دێت. تورکیا هەوڵدەدات خۆی وەک زلهێزێکی ناوچەیی نیشانبدات کە بەرگریی لە سوننەکانی عێراق دەکات لە بەرامبەر پەراوێزخستنی سیاسی سوننەکان لەدوای "٢٠٠٣" و هەژموونی حزبە شیعەکان بەسەر هەیکەلی دەوڵەتدا، کاریگەری و هەژموونی ئێران بەسەر دامەزراوە ئاسایشی و نیمچە سەربازییەکان، هەروەها دەرکەوتنی داعش کە بووە هۆی کەمبونەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سوننەکان و وێرانکردنی شارە سوننەنشینەکان، لەم پێناوەدا، تورکیا هەوڵدەدات داواکاریی گوتاری ناوخۆی سوننەکان لە عێراقەوە بگوازێتەوە بۆ پرسێکی ناوچەیی ، کە ئەنقەرە سەنتەر بێت. کەواتە ئامانجی سەرەکی تورکیا بریتییە لە خاوەندارێتی سیاسی پرسی سوننە لە عێراقدا.

**تەوەری دووەم/ ئاڵنگارییەکانی بەردەم هەوڵەکانی تورکیا بۆ هەژموون دانان بەسەرماڵی سوننە**

سەرەڕای هەوڵەکانی تورکیا بۆ هەژموون دانان بەسەر ماڵی سوننەکان لە عێراقدا، ڕەنگە بۆ تورکیا ئاسان نەبێت کە سەرکەوتوویێت لە هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کە هەوڵی بۆ دەدات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاریی جددی دەبێتەوە: وەك: نەبوونی مەرجەعییەتی سوننی، ناجێگری دۆخی سیاسی و ئاسایشی، ناجێگیری پێگەی هێزە سوننەکان، کاریگەریی ئێران بەسەر ماڵی سوننەکان لە عێراق. لە خوارەوە لەو ئاڵنگاریيانە دەکۆڵینەوە:-

**یەکەم/ نەبوونی مەرجەعییەتی سوننی:** نەبوونی یەک دەسەڵاتی ئایینی-سیاسی لەنێوان سوننەکانی عێراقدا ، وەك ئەوەی کە شیعەکان خاوەن مەرجەعییەتی تایبەت بەخۆیانن، بووەتە هۆی ناکۆکی سەرکردایەتی و دابەشبوونی سیاسی و کێبڕکێی نێوان هێزەکان لەناو کۆمەڵگەی سوننەدا. ئەم بۆشایی دەسەڵاتدارێتیە بووەتە هۆی ئەوەی کە ناوەندێکی بڕیاردانی سوننی باوەڕپێکراو و تەوافقی نەبێت، بۆیە لەبری ئەوە ناچارن پشت بە سەرکردە سوننییە ناوخۆییەکان و شێخەکانی عەشیرەتەکان و نوخبە سیاسییەکان و هاوپەیمانییە ناسەقامگیرەکان ببەستن.

> ” پاش چەند ڕۆژێك لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لە "٢٠٢٥/١١/١٦" ، (جمال الدين چاليك Ahmet Cemalettin Çelik) جێگری سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی تورکیا،بەشێوەیەکی ڕانەگەیەندراوو نهێنی گەیشتتە عێراق ، مەبەستی هاتنەکەی ئیدارەدانی هاوپەیمانیی لایەنە سوننییەکانە پێش پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق“

بۆ نمونە، ململانێی درێژخایەن لە ساڵانی پێشوو لەنێوان کەسایەتییە کاریگەرەکانی سوننە وەک حەلبوسی و خەنجەر ، ڕێگربووە لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی یەکگرتووی سوننی بە ئامانجی سەرکردایەتیکردن و کۆکردنەوە هەموو لایەنە سوننیەکان لەژێر چەتری یەك

هاوپەیمانێتیدا، ئەمەش بووەتە هۆی دووبەرەکی ناوخۆیی و ڕکابەرییەکی توندی نێوان کوتلە جیاوازەکان و سەرکردەکان. دەرئەنجام بووەتە هۆی کەلێنێك لەنێوان حەلبوسی و سیاسەتمەدارە دیارەکانی تری سوننەدا[٣٢]. لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری "٢٠٢١" ناکۆکییەکان بەڕوونی لەناو پێکهاتەی سوننەی عێراقدا لەنێوان هەردوو حزبی (تقدم) (عزم) سەریهەڵدا، بۆ چارەسەکردنی ناکۆکییەکان (هاوپەیمانیی سەروەری- تحالف السیادة) یان پێکهێنا، لەماوەی چەند مانگێك لەدوای پێکهێنانی حکومەت لە سەردەمی محەمەد شیاع سودانی، ململانێکان لەنێوان هەردوو حزبی سوننە توندتر بووە ، بەتایبەتی ناکۆکی لەسەر پۆستە وەزارییەکان کاتێك ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگیدا بۆ ڕاسپاردنی سودانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، ناکۆکی لەنێوان حزبی (تقدم و عزم) لەناوهاوپەیمانێتییەکە سەبارەت بە پشکی هەر حزبێك لە پۆستە وەزارییەکان دەستیپێکرد. بەشێک لە سیاسەتمەدارانی شیعە ئاماژەیان بەوەدا دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت بۆماوەی نزیکەی دوو هەفتە بەهۆی ناکۆکی نێوان هەردوو حزبی سوننە بووە .[٣٣]هەروەها ئەندامانی حزبی (عزم) لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی حزبی (تقدم) کە حەلبوسی سەرۆکی حزبەکە و سەرۆکی پەرلەمانیان تۆمەتبار کرد بەوەی کە لە ناو حزبدا بەدیکتاتۆرانە بڕیاردەدات و بە بەکارهێنانی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ ڕکابەرەکانی، چ لەناو حزب و چ لەناو هاوپەیمانییەکە بەگشتی.[٣٤]لە "٢٢ی نیسانی ٢٠٢٢" حەلبووسی، بڕیاریدا بە دوورخستنەوەی لەیس دلێمی لە پارتی تەقەدووم ، بە تۆمەتی پابەندنەبوون بە کاری پەیڕەویی و بڕیارەکانی سەرکردایەتیی حزبەکەی و سەرپێچیکردنی لە ڕێکارەکانی پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکە. دوای ئەوەش لە "١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣" حەلبووسی بڕیاریدا بە کۆتایهێنان بە ئەندامێتی لەیس دلێمی لە ئەندامێتی پەرلەمانی عێراق. ئەم هەنگاوەی حەلبووسی بووە جێگەی نارەزایەتی ئەو پەرلەمانتارە و نیگەرانی لایەنە سوننەکان دژ بە حەلبووسی، لەوانەش هاوپەیمانی عەزم بە سەرۆکایەتیی موسەننا سامەرائی، کە بڕیارەکەی حەلبووسییان لەو کاتەدا بە تاکڕەوانە وەسف کرد. لەیس دلێمی، حەلبووسی بە ساختەکردنی نووسراوی دەست لەکارکێشانەوە تۆمەتبار کرد ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دادگای فیدراڵی بڕیاری کۆتایهێنان بە ئەندامێتی محەممەد حەلبووسی لە پەرلەمانی عێراق بهێنێت و بەمەش ڕاستەوخۆ لە پۆستەکەی دوورخرایەوە[٣٥]. ناکۆکییەکان بەردەوامی هەبوو، بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە مانگی "١١ی ٢٠٢٥"، سوننەکان بە چوار لیست بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ ناکۆکی و دژیەکی لەناو ماڵی سوننەدا. ئەو لیستانە بریتیبوون لە پارتی پێشکەوتن "حزب تقدم" بە سەرۆکایەتیی محەمەد حەلبوسی، هاوپەیمانی سەروەری "تحالف السیادة" بە سەرۆکایەتیی خەمیس خەنجەر؛ هاوپەیمانی عەزم "تحالف عزم" بە سەرۆکایەتیی موسەنا سەمەرائی؛ و کوتلەیەکی

نوێش کە لەلایەن مەحمود مەشهەدانی پێکهێنرا، کە ئەیاد عەللاوی و سیاسەتمەدارێکی عەلمانی شیعەی لەخۆگرتبوو. ململانێی درێژخایەنی نێوان کەسایەتییە کاریگەرەکانی سوننە وەک حەلبوسی و خەنجەر کە بووەتە هۆی دروستنەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو و ململانێ بۆ سەرکردایەتیکردن و کۆنترۆڵکردنی پۆستە حکومییەکان.[٣٦] لەم هەلومەرجەدا، هەرچەندە تورکیا توانیویەتی لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی بۆ هەندێک کەسایەتی و حزبی سوننە کاریگەرییەکی سنووردار دروست بکات، بەڵام بەهۆی نەبوونی باڵادەستی تەواو بەسەر سوننەکان وایکردوە کە کەسایەتی سەنتەر بێت و وابەستەی هاوسەنگی هێزی کورتخایەن بێت. لە ئەنجامدا ئەنقەرە نەیتوانیوە کاریگەرییەکانی بۆ هەژموونێکی بەردەوام لە کۆمەڵگەی سوننەی عێراقدا بگۆڕێت و ناچار بووە هاوسەنگی لەنێوان ئەکتەرە سوننە کێبڕکێکارەکاندا دروست بکات.

**دووەم/ ناجیگری دۆخی سیاسی و ئاسایشی:**

دۆخی ناسەقامگیری سیاسی و ئاسایشی عێراق بەگشتی و ناوچە سوننەکان بەتایبەتی یەکێکە لە بەربەستەکانی بەردەم هەوڵەکانی تورکیا بۆ کاریگەریی بەردەوام و هەژموونی سیاسی بەسەر هێز و نوخبە سوننەکانی عێراق ، بەهۆی ئەوەی کە سیستەمی سیاسی عێراق لەدوای "٢٠٠٣" بە لاوازی دەوڵەت و پەرلەمان و هاوپەیمانی کاتی و ڕکابەریی نێوان هێزە سیاسییەکان دەناسرێتەوە. هۆکارەکانی ناجێگری دۆخی سیاسی و ئاسایشی سوننەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابەشبوونە سیاسییە ناوخۆییانە لەناو پێکهاتەی سوننەدا ، بۆ نمونە ناکۆکی سیاسی نێوان نوخبە و هاوپەیمانە سوننەکان یەکێک لە دیارترین سەرچاوەکانی ناسەقامگیری پێکدەهێنن.

سەرەڕای کۆتایی هاتنی سەربازی داعش، ناوچە سوننەکان سەقامگیر نەبووە. ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوەیە، لەوانە بەردەوامی بوونی بەشێك لە هێزەکانی حەشدی شەعبی لەم ناوچانەدا. لەژێر ڕۆشنایی ئەم بارودۆخەدا، بیرۆکەی دامەزراندنی "هەرێمی سوننە" وەک بژاردەیەکی سیاسی سەریهەڵداوە ، کە زۆرجار لە چوارچێوەی قەیرانەکاندا سەریهەلداوە، زیاتر وەکو موزایەدەیەک بەکاردەهێنرێت نەک وەک پرۆژەیەکی هەمەلایەن. جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە بەبێ کۆدەنگی ناوخۆیی سوننە یان گەرەنتی دەستوری و جێبەجێکاری ڕوون ، دەتوانێت دابەشبوونەکان قووڵتر بکاتەوە نەک چارەسەرێکی بەردەوام بۆ کێشەی ناسەقامگیری دابین بکات. ناسەقامگیری ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق دەرئەنجامی پەیوەندیی بە دابەشبوونە سیاسییە ناوخۆییەکان و شکستی حوکمڕانی دوای داعش و لاوازی ئەدای حکومەت لە ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەکان و بەردەوامی ئاڵنگاریی ئەمنی و کاریگەرییە ناوچەییەکان هەیە.[٣٧]

لە ژینگەیەکی لەو جۆرەدا هەوڵەکانی تورکیا کاریگەریی بەردەوام و درێژخایەنی نابێت ، چونکە لەگەڵ گۆڕانی هاوسەنگییە سیاسییەکان ئەگەری کاریگەریی بەردەوام کەمدەکاتەوە. لە بارودۆخی نائەمنی درێژخایەندا، ڕەفتارەکانی نوخبە سوننەکان زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی مانەوە نەک حیساباتی ستراتیجی درێژخایەن ، بەهۆی هەڕەشەی گروپە چەکدارەکان و کێبڕکێی میلیشیاکان و نادڵنیایی ئەمنی ، نوخبە سوننەکان هاندەدات بۆ سازشکردن لەگەڵ ئەکتەرە ناوخۆییە باڵادەستەکان. هەرچەندە تورکیا ئامرازی جۆراوجۆری (ئابووری، دیپلۆماسی، کولتووری و ئەمنی) بۆ کاریگەریی لەسەر ناوچە سوننەنشینەکان بەکارهێناوە، بەڵام ناسەقامگیری سیاسی-ئاسایشی ڕێگری دەکات لەوەی ئەم ئامرازانە ببنە هۆی ئەوەی کە تورکیا هەژموونی بەسەر ماڵی سوننەکان لە عێراقدا هەبێت.

**سێیەم/ ناجێگیری پێگەی هێزە سوننەکان:** ناسەقامگیری پێگەی سیاسی و ئاسایشی سوننەکان وایکردووە سەرکردەکانیان لە یەک کاتدا لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی بیانی (تورکیا، دەوڵەتە عەرەبیەکانی کەنداو، ئەمریکا، تەنانەت ئێرانیش لەڕێگەی بەغداوە لە هەندێک حاڵەتدا) هەڵسوکەوت بکەن. بەگشتی ناسەقامگیری پێگەی هێزە سوننەکان ڕێگری دەکات لە تورکیا کە بتوانێت هەژموون بەسەر ماڵی سوننەکان دابنێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی تاڕادەیەك قورسە کۆکردنەوەی هەموو هێزە سوننیەکان لەژێر چەتری یەك هاوپەیمانێتی و فەرمان ڕاستەوخۆ لە تورکیاوە وەربگرن.

> **” سەرەڕای هەوڵەکانی تورکیا بۆ هەژموون دانان بەسەر ماڵی سوننەکان لە عێراقدا، ڕەنگە بۆ تورکیا ئاسان نەبێت کە سەرکەوتووبێت لە هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کە هەوڵی بۆ دەدات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاریی جددی دەبێتەوە: وەك: نەبوونی مەرجەعییەتی سوننی، ناجێگری دۆخی سیاسی و ئاسایشی، ناجێگیری پێگەی هێزە سوننەکان، کاریگەریی ئێران بەسەرماڵی سوننەکان لە عێراق. لە خوارەوە لەو ئاڵنگارییانە دەکۆڵینەوە“**

هەروەها گۆڕەپانی سیاسی سوننە شاهیدی سەرهەڵدانی قەوارە و هاوپەیمانی نوێ بوو لە کاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق ، ئەمەش وایکردووە کە پێگەی هێزە سوننەکان

بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بێت و هەڵوێستی هێزە سوننەکان دەگۆڕدرێن و کورسییەکانی پەرلەمانیشیان بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێوان هەڵبژاردنەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی هاوپەیمانییەکان و سەرهەڵدانی هێزی نوێ و کێبڕکێکردن لەنێوان هێزە سوننیەکاندا. هەروەها کاریگەریی دەنگدەران لەسەر ئەدای خزمەت و خواستە سیاسییەکانیان کە نەخشەی هێزە سوننەکان دووبارە دەکێشێتەوە و دەرگای هاوپەیمانی نوێ دەکاتەوە، هەر هەڵبژاردنێک هاوسەنگی هێز لەناو کایەی سیاسی سوننەدا دەگۆڕێت و دەرگای هاوپەیمانی نوێ لە بەغدا دەکاتەوە ، سەرەڕای کێبڕکێ، گۆڕانکاریی لە ژمارەی کورسی زیادە بۆ هێزە سوننەکان ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە هاوسەنگی هێز لەنێوان هێزە جیاوازەکاندا.[٣٨]

**چوارەم/ کاریگەریی ئێران لەسەرماڵی سوننەکان لە عێراقدا:**

کاریگەریی ئێران لەسەر هێز و نوخبە سوننەکانی عێراق یەکێکیترە لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم هەوڵەکانی تورکیا بۆ گەیشتن بە هەژموونی بەردەوام بەسەر ماڵی سوننەکان، ئێران توانیویەتی کاریگەریی لەسەر بەشێک لە سوننەکان هەبێت نەک بە پشتبەستن بە ناسنامەی ئایینی، بەڵکو بە ڕێگەی سیاسی، ئاسایشی و دامەزراوەیی.

ئێران پێگەی خۆی لە عێراق بەهێزکردووە ، ئەمەش لەڕێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ میلیشیا شیعەکانی وەك هێزەکانی حەشدی شەعبیەوە ، کە دوای سەرهەڵدانی داعش بۆشایی ئاسایشی لە عێراق هەبوو، ئەم هێزانە وەک هێزێکی کاریگەر دەرکەوتن و پەیوەندیی قووڵیان لەگەڵ دامەزراوە ئاسایشی و سیاسییەکانی ئێران دامەزراند، بەتایبەتی پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ سوپای قودس و فەرماندەیی تاران هەیە و کاریگەرییەکی بەهێزیان لە گۆڕەپانی سیاسی-ئەمنیدا هەیە. دواتر لە دامودەزگا فەرمییەکانی عێراقدا بە یاسایی کران، ئەم گروپ و میلیشیایانە پێگەیەکی گەورەو بەهێزیان لە قەوارەی سیاسی عێراق بە ئێران بەخشیوە ، کە بتوانێت بەرەنگاریی هەوڵەکانی تورکیا بۆ هەژموونکردن بەسەر ماڵی سوننە لە عێراق بێتەوە.[٣٩]

هەر هەوڵێك لەلایەن ئێرانەوە بۆ هەژموون دانان بەسەر ماڵی سوننەکان لە عێراق لەلایەن ئێرانەوە وەك هەڕەشە بۆسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی سەیری کردووە. بۆ نموونە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی یەکگرتووی سوننە لەدوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی "٢٠٢١" ڕووداوێکی گرنگ بوو لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق لە ساڵی "٢٠٠٣"ەوە، چونکە دیمەنی سیاسی سوننە لە مێژوودا بە دابەشبوونی ڕێکخراوەیی و ڕکابەریی کەسی لەنێوان نوخبە سیاسییەکانیدا تایبەتمەند بووە. بەڵام کاتێك هاوپەیمانی سەرووەری (تحالف سيادة الوطني) کە هاوپەیمانییەکی سیاسی عەرەبی-ئیسلامی سوننیە لە عێراق، لە "٢٠٢٢/١/٢٥"

پێکهێنراوە و لەلایەن "خمیس خەنجەر"ەوە سەرۆکایەتیی دەکرا کە کار لەسەر یەکخستن و یەکدەنگی هێزە سوننەکان دەکات بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و هاوپەیمانێتییەکان[٤٠]. ئەم گۆڕانکارییە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی بۆسەر پێگەی بەشێك لە هێزە شیعەکان ئەوانەی کە لەلایەن لە ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن هەبوو. بۆیە هێزە شیعەکان کاریان کرد بۆ گەورەکردنی دووبەرەکی لەناو هەردوو هاوپەیمانی سوننە و کورددا. هەروەها هەندێک لە هێزە شیعەکان ستراتیجێکی ناڕاستەوخۆیان پەیڕەو کرد ، کە لەسەر بنەمای کاراکردنەوەی ڕکابەرییەکانی ناو نوخبەی سوننە لەبری ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرا. ئەمەش لەڕێگەی پاڵپشتیکردنی کوتلە تایبەتەکانی سوننە لەڕووی سیاسی یان لەڕێگەی میدیاوە لەسەر حیسابی ئەوانی تر، هاندانی دووبەرەکی کەسی و ڕێکخراوەیی لەناو هاوپەیمانیدا و دروستکردنی ناکۆکی لەسەر سەرکردایەتی و نوێنەرایەتی (کێ نوێنەرایەتی سوننە دەکات؟ کێ دانوستان بەناوی ئەوانەوە دەکات؟). بەم شێوەیە فاکتەری شیعە کە لە ئاستی ناوچەییدا لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرا، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە شکسپێهێنانی بە ئەزموونی هاوپەیمانی سوننە وەک ئەکتەرێکی سیاسی یەکگرتوو.[٤١]

### دەرئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە هەوڵی تورکیا بۆ هەژموون دانان بەسەر ماڵی سوننەکان لە عێراقدا لەڕێگەی چەندین پاڵنەر و ئامڕازی جیاوازەوە بووە، بۆئەوەی ئەنقەرە پێگەی خۆی وەک هێزێکی باڵادەست لەنێو هێزە عەرەبییە سوننەکاندا جێگیر بکات. بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هەژموونی پێگەی پەکەکە و کەمکردنەوەی کاریگەریی ئێران لە عێراقدا، لەم پێناوەدا تورکیا هەوڵی زیادکردنی پێگەی قوڵایی ستراتیجی خۆی لە ناوچە سوننەکان داوە. هەروەها توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامەی کە سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی، تورکیا نەیتوانیوە سەرکەوتووبێت و پێشناچێت بەلانی کەمەوە بەم نزیکانە، بتوانێت هەژموون بەسەر ماڵی سوننەکان بکات بەو شێوەی کە ئێران لە عێراقدا هەژموونی بەسەر ماڵی شیعەکاندا هەیە.

### لیستی سەرچاوەکان:

١ - عبدالرحمن سعد الدين، إعادة التموضع.. كيف تعزز تركيا نفوذها بالعراق؟، ٨ سبتمبر، ٢٠٢٥، على الرابط الاتي:
https://rcssegypt.com/22446، تاريخ زيارة 15/12/2025.
2 - Ali، Aso M. “Turkey’s Policy toward Iraq since the First Gulf War a Power Balancing Approach.”. International Journal of Science and Management Studies (IJSMS). Volume: 7 Issue:

2. 2024.pp. 286- 293.
3 - Michael Knights..op.cit.
٤ - Roj newsداوای داخستنی سەربازگەی زێلکان و دەرکردنی سوپای تورک دەکرێت، ٢٠٢٥/٧/٣٠، لینکی ئەلیکترۆنی: https://rojnews.news/?p=608892،بەرواری سەردانیکردن: ٢٠٢٦/١/١.
5 - Michael Knights.Ibid.
٦ - عبدالرحمن سعد الدين، المصدر سبق ذكره.
٧ - بەهێز، سودانی: پەکەکە وەکو ڕێکخراوێکی قەدەغەکراو دەناسێنین، ٢٠٢٤/٧/٢٣، وێبسایتی ئەلیکترۆنی:
https://www.kurdiu.org/ku/b/557241، بەرواری سەردانیکردن 25/12/2025
8 - Ahmed Hassan Ali.Iraq، Turkey، and the Challenges of National Security. Al-Baidar Center for Studies and Planning. 2023. p. 5.
9 - Obaida Hitto. The historic and strategic foundations of Turkish-Iraqi ties. Dec 10، 2024 . available at: https://www.dailysabah.com/opinion/op-ed/the-historic-and-strategic-foundations-of-turkish-iraqi-ties. Accessed 17 Dec. 2025.
١٠ -پوریا لوایی، تیکا؛ ابزار توسعه نفوذ ترکیه در عراق، خبرگزاری تسنیم، ١٧ اسفند ١٤٠٣، https://www.tasnimnews.com/fa/news/١٤٠٣/١٢/١٧/٣٢٧٠٢٢٤/تیکا-ابزار-توسعه-نفوذ-ترکیه-در-عراق/amp.
١١ - همان منبع.
١٢ - همان منبع.
١٣ - الخنادق ، الاستثمار التركي والخليجي في الانتخابات العراقية، ١٠ تشرين أول ، ٢٠٢٥، على الرابط التالي:
https://alkhanadeq.com/post/٩٥٠٢/الاستثمار-التركي-والخليجي-في-الانتخابات-العراقية، تاريخ زيارة ٢٠٢٥/١٢/١٥.
١٤ - عبدالرحمن سعد الدين، المصدر سبق ذكره.
15 - Ali، Aso M. "Turkey's Policy toward Iraq since the First Gulf War a Power Balancing Approach.". International Journal of Science and Management Studies (IJSMS). Volume: 7 Issue: 2. 2024.p.291.
16 - Ihsane Shammari، "Iraq's Sunnis and Erdoğan: the mutual gamble...."، Centre Français de recherche sur l'Irak (CFRI)، 07/06/2024، https://cfri-irak.com/en/article/iraqs-sunnis-and-erdogan-the-mutual-gamble-2024-06-07. Accessed 17 Dec. 2025
١٧ - بغداد اليوم،تراجع نفوذ تركيا.. ضربة موجعة للأحزاب السنية في العراق، ٢٠٢٥/٣/٢٠، على الرابط التالي:
https://baghdadtoday.news/٢٧٠٣٨٩-تراجع-نفوذ-تركيا.-ضربة-موجعة-للأحزاب-السنية-في-العراق.html،
تاريخ زيارة ٢٠٢٥/١٢/١٤.
١٨ - هدى رزق، تركيا وانتخابات العراق هل من منافسة خليجية، ٢٧/ايلول/٢٠٢٥، على الرابط التالي: https://www.almayadeen.net/articles/تركيا-وانتخابات-العراق-هل-من-منافسة-خليجية ، تاريخ

الزيارة ٢٠٢٥/١٢/١٤.
١٩ - Ihsane Shammari، "Iraq's Sunnis and Erdoğan: the mutual gamble.op.cit.
٢٠ - روداو ديجيتال، الرئيس التركي يستقبل الخنجر والحلبوسي، ٢٠٢٢/٢/٢٦، على الرابط التالي: https://www.rudawarabia.net/arabic/middleeast/turkey/26022022،تاريخ الزيارة: ١/٦/٢٠٢٦
٢١ - عبدالرحمن سعد الدين، المصدر سبق ذكره.
٢٢ - هدى رزق، المصدر سبق ذكره.
٢٣ - ROJ NEWS ، الفتح: زيارة الحلبوسي والخنجر إلى أنقرة هي امتداد للمشروع التركي ، ٢٠٢٢/٢/٢٧، على الرابط التالي:
https://rojnews.news/ar/?p=٩١٠٣٦، تاريخ زيارة ٢٠٢٥/١٢/١٤.
٢٤ - فاضل النشمي، صورة إردوغان وقادة أحزاب سنية تفجر جدلا في العراق: تضارب المعلومات بشأن مضمون الاجتماع... ومصدر: ناقش كركوك والبرلمان ، ٢٠٢٤/٤/٢٣، على الرابط التالي : https://aawsat.com/العالم-العربي/المشرق-العربي/٤٩٨٠٩٤٦-صورة-إردوغان-وقادة-أحزاب-سنية-تفجر-جدلا-في-العراق، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/١٢/١٤.
٢٥ - المعلومة، مسؤول في المخابرات التركية يصل إلى العراق لإدارة التحالفات السنية، ١٦ تشرين الثاني، ٢٠٢٥، على الرابط التالي: https://almaalomah.me/news/115571/politics/مسؤول-في-المخابرات-التركية-يصل-إلى-العراق-لإدارة-التحالفات-ا ، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/١٢/٢٣.
٢٦ - المعلومة، المصدر نفسه.
٢٧ - يوسف العلي، المجلس السياسي" بالعراق.. مظلة حقيقية للسنة أم تحالف لتقاسم الحصص؟، على الرابط الأتي:
https://www.alestiklal.net/ar/article/mzlh-jamah-hl-tnthy-mhmh-almjls-alsny-fy-alaraq-bad-twzya-almnasb، تاريخ الزيارة 2/1/2026.
٢٨ - الجزيرة، محافظة الأنبار، 4/1/2014، على الرابط الأتي: https://www.aljazeera.net/news/2014/1/4/محافظة-الأنبار، تاريخ الزيارة 24/12/2025.
29 - Shafaq News. Turkiye fuels Mosul's revival with investments and trade links. 2025-01-27. available at: https://shafaq.com/en/World/Turkiye-fuels-Mosul-s-revival-with-investments-and-trade-links. Accessed 17 Dec. 2025
٣٠ - صفاء الكبيسي ،العراق يوثق العلاقات التجارية مع تركيا بعد العقوبات الجديدة على إيران،٤ أكتوبر ٢٠٢٥، على الربط الأتي، https://url-shortener.me/51XB، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/١٢/٢٤.
31 - Shafaq News.Op.Cit.
٣٢ -هدى رزق، المصدر سبق ذكره.
٣٣ - المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة ، تفكك التحالفات: أسباب نشوب الخلاف بين القوى السنية في العراق ، ١٤ فبراير ٢٠٢٣، على الرابط الأتي : https://futureuae.com/o.rar/Mainpage/Item/8018/تفكك-التحالفات-أسباب-نشوب-الخلاف-بين-القوى-السنية-في-العراق، تاريخ زيارة ٢٠٢٦/١/١٩.
٣٤ - المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة ، المصدر سبق ذكره.
٣٥ - ئاری غازی، لەیس دڵێی کێیە و حەلبووسی بۆ لە پۆستەکەی دوورخرایەوە؟٢٠٢٣/١١/١٤، لینکی ئەلیکترۆنی:https://www.kurdistan24.net/ckb/story/246560#:~:text=K24%20–%20

هەولێر:٪٢٠دادگای٪٢٠فیدراڵی٪٢٠بڕیاری٪٢٠کۆتاییهێنان،عێراق٪٢٠هێنا٪٢٠و٪٢٠بەمەش٪٢٠
راستەخۆ٪٢٠لە٪٢٠پۆستەکەی، بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٦/١/١٩.
٣٦ - هدى رزق، المصدر سبق ذكره.
٣٧ - مهند فارس، إقليم السنة في العراق...محركات طائفية أو تهميش سياسي؟ ٢٠٢٦/١٢/١٣، على الرابط الاتي:
https://raseef22.net/article/1098107-إقليم-السنة-في-العراق-محركات-طائفية-أو-تهميش-سياسي، تاريخ الزيارة ٢٠٢٦/١/١٨
٣٨ - علي مبارك عبدالنبي،تحليل تطور التحالفات السياسية السنية في العراق:دراسة مقارنة بين انتخابات ٢٠٢١ و٢٠٢٣،
٢٠٢٥/٩/٦، على الرابط الاتي:
https://www.bayancenter.org/2025/09/14317/#:~:text=تُظهر٪٢٠نتائج٪٢٠المقارنة٪٢٠بين٪٢٠انتخابات،الاحتمالات٪٢٠في٪٢٠أي٪٢٠استحقاق٪٢٠مقبل.، تاريخ الزيارة ٢٠٢٦/١/٢٠
39 - Md. Thowhidul Islam، A. K.M. Iftekharul Islam & Anowara Akter 2025. Iranian theological influence on Iraqi politics:A realist interpretation. International Journal of Islamic Thought. Vol. 28 (Dec.): 64-76
٤٠ - الخنادق ، الاستثمار التركي والخليجي في الانتخابات العراقية، المصدر سبق ذكره. ٢٠٢٥.
٤١ - المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة ، تفكك التحالفات: أسباب نشوب الخلاف بين القوى السنية في العراق ، ١٤ فبراير ٢٠٢٣، على الرابط الأتي : https://futureuae.com/o.rar/Mainpage/Item/8018/تفكك-التحالفات-أسباب-نشوب-الخلاف-بين-القوى-السنية-في-العراق، تاريخ زيارة ٢٠٢٦/١/١٩.



# ستراتیج و ململانێی تورکیا و ئیسرائیل لە دوورگەی قوبرس

احمد سیروانی
بەڕێوەبەری نووسینی وەرزنامەی تورکیاناسی

## پێشەکی

لە سێبەری ململانێ نێودەوڵەتی و هەرێمییەکاندا دوورگەی قوبرس بووەتە مەیدانێکی نوێی یەکلایکردنەوەی ڕکابەرییەکانی ئەنقەرە و تەلئەبیب، هەریەک لە یۆنان، ئیسرائیل و قوبرسی ڕۆمی لوتکەی سێقۆڵی گرێدەدەن و تورکیاش لوتکەکە بە هەوڵێک بۆ کەنارخستن و گەمارۆدانی خۆی دەزانێت.

تەلئەبیب سیاسەت و دیپلۆماسی و هێزی ئەنقەرە بە ڕێگری سەرەکی لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەی داود دەبینێت. هەربۆیە پشتیوانییەکانی بۆ قوبرسی باشوور تەنها لەچوارچێوەی ڕێککەوتن و بواری بازرگانی و وزەدا نەماوەتەوە، بەڵکو گەیشتووەتە ئاستی پشتیوانی و هەماهەنگیی هەواڵگری، ئەمنی و سەربازی. ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە ئەنقەرە بە هەڕەشەیەکی ژیاریی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی دادەنێت و پێی وایە پێویستە سەرجەم وڵاتانی سەر دەریای ناوەڕاست ڕێگربن لە "دووبارەبوونەوەی سیناریۆی فرۆشتنی خاکی فەلەستین لە پێش و دوای جەنگی جیهانی یەکەم"و دامەزراندنی ئیسرائیلێکی دیکە لە دڵی دەریای ناوەڕاستدا.

کاتێک گوێبیستی وشەی "قوبرس"دەبین، بیرمان بەلای کۆمارێکی تورکیدا دەڕوات کە تەنها لەلایەن کۆماری تورکیاوە دانی پێدانراوە، لە هەمانکاتدا "قوبرس"ئاماژەیە بۆ نیمچەدوورگەیەک لە "سێکس، سپیکردنەوەی پارە و بازرگانیی خوێندن".

لە ئێستادا کێشەی قوبرس تەنها وەک بابەتی دوو وڵاتی بەستراوە بە تورکیا و یۆنانەوە تەماشا ناکرێت، بەڵکو ڕەهەندی فراوانی هەرێمی و جیهانیی وەرگرتووە، بەجۆرێک هەردوو جەمسەری ڕۆژئاوا (ئەمریکا، ئەوروپا و ئیسرائیل) و ڕۆژهەڵات (چین، ڕوسیا و تورکیا) دەست دەخەنە کاروباری دوورگەکە و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دژی بەرەی نەیار بەکاریدەهێنن.

لەم توێژینەوەیەدا لەگەڵ ناساندنی دوورگەی قوبرس و ڕەهەندە مێژوویی، بازرگانی و سیاسییەکانی کێشەکەی، دواین پێشهاتەکانی پەیوەست بە ململانێکانی باکور و باشووری دوورگەکە و دەستتێخستنی وڵاتانی هەرێمی و ناوچەیی و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل و یۆنان خراوەتەڕوو. لە هەمانکاتدا ئاماژە بە کاریگەریی کێشەی قوبرس لەسەر دۆزی کورد بەتایبەت لە تورکیا دراوە، دواجار تیشکخراوەتە سەر چاوەڕوانییەکان بۆ ئایندەی کێشەی قوبرس و قۆڵبادانی ئەنقەرە و تەلئەبیب لە دوورگەکەدا.

**چەند سەرنجێکی گرنگ:**

١. مەبەست لە دەستەواژەی (قوبرس) تەواوی دوورگەی قوبرسە کە دەوڵەتی قوبرسی باشوور (ڕۆمی)ی لەسەر دامەزراوە و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهانەوە دانی پێدانراوە.
٢. مەبەست لە دەستەواژەکانی (قوبرسی ڕۆمی، قوبرسی باشوور) ئەو ناوچەیەیە کە دەکەوێتە باشووری دوورگەکە و لەگەڵ پشتیوانی یۆنان دانپێدانی نێودەوڵەتیی هەیە.
٣. مەبەست لە دەستەواژەکانی (قوبرسی باکور، قوبرسی تورکی) بەشی باکوری دوورگەی قوبرسە و زۆرینەی دانیشتوانەکەی تورکن و لەلایەن تورکیاوە پشتیوانی دەکرێت.
٤. مەبەست لە دەستەواژەکانی (نیقۆسیا/ لیفکۆشیا) پایتەختی (قوبرسی ڕۆمی/ باشوور)ە.

**تەوەری یەکەم/ جوگرافیا و دۆخی سیاسی دوورگەی قوبرس و دەستێوەردانەکانی تورکیا**

دوورگەیەک لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی عوسمانی و دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن بەریتانییەکانەوە بووەتە کێشەیەکی گەورە لەنێوان دانیشتوانی باکور و باشووری دوورگەکە و تورکیا و یۆنان. سەرەڕای ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و یۆنان و بەریتانیا بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخی دوورگەکە دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەژێردەستی بەریتانیا لە ساڵی "١٩٦٠"، کودەتای هێزە ڕۆمییەکانی باشووری دوورگەکە لە ساڵی "١٩٦٣"و پاشان ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە ساڵی "١٩٧٤"و دواتر ڕاگەیاندنی کۆمار تورکیی قوبرسی باکور لە ساڵی "١٩٨٤"، وەک دیفاکتۆ لەسەر خاکی قوبرس دوو دەوڵەت هاتوونەتە کایەوە. کە قوبرسی باکور (٥٩٪) خاکەکە و بەشە باشوورەکەشی (٣٩٪) و (٥٪) خاکەکەش وەك ناوچەی قەدەغە کراو دیاریکراوە.

دوورگەی قوبرس دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا و بە سێیەم دوورگەی نزیک لە تورکیا دادەنرێت لە دەریای سپی/ ناوەڕاست لەدوای دوورگەکانی سیجیلیە و سەردینیا. دوورگەکە کەوتووەتە (٦٥)کم باشووری تورکیا، (١١٢)کم ڕۆژئاوای سوریا و (٢٦٧)کم ڕۆژئاوای ئیسرائیل و (١٦٢)کم ڕۆژئاوای لوبنان، (٤١٨)کم باکوری میسر و (٩٦٧)کم باشووری

ڕۆژهەڵاتی یۆنان.
بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی "١٩٦٠"دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی کۆماری قوبرس (٨٢٪)ی دانیشوانی دوورگەکە ڕۆم بوون و (١٨٪)ی تورک بوون. تا ساڵەکانی "١٩٨٠"ڕێژەیەکی زۆر کەم لە ئینگلیز و ئەرمەنی و مارونیی تێدا ژیاوە. دوای ڕاگەیاندنی کۆماری قوبرس ی باکوری تورکی "Kuzey Kıbrıs Türk Cumhuriyeti" (KKTC) بەهۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی نیمچەدوورگەکە بۆ تورکیا، بەریتانیا، ئوستورالیا و ئەمریکا، لە هەمانکاتدا کۆچی هاوڵاتیانی تورکیا بۆ نیمچەدوورگەکە دیمۆگرافیای ناوچەکە بەتەواوی گۆڕاوە و ژمارەی ئەو تورکانەی لە بنەڕەتدا خەڵکی تورکیان نەک قوبرس زیادیکردووە.
بەگوێرەی نوێترین ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی دانیشتوانی قوبرس تا "٢٥"ی کانوونی دووەمی "٢٠٢٦"(ملیۆنێک و ٣٧٧ هەزار و ٧٧٢) کەسە[١]. بەپێی دواین ئاماری دەزگای خزمەتگوزاریی ئاماری قوبرسی باشوور ژمارەی دانیستوانی قوبرسی ڕۆمی لە کۆتایی ساڵی "٢٠٢٤"دا (٩٨٣ هەزار) کەس بووە[٢]. بەڵام ژمارەی دانیشتووانی قوبرسی باکور لە ساڵی "٢٠٢٣" بەگوێرەی ئاماری دەزگای ئاماری ئەو وڵاتە (٤٧٦ هەزار و ٢١٤) کەسە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرەی ئۆپۆزسیۆن بڕوای بەو ئامارانە نییە و پێی وایە ژمارەی دانیشتوان نزیکەی (ملیۆنێک و ٢٠٠ هەزار) کەس دەبێت[٣]. لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوە دەکرێت نزیکەی نیوەی دانیشتوانی قوبرسی باکور لە تورکیاوە کۆچیان بۆ نیمچەدوورگەکە کردووە[٤].




سەرچاوە: (https://www.a-maverick.com/blog/cyprus-the-island-that-coppers-namedafter)

هەرچەندە قوبرسی باشوور لەلایەن زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهانەوە وەک کۆمارێک دانیپێدانراوە و لە ساڵی "٢٠٠٤"یشەوە بووەتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام قوبرسی باکور تەنها لەلایەن تورکیاوە دانیپێدانراوە و هاوڵاتیانیشی بە پاسپۆرتی کۆماری تورکیا گەشتی دەرەوەی وڵاتەکەیان دەکەن. سەرەڕای دانپێدانانی چەند وڵاتێکی تورکی زمان و دۆست و هاوپەیمانی تورکیا بە کۆماری قوبرسی باشووردا، بەڵام هەمان ئەو وڵاتانە ئامادەنین دان بە کۆماری قوبرسی باکوردا بنێن.

دەستوەردانی ئەنقەرە لە کاروباری قوبرس دا دەگەڕێتەوە بۆ پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەیزوریخ "Zürih Antlaşması"ی نێوان کۆماری قوبرس ، یۆنان، تورکیا و بەریتانیا کە لە "١١"ی شوباتی "١٩٥٩"واژۆکراوە[٥] ، لە هەمانکاتدا پێشێلکردنی دەستوری ساڵی "١٩٦٠"ی کۆماری قوبرس [٦]، بەتایبەت پێشێلکردنی ماددەی (١٨١)ی دەستوورەکە کە تیایدا ئاماژە بە ڕێگەدان بە دەستوەردانی تورکیا دەکات لە کاروباری کۆماری قوبرس "لە دۆخی دروستبوونی مەترسی لەسەر سەربەخۆیی کۆماری قوبرس و یەکپارچەیی خاکەکەیی و جێبەجێنەکردنی ماددەکانی دەستوور"، ئەمەش بە گرەنتی بەریتانیا و یۆنان و تورکیا.

دوای کودەتاکەی بەرەی ڕاستڕەوی توندی ڕۆمی لە ساڵی "١٩٧٤"و چڕبوونەوەی فشار و هێرشەکان بۆسەر تورکەکانی قوبرس ، سوپای تورکیا لە تەمووزی ئەو ساڵەدا ئۆپەراسیۆنی (ئاتیلا-١ Atilla-١)ی بۆسەر باکوری قوبرس ئەنجامدا، لەم هێرشەدا سوپای تورکیا پشتیوانی ناوخۆیی باکوری قوبرس و ڕەوایەتی نێودەوڵەتیشی بەدەستەوە بوو، سەرەڕای دەستپێکردنی دانوستان لەنێوان ڕۆم و تورکەکانی قوبرس ، بەڵام سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی دیکەی بەناوی (ئاتیلا-٢ Atilla-٢) ئەنجامدا، بەمجۆرە تورکیا دەستیگرت بەسەر نزیکەی (٣٦٪)ی خاکی قوبرس لە بەشی باکورەوە[٧]. هەرچەندە ڕەوایەتی نێودەوڵەتیی بۆ ئۆپەراسیۆنی دووەمی سوپای تورکیا دەستەبەر نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەو ناوچانە نەکشایەوە و وەک بەشێک لە خاکی تورکیا پارێزگاری لێدەکات.

دوای نزیکەی "٩"ساڵ بێدەوڵەتی، لە "١٥"ی تشرینی دووەمی "١٩٨٣"کۆماری تورکیی قوبرسی باکور ڕاگەیەنرا، بەڵام جگە لە تورکیا هیچ دەوڵەتێکی دیکە بە فەرمی دانی پێدانەناوە.

لە ئێستادا "٤٠"هەزار سەربازی سوپای تورکیا لەژێر ناوی "هێزی ئاشتی Barış Gücü"لە قوبرسی باکور بوونیان هەیە، بەم پێیە هەر (٨) هاوڵاتی نیمچەدوورگەکە لەلایەن سەربازێکی تورکیاوە پارێزگاریان لێدەکرێت. لەلایەکی دیکەوە هێزێکی ئەمنی بەناوی "فەرماندەیی هێزە ئەمنییەکان Güvenlik Kuvvetleri Komutanlığı (GKK) دامەزرێنراوە، ئەم هێزە پێکهاتووە لە دانیشتوانی تورکی قوبرسی باکور و پێویستە هەر هاوڵاتییەک (٨ بۆ ١٥) مانگ لەچوارچێوەی خزمەتی سەربازیی ناچاریدا بەشداری تێدا بکات. ژمارەی ئەم هێزە بە نزیکەی (٥) هەزار سەرباز دەخەمڵێنرێت. هێزەکانی پۆلیسیش سەر بەم فەرماندەییەن.

ئەم فەرماندەییەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپای تورکیاوە[٨]. واتە هیچ هێزێکی ئەمنی و سەربازی لە نیمچەدوورگەکەدا بوونی نییە کە فەرمان لە سەرۆک کۆمار و سەرۆکوەزیران و بەرپرسە باڵا ئەمنی و سەربازییەکانی کۆماری تورکیی باکوری قوبرس وەربگرێت. ئەمەش مەترسییەکی گەورەی بۆیان دروستکردووە و لە هەر ئەگەرێکی دژایەتیی حکومەت و خەڵکی ناوچەکە بۆ تورکیا، دەکرێت ئەنقەرە لەڕێگەی هێزی سەربازییەوە و لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی وڵاتەکەیدا سەرکوتی دەنگە ناڕازییەکان بکات.

**" لە سێبەری ململانێ نێودەوڵەتی و هەرێمییەکاندا دوورگەی قوبرس بووەتە مەیدانێکی نوێی یەکلاکردنەوەی ڕکابەرییەکانی ئەنقەرە و تەلئەبیب، هەریەک لە یۆنان، ئیسرائیل و قوبرسی ڕۆمی لوتکەی سێقۆڵی گرێدەدەن و تورکیاش لوتکەکە بە هەوڵێک بۆ کەنارخستن و گەمارۆدانی خۆی دەزانێت "**

هەرچەندە لە ماددەی (١١٧)یەمی دەستووری کۆماری تورکیی قوبرسی باکور هێزەکانی پۆلیس، ئەمنی و سەربازی بە دەسەڵاتی مەدەنی کۆمارەوە گرێدراون[٩] ، بەڵام دواتر بە زیادکردنی "ماددەی (١٠)یەمی کاتی"بۆ ماددەی (١١٧)یەم، تەواوی بڕگەکانی ماددەی (١١٧)یەم "بەشێوەیەکی کاتی هەڵپەسێردران"و دەسەڵاتی فەرمانکردن بەسەر هێزە ئەمنی و سەربازییەکان و پۆلیسی قوبرسی باکور درایە دەست سوپای تورکیا[١٠].

**تەوەری دووەم/ کێشەی قوبرس و هەوڵە دبلۆماسیەکان**

هەرچەندە گفتوگۆکانی نێوان قوبرسی باکور و باشوور بەردەوامی هەبووە، بەڵام تا ئێستا هیچ بەرەوپێشچوون و دەرەنجامێکی ئەرێنی بەدینەهاتووە. قوبرسی ڕۆمیی باشوور بە پشتیوانی ئەوروپا بە گشتی و یۆنان بەتایبەتی جەخت لەسەر سیستەمی یەک دەوڵەتی و باڵادەستی ڕۆمەکان بەسەر دەوڵەت و جومگە سەرەکییەکانی فەرمانڕەوایی دەکاتەوە، تورکەکانی دوورگەکەش وەک کەمینەیەک مافی خۆیان پێدەدرێت. لە بەرامبەردا قوبرسی باکور بە پشتیوانی تورکیا جەخت لەسەر شێوازی فەرمانڕەوایی دوو دەوڵەتی بۆ باکور و باشووری دوورگەکە دەکاتەوە. هەردوولا بەڵگە و بەهانەی خۆیان هەیە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان، بەڵام بەڵگەی بەهێز بریتییە لە بوونی هێزی پشتیوانی و باڵادەست و دەوڵەتی

دۆست و خاوەندار بۆیان.

هەرچەندە دەیان جار کۆبوونەوەی دووقۆڵی و پێنج قۆی و سێ قۆڵی بۆ ئەم کێشەیە ئەنجامدراوە، جگە لە هەردوو قوبرس و یۆنان و تورکیا و بەریتانیا، تا ئێستا ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەگرتووەکان دەستوەردان یاخود پێشنیازی جیاوازیان بۆ چارەسەری کێشەی قوبرس کردووە. کۆتا جار لە "١٧-١٨"ی ئازاری "٢٠٢٥"لە جنێفی پایتەختی سویسرا بە چاودێریی نەتەوە یەگرتووەکان و بەشداری تورکیا و یۆنان و بەریتانیا وەک دەوڵەتی گەرەنتیکار و پشتیوانی دانوستان و ڕێککەوتنەکان قوبرسی باکور و باشوور کۆبوونەوە، بەڵام لەو کۆبوونەوەیەشدا بەهۆی جەختکردنەوەی ڕۆمەکانی باشوور لەسەر جێبەجێکردنی سیستەمی تاک دەوڵەتی و پەیوەندیی توند لەگەڵ یۆنان و یەکێتی ئەوروپا، لە بەرامبەردا جەختکردنەوەی تورکەکانی باکوری قوبرس لەسەر سیستەمی دوو دەوڵەتی لە دوورگەی قوبرس [11] هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی لە کۆبوونەوەکانەوە بەدەست نەهات.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیایش Milli Güvenlik Kurulu (MGK) لە کۆتا کۆبوونەوەیدا لە "٣٠"ی ئەیلوولی "٢٠٢٥"جارێکی تر جەختی لەسەر "سیستەمی دوو دەوڵەتی"بۆ چارەسەری کێشەی قوبرس کردووەتەوە[12].

ئەگەرچی تا ساڵانی "٢٠١٥"بنەمای یەککگرتوویی گەلان و ئەندامبوون لە یەکێتی ئەورپا لەلایەن باشووری قوبرسەوە وەک بەهانە بۆ جەختکردنەوە لەسەر سیستەمی یەکدەوڵەتی و باڵادەستی ڕۆمەکان بەسەر دەوڵەت و جومگە سەرەکییەکانی فەرمانڕەوایی بەکارهێنراوە و بەشی تورکی ڕەتیکردووەتەوە، ئێستا دۆزینەوەی سەرچاوە سروشتییە جیاوازەکانی وەک (هایدرۆکاربون و غازی سروشتی) لە سنورە ئاوییەکانی دوورگەکە لە دەریای ناوەڕاست، هەردوولا زیاتر هاندەدات بۆ هەوڵدانیان بە ئاراستەی گفتووگۆ و دانوستان[13] ، لەگەڵ ئەوەشدا سوربوونی باکور و باشووری قوبرس لەسەر تێڕوانینی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی دوورگەکە، دەستوەردانی تورکیا و یۆنان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کێشەکە، هاتنەناوەوەی هێزی دیکەی وەک ئیسرائیل و میسر لە ململانێکانی دەریای ناوەڕاست بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی وزە و بازرگانیی دەریایی بووەتە هۆی بە بنبەست گەیشتنی گفتووگۆکانیان. بەتایبەت بەهۆی سوربوونی تورکیا لەسەر جێبەجێکردنی سیستەمی دوو دەوڵەتی، لەبەرئەوەی لەسەرجەم ڕووەکانەوە، بەتایبەت لە بواری ئابووریی قوبرسی تورکی بەستراوەتەوە بە کۆماری تورکیا و ساڵانە بەشێک لە خەرجی نیمچەدوورگەکە لە بودجەی تورکیاوە دەستەبەر دەکرێت، لە بوجەی ساڵی "٢٠٢٥"ی تورکیا نزیکەی (٣٥٠) ملیۆن دۆلار بۆ خەرجی گشتی و وەبەرهێنان لە قوبرسی باکور تەرخانکراوە[14] ، بەڵام بە دانپێدانانی کۆماری قوبرسی باکور لەلایەن نەتەوە یەگرتووەکانەوە ئیدی تورکیا نەک ڕزگاری دەبێت لە دابینکردنی بودجەی ساڵانە بۆ قوبرس، بەڵکو لەڕێگەی دەرهێنان و فرۆشتنی سامانی

سروشتیی سنورە ئاوییەکانی ئەو نیمچە دوورگەیەوە داهاتێکی زۆرباشی دەستدەکەوێت. دەکرێت هۆکارێکی دیکەی بە بنبەستگەیشتنی دانوستانەکان پەیوەندیی بە تورکیاوە هەبێت، لەبەرئەوەی لە جێبەجێکردنی باشترین بژاردەی دڵخوازی تورکیا کە سیستەمی دوو دەوڵەتییە، قوبرسی باکوریش سەروەری خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەردەگرێت، لە دۆخێکی لەمجۆرەدا ئاسانە بەرپرسانی قوبرسی تورکی دەستخستنە کاروباری وڵاتەکەیان لەلایەن تورکیاوە ڕەتبکەنەوە و ڕێگەنەدەن بە ئاسانی ئەنقەرە مامەڵە بە سامانی ژێرزەوی و دەریاییانەوە بکات. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی بەردەوام تەوژمێکی دژە ئەنقەرە لە قوبرسی باکور بوونی هەیە و دەکرێت بەردەوام لە چالاکیدان. لە هەمانکاتدا بەرپرسانی قوبرسی باکور دەستکراوە دەبن لە مامەڵە و واژۆکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بەتایبەت لە بواری بازرگانی، سەرچاوەکانی وزە و سەربازی.

> ” هەرچەندە قوبرسی باشوور لەلایەن زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهانەوە وەک کۆمارێک دانیپێدانراوە و لە ساڵی "٢٠٠٤"یشەوە بووەتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام قوبرسی باکور تەنها لەلایەن تورکیاوە دانیپێدانراوە و هاوڵاتیانیشی بە پاسپۆرتی کۆماری تورکیا گەشتی دەرەوەی وڵاتەکەیان دەکەن “

کۆتیهاتی کۆبوونەوەکەی جنێڤی "١٧-١٨"ی ئازاری "٢٠٢٥"لەکاتێکدایە پەیوەندییەکانی تورکیا و یۆنان لە ساڵی "٢٠٢٣"وە بەرەو باشی دەڕوات و دیدار و کۆبوونەوەی سەرۆککۆماری تورکیا و سەرۆکوەزیرانی یۆنان ساڵانە ئەنجامدەدرێت و هەردوولا جەخت لەسەر "سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکان بۆ ئاشتی و کاری هاوبەش لەبری ڕکابەری و دژایەتی یەکدی"دەکەنەوە[١٥].

ئەزموونی زیاتر لە "٤٠"ساڵی کۆماری تورکیی قوبرسی باکور -هەرچەندە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانراو نەبێت- و پشتیوانیی بەردەوامی تورکیا لێیان، زیاتر هانیان دەدات بۆ جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی سیستەمی دوو دەوڵەتی بۆ دوورگەی قوبرس، لە بەرامبەردا مەترسی ڕۆمەکانی قوبرسی باشوور و یۆنان لە ئەگەری دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە قوبرسی باکوردا هیچ جۆرە پێشنیاز و دەستپێشخەرییەکی قوبرسی باکور و تورکیا قبوڵ ناکەن و ئامادەنین وەک هاوئاستی خۆیان بیانبینن، بەڵکو تا ئێستا وەک هاوڵاتی دوورگەی قوبرس هەژماریان دەکەن نەک کۆماری تورکیی قوبرسی باکور.

ئەمە جگەلەوەی پێشفەچوونەکان لە پەیوەندییەکانی قوبرسی باشوور و یۆنان لەگەڵ ئیسرائیل هێزی زیاتر بە نیقۆسیا دەبەخشێت بۆ جەختکردنەوەی لە یەکگرتوویی قوبرس لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا.
دۆخەکە بەمجۆرە بێت و تەنها لەسەر بانگهێشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە گرەنتی تورکیا و یۆنان و بەریتانیا باکور و باشووری قوبرس کۆببنەوە، ئومێدی گەیشتنە ئەنجام و ڕێککەوتنێکی فراوان و چارەسەرکردنی کێشەی قوبرس بوونی نییە.

**تەوەری سێیەم/ بەرەی سێقۆڵی قوبرسی ڕۆمی، یۆنان و ئیسرائیل**

دوای دەستبەسەرداگرتنی قوبرسی باکور لەلایەن تورکیاوە، هەریەک لە بەشی باشوور و باکوری دوورگەکە بە پشتیوانی ئەسینا و ئەنقەرە لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی هەرێمی و نێودەوڵەتی. ئەوەی ڕوونە بەهۆی ئەوەی قوبرسی ڕۆمی پشتیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپای هەیە ، توانیویەتی وەک دەوڵەتێک لە ئاستی نیودەوڵەتی و هەرێمایەتی مامەڵە بکات، بەڵام قوبرسی باکور تەنها لەڕێگەی تورکیاوە دەتوانێت پەیوەندیی دروست بکات و هەر جۆرە ڕێککەوتنێکیشی دواجار وەک ڕێککەوتنی ئەنقەرە لەگەڵ لایەنی بەرامبەر هەژمار دەکرێت، هەڵبەت تاوەکو ئێستا هیچ دەوڵەت و کۆمپانیا و دامەزراوەیەک ئامادە نین مامەڵە لەگەڵ قوبرسی باکور خۆی یاخود وەک بەشێک لە تورکیا بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێدراوانە مانای ئەوە نییە کە قوبرسی ڕۆمی مافی خاوەندارێتی تەواوی دوورگەکەی هەبێت و قوبرسی باکوریش وەک ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەردوولا و ئەنقەرەش وەک داگیرکەر وێنا بکرێت، بەڵکو ئەوە ڕۆمەکانی قوبرس بوون دوای واژۆکردنی ڕیککەوتننامەی ئاشتی لە دوورگەکە و بە چاودێری و گرەنتیی بەریتانیا، یۆنان و تورکیا کودەتای سەربازیان ئەنجامدا و ڕیگەخۆشکەربوون بۆ هاتنەناوەوەی سوپای تورکیا و بەجۆرێک لە جۆرەکان جیابوونەوەی قوبرسی تورکی و لەتبوونی دوورگەکە بۆ دوو وڵات.
یۆنان هێندە خاوەندارێتی لە قوبرس دەکات، لە ساڵی "١٩٩٨"پێشنیازی ئەندامبوونی قوبرسی باشووری لە یەکێتی ئەوروپا کرد و دوای شەش ساڵ لە فشار و لۆبی بۆی دواجار لە ساڵی "٢٠٠٤"وەک ئەندامی یەکێتییەکە پەسەندکرا. هەروەها یۆنان وەک ئەندامێکی چالاک و کاریگەری یەکێتی ئەوروپا مەرجی پێشوەختەی بۆ دانان بە قوبرسی باشوور و کردنەوەی باڵیۆزخانەی وڵاتەکانیان لە قوبرس بۆ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست دانا ، کە تەواوی ئەو وڵاتانە تورکن و ئەندامی "ڕێکخستنی دەوڵەتە تورکییەکان"ن لە بەرامبەر پێشکەشکردنی بڕی (١٢) ملیار یۆرۆ لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە بەو وڵاتانە[١٦].. وەک پێشتردا ئاماژەمان پێدا. دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکانی قوبرسی نیقۆسیا لەگەڵ ئەسینا بە هەمانجۆری

پەیوەندییەکانی قوبرسی باکور و تورکیا وەک پەیوەندیی هەرێمێک و ناوەندیی وڵات یاخود پارێزگایەک و پایتەخت وایە. لەگەڵ ئەوەشدا نیقۆسیا لە ئاستی ناوخۆ، هەرێمی و نێودەوڵەتیش خاوەن سەروەریی خۆیەتی.
ئەگەرچی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و قوبرسی رۆمی لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی ئابوری و بازرگانی و بواری وزە بوویێت، لە ئێستادا ئەم پەیوەندییانە گەیشتووەتە ئاستی هاوپەیمانیی ستراتیجی، بەجۆرێک لە کاری هاوبەشی دەریایی و وزەوە پەلی هاویشتووە بۆ هەماهەنگی لە پیشەسازیی بەرگری و هەواڵگریدا.

**” ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا**
**Milli Güenlik Kurulu (MGK) لە کۆتا کۆبوونەوەیدا**
**لە "٣٠"ی ئەیلوولی "٢٠٢٥" جارێکی تر جەختی لەسەر"سیستەمی**
**دوو دەوڵەتی" بۆ چارەسەری کێشەی قوبرس کردووەتەوە “**

پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و قوبرسی رۆمی بۆ سەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی (٢١) دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی پرۆژەی بەستنەوەی ئیسرائیل و قوبرسی باشوور بە یۆنان و یەکێتیی ئەوروپاوە "EuroAsia Interconnector"وەک پرۆژەیەکی ستراتیژی هاوبەشی نێوان هەرسێ وڵات کەوتە بەرباس و خواس، بەجۆرێک هێڵێکی کێبڵی گواستنەوەی کارەبا لە یۆنانەوە بەرەو قوبرسی باشوور و پاشان بۆ ئیسرائیل بە درێژایی (هەزار و ٢٠٨) کیلۆمەتر بڕی دوو هەزار مێگاوات بۆ سێ ملیۆن پێگە لە قوبرسی باشوور و ئیسرائیل دابین دەکات[١٧]. ئەم پرۆژەیە لە ساڵی "٢٠١٠"وە قسەی لەسەرکراوە و بڕیاربوو لە کۆتایی "٢٠٢٥"تەواو بکرێت. لە بەرامبەردا باس لە هەوڵی جددی دەکرێت بۆ گواستنەوەی غازی ئیسرائیل لەڕێگەی قوبرسی باشوور و یۆنانەوە بۆ ئەوروپا لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی ستراتێژیدا. گرنگی ئەم پرۆژەی کارەبایە لەوەدایە بودجەکەی لەلایەن یەکێتیی ئەوروپاوە دابین دەکرێت، ئەمەش لە پێناو دۆزینەوەی بازاڕێکی نوێ بۆ کەرتی وزەی کارەبا و ئەوروپا و لەمەش گرنگتر هەروەک (ئەڵسرا ڤان دێر لەیەن Leyen der von Ursula) سەرۆکی ئەوکاتەی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەوروپا جەختی لەسەر کردووەتەوە "بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی جێگرەوەی غازی روسیا بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و ڕزگاربوونی یەکێتییەکە لە وابەستەیی سوتەمەنی بە مۆسکۆوە"[١٨].
پرۆژەی "بۆری ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست"
Eastern Mediterranean pipeline (East-Med) پرۆژەیەکی ستراتێژییە بۆ گواستنەوەی غازی ئیسرائیل لەڕێگەی قوبرسی باشوور و یۆنانەوە بۆ ئەوروپا. لە ساڵی "٢٠١٣"بیرۆکەی

پرۆژەکە گەڵاڵە بووە و یەکێتیی ئەوروپاش لەپێناوی کەمکردنەوەی وابەستەیی بە غازی ڕوسیاوە پشتیوانی لەم پرۆژەکە دەکات کە لە "٢"ی کانوونی دووەمی "٢٠٢٠"هەریەک لە ئیسرائیل و قوبرسی باشوور و یۆنان بە فەرمی ڕێککەوتنیان لەسەر جێبەجێکردنی واژۆ کردووە[١٩] و پێویست بوو تاوەکو کۆتایی "٢٠٢٥"تەواو بکرێت و ساڵانە بڕی (٢٠) ملیار مەتر سێجا غازی پێ هەناردە بکرێت. کەواتە جگە لە تورکیا ڕوسیاش نەیاری پرۆژەکە دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ناڕەزایەتییە بەردەوامەکانی تورکیاوە، لە کانوونی دووەمی "٢٠٢٢"ئەمریکا "کشاوەتەوە لە پشتیوانی پرۆژەکە"بە بیانووی "نەبوونی زەمینەی پێویستی ئابوریی بۆ جێبەجێکردنی و کاریگەرییە ژینگەییە نەرێنییەکانی و مەترسی ئەگەری سەرهەڵدانی ئاڵۆزیی هەرێمی"لە ناوچەکەدا[٢٠]. بۆیە ئەگەر هەڵوەشانەوەی تەواوی پرۆژەکە یاخود گواستنەوەی ڕێڕەوەکەی بۆ میسر دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە تەواوبوونی پرۆژەکە مانای کەمبوونەوەی مەترسی ڕوسیایە لەسەر ئەوروپا و بەهێزبوونی زیاتری ئیسرائیل لەڕووی ئابورییەوە، لەهەمانکاتدا وابەستەیی ئەوروپا بە ئیسرائیل زیاتر دەکات، بەمجۆرە هەم کارتی فشاری زیاتر دەکەوێتە دەستی ئیسرائیل لە بەرامبەر ئەمریکا و ئەوروپا هەمیش ئەوروپییەکان دڵنیاتر دەبنەوە لە کەمبوونەوەی مەترسی ڕوسیا، هەموو ئەم پێدراوانەش لە مەودایەکی دووردا دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و ئەوروپا دەوەستێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە میدیای تورکیا باس لەوە دەکەن، "بەهۆی تێچووی زۆری پرۆژەکە و گرفتی تەکنیکییەوە، تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە". ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکیا ئاشکرایکردووە کە ئەو غازەی لە ئێستادا لە ئیسرائیل دۆزراوەتەوە و تەنانەت ئەگەر بڕی غازی دۆزراوەی میسریش بخرێتە سەری هێشا ئەو بڕە پێویستە دابین ناکات کە ساڵانە لە ڕێگەی ئەو بۆرییەوە پێویستە هەناردەی ئەوروپا بکرێت[٢١]. هەرچەندە ئیسرائیل سورە لەسەر تەواوکردنی پرۆژەکە و لەم پێناوەشدا لە هەوڵەکانی بەردەوامە، بەڵام "واژۆکردنی ڕێککەوتنی نێوان تەلئەبیب و قاهیرە لە "٧"ی ئابی "٢٠٢٥"بۆ هەناردەی غازی ئیسرائیل بۆ میسر بە بڕی (٣٥) ملیار دۆلار"[٢٢] ئاماژەیە بۆ دەستبەرداربوون یاخود بێهیوایی بەرپرسانی تەلئەبیب لە پرۆژەی "بۆری ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست"و گواستنەوەی ڕێڕەوەکەی بۆ میسر.

لەگەڵ ئەمانەشدا دابینکردنی غازی ئەوروپا لەلایەن ئیسرائیلەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان یەکێتییەکە وابەستەی ئیسرائیل دەکات و لە ململانێ نێودەوڵەتی و هەرێمییەکاندا تەلئەبیب وەک چەکێک دژی ئەوروپا یاخود بۆ ناچارکردنیان بۆ پشتیوانی لە سیاسەتەکانی ئیسرائیل بەکاریدەهێنت، هەر لەبەرئەوەیشە ئەوروپا لە بەرامبەر هەناردەکردنی وزەی کارەبا بۆ ئیسرائیل ئامادەیە غازی ئەو وڵاتە هاوردە بکات. لە هەمانکاتدا ئەم پرۆژەیە هەم قوبرسی باشوور لەو تەنهایی وزەییەی کە تێیدا دەژی ڕزگار دەکات، هەم ئیسرائیل دەتوانێت

لە دۆخی لەناکاو یاخود بەرکەوتنی زیان بە سەرچاوەکانی وزەی خۆی سودی تەواو لەم پرۆژەیە وەربگرێت[٢٣]. ئەمە جگەلەوەی یۆنان لەڕێگەی ئەم پرۆژانەوە جگە لە بەهێزکردنی پێگەی خۆی وەک ئەندامێکی یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتێکی کاریگەریی سەر دەریای ناوەڕاست، لە هەمانکاتدا لە پێگەی قوبرسی باشوور وەک یاریکەرێکی بەهێز لەناوجەرگەی دەریای ناوەڕاست دەدات[٢٤]. بەشێک لە چاودێرانیش پێیان وایە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم پرۆژەیە بێکاریگەرکردنی ئەنقەرەیە لە دەریای ناوەڕاست[٢٥] و دوورخستنەوەیەتی بۆ سەر کورسی یەدەگی یاریگا پێش دەستپێکردنی کلاسیکۆی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل و یۆنان لە یاریگای قوبرس.

> **” ئەگەرچی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و قوبرسی ڕۆمی لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی ئابوری و بازرگانی و بواری وزە بووبێت، لە ئێستادا ئەم پەیوەندییانە گەیشتووەتە ئاستی هاوپەیمانیی ستراتیجی، بەجۆرێک لە کاری هاوبەشی دەریایی و وزەوە پەلی هاویشتووە بۆ هەماهەنگی لە پیشەسازیی بەرگری و هەواڵگریدا “**

لە "١٧"ی کانوونی یەکەمی "٢٠١٠"ئیسرائیل و قوبرسی باشوور ڕێککەوتنی دیاریکردنی سنورە ئاوییەکانی نێوانیان واژۆکرد، ئەمەش بە یەکێک لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی نزیکبوونەوەی تەلئەبیب و نیقۆسیا دێت ئەژمار دەکرێت[٢٦].

کۆمپانیای نۆبڵ ئینێرجی-ی ئەمریکی لە ساڵی "٢٠١١"ئاشکرایکرد ئاوە سنورییەکانی قوبرسی باشوور بڕی (١٤٢ بۆ ٢٢٧) ملیاتر مەتر سێجا غازی تێدایە، هەرلەبەرئەوە لە "٢٦"ی حوزەیرانی "٢٠١٣"قوبرسی باشوور ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کۆمەڵەیەکی ئیسرائیلی-ئەمریکی بۆ "شلکردنەوەی غازی سروشتی لە شاری ڤاسیلکۆ"واژۆکرد ، کە دەکەوێتە کەناراوەکانی باشووری قوبرسی ڕۆمی بە دیوی ئیسرائیلدا[٢٧].

لە "٢٨"ی نیسانی "٢٠١٤"تەلئەبیب و نیقۆسیا ڕێککەوتنی ئاڵوگۆڕ و پارێزگاری لە زانیارییە نهێنییەکان دەربارەی بوونی هایدرۆکاربۆنی دۆزراوە لە سنورە ئاوییەکانی هەردوولا و ناوچەی پیشەسازیی هاوبەش و بلۆکی ژمارە (١٢)ی نێوانیان واژۆکرد[٢٨].

لە "١٤"ی نیسانی "٢٠١٥"ئەڤیگدور لیبرمان وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل سەردانی قوبرسی باشووری کرد و چاوی بە نیکۆس ئەنستاسیادس سەرۆککۆماری قوبرس کەوت، لەو کۆبوونەوەیەدا هەردوولا جەختیان لەسەر هەماهەنگی لە بوارەکانی وزە، پەیوەندیی

دووقۆڵی بابەتە هەرێمییەکان کردووەتەوە[٢٩]. چەند ڕۆژێک دوای ئەو چاوپێکەوتنە نیکۆس ئەنستاسیادس سەردانی تەلئەبیبی کرد، ئەمەش بەمەبەستی واژۆکردنی چەند ڕێککەوتننامەیەک لە بوارەکانی وزە و کۆنترۆڵکردنی سنورە ئاوییەکان.

دامەزراندنی "کۆڕبەندی غازی دەریای ناوەڕاست EastMed Gas Forum"لە ئەیلوولی "٢٠١٩"بە بەشداری میسر، یۆنان، قوبرسی باشوور، ئیسرائیل، فەلەستین، ئیتالیا، ئوردن و یۆنان و بەچاودێری ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا[٣٠] ، بەبێ بەشداریپێکردنی تورکیا ئاماژەیەکی دیکەبوو بۆ کەنارخستنی ئەنقەرە لەسەر گەنجینەی غازی دەریای ناوەڕاست. هەرچەندە میسر ڕۆڵی سەرەکیی لە دامەزراندنی کۆڕبەندەکە گێڕاوە و بنکە سەرەکییەکەیشی لە قاهیرەی پایتەختی ئەو وڵاتە بووە، لە هەمانکاتدا کۆڕبەندەکە دەرنجامی کۆبوونەوەی لوتکەی سێقۆڵی بووە لەنێوان سەرۆکوەزیرانی یۆنان و سەرۆککۆماری قوبرسی باشوور و سەرۆک کۆماری میسر لە تشرینی یەکەمی "٢٠١٨"لە یۆنان. ئامانجی کۆڕبەندی دەریای ناوەڕاست هێنانەکایەی بازاڕێکی هەرێمی بۆ غازی دەریای ناوەڕاست و باشترکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان بووە لەنێوان ئەندامانی و گرەنتیکردنی خواست و خستنەڕووی وزە. لەگەڵ ئەوەشدا کۆڕبەندەکە "خاڵی نییە لە ئامانجە سیاسییەکان"[٣١]. ئەوەشمان لەیاد نەچێت کۆبوونەوە سێقۆڵییەکە و پاشان دامەزراندنی کۆڕبەندەکە لەکاتێکدا بووە پەیوەندییەکانی قاهیرە و ئەنقەرە لە لوتکەی ناتەباییدا بووە. هەرچەندە تەلئەبیب ڕۆڵی نەبووبێت لە دامەزراندنی ئەم کۆڕبەندەدا، بەڵام بەشدارپێنەکردنی تورکیا لە کۆڕبەندەکە هەنگاوێکی دیکە بووە لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کۆڕبەندەکە نەیتوانیوە وەک پێویست ئەدای ئەرک و ئامانجەکانی بکات، جگە لەوەی ئیسرائیل وەک دامەزرێنەری سەرەکیی کۆڕبەندەکە ڕۆڵی نەبووە، لە هەمانکاتدا بەشدارپێنەکردنی تورکیا لە کۆڕبەندەکەدا هۆکارێکی گرنگی بەدینەهاتنی ئامانجەکانی بووە، ئەمە جگە لەوەی ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و میسر لەلایەک و ترسی قاهیرە لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ یۆنان و قوبرسی باشوور و نائامادەیی لوبنان و سوریا وەک دوو وڵاتی کەنار دەریای ناوەڕاست و دواجار ڕووداوەکانی "٧"ی ئۆکتۆبەر و دەرەنجامەکانی کاریگەریی لەسەر سستبوون و پووکانەوەی کۆڕبەندەکە لە بەرژەوەندیی ئەنقەرە بووە.

هەروەها لە "١٨"ی نیسانی "٢٠٢١"ڕێککەوتننامەیەک بە بڕی (١.٦٥) ملیار دۆلار لەنێوان ئیسرائیل و یۆنان واژۆکراوە بۆ بەکرێدانی فرۆکەخانەی سەربازیی شاری کامالاتا Kamalata ی یۆنانی بە ئیسرائیل بۆ ماوەی "٢٢"ساڵ، لە بەرامبەردا تەلئەبیب ناوەندێکی ڕاهێنانی هێزی ئاسمانی لە فرۆکەخانەکەدا بۆ ڕاهێنانی فرۆکەوان و کارمەندی پێویست دەکاتەوە[٣٢].

لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنیی ئیسرائیلی بەناوی (predator) بۆ

جێگیرکردنی ئامێری گوێگرتن لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی ڕۆژنامەنووسێک و نیکۆس ئاندرۆلاکیس سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی یۆنان لە ساڵی "٢٠٢٢"کە دواجار بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانی ئەو وڵاتە[٣٣] ، ئەمەش ئاستی پەیوەندییە ئەمنی و هەماهەنگییە هەواڵگرییەکانی ئەسینا و تەلئەبیب دەردەخات.

لە نوێەمین لوتکەی سیانی ئیسرائیل، یۆنان و قوبرس[٣٤] کە لە ٤"ی"ئەیلوولی "٢٠٢٣"لە نیقۆسیا-ی پایتەختی قوبرس ئەنجامدرا، هەرسێ لا ڕێککەوتن لەسەر پتەوکردن و قووڵکردنەوەی هەماهەنگیی هەرێمی لە بواری وزە و جەختیان لەسەر هەناردەکردنی غازی دەریای ناوەڕاست و سەرچاوەی وزەی نوێ بۆ ئەوروپا کردەوە[٣٥].

گفتووگۆکانی نێوان یۆنان و قوبرسی باشوور لەگەڵ ئیسرائیل بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەک بە بڕی (٢.١١) ملیار دۆلار بۆ جێگیرکردنی سیستمی بەرگریی ئاسمانیی دژە فڕۆکە و موشەک بەردەوامە و دواین جار لە "١٤"ی تشرینی دووەمی "٢٠٢٤"وەفدی هەرسێ وڵات گفتووگۆیان دەربارەی ئەو بابەتە کردووە، ئەمەش لە بنەڕەتدا بەشێکە لە پلانێکی "١٠"ساڵەی ئەسینا بۆ نوێکردنەوەی توانا سەربازی و بەرگرییەکانی بە کەرەستە و سیستەمی نوێی بەرگری، لەم چوارچێوەیەشدا یۆنان دەیەوێت سود لە سیستمی بەرگریی Iron Domeی ئیسرائیلی وەربگرێت کە لە بنەڕەتدا سیستمێکی بەرگریی نێوان واشنتۆن و تەلئەبیبە[٣٦].

دوای گەیاندنی یەکەم وەجبەی سیستمی بەرگریی Barak MX air and missile defense systemی ئیسرائیل بۆ قوبرسی باشوور و خستنەکاری لە بەهاری "٢٠٢٥"[٣٧] ، لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا وەجبەی دووەم و کۆتایی سیستمەکە گەیەنراوەتە قوبرس[٣٨]. بەمجۆرە کۆماری قوبرسی باشوور لە ئێستادا بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی سیستمی بەرگریی ئیسرائیلدایە لە هەرجۆرە هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و موشەکی دوورهاوێژ و ڕۆکێت.

ڕۆژی دووشەممە "٢٢"ی کانوونی یەکەمی "٢٠٢٥"هەریەک لە بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، کیریاکۆس میچۆتاکیس سەرۆکوەزیرانی یۆنان و نیکۆس کریستۆدیولیدیس سەرۆککۆماری قوبرسی باشوور کۆبوونەوە. ئەم کۆبوونەوە بە دەیەمین دانیشتنی لوتکەی سێقۆڵی ئەژمار دەکرێت، هەرچەندە زۆربەری شارەزایان جەختییان لەوە کردووەتەوە کە بابەتی گەرمی کۆبوونەوەکە دۆسیەی وزە و هەماهەنگیی ئەمنی بووە، بەڵام ئەو دانیشتنەی کەسی یەکەمی هەرسێ وڵاتەکە ستراتیجی و یەکلاکەرەوە بووە و کاریگەریی قووڵ و دوورمەودای لەسەر هاوکێشە هەرێمییەکانی ناوچەکە و هاوسەنگی هێز دەبێت.



بنیامین ناتانیاهۆی سەرۆک وەزیر انی ئسر ائیل، نیکۆس کریستۆدۆلیدۆس سەرۆکوەزیر انی یۆنان، و، کیریاکۆس میتسۆتاکیس دوای کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لە ئۆرشەلیم لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەو انی هاوبەشدا.سەرچاوە: THE TIMES OF ISRAEL

بەگوێرەی میدیای یۆنانی لە کۆبوونەوەکەدا قسە لەسەر دامەزراندنی "هێزی هاوبەشی دەستوەردان"کراوە کە هێزێکی سەربازیی هاوبەشی نێوان هەرسێ وڵات دەبێت و لە هەزار سەربازی یۆنانی و هەزاری ئیسرائیل و (٥٠٠) سەربازی قوبرسی باشوور پێکدێت. لەلایەکی دیکەوە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل خواستی بۆ بەشداریکردنی هێزی سەربازیی یۆنانی لە چوارچێوەی هێزی ئاشتیپارێزی غەزە دەربڕیوە.

هەماهەنگیی هەواڵگری و سەربازیی سێقۆڵی تەنها لەچوارچێوەی ڕاهێنانی هاوبەش و ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی تەقلیدیدا نامێنێتەوە، بەڵکو لە قوبرسی ڕۆمی "ناوەندیی باڵای ئەمنیی دەریایی سایبری سێقۆڵی"دادەمەزرێنرێت و چاوەڕێ دەکرێت لەمساڵدا بخرێتە کار[٣٩]. تەوەرێکی گرنگی لوتکەی سێقۆڵی (ڕێڕەوی هیندستان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەورووپا)[٤٠] India-Middle East-Europe Corridor (IMEC) بووە کە بە یەکێک لە ڕێڕەوە ستراتیجییە جیهانییەکان دادەنرێت و جگە لە ڕەهەندە ئابوری و وزەییەکەی بە "ڕێڕەوێکی جیهانی"وێنادەکرێت کە ئاسیا و ئەورووپا پێکەوە گرێدەدات[٤١].

جگە لەمانەش هەماهەنگیی هەواڵگری و سەربازیی ئەسینا و تەلئەبیب مێژوویەکی کۆنی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکەم ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزی سەربازیی هەردوو وڵات بۆ

ساڵی "٢٠٠٨"دەگەڕێتەوە ، کاتێک ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشیان بەناوی "سپارتای مەزن Glorious Spartan"لە ئەسینا ئەنجامدا. کۆتا جاریش لە نیسانی "٢٠٢٥"هێزی سەربازیی ئیسرائیل و یۆنان لە چوارچێوەی ڕاهێنانێکی هاوبەش بە بەشداری هێزی سەربازیی (١٠) وڵات لە ئەسینا لەژێر ناونیشانی ”Iniochos ٢٠٢٥“ یەکتریان بینیوە. ئەمە جگەلەوەی لە "٣"ی تشرینی دووەمی "٢٠٢٥"هێزی ئاسمانی هەردوو وڵات لە یۆنان ڕاهێنانی سەربازیی هاوبەشیان ئەنجامداوە. هەرچەندە باس لەوەدەکرێت ئامانجی ئەم ڕاهێنانە سەربازییانە ئامادەکارییە بۆ پاراستنی پرۆژە ستراتیژییە هاوبەشەکانی نێوان هەرسێ وڵات لەبواری وزەدا. هەروەها ئاڵوگۆڕی کەرەستەی سەربازی بەشێکی دیکە بووە لە هەماهەنگی هەردوولا، لەو چوارچێوەیەشدا لە ساڵی "٢٠٢١"یۆنان ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کۆمپانیای Elbit Systemsی ئیسرائیلی بە بەهای (١.٦٥) ملیار دۆلار بەمەبەستی ڕاهێنانی فرۆکەوان و فێرکاریی فڕینی ئاسمانی واژۆکردووە. لە هەمانکاتدا لە "٥"ی کانوونی یەکەمی "٢٠٢٥"پەرلەمانی یۆنان ڕەزامەندیی داوە لەسەر تێپەڕاندنی پرۆژەیەک بۆ کڕینی ڕۆکێتی مەودا مامناوەند لە ئیسرائیل بە بەهای (٨٠٠) ملیۆن دۆلار. دواین پرۆژە یاخود کاری هاوبەشی نێوان ئەسینا و تەلئەبیب بریتییە لە دامەزراندنی سیستەمی بەرگریی ئاسمانی چوارچێوە فراوان بۆ یۆنان بە بەهای (٣) ملیار دۆلار بە ناوی Achilles’ Shield، بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسی ڕۆیتەرز، ئامانجی یۆنان لەم هەوڵە سەربازییانەی "بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی تورکیای رکابەری مێژوویەتی"[٤٢].

دواین ڕێککەوتننامەی نێوان یۆنان و ئیسرائیل لە بواری هەماهەنگی هەواڵگری و بەرگریی سەربازی لە "٢٠"ی کانوونی دووەمی "٢٠٢٦"لە ئەسینا لەنێوان وەزیرانی دەرەوەی هەردوولا واژۆکرا. بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکە هەردوولا تەنها لەمساڵدا (٥٤) کاری هاوبەش لەبواری هەماهەنگی ئەمنی ئەنجامدەدەن، دابینکردنی کەرەستەی سەربازی، بەرگریی ئاسمانی و ئاسایشی ئەلیکترۆنی ئەنجامدەدەن. لەم چوارچێوەیەشدا بە ئامانجی پاراستنی ئاسمانی یۆنان لە هەر هێرشێکی ئاسمانی سیستمی بەرگریی Barak ، Spyder ve David’s Sling ی ئیسرائیلی لە یۆنان جێگیر دەکرێت. هەروەها لە پێناو ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت لە بوونی مەترسی و هێرشی ئاسمانی سیستمی ڕاداری ELM-٢٠٨٤ش بۆ یۆنان دابین دەکرێت. ئەمە جگە لە دابینکردنی پێدویستیی سەربازیی بۆ هێزی وشکانی و دەریایی یۆنان لە سنورە ئاوییەکانیدا[٤٣]. ئەوەی جێگای سەرنجە یۆنان خاوەن سنورێکی ئاوی و وشکانی بەرفراوانە لەگەڵ تورکیادا.

لوتکەی سێقۆڵی تەنها لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەت یاخود حکومەتی ئەو سێ وڵاتەدا قەتیس نەبووە، بەڵکو بۆ هەماهەنگیی ئابوری، ڕۆشنبیری و کلتووریی نێوان هەرسێ لا شۆڕبووەتەوە، بەتایبەت وەبەرهێنانی کۆمپانیا و سەرمایەدارانی ئیسرائیل لە یۆنان و بە تایبەت قوبرسی ڕۆمی و تەنانەت قوبرسی تورکیش جێگای سەرنجە. بەجۆرێک مەترسی هەیە

لەسەر دەستبەسەرداگرتنی ئابووریی دوورگەکە و بە تایبەت کەرتی خانووبەرە و گەشتوگوزار لەلایەن سەرمایەدار و کۆمپانیا ئیسرائیلییەکانەوە. لەلایەکی دیکەوە بەرزبوونەوەی زیاد لە چاوەڕوانیی گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان ئیسرائیل و قوبرسی ڕۆمییە، بەجۆرێک لە هەفتەیەکدا بە نزیکەی (١٨٦) گەشتی ئاسمانی لەنێوان هەردوولادا ئەنجامدراوە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری، سەرمایە و مرۆڤ و دەستی لەنێوانیاندا.

تەنانەت ئیسرائیل لە هەوڵی ئەوەدایە یۆنان و قوبرسی باشوور ڕازی بکات بۆ واژۆکردنی "ڕێککەوتننامەی ئیبراهیمی"، ئەمەش لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی "پرۆژەی داود"کە تەواوی دوورگەی قوبرس کەوتووەتە ناو پرۆژەکەوە[٤٤]. ئەمەش لەڕێگەی خستنەڕووی بیرۆکەی هاوپەیمانی و یەکگرتن لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی "دوژمنی هاوبەش"کە تورکیایە.

سەرکردەکانی هاوپەیمانیی سێقۆڵیی ئیسرائیل یۆنان قوبرسی ڕۆمی لە هەوڵدان بۆ ئەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بهێنێتە ناو هاوپەیمانێتییەکەیانەوە، لە هەمانکاتدا هەرسێ وڵات جەخت دەکەنەوە لەسەر پشتیوانی لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئیبراهیمی، بێکاریگەرکردنی حیزبوڵڵای لوبنانی، پاراستنی مەسیحییەکانی سوریا، بەهێزکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی قوبرسی ڕۆمی لەگەڵ جیهان بە گشتی و یەکێتیی ئەورووپا بەتایبەتی. هەموو ئەمانەش "لە ڕێگای هێزەوە"جێبەجێ دەکەن. هەروەک ناتانیاهۆ لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەی دوای دەیەمین لوتکەی سێقۆڵی جەختی لەوە کردەوە "پێکەوە بە ڕێگای هێز سەقامگیری، خۆشگوزەرانی و ئاشتی"بەرقەرار دەکەین"[٤٥].

لە بواری سەربازی و ئەمنیدا قوبرسی باشوور و ئیسرائیل لە هەوڵی مەشقی هاوبەش، کردنەوەی بنکەی سەربازیی ئیسرائیل لە قوبرسی ڕۆمی و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن یاخود ڕاهێنانی هاوبەش لەنێوان سوپای هەردوو وڵاتدا. بەتایبەت لە دوای ڕووداوەکانی "٧"ی ئۆکتۆبەرەوە بیرۆکەی کردنەوەی "ڕێڕەوێکی دەریایی"لەنێوان قوبرسی باشوور و تەلئەبیب هاتووەتە بەرباس، بە تایبەتیش بۆ گەیاندنی هاوکارییەکانی ئەمریکا و ئەورووپا بە ئیسرائیل لە دۆخی ناهەموار و کوتوپڕدا بە کەمترین کات. ئەم دۆخەش نەک تەنها بۆ تورکیا بەڵکو بۆ هێزە نەیارەکانی دیکەی ئیسرائیل مەترسیی گەورە دەهێنێتە کایەوە، هەربۆیە حەسەن نەسروڵڵای سەرۆکی حیزبوڵڵای لوبنانی پێش کوشتنی لەلایەن ئیسرائیلەوە هەڕەشەی توندی لە قوبرسی باشوور کرد بەوەی "بەکارهێنانی بنکە سەربازییەکانی قوبرسی باشوور بۆ هێرشی ئاسمانی دژی حیزبوڵڵا و هەر گروپێکی دیکەی دژە ئیسرائیل، قوبرسی ڕۆمی دەکات بە بەشێک لە جەنگی ئیسرائیل و بەرەی بەرگری، ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ کردنە ئامانجی دوورگەکە لەلایەن حیزبوڵڵاوە[٤٦]. بەڵگەی ڕاشکاو لەسەر هەماهەنگییە سەربازی و هەواڵگرییەکانیش بەکارهێنانی هەردوو بنکەی سەربازیی ئاکرۆتیر Akrotiri لە باشووری قوبرسی باشوور و

سـوادا Souda لە یۆنان بۆ هەڵگرتنی کەرەستە سـەربازییە هاتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و گواستنەوەی بۆ ئیسـرائیل بەزووترین کات لە دۆخی پێویستی تەلئەبیب بەو پێداویستییانە[٤٧]. بە دڵنیاییەوە هەموو ئەم پێشهات و هەماهەنگییانەی بـواری وزە و ئابوریی لەنێوان ئیسرائیل و قوبرسی باشوور و یۆنان بە نوێنەرایەتیی یەکێتیی ئەوروپا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسـەر سیاسـەتی هەرسێ وڵاتەکە و یەکێتییەکەش دەبێت، دواجار ئەم کاریگەرییە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی هەواڵگری، ئەمنی و سـەربازیدا چوارچێوەدار دەبێت، بەتایبەت هاوپەیمانێتی سـێقۆڵی بەرامبەر دوژمن/ ڕکابەرە هەرێمییە سەرسەختەکەیان کە تورکیایە و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو سێ دەوڵەتە لە زەوی و ئاسمان و ئاودا بەریەکەوتنی دەبێت.

> ” لە نوێیەمین لوتكەی سیانی ئیسر ائیل، یۆنان و قوبرس كە لە ٤"ی" ئەیلوولی "٢٠٢٣" لە نیقۆسیا-ی پایتەختی قوبرس ئەنجامدرا، هەرسێ لا ڕێككەوتن لەسەرپتەوكردن و قووڵكردنەوەی هەماهەنگیی هەرێمی لە بواری وزە و جەختیان لەسەرهەناردەكردنی غازی دەریای ناوەڕاست و سەرچاوەی وزەی نوێ بۆ ئەوروپا كردەوە “

دەتوانین بڵێین ئامانجی هەرسێ تەلئەبیب، ئەسینا و نیقۆسیا گەورەترە لەوەی هەماهەنگی سێقۆڵی بێت، هەرووک لە ڕاگەیەنراوی دەیەمین دانیشتنی لوتکەی سێقۆڵییان لە قودس جەختییان لەسـەر "گرنگی بەشـداریکردنی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە لوتکەکە ١+٣"کردووەتەوە و بانگهێشتی "هەر لایەنێکی دیکە دەکەن کە هاوڕا بێت لەگەڵ بنەما سـەرەکییەکانی لوتکەکە"بۆ بەشـداریکردن لە هاوپەیمانێتییەکەدا[٤٨].

**تەوەرەی چوارەم/ بەرەی نەیاری بەرەی قوبرسی ڕۆمی، یۆنان وئیسر ائیل**

بەرەوپێشچوون لە پەیوەندییە سێقۆڵییەکانی یۆنان و قوبرسی باشـوور و ئیسـرائیل بە ئاسانی لەلایەن تورکیا و وڵاتانی ناوچەکەوە هەرس نابێت، بۆیە هەرزوو میسر ناڕەزایەتی لە ڕێککەوتنە ئاوییەکانی نێوان نیقۆسیا و تەلئەبیب دەربڕی و ڕایگەیاند بەوردی چاودێریی پێشـهـاتەکان دەکەن[٤٩]. تورکیـاش هـەر جۆرە هەنگاوێک بە ئاڕاستەی نزیکبوونەوەی ئەو سێ وڵاتە و کاری هاوبەشـیان بە مەترسییەکی ژیاری بۆسـەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی دەزانێت و پێی وایە ئامانجی سەرەکی هاوپێمانێتیی سێقۆڵی بۆ لاوازکردنی ئەنقەرە

و دوورخستنەوەیەتی لە مەیدانی دەریای ناوەڕاست.

دوای چوار ڕۆژ لە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی دیاریکردنی سنورە ئاوییەکانی نێوان ئیسرائیل و قوبرسی باشوور، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا لە "٢١"ی کانوونی یەکەمی "٢٠١٠"نیگەرانی وڵاتەکەی لەو ڕێککەوتننامەیە دەربڕی و جەختی لەوە کردووەتەوە هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە کاریگەریی لەسەر گفتوگۆکانی هەردوو لایەنی قوبرسی تورکی و ڕۆمی دەبێت و هیچ سودێک بە ئاشتی لە ناوچەی دەریای ناوەڕاست ناگەیەنێت[٥٠]. دوای کەمتر لە ساڵێکیش لە ڕێککەوتنەکەی تەلئەبیب و نیقۆسیا تورکیا و قوبرسی باکور ڕێککەوتننامەی دیاریکردنی سنورە ئاوییەکانی نێوانیان لە "٢١"ی ئەیلوولی "٢٠١١"واژۆکرد. ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەی تورکیا وەک ئاماژەیەک بۆ گرنگی پێگەی قوبرسی باکور لەلای ئەنقەرە و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ دەرڤیش ئێرۆغڵوی سەرۆککۆماری ئەوکاتەی قوبرسی تورکیی لە بینای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک لە چوارچێوەی کۆبوونەوە گشتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان واژۆکرد. لە ڕاگەیەنراوی واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، "ئەم ڕێککەوتنە دوای ئاشکراکردنی دەستپێکردنی قوبرسی ڕۆمی بووە لە پرۆسەی گەڕان بۆ غاز و سەرچاوەی وزە لە "١٩"ی ئەیلوولی "٢٠١١"[٥١].

لەلایەکی دیکەوە تورکیا لە "١٩"ی تشرینی دووەمی "٢٠١٩"ڕێککەوتننامەی دیاریکردنی سنورە ئاوییەکانی لەگەڵ حکومەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی لیبیا بە سەرۆکایەتی فایز سەراج واژۆکرد[٥٢]. حکومەتەکەی سەراج لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانپێدانراو بوو، هەرزوو یۆنان دژایەتیی توندی خۆیی بۆ ڕێککەوتنەکە ڕاگەیاند و لەگەڵ میسر داوای لە ئەمریکا کردووە تورکیا و لیبا ناچار بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە[٥٣].

هەروەها لە "١٩"ی ئەیلوولی "٢٠٢٥"سوپای تورکیا و میسر لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست مەشقێکی سەربازیی هاوبەشیان ئەنجامداوە، ئەمەش نیگەرانیی یۆنان و ئیسرائیلی لێکەوتووەتەوە و ڕێکخراوی پەیمانیی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ)یش بڕیاریداوە بەوردی چاودێریی ئەو پێشهاتانە بکات کە سەربازییەکانی نێوان ئەنقەرە و قاهیرە بەیوەندییە پێشقەچوونانە لە نزیکەی "١٣"ساڵ پچڕابوو[٥٤].

لە پێشهاتێکی نوێدا هەریەک لە لوبنان و قوبرسی باشوور لە "٢٦"ی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو ڕێککەوتنی دیاریکردنی سنورە ئاوییەکانی نێوانیان واژۆکرد، بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە سنوری ئاویی نێوان هەردوو دەوڵەت دیاریکراوە بەبێ ئاماژەدان بە کاری هاوبەش لە گەڕان و پشکنین و دەرهێنانی غاز لەو سنورە ئاوییانەدا و دابەشکردنی لەنێوان هەردوولادا، بەڵکو تەنها باس لەوەکراوە هەر وڵاتێک و لەچوارچێوەی سنورە ئاوییەکانی خۆیدا ئازادە لە بەکارهێنان و مامەڵەکردنی بە سامانە دەریاییەکانەوە. هەروەها واژۆکردنی ڕێککەوتننامە

لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان بۆ کارکردن لە سنورە ئاوییەکانیاندا بەبێ ترس لە کێشەی یاسایی و ململانێ نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان[٥٥]. ئەم ڕێککەوتنەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ پەرەسەندنی زیاتری گرژییەکان لە دەریای ناوەڕاست و نیگەرانیی وڵاتانی سەر ئەو دەریایە بۆ پارێزگاری لە سنورە ئاوییەکانیان و دەستبەسەرداگرتنی سامانە دەریاییەکانی خۆیان. واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنە پاش "١٦"ساڵ لە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی دیاریکردنی سنورە ئاوییەکانی نێوان قوبرسی باشوور و ئیسرائیل دێت کە لەوکاتەدا لوبنان دژی ڕێککەوتنەکە بووە و ئامادەش نەبووە بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی دیاریکردنی سنورە ئاوییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ قوبرسی باشوور[٥٦]. هەرچەندە یەکێتیی ئەوروپا پێشوازی گەرمی لە ڕێککەوتننامەکە کردووە، بەڵام تورکیا نارەزایەتی خۆیی دەربڕیوە و پێی وایە "بەبێ ئامادەیی قوبرسی باشوور هیچ ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە یاسایی نییە و ناتوانرێت بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە"[٥٧].

**تەوەری پێنجەم/ دەستوەردانی نێودەوڵەتی لە کێشەی قوبرسی باکور**

لە ئێستادا کێشەی قوبرسی باکور تەنها لە نێوان دانیشوان و بەرپرسانی دوورگەکە و تورکیا و یۆناندا چوارچێوەدار نییە، جگە لە بەریتانیا کە خۆی بە میراتگری دوورگەکە دەزانێت، هەریەک لە ئەمریکا، یەکێتیی ئەوروپا و ئیسرائیل لەلایەک و ڕوسیا، وڵاتانی تورکی زمان و چین لەلایەکی دیکەوە هەوڵدەدەن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەستوەردان لە کاروباری قوبرسی باکوردا بکەن.

> **" دوای گەیاندنی یەکەم وەجبەی سیستمی بەرگریی Baral MX air and missile defense systemی ئیسرائیل بۆ قوبرسی باشوور و خستنەکاری لە بەهاری "٢٠٢٥" ، لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا وەجبەی دووەم و کۆتایی سیستمەکە گەیەنراوەتە قوبرس . بەمجۆرە کۆماری قوبرسی باشوور لە ئێستادا بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی سیستمی بەرگریی ئیسرائیلدایە لە هەرجۆرە هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و موشەکی دوورهاوێژ و ڕۆکێت "**

لە ئێستادا باس لە پلانێکی ئەمریکی، ئەوروپی، یۆنانی، ئیسرائیلی دەکرێت دژی قوبرسی باکور و تورکیا، بەجۆرێک ئەو هێزانە دەیانەوێت ئەندامێتی قوبرسی باشوور لە یەکێتی ئەوروپا وەک بەهانە بەکاربهێنن[٥٨] دژی قوبرسی باکور و تورکیا بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی قوبرسی تورکی.

جێگیرکردنی وەجبەی دووەمی سیستەمی بەرگریی Barak missileی ئیسرائیلی لە باشووری قوبرس لە ئەیلوولی ڕابردوو[٥٩] بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر گەورەبوونی زیاتری کێشەی قوبرس، لە هەمانکاتدا هاتنەناوەوەی ئیسرائیل بۆناو کێشەکە دوژمنەکانی قوبرسی باکور زیاتر و بەهێزتر دەکات و ئەگەری ناچارکردنی ئەنقەرە و قوبرسی تورکی بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانوستان و ڕەزامەندیی لەسەر پێشنیاری یۆنان و قوبرسی باشوور لەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو قوبرسی باڵادەستی ڕۆمەکان بەسەر دوورگەکەدا بەهێزتر دەکات، بە پێچەوانەوە ئاماژەکانی پێکدانانی تورکیا لەگەڵ یۆنان و ئیسرائیل زیاتر دەکات.

بیرمەندانی ئەمنی و سەربازی ئیسرائیل بەدوای هاوپەیمانییەکی ناوچەیی فراوانتردا دەگەڕێن دژی ئەنقەرە ، کە قوبرسی باشوور و یۆنان و وڵاتانی دیکەش لەخۆ بگرێت. ڕۆژنامەی هایۆمی ئیسرائیلی پێشنیازی کردووە کە ئیسرائیل بە هەماهەنگی لەگەڵ یۆنان و قوبرسی باشوور، ئامادەکاری بکات بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێک بۆ ڕزگارکردنی باکوری دوورگەی قوبرس لەژێردەستی تورکیا[٦٠].

> **” ئیسرائیل لە هەوڵی ئەوەدایە یۆنان و قوبرسی باشوورڕازی بکات بۆ واژۆکردنی "ڕێککەوتننامەی ئیبراهیمی"، ئەمەش لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی "پرۆژەی داود" کە تەواوی دوورگەی قوبرس کەوتووەتە ناو پرۆژەکەوە . ئەمەش لەڕێگەی خستنەڕووی بیرۆکەی هاوپەیمانی و یەکگرتن لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی "دوژمنی هاوبەش" کە تورکیایە “**

لەلایەکی دیکەوە ململانێکان گەشتووەتە ئاستی فشارخستنە سەر دەوڵەتان لەڕێگەی پاکێجی دیپلۆماسی و ئابوری، لە نوێترین پێشهاتدا هەریەک لە ئۆزبەکستان، کازاخستان، ئۆزبەکستان و تورکمانستان "٣١"ی ئازاری "٢٠٢٥"باڵیۆزخانەیان لە پایتەختی قوبرسی باشوور کردووەتەوە[٦١]. لەلایەکی دیکەوە ئەو چوار وڵاتە کە ئەندامی (ڕێکخستنی دەوڵەتە تورکییەکانن) لە کۆبوونەوەی لوتکەیان لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا لە "٤"ی نیسانی ئەمساڵ "پەیوەستی خۆیان بە بانگهێشتی ژمارە (٥٤١)ی ساڵی "١٩٨٣"و بانگهێشتی ژمارە (٥٥٠)ی ساڵی "١٩٨٤"ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئیدانەکردنی ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیی قوبرسی باکور و بانگەواز بۆ داننەنانی دەوڵەتان بەو کۆمارە"ڕاگەیاندووە. بڕیارەکەش بە ڕاشکاوی لە ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان یەکێتیی ئەوروپا

و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست لە سەمەرقەندی پایتەختی ئۆزبەکستان لە "٣-٤"ی نیسانی ئەمساڵ ڕاگەیەنرا[٦٢].

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا یەکێتیی ئەورپا بەڵێنیدا بە دابینکردنی پاکێجێکی وەبەرهێنان لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بە بڕی (١٢) ملیار یۆرۆ[٦٣].

**تەوەری پێنجەم/ ڕەنگدانەوەی ململانێکان لەسەر دۆزی کورد لە باکور**

هەرچەندە ئیسرائیل و یۆنان لە ئاستی میدیایی و لێدوانی بەرپرسانی وڵاتەکانیاندا دۆخی کورد وەک چەکێک دژی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە بەکاردەهێنن کە کوردی تێدا دەژی بە تایبەت تورکیا، گرژبوونی زیاتری پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ یۆنان و ئیسرائیل دەرفەتی زیاتر بە کورد دەبەخشێت بۆ بەدیهێنانی مافەکانی.

ئەسینا و تەلئەبیب کورد بە فاکتەرێکی گرنگ دەبینن بۆ لاوازکردنی تورکیا لە کاتی ململانێکانیاندا، هەربۆیە بەرپرسانی ئەنقەرە بە تایبەت لە دۆخی گرژبوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە گوتارەکانیان بە ئاراستەی کورد نەرم دەکەنەوە تا ئەو ڕادەیەی وەک خۆیان دەڵێن "دەستپێشخەری دەکەن بۆ پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری پرسی کورد". هەربۆیە ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی سەر دەریای ناوەڕاست بەتایبەت ئیسرائیل و تورکیا دەرفەتی زیاتر دەدات بە کورد لە دوو لایەنەوە، هەم ئەسینا و تەلئەبیب هەنگاوی باشتر دەنێن بە ئاراستەی پشتیوانی لە کورد لەپێناو لاوازکردنی تورکیا یاخود بەکارهێنانی دۆزی کورد وەک کارتێکی فشار دژی ئەنقەرە، هەم ئەنقەرە ناچار دەبێت لەپێناو کەمکردنەوەی دوژمن/ نەیاری ناوخۆیی داواکارییەکانی کورد لەچوارچێوەی دەوڵەتەکەیدا جێبەجێبکات. ئەمەش بە هەنگاوێکی نوێ دادەنرێت بە ئاڕاستەی کرانەوەی زیاتری تورکیا هەرچەندە بەشێوەیەکی کاتیش بێت بەڕووی کورد و چارەسەرکردنی پرسی کوردستان.

لەلایەکی دیکەوە بانگەشەی بەرپرسانی ئەنقەرە بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ناوەندیی یەکگرتوودا تەنانەت تا ئاستی بانگەشە بۆ (ئوممەت/ خیلافەتی ئیسلامی) دژیەک دەوەستێتەوە لەگەڵ بانگەشەی هەمان بەرپرسانی ئەنقەرە و قوبرسی تورکی بۆ جێبەجێکردنی "بیرۆکەی دوو دەوڵەتی"لە دوورگەی قوبرس. ئەمەش دواجار لە بەرژەوەندیی دۆزی کورد دەبێت لە تورکیا و پارچەکانی دیکەی کوردستان و دەتوانرێت هەم لەلایەن کورد و هەم لەلایەن هێزە ڕکابەرەکانی دیکەی تورکیاوە وەک کارتێکی فشار دژی ئەنقەرە بەکاربهێنرێت.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە پتەوبوونی پەیوەندییە سێقۆڵییەکانی نێوان ئیسرائیل، یۆنان و قوبرسی باشوور و جێگیرکردنی هێزی سەربازی و سیستمی بەرگریی ئیسرائیل لە دوورگەی قوبرس پێگەی کورد لە هاوکێشەی ڕکابەریی ئەنقەرە لەگەڵ ئەسینا و تەلئەبیب لاواز دەکات

و پێناچێت وەک پێشتر پێویستییان بە کورد بمێنێت وەک کارتێکی فشار دژی ئەنقەرە.

## دەرەنجام

ململانێکانی ئەنقەرە و تەلئەبیب درێژکراوەی ڕکابەرییەکی ئایینی، نەتەوەیی و جیۆپۆلۆتیکییە کە دواجار هەرلایەک لە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی خاکەکانی دەوروبەریدایە، ئیسرائیل لە کوێ بێت تورکیاش لەوێیە، ئەنقەرەش لەکوێ بێت تەلئەبیب لەوێیە.
لە ئایندەدا مەیدانی ململانێکانی تورک و جولەکە دەگوێزرێتەوە بۆ "نیشتیمانی شین"و دوورگەی قوبرس، بەجۆرێک مەترسی پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا بەهێزتر دەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەنقەرە و تەلئەبیب لەو ناوچەیەدا تەنها خۆیان بە ڕزگارکەر و پشتیوانی خەڵکی ئەو دوورگەیە و دەوروبەری نازانن، بەڵکو هەریەکەیان بە پشتبەستن بە یاسا نێودەوڵەتییەکان خۆیان بە خاوەندار یاخود پشکدار دەزانن لەو سنورە ئاوییانە و پێیان وایە ئەو نیشتیمانەی ئەو داپۆشیوە درێژکراوەی خاکەکەیانە و وەک بەشێک لە ئاسایشی نیشتیمانی تەماشای دەکەن و هەر چوونەپێشەوەیەکی دەسەڵاتدارە سەرەکییەکانی قوبرس بەرەو لای ئەو دوو جەمسەرە بە مەترسی بۆسەر پلانە ستراتیژییەکانی خۆیان وێنای دەکەن.
ئیسرائیل و هاوبەشەکانی، لەڕێگەی واژۆکردنی ڕێککەوتننامە و پێکهێنانی هاوپەیمانیی سێقۆڵی لە هەوڵی ڕەوایەتیدانی زیاترن بە تەلئەبیب لە ناوچەکەدا، ئەمەش لەپێناو لاوازکردنی بەرەی دژە ئیسرائیل و فەراهەمکردنی هێڵێکی سیاسی و ئەمنیی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای سپی ناوەڕاست. ئەم هێڵەش لە کۆتاییدا خزمەت بە بەدامەزراوەیکردنی ژێرخانێکی پتەوی هەماهەنگیی وزەیی و ئەمنی نوێ دەکات کە چەقەکەی ئیسرائیل دەبێت.
سەرەڕای "ڕزگارکردنی تورکەکانی باکوری قوبرس"لە ژێردەستی ڕۆمەکانی دوورگەکە و دواجار دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەرزۆک بۆیان، پشتیوانی بەهێزی یەکێتی ئەوروپا و یۆنان لە ڕۆمەکانی قوبرس، دۆزینەوەی یەدەگی غاز لە سنورە ئاوییەکانی دوورگەکە و چاوتێبڕینی زلهێزەکانی ناوچەکە، ڕێکەوتن و هاوکارییەکانی ئیسرائیل و فرۆشتنی تەکنەلۆژیای سەربازی و بەرگریی پێشکەوتوو بە قوبرسی باشوور، هەماهەنگی بەشێک لە دەوڵەتانی دۆستی تورکیا و ئەندامی (ڕێکخستنی دەوڵەتە تورکییەکان) لەگەڵ قوبرسی باشوور و دژایەتیی بەشی باکوری، دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری قوبرسی باکور لە "٢٠"ی تشرینی یەکەمی "٢٠٢٥"، هەم لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی و هەم لە ئەرزی واقیع دەرفەتێکی زێڕینی بە قوبرسی باشوور و ڕۆمەکان داوە بۆ هەنگاونان بەرەو دەستبەسەرداگرتنەوەی قوبرسی باکور و دەرکردنی سوپای تورکیا لەو ناوچەیە، ئەم سەرکەوتنە ئەگەرییە دواجار بە درێژکراوەی ستراتیژی ئیسرائیل لە ناوچەکە دادەنرێت.
بانگەشەی بەرپرسانی ئەنقەرە بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی

ناوەندیی یەکگرتوو بە تایبەت لەگەڵ کورد لە تورکیا لەگەڵ خواستی تورکیا و قوبرسی باکور دژیەک دەوەستێتەوە بۆ جێبەجێکردنی "بیرۆکەی دوو دەوڵەتی"لە دوورگەی قوبرس. ئەمەش لە بەرژەوەندیی دۆزی کورد دەبێت و وەک کارتێکی فشار دژی ئەنقەرە بەکاربهێنرێت. ئێستا دوورگەی قوبرس تەنها وەک قوربانییەکی ململانێ نەتەوەیی، ئایدۆلۆژیی و ئابوورییەکان نەماوەتەوە، ئیدی ئەم دوورگەیە دەبێتە مەیدانی قۆڵبادانی هێزە هەرێمییەکانی سەر دەریای ئیجە و دەریای ناوەڕاست و هێزە نیوەدەوڵەتییەکان.

## لیستی پەراوێزو سەرچاوەکان


١ -سکان قبرص (مباشر)، 25.01.2026، https://www.worldometers.info/ar/%D8%B3%D9%83%D8%A7%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85/%D8%B3%D9%83%D8%A7%D9%86-%D9%82%D8%A8%D8%B1%D8%B5/?utm_source=chatgpt.com، 26.01.2026

٢ - Gov.cy، Demographic Statistics 2024،19.12.2025، https://www.gov.cy/en/economy-and-finance/demographic-statistics-2024/?utm_source=chatgpt.com، 26.01.2026

٣ Mikro-mikro.net، KKTC'nin tahmini nüfusu muhalefete göre hükümetin verdiği rakamın 2.52 katı، 17.02.2015، https://mikro-makro.net/kktcnin-tahmini-nufusu-muhalefete-gore-hukumetin-verdigi-rakamin-252-kati، 10.10.2025

٤ - Çağlar Kara، Kuzey Kıbrıs'ı esir alan Ankara vesayeti، 01.07.2021، https://www.evrensel.net/haber/436879/kuzey-kibrisi-esir-alan-ankara-vesayeti، 10.10.2025

٥ - Yenidüzen، Garanti Antlaşmasi (Zürih، 11 Şubat 1959) Kaynak: Garanti Antlaşmasi (Zürih، 11 Şubat 1959)، 14.12.2020، https://www.yeniduzen.com/garanti-antlasmasi-zurih-11-subat-1959-134885h.htm، 10.10.2025

٦ - Cyprus's Constitution of 1960 with Amendments through 2013، 27.04.2022، https://www.constituteproject.org/constitution/Cyprus_2013.pdf?lang=en، 10.10.2025

٧ - BBC Türkçe، BBC Arşivlerinde Kıbrıs harekâtı ve Türkiye، 20.07.2018، https://www.bbc.com/turkce/haberler-turkiye-44899764، 10.10.2025

٨ Çağlar Kara، Kuzey Kıbrıs›ı esir alan Ankara vesayeti، ٠١,٠٧,٢٠٢١، https://www.evrensel.net/haber/436879/kuzey-kibrisi-esir-alan-ankara-vesayeti، 10.10.2025

٩ - Mevzuat.net، KKTC Anayasası، https://mevzuat.gov.ct.tr/Portals/48/ANAYASA.pdf، 10.10.2025

١٠ - Aslı Murat: Geçici 10. Madde davulun da tokmağın da kimde olduğunu gösteriyor، 08.10.2021، https://bugunkibris.com/2021/06/08/asli-murat-gecici-10-madde-davulun-da-tokmagin-da-kimde-oldugunu-gosteriyor/، 10.10.2025

١١ -E. Tümg. Taci KURUL، Kibris Konusunda Türk Tarafina Baski Mi Var?، 10.04.2025، 11.10.2025

١٢ - Mgk.gov.tr، 30 Eylül 2025 Tarihli Toplantı، 30.09.2025، https://www.mgk.gov.tr/index.php/milli-guvenlik-kurulu/mgk-toplantisi-basin-aciklamalari/son-toplantinin-basin-aciklamasi، 11.10.2025

١٣ - Mehmet Uğur Ekinci، Ömer Faruk Şahin، Cenevre'deki Kıbrıs Toplantısının Anlamı، 19.03.2025، https://www.setav.org/cenevredeki-kibris-toplantisinin-anlami، 11.10.2025

١٤ - Mykibris.com، Türkiye، KKTC'ye 12 milyar TL bütçe ayırdı، 24.10.2025، https://www.mykibris.com/ekonomi/haber/turkiye-kktc%E2%80%99ye-12-milyar-tl-butce-ayirdi-48179، 11.10.2025

١٥ - T.C. Cumhurbaşkanlığı، Cumhurbaşkanımız Erdoğan، Yunanistan Başbakanı Miçotakis ile ortak basın toplantısı düzenledi، 14.05.2025، https://www.youtube.com/watch?v=pykkMtvp9HQ، 10.10.2025

١٦ - A Haber، Türk devletleri neden Güney Kıbrıs'ı tanıdı? Rum kesimi hangi oyunun peşinde? | A Haber، 15.04.2025، https://www.youtube.com/watch?v=A6mbwj6ZzO0، 21.01.2025

١٧ - Wikipedia، Great Sea Interconnector، https://en.wikipedia.org/wiki/Great_Sea_Interconnector، 21.01.2026

١٨ - Nadja Skopljak، Von der Leyen: Euroasia Interconnector to Help Free EU from Energy Dependence"، 21.06.2022، Offshore Energy، https://www.offshore-energy.biz/von-der-leyen-euroasia-interconnector-to-help-free-eu-from-energy-dependence/، 22.01.2026

١٩ - John T Psaropoulos، Greece، Israel، Cyprus، move to build East Med gas pipeline، 02.01.2020، Greece، Israel، Cyprus، move to build East Med gas pipeline | Business and Economy | Al Jazeera، 22.01.2026

٢٠ - Nektaria Stamouli، EastMed: A pipeline project that ran afoul of geopolitics and green policies، 18.01.2022، EastMed: A pipeline project that ran afoul of geopolitics and green policies – POLITICO، 22.01.2026

٢١ - Faruk Hanedar، İsrail ile Yunanistan ilişkilerini sıklaştırırken "ortak müdahale gücü" iddiası da gündemde، 22.12.2025، İsrail ile Yunanistan ilişkilerini sıklaştırırken "ortak müdahale gücü" iddiası da gündemde، 22.01.2026

٢٢ - Newmedenergy.com، NewMed Energy – Limited Partnership (the "Partnership")، 07.08.2025، NewMed-IR-Amendment-to-Agreement-for-Export-to-Egypt-6.8.2025_.pdf، 22.01.2026

٢٣ - Balkangreenenergynews.com، "Submarine Cable Euroasia Interconnector to be Finished by 2024"، Balkan Green Energy News، 10.03.2021، https://balkangreenenergynews.com/submarine-cable-euroasia-interconnector-to-be-finished-by-2024/، 22.01.2026

٢٤ - Cemal Ege Özkan، GKRY- Yunanistan- İsrail Üçgeninde Derinleşen İlişkiler، 17.03.2023، https://www.ankasam.org/anka-analizler/gkry-yunanistan-israil-ucgeninde-derinlesen-iliskiler/#_edn1، 22.01.2026

٢٥ - Mustafa Metin Kaşlılar، Güney Kıbrıs Rum Yönetiminin İsrail İle İlişkileri ve Son Gelişmeler، ٢٤,٠٦,٢٠٢٤، https://tudpam.org/haber-analiz-guney-kibris-rum-yonetiminin-israil-ile-iliskileri-ve-son-gelismeler/، 22.01.2026

٢٦ - YNET، Israel-Cyprus exclusive economic zone set، 18.12.2010، https://www.ynet.co.il/article/4000679?utm_source=chatgpt.com، 23.01.2026

٢٧ - النهار، قبرص وقعت اتفاقاً مع مجموعة إسرائيلية – أميركية لتسييل الغاز، 26.06.2013، https://www.annahar.com/arabic/article/44776-%D8%B5%D8%B1%D8%A8%D9%82-%-%D9%82%D9%88%D9

-%-D9%85%D8%B9%-D9%81%D8%A7%D9%82%D8%A7%D8%A7%D8%AA%-D8%B9%D8%AA
D8%A7%D8%B3%D8%B1%D8%A7%-%-D9%85%D9%88%D8%B9%D8%A9%D9%85%D8%AC
D8%-%D8%A7%D9%85%D9%8A%-E2%80%93%-D8%A9%D9%84%D9%8A%D8%A6%D9%8A
D8%-%-D9%84%D9%8A%D8%B3%D9%8A%D9%84%D8%AA%-D8%A9%B1%D9%83%D9%8A
D8%A7%D8%B2%BA، 23.01.2026

٢٨ - Offshore-energy، Cyprus، Israel to exchange info on hydrocarbon reserves، 29.04.2014، https://www.offshore-energy.biz/cyprus-israel-to-exchange-info-on-hydrocarbon-reserves/?utm_source=chatgpt.com، 26.01.2026

٢٩ - Cyprusmail، Cyprus، Greece and Israel to press on with broader cooperation، 14.04.2015، https://web.archive.org/web/20150811144346/http://cyprus-mail.com/2015/04/14/cyprus-greece-and-israel-to-press-on-with-broader-cooperation/، 23.01.2026

٣٠ - Wikipedia، منتدى غاز شرق المتوسط، https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D9%86%D8%AA%D8%AF%D9%89_%D8%BA%D8%A7%D8%B2_%D8%B4%D8%B1%D9%82_%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%AA%D9%88%D8%B3%D8%B7، 25.01.2026

٣١ أحمد سامي عبدالفتاح، - منظمة غاز شرق المتوسط.. أهداف وتحديات متعددة، 20.11.2020، https://www.acrseg.org/٤١٧٣٤، 25.01.2026

٣٢ - Artıgerçek، İsrail ile Yunanistan arasında en büyük savunma işbirliği anlaşması imzalandı، 03.01.2025، https://artigercek.com/dunya/israil-ile-yunanistan-arasinda-en-buyuk-savunma-isbirligi-anlasmasi-imzalandi-161019h، 22.01.2026

٣٣ - Anges Szucs، EU Commission 'monitors closely' developments on Greek wiretapping scandal، 25.08.2022، https://www.aa.com.tr/en/europe/eu-commission-monitors-closely-developments-on-greek-wiretapping-scandal/2669219، 22.01.2025

٣٤ - لوتکەی سیانی ئیسرائیل، یۆنان و قوبرس کۆبوونەوەیەکی سێقۆڵی بەرپرسانی پلەیەکی ئەو سێ وڵاتەیە بۆ ڕێککەوتن و هەماهەنگی لە بوارەکانی بازرگانی، وزە، ئەمنی، هەواڵگری، سەربازی و پیشەسازی بەرگری بەشێوەیەکی نارێکخراو، یەکەمین کۆبوونەوەی لوتکەکە لە ساڵی ٢٠١٠ ئەنجامدراوە و دواین کۆبوونەوە لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥ لە قودس کراوە. ئامانجی سەرەکی لوتکەکە گفتووگۆ و ڕاگۆڕینەوە و واژۆکردنی ڕێککەوتنە لە بوارە جیاوازەکاندا لەنێوان وڵاتانی ئەندامی لوتکەکە بەتایبەت لە ناوچەکانی دەریای ناوەڕاستدا، ئەمە جگەلەوەی لە دواین کۆبوونەوەی لوتکەکەدا باس لە پێویستی بەشداریکردنی ئەمریکا لە لوتکەکە کراوە و دەرگاش واڵاکراوە بەڕووی وڵاتانی دیکەی هاوڕا لەگەڵیان بۆ بەشداریکردن لە لوتکەکەدا.

٣٥ - نداء الوطن، اتفاق قبرص وإسرائيل واليونان على تعميق التعاون في مجال الطاقة (محصلة)، 04.09.2023،
-٨٢٪D٩٪A٧٪D٨٪٨١٪AA٪D٩٪D٨٪A٧٪D٨٪-٢٠١٥٧١/https://www.nidaalwatan.com/article
A٦٪D٨٪A٧٪D٨٪B١٪D٨٪B٣٪D٨٪A٥٪D٨٪٨٨٪D٩٪-B٥٪D٨٪B١٪D٨٪A٨٪D٨٪٨٢٪D٩٪
-٨٦٪D٩٪A٧٪D٨٪٨٦٪D٩٪٨٨٪٨A٪D٩٪D٩٪٨٤٪D٩٪A٧٪D٨٪٨٨٪D٩٪-٨٤٪٨A٪D٩٪D٩٪
AA٪D٨٪D٨٪٨٤٪D٩٪A٧٪D٨٪-٨٢٪٨A٪D٩٪D٩٪٨٥٪D٩٪B٩٪AA٪D٨٪D٨٪-٨٩٪D٩٪٨٤٪D٩٪B٩٪D٨٪
٨٤٪D٩٪A٧٪D٨٪-٨٤٪D٩٪A٧٪AC٪D٨٪D٨٪٨٥٪٨A-٪D٩٪D٩٪٨١٪D٩٪-٨٦٪D٩٪٨٨٪D٩٪A٧٪D٨٪B٩٪
A٩٪D٨٪٨٤٪D٩٪B٥٪AD٪D٨٪D٨٪٨٥٪D٩٪-A٩٪D٨٪٨٢٪D٩٪A٧٪D٨٪B٧٪D٨٪، 22.01.2026

٣٦ - Lefteris Papadimas، Greece in talks with Israel to develop 2 bln euro 'Iron Dome'، 14.11.2024، https://www.reuters.com/business/aerospace-defense/greece-talks-with-israel-deve-

/lop-2-bln-euro-iron-dome-2024-11-14
٣٧ - Meryem Aybike Sinan، İsrail GKRY’de ne yapmak istiyor?، ٢٢,٠٨,٢٠٢٥، https://www.turkiyegazetesi.com.tr/kose-yazilari/meryem-aybike-sinan/israil-gkryde-ne-yapmak-istiyor-649746، 22.01.2026
٣٨ - Nearchos Kyprianou، Cyprus Enhances Air Defence with Israeli Barak MX System، 22.09.2025، https://en.politis.com.cy/politics/958121/cyprus-enhances-air-defence-with-israeli-barak-mx-system، 22.01.2026
٣٩ - Prof. Dr. Ismail Şahin، İsrail-Yunanistan-GKRY ittifakının 5 stratejik sırrı، 25.12.2025، https://www.finansingundemi.com/haber/gkryde-resmi-sonuclara-gore-yeni-lider-hristodulidis-oldu/1721244، 22.01.2026
٤٠ - ڕێڕەوی (IMEC) لە بەندەرەکانی شاری مومبای هیندستانەوە دەستپێدەکات و بە دەریادا دەگاتە بەندەرەکانی دوبەی لە ئیمارات و لەوێوە بۆ بە هێڵی ئاسن دەگاتە ریازی پایتەختی عەرەبساتی سعودیە و پاشان بەرەو ئەردەن و لەوێشەوە بۆ بەندەری حەیفا لە ئیسرائیل و پاشان بە دەریای ناوەڕاستدا دەگاتە بەندەری Pire Limanı لە یۆنان و لەوێوە بە ڕێگای وشکانی دەڕواتە ناوجەرگەی ئەوروپا. Türkiyearastirmalari.org، Koridor Savaşları: Kuşak-Yol، Kalkınma Yolu، IMEC، Koridor Savaşları: Kuşak-Yol، Kalkınma Yolu، IMEC | Türkiye Araştırmaları Vakfı، 22.01.2026

٤١ - Prof. Dr. Ismail Şahin، İsrail-Yunanistan-GKRY ittifakının ٥ stratejik sırrı، ٢٥,١٢,٢٠٢٥، İsrail-Yunanistan-GKRY ittifakının ٥ stratejik sırrı | USKAM | USKAM، 22.01.2026
٤٢ - Reuters.com، Greece in talks to buy anti-aircraft، artillery systems from Israel، 14.11.2025، Greece in talks to buy anti-aircraft، artillery systems from Israel | Reuters، 22.01.2026
٤٣ - Tasos Kokkinidis، Greece and Israel Announce Cooperation Deal in Anti-Drone Systems، 20.01.2026، https://greekreporter.com/2026/01/20/greece-israel-announce-cooperation-anti-drone-systems/، 22.01.2026
٤٤ - GZT News، Admiral Cihat Yaycı Warns: Why Is Israel Acquiring Land in Cyprus?، 22.08.2025، Admiral Cihat Yaycı Warns: Why Is Israel Acquiring Land in Cyprus?، 19.01.2026
٤٥ - Prof. Dr. Ismail Şahin، İsrail-Yunanistan-GKRY ittifakının 5 stratejik sırrı، 25.12.2025، İsrail-Yunanistan-GKRY ittifakının 5 stratejik sırrı | USKAM | USKAM، 22.01.2026
٤٦ - France24، الأمين العام لحزب الله اللبناني يهدد إسرائيل ويوجه تحذيرا لقبرص، 20.06.2024، https://www.youtube.com/watch?v=_JRDje4u6AU&t=20s،23.01.2026
٤٧ - Mustafa Metin Kaşlılar، Güney Kıbrıs Rum Yönetiminin İsrail İle İlişkileri ve Son Gelişmeler، ٢٤,٠٦,٢٠٢٤، https://tudpam.org/haber-analiz-guney-kibris-rum-yonetiminin-israil-ile-iliskileri-ve-son-gelismeler/، 22.01.2026
٤٨ - Primeminister.gr، Joint Declaration – The 10th Trilateral Summit of Israel، Greece، and Cyprus، 22.12.2025، https://www.primeminister.gr/en/2025/12/22/37647#، 23.01.2026
٤٩ - الرأي، مصر تتابع بـ(اهتمام) تفاصيل اتفاق ترسيم الحدود المائية بين قبرص واسرائيل، 25.12.2010، https://alrai.com/article/435494/%D8%AD%D9%85%D9%8A%D8%84%D8%AA%D8%A7%D8%-%D8%AA%D8%A-D8%AD%D8%B5%D8%A9%D8%81%D9%A7%D8%/%1B%D8%5B%D8%85%D9%-%AA%D8%%-D8%A

D9%85%D8%A7%-%D8%A7%D9%87%D8%AA%-D8%A8%-D8%A7%D8%A8%D8%B9%A
D9%81%-%D8%A7%D8%AA%-D9%84%D9%81%D8%A7%D8%B5%D9%8A%D8%AA%-D9%85
-%D8%A7%D9%84%D8%AD%-D9%85%D8%B1%D8%B3%D9%8A%D8%AA%-D8%A7%D9%82
-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%A7%D8%A6%D9%8A%-D9%88%D8%AF%D8%AF
D9%88%D8%A7%-%-D9%82%D8%A8%D8%B1%D8%B5%-D9%86%D8%A8%D9%8A%-D8%A9
D9%84%D8%B3%D8%B1%D8%A7%D8%A6%D9%8A، 23.01.2026

٥٠ - MFA.gov.tr، No: 288، 21 Aralık 2010، İsrail ile GKRY Arasında İmzalanan MEB Anlaşması Hk.، 21.12.2010، https://www.mfa.gov.tr/no_-288_-21aralik-2010_-israil-ile-gkry-arasinda-imzalanan-meb-anlasmasi-hk_.tr.mfa?utm_source=chatgpt.com، 23.01.2026

٥١ - MFA.gov.tr، No: 216، 21 Eylül 2011 Türkiye – KKTC Kıta Sahanlığı Sınırlandırma Anlaşması İmzalanmasına İlişkin Dışişleri Bakanlığı Basın Açıklaması، 21.09.2011، https://www.mfa.gov.tr/no_-216_-21-eylul-2011-turkiye-_-kktc-kita-sahanligi-sinirlandirma-anlasmasi-imzalanmasina-iliskin-disisleri-bakanligi-basin-ac_.tr.mfa، 23.01.2026

٥٢ - المعرفة، اتفاقية ترسيم الحدود التركية الليبية، 27.11.2019، https://www.marefa.org/%D8%A7%D8%AA%D9%81%D8%A7%D9%82%D9%8A%D8%A9_%D8%A-A%D8%B1%D8%B3%D9%8A%D9%85_%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%AF%-D9%88%D8%AF_%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A9_%D8%A7%-D9%84%D9%84%D9%8A%D8%A8%D9%8A%D8%A9، 23.01.2026

٥٣ - تركيا الان، اتفاقية ترسيم الحدود البحرية بين تركيا وليبيا تضع مصر في موقف حرج، 04.05.2025، d9%81%d8%a7%d9%82%-%d8%a7%d8%aa%/2025/07/04/net.turkeyalaan.www//:https
-%d8%a7%d9%84%d8%ad%-d9%85%d8%b1%d8%b3%d9%8a%d8%aa%-d8%a9%d9%8a
-%-d8%a9%d8%b1%d9%8a%d8%a7%d9%84%d8%a8%d8%ad%-d9%88%d8%af%d8%af
/d8%b1%d9%83%d9%8a%d8%aa%-d9%86%d8%a8%d9%8a، 23.01.2026

٥٤ - موقع الدفاع العربي، مناورات مصرية-تركية.. تقارب يثير قلقاً في إسرائيل واليونان ويراقبه الناتو عن كثب، 19.09.2025، ٪d٨٪٨٨٪d٩٪a٧٪d٨٪٨٦٪d٩٪٨٥٪d٩٪/١٩/٠٩/٢٠٢٥/com.arabic-defense.www//:https
-a٩٪d٨٪٨a٪d٩٪٨٣٪d٩٪b١٪d٨٪aa٪d٨٪-a٩٪d٨٪٨a٪d٩٪b١٪d٨٪b٥٪d٨٪٨٥٪d٩٪-aa٪d٨٪a٧٪d٨٪b١
-b١٪d٨٪٨a٪d٩٪ab٪d٨٪٨a٪d٩٪-a٨٪d٨٪b١٪d٨٪a٧٪d٨٪٨٢٪d٩٪aa٪d٨٪
/٨١٪d٩٪-٨b٪d٩٪a٧٪d٨٪٨٢٪d٩٪٨٤٪d٩٪٨٢٪d٩٪، 23.01.2026

٥٥ - SkyNews العربية، لبنان وقبرص يوقعان اتفاقا لترسيم الحدود البحرية، 26.11.2025، https://www.skynewsarabia.com/middle-east/1836464-%D9%84%D8%A8%D9%86%D8%A7%D9%86-%D9%88%D9%82%D8%A8%D8%B1%D8%B5-%D9%8A%D9%88%D9%82%D8%B9%D8%A7%D9%86-%D8%A7%D8%AA%D9%81%D8%A7%D9%82%D8%A7-%D9%84%D8%AA%D8%B1%D8%B3%D9%8A%D9%85-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%AF%D9%88%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%AD%D8%B1%D9%8A%D8%A9، 22.01.2026

٥٦ - هاني عضاضة، ترسيم الحدود مع قبرص: فرصة اقتصادية أم تنازل سيادي جديد؟، 24.10.2025، B٪D٨٪B١٪D٨٪AA٪D٨٪/٢٤/١٠/٢٠٢٥/economy/com.almodon.www//:https
-B٩٪D٨٪٨٥٪D٩٪-AF٪D٨٪٨٨٪D٩٪AF٪D٨٪AD٪D٨٪٨٤٪D٩٪A٧٪D٨٪-٨٥٪D٩٪٨A٪D٩٪٣

D٨٪.AA٪.D٨٪.٨٢٪.D٩٪.A٧٪.D٨٪.-A٩٪.D٨٪.B٥٪.D٨٪.B١٪.D٨٪.٨١٪.D٩٪.-B٥٪.D٨٪.B١٪.D٨٪.A٨٪.D٨٪.٨٢٪.D٩٪.
-٨٤٪.D٩٪.B٢٪.D٨٪.A٧٪.D٨٪.٨٦٪.D٩٪.AA٪.D٨٪.-٨٥٪.D٩٪.A٣٪.D٨٪.-A٩٪.D٨٪.٨A٪.D٩٪.AF٪.D٨٪.A٧٪.D٨٪.B٥٪.
22.01.2026 ،٩F٪.D٨٪.AF٪.D٨٪.٨A٪.D٩٪.AF٪.D٨٪.AC٪.D٨٪.-٨A٪.D٩٪.AF٪.D٨٪.A٧٪.D٨٪.٨A٪.D٩٪.B٣٪.D٨٪.

٥٧ - Aljazeera Arabic، خلف خطوط الترسيم بين لبنان وقبرص.. تتقاطع المصالح وتتصادم الحسابات، 17.01.2026، 22.01.2026، https://www.youtube.com/watch?v=Gb8MhaSh78g

٥٨ - ALHADATH، محلل: محاولة "يونانية . أوروبية . أميركية . إسرائيلية" لتحريك الورقة القبرصية ضد تركيا، 19.09.2025، 10.10.2025، https://www.youtube.com/watch?v=KXwFxVN2KnY

٥٩ - Tolgaozbekcom، Barak missile crisis with Israel، this time in Cyprus... 150 km range missile، 15.09.2025، https://www.youtube.com/watch?v=0jGvsW3mE2c، 10.10.2025

٦٠ - Ali Bakir، Are Israel and Turkey on a Collision Course?، 16.09.2025، https://nationalinterest.org/blog/middle-east-watch/are-israel-and-turkey-on-a-collision-course، 10.10.2025

٦١ - Fikirtutu.com، Üç Türk devleti neden Güney Kıbrıs'a büyükelçi atadı?، https://fikirturu.com/jeo-politika/uc-turk-devleti-neden-guney-kibrisa/، 19.10.2025

٦٢ - Seyda Nur Osmanlı، AB-ORTA ASYA ZİRVESİ
Yorum No : 2025 / 32، 08.04.2025، https://avim.org.tr/tr/Yorum/AB-ORTA-ASYA-ZIRVESI، 19.10.2025

٦٣ - BBC Türkçe، Kazakistan، Türkmenistan ve Özbekistan Kıbrıs Cumhuriyeti'ne neden elçi atadı?، 08.04.2025، https://www.bbc.com/turkce/articles/cnv5z8p402go، 19.10.2025



# یاسا دەستپێشکارەکان، ئەزمونی فینلاند و قەیرانی یاسا دانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان

د. دژوار ئەنوەر ئەحمەد
پسپۆڕ لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی چەمکی "یاسا دەستپێشکارەکانە" و خستنەڕووی رۆڵی گرنگی ئەو جۆرە یاسایانە لە دروستکردنی کۆمەڵگا جێگیر و گەشەسەندووەکان، ئەویش لەڕێگەی خوێندنەوەیەکی بەراوردکاریی لەنێوان ئەزموونی پێشکەوتووی فینلاند و دۆخی یاسادانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

یاسا دەستپێشکارەکان هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ئالنگاردیە ئایندەییەکان و چارەسەرکردنیان پێش ئەوەی گرفتەکان زیاتر پەرەبسێنن، ئەمەش پێچەوانەی ڕێبازە نەریتییەکەیە کە پەنا دەباتە بەر وەڵامدانەوە پاش کەوتنەوەی کێشەکان.

لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخرێتەسەر چوارچێوە یاسایی و ستراتیجیە حکومییەکان کە هۆکار بوو فینلاند سەرکەوتنی بەرچاوی لە بوارەکانی خوێندن، گەشەپێدانی بەردەوام، ئاسایشی سیبرانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنێت. لە بەرامبەردا، توێژینەوەکە لەو ئاستەنگییە سیاسی و ئابوری و بونیادییە دەکۆڵێتەوە کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە و ڕێگرە لە سوود وەرگرتن لەو ڕێبازە، ئەویش بە خستنەڕووی چەندین نموونە لەسەر کەموکورتییە یاساییەکانی ئێستا و لێکەوتەکانی.

**وشەی سەرەکی**
یاسا دەستپێشکارەکان، یاسا ئایندەییەکان، فینلاند، عێراق، هەرێمی کوردستان، گەشەپێدانی بەردەوام، چاکسازیی یاسای، خوێندنەوەی ئایندە، پۆڵەسیە گشتییەکان.

**١-پێشەکی**

لە ئێستادا جیهان گۆڕانکاریی بێوێنە بەخۆیەوە دەبینێت، کە خێرا و ئاڵۆزن، هەر لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و پێشکەوتنی دیجیتاڵی، تا دەگاتە پەتا جیهانییەکان و قەیرانە ئابورییە قووڵ و ناجێگیرەکان. لەم گۆڕانکاریانەدا، سیستەمە یاساییە نەریتییەکان، کە زۆرجار درەنگ و پاش دروستبوونی ڕووداوەکان کارا دەبن، نەگونجاون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی داهاتوو. لێرەدا چەمکی "یاسا دەستپێشکارەکان" (Proactive Legislation) وەک مۆدێلێکی یاسادانانی داهێنەرانە دێتەئاراوە، کە هەنگاوە بۆ پێشبینیی داهاتوو، دەستنیشانکردنی گرفتە ئایندەییەکان و دانانی چوارچێوەی یاسایی پێویست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گرفتانە پێش ئەوەی ببنە قەیرانی درێژخایەن. ئەم چەمکە یاخود ئەم ڕێبازە تەنها هەمووارکردنەوەی یاسا کارپێکراوەکان نییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی ڕیشەییە لە فەلسەفەی یاسادانانداندا، لە کارلێکردنەوە بۆ داڕشتن، کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و گەشەسەندوو دەبینێت.

ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئەو وڵاتانەی ڕێبازێکی دەستپێشکار لە داڕشتنی یاساکانیاندا دەگرنەبەر، توانای زیاتریان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان هەیە، پتەوکردنی سەقامگیریی ئابوری و کۆمەڵایەتی، گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام لە مەودایەکی درێژخایەندا. لەنێو ئەم مۆدێلە پێشەنگانەدا، فینلاند وەکو نموونەیەکی سەرکەوتووی سەرنجڕاکێش لە جێبەجێکردنی یاسا دەستپێشکارەکان لە چەندین سێکتەردا دەردەکەوێت. دیدگای ئایندەیی کە لە پرۆسەی یاسادانانی ئەو وڵاتە جێگیر کراوە، هۆکار بووە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەک کە کوالێتی ژیان تێیدا زۆر بەرزە، ئابورییەک لەسەر بنەمای داهێنان، سیستەمێکی پاراستنی کۆمەڵایەتی بەهێز و ژینگەیەکی بەردەوام گەشەسەندوو. تێگەیشتن لە مۆدێلی فینلاند لەو بوارەدا، وانەیەکی بەنرخە دەربارەی چۆنیەتی یەکخستنی دید و پێشبینیکردنی داهاتوو لەناو پرۆسەی یاسادانانداندا و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گریمانە نەریتییەکانە سەبارەت بە ڕۆڵی یاساکان.

لەلایەکی دیکەوە، لە عێراق و هەرێمی کوردستان دۆخەکە تەواو جیاوازە. پاش دەیان ساڵ لە ململانێ، ناسەقامگیریی سیاسی و ئاستەنگییە ئابورییەکان، پرۆسەی یاسادانان لەم وڵاتە زیاتر "وەڵامدەرەوە" بووە، بەو پێیەی زۆرجار یاساکان وەک کاردانەوەیەک بۆ قەیرانە هەنووکەییەکان یان بۆ دابینکردنی پێداویستییە خێراکان دەردەکرێن، نەوەك پلاندانانی ستراتیجیی ئایندەی. ئەم ژینگەیە بووەتە هۆی لاوازیی لە نەرمیی یاساییدا و کەموکوڕی لە مامەڵەکردن لەگەڵ قیرانەکان و دواکەوتن لە بوارە گەشەسەندوە گرنگەکانی وەکو بواری:

تەکنەلۆجیا، ژینگە، تەنانەت گەشەپێدانی مرۆیی. نەبوونی یاسا دەستپێشکارەکان لاوازیی ئەم کۆمەڵگایانە لەبەردەم قیرانە گەشەسەندووەکاندا زۆرتر دەکات و هەر دەرفەتێك بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی خۆشگوزەران و سەقامگیر لەناودەبات.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکی زانستی بە بەکارهێنانی ڕێبازی بەراوردکاریی لەنێوان ئەزموونی پێشەنگی فینلاند لە جێبەجێکردنی یاسا دەستپێشکارەکان و واقیعی یاسادانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان. توێژینەوەکە بەراوردکارییەک لەنێوان دوو ئەزموونی تەواو جیاوازدا دەکات لەڕووی جوگرافیا و کولتوور و ژینگەی سیاسی و ئابورییەوە؛ بۆیە گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت کە ئەم کارە هەوڵێك نییە بۆ گواستنەوەی ڕاستەوخۆی ئەزموونی فینلاند، بەڵکو هەوڵێکە بۆ وانە وەرگرتن و دیاریکردنی خاڵە هاوبەشەکانە، کە پەیوەندییان بە گرنگی سەقامگیریی دامەزراوەی، کولتووری پلاندانانەوە هەیە، ئەویش بە بەپیرەوکردنی میتۆدی "دیزاینی سیستەمە هەرە جیاوازەکان"Most Different Systems Design" بۆ تێگەیشتن لەو فاکتەرە سەرەکییانە کە یاسادانانی دەستپێشکار چالاک یاخو پەک دەخەن.

لە توێژینەوەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییانەی خوارەوە دراوەتەوە: چۆن لە فینلاند توانرا چەمکی یاسا دەستپێشکارەکان لە سیستەمی یاسادانانیدا بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدان و خۆشگوزەرانیی یەکبخرێت؟ ئاڵنگارییە سەرەکییەکان چین لە عێراق و هەرێمی کوردستان کە ڕێگرن لە گرتنەبەری ئەم ڕێبازە؟ وانە و ڕاسپاردە پراکتیکییەکان چین کە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە بەهێزکردنی کولتووری یاسادانانی دەستپێشکار لە عێراق و هەرێمی کوردستان؟

لە سەرەتای توێژینەوەکە، پێناسەیەکی ورد بۆ یاسا دەستپێشکارەکان و گەشەسەندنی مێژوویی ئەو یاسایانە دەکرێت، پاشان بە خستنەڕووی چەند نموونەیەك، شیکردنەوەیەکی گشتگیر بۆ ئەزموونی سەرکەوتووی فینلاند ئەنجام دەدرێت. دواتر، خوێندنەوەیەك بۆ دۆخی یاسادانان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەکرێت و تیشک دەخرێتە سەر ئاڵینگارییە هەنووکەییەکان و کەموکورییەکان. لە کۆتاییدا، بەراوردکارییەکی شیکاریی لەنێوان هەردوو ئەزموونەدا دەخرێتەڕوو، بەو هیوایەی دیدگایەك بێتەئاراوە کە چەمکی یاسای دەستپێشکارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ گەرەنتیکردنی داهاتوویەکی باشتر پەرەی پێبدرێت.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی چەمکی و تیۆری

### ٢. چوارچێوە چەمکییەکانی یاسا دەستپێشکارەکان

### ١.٢.پێناسەکردنی یاسا دەستپێشکارەکان و جیاوازییان لە یاسا وەڵامدەرەوەکان

لەم سەردەمەدا کە جیهان بەشێوازی جیاواز ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری و بەریەکەوتن دەبێتەوە، ڕێبازی نەریتی یاسادانان، کە لەسەر بنەمای "وەڵامدانەوە " دادەڕێژرێت، بە ئاسانی ناتوانێت سەقامگیری و گەشەسەندن بێنێتە کایەوە. قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان، چ ئابوریی، ژینگەی، تەندروستی یان ئەمنیی بن، وادەکەن کە دووبارە بیربکەینەوە لە شێوازی داڕشتنەوەی یاساکان و جێبەجێکردنیان. لەو ڕوانگەیەوە، چەمکی "یاسا دەستپێشکارەکان " وەکو فەلسەفەیەکی نوێی یاسادانان پەرەیسەند، چەمکێك کە سنووری "وەڵامدانەوە "ی تێپەڕاند و لەبری بەریەکەوتن لەگەڵ کێشەکان دیدگایەکی ئایندەیی بۆ خوێندنەوەی داهاتوو هێنایەئاراوە، ئەوەش وایکرد جۆرە کۆمەڵگایەك دروستبێت کە توانای خۆگونجاندیان جیاواز و بەراورد بە کۆمەڵگاکانی دیکە کوالێتی ژیانی دانیشتوانی بەرزتر بێت. دەکرێت پێناسەی یاسا دەستپێشکارەکان بەوە بکرێت کە کۆمەڵێك چوارچێوەی یاسایی و پۆلەسین دیزاینکراوە و جێبەجێ دەکرێت بە مەبەستی پێشبینیکردنی ئاڵنگارییەکان و دەرفتە ئایندەییە گریمانەییەکان، پاشتر دارشتنی کۆمەڵێك ئامڕازی یاسایی پێویست بۆ مامەڵکردن لەگەڵ ئەو ئاڵنگاریانە پێش ئەوەی پەرەبسێنن. بە بوونی یاسا دەستپێشکارەکان، چاوەڕێی دروستبوونی قەیرانەکان ناکرێت بۆئەوەی چارەسەرێك بخرێتەڕوو، بەڵکو ئامانج لێیان ڕێگریکردنە لە دروستبوونی قەیران یان کەمکردنەوەی کاریگەریی لێکەوتەکانی، یاخود تەنانەت گۆڕینی ئاڵنگارییەکانە بۆ دەرفەت بەمەبەستی گەشەپێدان و داهێنان. یاسا دەستپێشکارەکان لەسەر بنەمای "پلاندانانی ئایندەیی " لەبری "وەڵامدانەوەی ڕابردوو " دیزاین دەکرێن، بۆئەوەی لە هەر ژینگەیەکی گۆڕاودا بە چالاکی بمێننەوە. ئەم پرۆسەیەش، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی قووڵ و ئایندەییە بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی کەرتە جۆراوجۆرەکان، هەر لە کەرتی تەکنەلۆجیا و ئابوریی تا دەگاتە ژینگە و کۆمەڵگا.[١]

جیاکردنەوەی یاسا دەستپێشکارەکان لە "یاسا وەڵامدەرەوەکان "، پەیوەندیی بە بنەمای فەلسەفی و کاتی داڕشتنی ئەو دوو جۆرە یاسایەوە هەیە، لە کاتێکدا ئەوەی دووەمیان نەریتییە وەڵامدانەوەی کێشەیەکە یاخود کارەساتێکە کە لە ڕاستیدا ڕوویداوە، بۆ نموونە، پاش ئەوەی زەمین لەرزیەکی وێرانکەر ڕوودەدات، چەندین یاسا بۆ ئاوەدانکردنەوە و ڕێکخستنەوەی مەرجەکانی خانوو و باڵەخانە دروستکردن دادەڕێژرێن، یاخود پاش دروستبوونی قەیرانێکی ئابوریی کۆمەڵێك یاسا بۆ ڕێکخستنەوەی بازاڕی دراو دادەڕێژرێن، بەهەمان شێوەش کاتێك تاوانێکی ئەلیکترۆنی بەرفراوان ئەنجامدەدرێت، کۆمەڵێك یاسای نوێ دەدەکرێت بۆ ڕێگریی لە تاوانە سیبرانییەکان، بەو جۆرەش، ئەم یاسایانە بە سروشت

خاون و بەو ڕادەیە کاریگەر نین لە ڕێگریی لە دووبارەبوونەوەی قەیرانەکە یان دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕیشەیی[٢].

**" یاسا دەستپێشکارەکان هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ئالنگاردیە ئایندەییەکان و چارەسەرکردنیان پێش ئەوەی گرفتەکان زیاتر پەرەبسێنن، ئەمەش پێچەوانەی ڕێبازە نەریتییەکەیە کە پەنا دەباتە بەروەڵامدانەوە پاش کەوتنەوەی کێشەکان "**

لە بەرامبەردا، یاسا پێشکارەکان بەتەواوەتی جیاوازن، بۆ نموونە: لەبری چاوەڕێکردن تا ئەو کاتەی لافاوێک دروست دەبێت، یاسادانەرەکان خوێندنەوەیان بۆ ئایندەی کەشوهەوا و شیکردنەوەیان بۆ مەترسی بەرزبوونەوەی ئاوی دەریاکان هەیە، بۆیە پێشوەخت یاسا بۆ ڕێکخستنی خانوو دروستکردن لە ناوچە کەناراوییەکان، دروستکردنی بەربەست، یاخود بەرکارهێنانی سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشکەوتوو دادەنێن. بەهەمان شێوە، لەبری چاوەڕێکردن تا ئەو کاتەی پەتایەك بڵاودەبێتەوە، کۆمەڵێك یاسا دادەڕێژرێن بۆ پتەوکردنی سیستەمی چاودێریی تەندروستی، پارە تەرخانکردن بۆ توێژینەوە زانستییەکانی تایبەت بە ڤاکسین و پەرەپێدان بە پرۆتۆکۆڵەکانی وەڵامدانەوەی خێرا لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتاکان، بە واتایەکی دیکە، ئەم چەمکە گۆڕانە لە "ئاگر کوژاندنەوە" بۆ "ڕێگریی لە ئاگر کەوتنەوە" ئەوەش لە خودی خۆیدا دیدگایەکی دوورمەوادایە بۆ مامەڵکردن لەگەڵ مەترسی و قەیرانەکاندا. فەلسەفەی یاسا دەستپێشکارەکان لەوەدایە کە یاسا تەنها ئامرازێك نییە بۆ ڕێکخستنەوەی هەڵسوکەوتی مرۆیی یاخود چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی ڕابردوو، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئامرازێکە بۆ ئاڕاستەکردنی گەشەسەندنی کۆمەڵگەیی، هاندان بۆ داهێنان و دیاریکردنی ئایندەیەکی گەش، بەپێی ئەم چەمکە، یاساکان ناکرێت چەقبەستوو بن، بەڵکو دەبێت خۆگونجێنەر بن لەگەڵ ڕووداوەکان و ئامرازێك بن بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی ڕێخۆشکەر بۆ گەشەسەندن و داهێنان.[٣]

### ٢.٢ بنەماکانی یاسادانانی دەستپێشکاریی کاریگەر

بۆ ئەوەی یاسا دەستپێشکارەکان کاریگەریی ڕاستەقینەیان لە داهاتوودا هەبێت، دەبێت لە پرۆسەی داڕشتنیاندا پشت بە کۆمەڵێك بنەمای بنەڕەتیی ببەسترێت، کە گەرەنتی توانای ئەو یاسایانە لە جێبەجێکردنی ئامانجە ئایندەییەکاندا بکات. ئەو بنەمایانە تەنها دیوە

یاساییەکەی ئەو یاسایانە نییە، بەڵکو لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و دامەزراوەییش دەگرێتەوە، کە هەمووی پێکەوە چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ کاری یاسادانان پێکدەهێنێت.
سەرەتا، "پێشبینیکردنی داهاتوو یاخود دووربینی "، بنەمایەکی سەرەکییە بۆ یاسا دەستپێشکارەکان، ئەم بنەمایە تەنها پێشبینینی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی سیستەماتیک و ڕێکخراوە بۆ شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی ئێستا، دیاریکردنی سیناریۆ ئایندەییەکان، هەروەها هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان و دەرفەتەکان. یاسادانانی دەستپێشکار بۆ خوێندنەوەی داهاتوو پشت بە ئامرازی جۆراوجۆر دەبەستێت، بۆ نموونە؛ خوێندنەوە بۆ سیناریۆ ئایندەییە جیاوازەکان، شیکردنەوەی ڕەهەندە سەرەکییەکان بۆ دەستنیشانکردنی گۆڕانکارییە درێژخایەنەکانی وەک گۆڕانی دیمۆگرافی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، ئەمە جگە لە زنجیرە چالاکیی جووڵانی مێشک و ڕاوێژکردن بە شارەزایان. ئەم ئامرازانە بە یەکەوە یارمەتی یاسادانەران دەدەن بۆ گەڵاڵەکردنی تێگەیشتنێکی قووڵتر دەربارەی داهاتوو، کە یاساکان تێیدا کاریان پێدەکرێت. بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی باسکرا لە پرۆسەی یاسادانان، پێویستی بە دروستکردنی یەکە یان لیژنەی تایبەتمەند بە پێشبینیکردنی داهاتوو هەیە لە ناو دامەزراوەی یاسادانان، دابینکردنی سەرچاوە و پسپۆڕیی پێویست بۆ ئەو لیژنانە و هەڵسەنگاندنی یاساکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە قۆناغەکانی داڕشتندا[٤].
"نەرمی و خۆگونجاندن "یەکێکی دیکەیە لەو بنەمایانەی کە دەبێت لە یاسا دەستپێشکارەکاندا هەبێت. بەهۆی ئەوەی داهاتوو هەر بە سروشت زۆر ڕوون نییە، بۆیە ئەو یاسایانە دەبێت بە شێوازێك دابڕێژرین کە توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی چاوەڕوان نەکراو لە داهاتوودا هەبێت. ئەم کارەش، لەڕێگەی پیادەکردنی میکانزیمی پێداچوونەوە و نوێکردنەوە بەردەوام بۆ خودی دەقە یاساییەکان دەکرێت و کات بۆ هەموارکردنەوەی خولی ئەو یاسایانە دیاریدەکرێت بە شێوازێک لەگەڵ پێشهاتەکاندا بگونجێت، ئەم جۆرە هەموارکردنەوەیەش لەگەڵ هەموارکردنەوە نەریتیی یاخود تەقلیدیەکان جیاوازە، کە ڕەنگە چەندین ساڵ بخایەنێت. ئەوەی گرنگە لێرەدا، زمانی نووسینەوەی یاساکانە کە دەبێت دیسان بە زمانێکی یاسایی بنووسرێتە نەرم و خۆگونجێنەر بێت و شرۆڤەکردنی بەپێی پێشهاتەکان ئاسان بێت. جێگەی باسە لەم یاسانەدا بنەما و ئامانجە گشتییەکان جێگیر دەکرێت و وردەکارییەکان بۆ ڕێسا جێبەجێکارەکان بەجێدەهێڵرێت کە بە ئاسانتر هەموار دەکرێنەوە[٥].
یاسا دەستپێشکارەکان دەبێت "بنەمای گشتگیری و بەشدارییپێکردن "یان تێدا ڕەچاو بکرێت. ئەو یاسایانە بۆ ئەوەی کاریگەربن و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە جێگەی بایەخ بن، پێویستە نەك تەنها یاسادانەرەکان، بەڵکو سەرجەم خاوەن بەرژەوەندییەکان لە داڕشتنیاندا بەشداربن، هەر لە شارەزایانی بوارە جیاوازەکانی ژینگە، ئابوری، زانایانی کۆمەڵناسی،

تاوەکو کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسانی ئەکادیمی. تەنانەت هاووڵاتیانیش لە قۆناغەکانی پلاندانان و دارشتنەوە و پێداچوونەوە دەکرێت بەشدارب‌ن. ئەم شێوازە لە بەشدارییپێکردن و گشتگیری، دەرفەت بۆ چینێکی بەرفراوان دروست دەکات بۆئەوەی دید و پێشبینییەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و کاریگەرییە ئەگەرییەکانی ئەو یاسایانە لەسەر چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەرکەوێت.
ئەوەی گرنگە لێرەدا، دەبێت یاساکان بۆ هاووڵاتیان بەردەست بن و ڕەشنووسەکانی ببینن و تێبینی و سەرەنجی خۆیان پێشکەش بکەن.

**” ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان ئەوڕاستییە دەسەڵمێنن کە ئەووڵاتانەی ڕێبازێکی دەستپێشکارلە دارشتنی یاساکانیاندا دەگرنەبەر، تو انای زیاتریان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان هەیە، پتەوکردنی سەقامگیریی ئابوری وکۆمەڵایەتی، گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام لە مەودایەکی درێژخایەندا “**

جگە لەو سێ بنەمایەی سەرەوە، یاسا دەستپێشکارەکان دەبێت بنەمای "تەواوکاری و پێکەوەگرێدان "یان تێدابێت. ئەو جۆرە یاسایانە بەبێ یەکتر کاریگەر نین و بەباشی کارناکەن، چونکە ئاڵنگارییە ئایندەییەکان زۆرجار هاوشێوەی گۆڕانی کەشوهەوا و ئاسایشی خۆراک و دیاردەی کۆچبەریی، بەیەکەوە گرێدراون، بۆیە گرنگە دامەزراوە حکومییە جیاوازەکان و وەزارەتەکان بەشێوازێکی ئاسۆیی لەکاتی دارشتنی ئەو یاسایانەدا هەماهەنگ بن، بۆئەوەی یاساکان تەواوکەری یەکتربن و ناکۆکی لەنێوانیاندا دروست نەبێت، بۆ نموونە دارشتنی یاساکانی تایبەت بە کەشوهەوا پەیوەستە بە یاساکانی وزە، گواستنەوەو پیشەسازییەوە. جگە لە هەماهەنگیی ئاسۆی، پێویستە دامەزراوە حکومییەکان لە ئاستی جیاوازدا بە شێوەیەکی ستوونی لەنێوان ناوەند و ناوچە لۆکاڵەکان هەماهەنگبن. پێویستە لێرەدا بە ڕەوتێکی گشتگیر تەماشای گرفتەکان و چارەسەرەکان بکرێت و سەرجەم ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەخۆبگرێت، کە ڕەهەندەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی دەگرێتەوە.
دواین بنەما کە دەبێت لە یاسا پێشوەختەکاندا ڕەچاوبکرێت، بنەمای "هەڵسەنگاندن و فێربوونی بەردەوام "ە، یاسادانانی دەستپێشکارانە خۆی لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە و پێویستی بە خۆگونجاندن و گەشەسەندن هەیە، بۆیە

دەبێت میکانیزمی بەهێز بۆ هەڵسەنگاندن و فێربوون لەخۆبگرێت. ئەو میکانیزمانە پێوانە و هەڵسەنگاندن دەگرێتەوە بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە ئایندەییەکان، هەروا فیدباك وەرگرتن بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و گەڵاڵەکردنی پێشبینییە سەرەتاییەکان لەسەر کارایی یاساکە. لێرەدا هەڵسەنگاندنی بەردەوام لە پرۆسەی فێربوونی دامەزراوەکان لە ئەزموونەکانیان و گونجاندنی شێوازی یاسا دارِشتنەوە پشتبەست بە ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان رِۆڵی گەورە دەبینێت[٦].

**بەشی دووەم: ئەزموونی پێشەنگی فینلاند لە یاسا دەستپێشکارەکان**

**٣. پێشینەی مێژووی و گەشەسەندنی پرۆسەی یاسادانان لە فینلاند**

فینلاند بە وڵاتێکی بێوێنە و نموونەیەکی سەرنجراکێش لە جێبەجێکردنی یاسا دەستپێشکارەکان دادەنرێت، هۆکاری ئەوەش بۆ کۆمەڵێك فاکتەری مێژووی و جوگرافی و کولتووری دەگەڕێتەوە کە ناسنامەی یاسادانانی لەو وڵاتە پێکهێناوە. سەرکەوتنی فینلاند لە بواری یاسا دەستپێشکارەکاندا دەرئەنجامی چەندین دەیە بوو لە پلانی ستراتیجی، دیدگای دوور مەودا، هەماهەنگی دامەزراوەیی بەردەوام. ئەو ژینگەیەی کە وڵاتەکەی پێدا تێپەڕی ڕێخۆشکەر بوو بۆ بیرۆکەی دەستپێشکار و خۆئامادەکردن بۆ داهاتوو وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە حوکمڕانییەکی دروست.

مێژووی فینلاند، بەتایبەتی لە قۆناغی پاش جەنگی جیهانی دووەم، رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە پەیرەوکردنی ڕێبازی یاسادانانی دەستپێشکاردا هەبوو. پاش ماوەیەک لە ململانێ و زیانی زۆر، وڵاتەکە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی سەخت بووەوە سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوە، ئاسایشی سنوورەکان، بونیادنانی ئابوریی، لە کاتێکدا بەهۆی سنووری هاوبەشەی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت، سەرچاوە سروشتییەکان سنووردرابوون و فشاری جیۆپۆلیتیکی لەسەر ئەو وڵاتە زۆر بوون[٧].

ئەو کات سەرکردە فینلاندییەکان درکیان بەو ڕاستییە کرد کە مانەوە و گەشەکردن پێویستی بە دیدگایەکی ئایندەیی گشتگیر هەیە، دیدگایەك تەنها لەسەر چاککردنەوەی زیانەکانی ڕابردوو ڕانەوەستێت، بەڵکو گرنگە پەیکەرەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوریی بونیاد بنرێت، کە لە توانایدابێت لە ژینگەیەکی گۆڕاوی جیهانیدا بەرگە بگرێت و گەشە بکات.

ئەو درکەی سەرکردە فینلاندییەکان پاڵنەربوو بۆ پەیرەوکردنی کولتووری پلادانانی دوورمەودا و جێگیرکردنی ئەو کولتوورە لە یاساکان و پۆلەسیە گشتیەکانی وڵات. ئەو دیدگا ئایندەییە سەرەتایەك بوو بۆ دروستکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەران لەسەر بنەمای یەکسانی و پەروەردەی نایاب و سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی مۆدێرن. بەو شێوەیەش یاساکان بەجۆرێك دیزاین دەکران نەك تەنها بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکان، بەڵکو

گەرەنتیکردنی داهاتوویەکی گەش و یەکسان بۆ سەرجەم هاوولاتیان. ئەو سەقامگیرییەی پاش جەنگی جیهانی دووەم بۆ چەند دەیەیەك بەردەوام بوو، تێیدا فینلاندییەکان لەسەر ئامانجە باڵاکان بە کولتووری کۆدەنگیی نیشتیمانیی کاریان دەکرد، ئەوەش ژینگەیەکی نموونەیی بۆ دارشتنی کۆمەڵە یاسایەك خولقاند، کە بەرگەی ناجێگیریی سیاسیی کورت مەودا بگرێت و خزمەت بە نەوەکانی داهاتوو بکات.

لەسەر ئاستی دامەزراوەیی، فینلاند هەستا بە دروستکردنی دەسەڵاتێکی یاسادانانی پتەو و گشتگیر، بە شێوازێك کە لەگەڵ دارشتنی یاسا دەستپێشکارەکان بگونجێت، لەو ڕووەوە، پەرلەمانی فینلاند (Eduskunta)، لەڕێگەی لیژنە تایبەتمەندەکانەوە ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت نەك تەنها لە یاسا دەرکردن، بەڵکو لە خوێندنەوەی داهاتوو. گرنگترین ئەو لیژنانە "لیژنەی ئایندە"یە، کە ئۆرگانێکی گرنگە و کار لەسەر خوێندنەوەی داهاتوو و ڕەهەندە ئایندەییە دوورمەوداکان دەکات و پێشنیاز لەسەر کاریگەریی ئەو ڕەهەندانە لەسەر یاسا و پۆڵەسیە گشتیدەکان دەخاتەڕوو. ئەو لیژنەیە تەنها کار لەسەر وەڵامدانەوەی ڕاسپاردە حکومییەکان ناکات، بەڵکو گفتوگۆی چڕیش لەسەر بابەتە ئاییندەییەکان ئەنجام دەدرێت، کە جاری وا هەیە لە ئەجێندا سیاسدیەکاندا نەخرانەتەڕوو[٨].

> **” دەکرێت پێناسەی یاسا دەستپێشکارەکان بەوە بکرێت کە کۆمەڵێك چوارچێوەی یاسایی و پۆلەسین دیز اینکراوە و جێبەجێ دەکرێت بە مەبەستی پێشبینیکردنی ئاڵنگارییەکان و دەرفەتە ئایندەییە گریمانەییەکان، پاشتر دارشتنی کۆمەڵێك ئامرازی یاسایی پێویست بۆ مامەڵکردن لەگەڵ ئەو ئاڵنگاریانە پێش ئەوەی پەرەبسێنن “**

کاری دووربینی یاخود خوێندنەوەی داهاتوو تەنها ئەرکی پەرلەمانی فینلاند نییە، بەڵکو دامەزراوە حکومییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی ورد لەسەر ئاڵنگارییەکان و دەرفەتە ئایندەییەکان ڕادەسپێردرێن. سیستەم لە فینلاند بەوە ناسراوە کە میکانیزمی بەهێزی بۆ بەشدارییپێکردنی کەسانی ئەکادیمی، ناوەندەکانی توێژینەوە، کۆمەڵگەی مەدەنی لە پرۆسەی یاسادانانددا هەیە. لەڕێگەی چەندین وۆرکشۆپ و سیمینار و ڕاویژەوە، داوا لە کەسانی پسپۆر دەکرێت هەڵسەنگاندن و شیکارییەکانیان لەسەر لێکەوتە گریمانەییەکانی یاسا پێشنیازکراوەکان لە مەودای دوور پێشکەش بکەن. ئەم هەماهەنگییە

فرە لایەنە، گەرەنتییەکە بەوەی یاسایان لەسەر بنەمای درکێکی قووڵ فرە پسپۆڕیی دارێژراون، لەسەر ئاستێکی بەرفراوان لە لایەن کۆمەڵگاوە قبوڵکراوە. بەو شێوەیەش، یەکخستنی دیدی سیاسی و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی زانستی و بەشدارپێکردنی کۆمەڵگەیی هۆکار بوون بۆئەوەی فینلاند ببێتە پێشەنگ لە بواری یاسا پێشوەختەکاندا، بەشێوازێك بڕیارەکانی ئەمڕۆ دەچێتە چوارچێوەی خزمەتکردنی نەوەکانی داهاتوو[٩].

## ٤. کارکردن بە یاسا دەستپێشکارەکان لە فینلاند: خوێندنەوە بۆ چەند بوارێك

کارکردن بە ڕێبازی یاسادانانی دەستپێشکار لە فینلاند لە چەندین کەرتی جیاواز بە فراوانی ڕەنگدەداتەوە. ئەو یاسایانەی بەوردی دارێژراون دەرئەنجامی ئەرێنی دوورمەودای لێکەوتووەتەوە. لە خوارەوە خوێندنەوە بۆ چوار بواری سەرەکیی دەکەین، کە ئەوانیش: (خوێندن، ژینگە، ئاسایشی سیبرانی و چاودێریی کۆمەڵایەتی) و شێوازی جێبەجێکردنی ئەو ڕێبازە لە هەریەك لەم بوارانە ڕوون دەکەینەوە.

### ١.٤ یاساکانی بواری پەروەردە و خوێندن

سیستەمی خوێندن لە فینلاند دەکرێت وەکو نموونەیەکی کەموێنە سەیربکرێت سەبارەت بە یاسا دەستپێشکارەکان. لەو وڵاتە، لەبری پستبەستن بە پرۆگرامی خوێندن بە شێوازە نەریتییەکەی (مەنهەج) یاخود تاقیکردنەوە گشتییە یەك ڕەهەندییەکان، چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ خوێندنی بنەڕەتی و خوێندنی باڵا دیزاینکراوە، بەشێوازێك پاڵپشتیی لێهاتوویی دەکات وەکو؛ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، چارەسەرکردنی کێشەکان، داهێنان، هاوکاریکردن، توانا دیجیتاڵیەکان. یاساکانی فینلاند دیگایەکی دوورمەودای تێدایە ئامانج لێی ئامادەکردنی خوێندکارانە بۆ بازاڕی کار، بازاڕێك تەنانەت ئەگەر بەردەوام گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. بەواتایەکی دیکە، ئەو پرۆگرامانەی خوێندن وەکو پەرچەکردارێك بۆ گۆڕانکارییە پیشەسازییەکان دانانرێن، بەڵکو لەسەر بنەمای پێشبینییەکان دیزاین دەکرێن. بۆ نموونە؛ ساڵی "٢٠١٦" فینلاند پرۆگرامێکی نیشتیمانیی بۆ خوێندن داهێنا، کە زۆر جیاوازە لە پرۆگرامە تەقلیدییەکان و زۆرتر "کارامەییەکانی سەدەی بیست و یەك"ی تێدا جێگیرکراوە وەکو: بیرکردنەوەی کومپیوتەریی، بیرکردنەوەی ڕەخنەگریانە، چارەسەرکردنی کێشەکان، داهێنان و هەماهەنگی و ئەو بابەتانە خراونەتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و خوێندکاران لە قۆناغی زۆر سەرەتایی دەیخوێنن و لەسەر کارکردن لەو پرۆژانەی گەشە بە داهێنان دەکات هاندەدرێن[١٠].

کارەکە تەنها لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن نەوەستاوە، بەڵکو لەسەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکان خوێندکاران فێری توێژینەوە و گەشەپێدان دەکرێن بەشێوازێك زنجیرە

پەیوەندییەك لەنێوان فێرکردن، توێژینەوە و پیشەسازیی دروستبووە[11].
لە ئەنجامدا، یاسا دەستپێشکارەکان هۆکاری سەرەکین لە دروستکردنی هێزێکی کاری تەواو شیاو و بەتوانا کە دەتوانێت لەگەڵ تەکەنۆلۆجیای نوێ و بزنسی سەردەمیانە خۆی بگونجێنێت، ئەمەش پێگەی وڵاتەکەی بەرچاو لە کێبڕکێی ئابوریدا لەسەر ئاستی جیهان بەهێزکرد.

**” بۆ ئەوەی یاسا دەستپێشکارەکان کاریگەریی ڕاستەقینەیان لە داهاتوودا هەبێت، دەبێت لە پرۆسەی دارشتنیاندا پشت بە کۆمەڵێك بنەمای بنەڕەتیی ببەسترێت، کە گەرەنتی توانای ئەو یاسایانە لە جێبەجێکردنی ئامانجە ئایندەییەکاندا بکات. ئەو بنەمایانە تەنها دیوە یاساییەکەی ئەو یاسایانە نییە، بەڵکو لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و دامەزراوەییش دەگرێتەوە، کە هەمووی پێکەوە چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ کاری یاسادانان پێکدەهێنێت “**

### ٢.٤ یاسا ژنگەییەکان و گەشەپێدانی بەردەوام

فینلاند لەمێژە لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کە یاسای ژینگەیی پێشەنگ و دەستپێشکارانە پەیرەو دەکەن، کە تایبەتە بە گرنگیدان و پاراستنی سەرچاوە سروشتییە بەنرخەکانی ئەو وڵاتە و مسۆگەرکردنی بەردەوامیی ئەو سەرچاوانە بۆ نەوەکانی داهاتوو. یاساکانی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا، بەڕێوەبردنی دارستانەکان و وزە نوێبووەوەکان، تەنها بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییە هەنووکەییەکان دەرنەکراون، بەڵکو دارشتنی ڕێڕەوێکی درێژخایەنن بەرەو داهاتوویەکی سەوزتر لەو وڵاتەدا. بۆ نموونە، یاسای گۆڕانی کەشوهەوا ئامانجی باڵا و لەڕووی یاساییەوە پابەندکەر دیاری دەکات بۆ گەیشتن بە بێلایەنی کاربۆنی تا ساڵی "٢٠٣٥" و ئەم ئامانجانەش لە هەموو ئاستەکانی بڕیاردانی حکومەتدا جێگیر کراون. هەروەها یاساکانی بەڕێوەبردنی دارستانەکان تەنها لە ڕێکخستنی بڕینەوەی دارەکاندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو میکانیزمێکی توند بۆ درەخت چاندنی بەردەوام و پاراستنی هەمەجۆریی بایۆلۆجی لەخۆدەگرن. جگە لەوەش، یاساکانی فینلاند بە شێوەیەکی دەستپێشکارانە پاڵپشتیی وەبەرهێنانیان لە سەرچاوەکانی وزەی نوێبووەوە وەک وزەی با و بارستەی بایۆلۆجی

(biomass) دەکەن، ئەوەش لەڕێگەی هاندان بۆ گۆڕانکاریی و دوورکەوتنەوە لە سووتەمەنییە بەردینییەکان. ئەم یاسایانە تەنها یارمەتیدەر نین لە پاراستنی ژینگەی سروشتیی فینلاند، بەڵکو بوونەتە هۆی بەهێزکردنی "ئابوری سەوز" و هەلی نوێی کاریان لە کەرتەکانی وزەی پاک و تەکنەلۆجیای ژینگەییدا ڕەخساندووە[١٢].

### ٣.٤ ئاسایشی سیبرانی و گۆڕانی دیجیتاڵی

لەگەڵ گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆجیا و پشتبەستن بە توانا دیجیتاڵییەکان، فینلاند هەر زوو درکی کرد بە پێویستیی و گرنگیی هەبوونی یاسا دەستپێشکارەکان بۆ پاراستنی ئەو بوارە زیندووە. ئەو وڵاتە چاوەڕێی ئەگەری ڕوودانی هێرشی سیبرانی بەرفراوانی نەکرد بۆئەوەی یاسای بۆ دەربکات، بەڵکو کاری کرد بۆ بنیادنانی چوارچێوەیەکی یاسایی بەهێز و توندوتۆڵ بۆئەوەی پێش هەڕەشە چاوەڕوانکراوەکان بکەوێت. ئەو یاسایانە ڕێکاری توند بۆ پاراستنی داتا و تایبەتمەندیی لەخۆدەگرن، وەک جێبەجێکردنی ڕێسای نێوخۆیی لەسەر بنەمای "ڕێسای گشتیی پاراستنی داتاکان " بۆ دڵنیابوون لە ئاسایشی زانیارییە کەسی و هەستیارەکان. جگە لەوەش، یاسا بۆ ڕێکخستنی ئاسایشی تۆڕەکان و سیستەمەکانی زانیاریی داڕێژران، بەرپرسیارێتییەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە پاراستنی ژێرخانی دیجیتاڵیی گرنگدا دیاریکراون. بابەتەکە تەنها لەوێ ڕانەوەستاوە، بەڵکو یاساکان تەکنەلۆجیا نوێیەکان وەک ژیریی دەستکرد (AI) و بلۆکچەین (Blockchain) ڕێکدەخاتەوە، بە ئامانجی سوودوەرگرتن لەو تەکنەلۆجیایانە و کەمکردنەوەی مەترسییە ئەگەرییەکانیان لەسەر کۆمەڵگە، بازاڕی کار و مافەکانی مرۆڤ. ئەم یاسایانە یارمەتیدەر بوون لە بنیادنانی ژینگەیەکی دیجیتاڵیی ئارام و جێی متمانە، کە هانی داهێنانی تەکنەلۆجی دەدات و وەبەرهێنان لەو کەرتەدا بەهێزتر دەکات[١٣].

### ٤.٤ چاودێریی کۆمەڵایەتی و پیربوونی دانیشتووان:

فینلاند نموونەیەکی پێشکەوتووە لە جێبەجێکردنی یاسا دەستپێشکارانەکان لە بواری چاودێریی کۆمەڵایەتیدا، بەتایبەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە دیمۆگرافییەکانی پەیوەست بە پیربوونی دانیشتووان. وڵاتەکە لەبری ئەوەی چاوەڕێ بکات تاوەکو کێشەی پیربوونی دانیشتووان ببێت بە فشار لەسەر سیستمی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێك یاسای بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامیی سیستەمەکانی خانەنشینی و چاودێریی تەندروستی دورمەودا داناوە. ئەم یاسایانە چاکسازیی لە سیستەمەکانی خانەنشینیدا لەخۆدەگرێت، بۆئەوەی نەرمتر بن و توانای خۆگونجانیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی تێکڕای تەمەنی چاوەڕوانکراو و ڕێژەی لەدایکبوون هەبێت. هەروەها یاساکان پشتگیریی داهێنان لە چاودێریی تەندروستی بۆ

بەساڵاچووان لەخۆدەگرێت، وەک پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە تەندروستییە دیجیتاڵییەکان و چاودێریی لە ماڵەوە کە وا لە بەساڵاچووان دەکات بۆ ماوەیەکی درێژتر بە سەربەخۆیی بژین. جگە لەوەش، کۆمەڵێك یاسا دانراون بۆ پاڵپشتیی بەرنامەکانی خۆپارێزیی تەندروستی و بەهێزکردنی شێوازی ژیانی چالاک بۆ هاووڵاتیان لە هەموو تەمەنەکاندا، بە ئامانجی کەمکردنەوەی پێویستی چاودێریی تەندروستیی چڕ لە قۆناغەکانی کۆتایی تەمەندا. ئەم ڕێکارە یاساییە دەستپێشکارانە بەشێکی گرنگن لە بنیادنانی سیستمێکی چاودێریی کۆمەڵایەتیی بەردەوام، کە کوالێتییەکی بەرزی ژیان بۆ هەموو هاووڵاتیان مسۆگەر دەکات و بارگرانیی لەسەر بودجەی دەوڵەت کەمدەکاتەوە[١٤].

> **” فینلاند بە وڵاتێکی بێوێنە و نموونەیەکی سەرنجڕاکێش لە جێبەجێکردنی یاسا دەستپێشکارەکان دادەنرێت، هۆکاری ئەوەش بۆ کۆمەڵێك فاکتەری مێژووی و جوگرافی و کولتووری دەگەڕێتەوە کە ناسنامەی یاسادانانی لەو وڵاتە پێکهێناوە “**

**بەشی سێیەم: دۆخی یاسادانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان**

**٥. پاشخانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کاریگەریان لەسەر یاسادانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان**

بە پێچەوانەی ئەزموونی فنلەندا کە لەسەر بنەمای سەقامگیری و دیدگای ئاییندەیی دامەزراوە، دۆخی یاسادانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان مێژوویەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز و درێژخایەنی لە ململانێ، ناسەقامگیریی و ئاڵنگارییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. ئەو بارودۆخە مێژووی و هەنووکەییانە بوونەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵە یاسایەك کە زۆربەی کات سروشتێکی «وەڵامدەرەوە»ی هەیە و بەدەرە لە ڕێبازی دەستپێشکارانە، ئەو ڕێبازەی کە پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی سەدەی بیست و یەکەم.

کەڵەکەبوونی ململانێکان و ناسەقامگیریی سیاسی، دیارترین ئەو فاکتەرانەن کە مۆرکیان لەسەر پرۆسەی یاسادانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان داناوە. لە ماوەی چەندین دەیەی ڕابردوودا، وڵاتەکە بە قۆناغی یەک لە دوای یەکی جەنگدا تێپەڕیوە، ئەمە جگە لە گەمارۆ ئابورییەکانی پێشوو و ململانێ ناوخۆییەکان و گرژیی تائیفی و نەتەوەیی و سەرهەڵدانی گروپە تیرۆریستییەکانی نموونەی داعش. ئەم ڕووداوە گەورانە بوون بەهۆی وێرانبوونی ژێرخانەکان، ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس، جگە لە، لاوازبوونی دامەزراوە حکومییەکان و

دەسەڵاتی یاسادانان. لەم بارودۆخەدا، تەنها گرنگی بە بەڕێوەبردنی قەیرانە هەنووکەییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ لێکەوتە ڕاستەوخۆکانی ململانێکان دراوە، وەک پرسەکانی ئاسایش، ئاوەدانکردنەوەی بەپەلە و هاوکاریکردنی ئاوارەکان. ئەم دۆخە بووەتە هۆی بالادەستی "بەڕێوەبردنی قەیران " بەسەر "پلاندانانی ستراتیژی "، بە شێوەیەک لەبری داڕشتنی دیدگایەکی نیشتمانیی یەکگرتوو و درێژخایەن بۆ پرۆسەی یاسادانان کە ئامانج لێی بنیادنانی ئایندەیەکی سەقامگیر و گەشەسەندوو بێت، یاساکان زۆربەی کات وەک پەرچەکردار بۆ ڕووداوە لەناکاوەکان یان بۆ پێداویستییە کاتییەکان دەردەکرێن، بۆ نموونە، زۆرێک لەو یاسایانەی پاش ساڵی "٢٠٠٣ " دەرچوون، تێیاندا جەخت لەسەر پێکهێنانی دامەزراوە نوێیەکانی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی قەیرانە ئەمنییەکان کراوەتەوە[١٥].

جگە لەوانەی سەرەوە، ئاستەنگییە سیاسییە ستراتیجی و دامەزراوەییەکانی خودی پرۆسەی یاسادانانیش بەڕوونی ڕۆڵ دەگێڕن. لە هەریەك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، پرۆسەی یاسادانان بەدەست خاوخلیچکی و بیرۆکراسیيتەوە دەناڵێنێت، کە هەندێکجار پەسەندکردنی یاساکان ساڵانێکی زۆر دەخایەنێت، ئەمەش بەهۆی ئاڵۆزییە ڕێکارییەکان، ناکۆکییە سیاسییەکان لەسەر ناوەڕۆك و داڕشتن، یاخود ململانێی بەرژەوەندییەکان. تێکەڵبوونی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن، هەروەها کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندیی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بووە بەهۆی ناڕوونی لە پسپۆڕییەکان و ڕێگریی دەکات لەو هەماهەنگییەی کە پێویستە بۆ دەرکردنی یاسای گشتگیر و کاریگەر. کێشەی ‹یاسای نەوت و گاز› کە ساڵانێکی زۆرە پەکی کەوتووە، باشترین بەڵگەیە بۆ تێکەڵبوونی دەسەڵاتەکانی و ململانێ بەردەوامەکان. جگە لەوەش، کەموکورتییەکی زۆر لە کارامەیی یاسادانانی پسپۆڕ لە بوارە نوێ و ئاڵۆزەکاندا بوونی هەیە، وەک ئاسایشی سیبرانی، ژیریی دەستکرد یان بەڕێوەبردنی گۆڕانی کەشوهەوا، بەو شێوەیەش داڕشتنی یاسای دەستپێشکارانە کە پێویستی بە ئەزموونی تەکنیکی قووڵ هەیە، دەبێت بە کارێکی سەخت[١٦].

ئەوەشمان بیر نەچێت، کاریگەریی فاکتەرە سیاسییەکان و بەرژەوەندییە تائیفی و حزبییە تەسکەکان، زۆربەی کات بەسەر لایەنە تەکنیکی و بابەتییەکاندا زاڵە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر کوالێتی یاساکان دادەنێت و وای لێدەکات لە خزمەتی ئەجێندای دیاریکراودا بێت، نەوەك پرۆسەیەکی گەشەپێدانی درێژخایەن. لە کۆتاییدا، سنووردارێی بەشداری کۆمەڵگەی مەدەنی و شارەزا سەربەخۆکان لە قۆناغەکانی داڕشتنی یاساکاندا، وایکردووە یاساکان لاوازبن و ڕەنگدانەوەی پێداویستی و خواستە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە نەبن.

### ٦.دیدێکی شیکاریيانە بۆ هەندێك یاسای عێراق و هەرێمی کوردستان

### ١.٦ یاساکانی پەروەردە و خوێندن

کەرتی پەروەردە و خوێندن لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەدەست ئاڵنگاریی گەورەوە دەناڵێنێت، ئەوەش لەو یاسایانەدا ڕەنگدەداتەوە کە هێشتا لە زۆر لایەندا پشت بە مۆدێلی کۆن دەبەستن و ناتوانن نەوەی گەنج بۆ بازاڕی کاری ئایندەی گۆڕاو و ناجێگیر ئامادەبکەن. هەرچەندە یاسا بۆ خوێندنی گشتی و خوێندنی باڵا دانراوە، بەڵام بەپێی پێویست ڕەچاوی پەرەپێدانی کارامەییە بنەڕەتییەکانی سەدەی بیست و یەکەم نەکراوە، وەک بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، داهێنان، کارسازی و کارامەییە دیجیتاڵییە پێشکەوتووەکان. بۆ نموونە، هێشتا زۆرێک لە پرۆگرامەکانی خوێندن تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیای نوێ یان چارەسەری داهێنەرانە بۆ کێشە ئاڵۆزەکان لەخۆ ناگرن. هەروەها کەموکورتی ڕوون هەیە لە بوونی یاسای هاندەر کە پشتگیریی لە توێژینەوەی زانستیی کارەکی (تەتبیقی) بکات و هاوبەشیی نێوان زانکۆکان و کەرتی پیشەسازیی بەهێز بکات، یاخود خوێندنی پیشەیی بەرەو پسپۆڕییە پێویستەکانی ئایندە ئاڕاستە بکات. ئەم کەلێنە لە یاسادانانی دەستپێشکارانەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەکی گەورە لەنێوان دەرئەنجامەکانی خوێندن و پێداویستییەکانی بازاڕی کار، ئەو بازاڕەی کە بەردەوام لەسەر ئاستی جیهان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، ئەمەش ڕێژەی بێکاریی لەنێوان گەنجانی خوێندەواردا تا دێت بەرزتر دەکاتەوە و توانای وڵاتەکە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو داهێنانەی کە بۆ گەشەپێدانی ئابوریی پێویستە، کەمدەکاتەوە.[١٧]

> **”کارکردن بە ڕێبازی یاسادانانی دەستپێشکار لە فینلاند لە چەندین کەرتی جیاواز بە فراوانی ڕەنگدەداتەوە. ئەو یاسایانەی بەوردی داڕێژراون دەرئەنجامی ئەرێنی دوورمەودای لێکەوتووەتەوە“**

### ٢.٦ یاسا ژینگەییەکان و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان (ئاو بەتایبەتی)

عێراق و هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی ئاستەنگییە ژینگەییە مەترسیدارەکان بوونەتەوە، لە بیابانبوون و کەمئاوییەوە تاوەکو دەگاتە پیسبوون و ژەهراویبوونی درێژخایەن، سەرەڕای ئەو هەڕەشەیە، یاسا ژینگەییەکان و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان پڕ گرفتن و تایبەتەندیی دەستپێشکارانەیان تێدا نییە. یاساکانی ئێستای پاراستنی ژینگە، زۆربەی کات لە جێبەجێکردندا بێکاریگەرن و میکانیزمی پتەو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگارییە ژینگەییە گەورەکاندا لەخۆناگرن. بۆ نموونە، عێراق بەدەست کەمئاوییەکی کارەساتبارەوە

دەناڵێنێت، بەڵام یاساکانی سەرچاوە ئاوییەکان پارچەپارچەن و نەتوانراوە دیدگایەکی گشتگیر بۆ ستراتیژییەکی نیشتمانیی ئاو کە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان بە یاسا بکرێن، یاخود پەرەپێدانی تەکنیکەکانی ئاودێریی مۆدێرن و ڕێکخستنی کاریگەریی پشکی ئاوە سنوور بەزێنەکان لەخۆبگرێت. هەروەها چوارچێوەیەکی یاسایی بەهێز بوونی نییە کە بە شێوەیەکی دەستپێشکارانە چارەسەری گۆڕانی کەشوهەوا و لێکەوتەکانی بکات، وەک یاساکانی کەمکردنەوەی دەردانی گازەکان، یان هاندانی وزە نوێبووەوەکان، یان پاراستنی هەمەجۆریی بایۆلۆژی. ئەم بۆشاییە یاساییە، وڵاتەکە ڕووبەڕووی مەترسیی فراوانبوونی قەیرانە ژینگەییەکان و بەرزبوونەوەی ئەگەری دروستبوونی کارەساتە ژینگەییەکان و هەڕەشە لە ئاسایشی خۆراک و ئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیان دەکات[١٨].

### ٣.٦. چوارچێوەی یاسایی بۆ تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی و ئاسایشی سیبرانی

لەگەڵ زیادبوونی پشتبەستن بە ئینتەرنێت و گەشەسەندنی بوارە دیجیتاڵییەکان، عێراق و هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی و ئاسایشی سیبرانیدا ڕووبەڕووی بۆشاییەکی یاسایی گەورە دەبنەوە. لە کاتێکدا جیهان بەخێرایی بەرەو دارشتنی چوارچێوەی یاسایی بۆ ڕێکخستنی پاراستنی داتا کەسییەکان، بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییە ئاڵۆزەکان، و ڕێکخستنی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا نوێیەکان وەک ژیریی دەستکرد هەنگاو دەنێت، یاساکان لەم بوارانەدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان یان بەتەواوی بوونیان نییە یاخود پڕ کەموکورتی و بێکاریگەرین. بۆ نموونە، یاسایەکی گشتگیر و ڕوون بۆ پاراستنی داتا کەسییەکان بوونی نییە، کە تایبەتمەندیی هاووڵاتیان مسۆگەر بکات و زانیارییەکانیان لە پێشێلکاریی بپارێزێت، ئەمەش وا دەکات هاوڵاتیان و کۆمپانیاکان بەردەوام مەترسییان لەسەر بێت. هەروەها یاساکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، ئەگەر هەشبن، کۆنن و شێوازە نوێیەکانی تاوانە سیبرانییەکان تێدا ڕێکنەخراوەتەوە. ئەم بۆشاییە یاساییە دەستپێشکارانەیە ژێرخانی دیجیتاڵیی وڵاتەکە دەخاتە بەر هەڕەشە سیبرانییەکان کە ڕوو لە زیادبوونن و ڕێگری لە وەبەرهێنان لە ئابوریی دیجیتاڵیدا دەکات، جگە لەوەش، لە توانای حکومەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان بۆ هاووڵاتیانی کەمدەکاتەوە. وەکو دەرئەنجام، کەمتەرخەمیی لە دارشتنی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ڕێکخستنەوەی تەکنەلۆجیا نوێیەکان دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەلی گەورە بۆ گەشەسەندن و داهێنان و عێراق بەدەر دەکات لە کاروانی پێشبڕکێی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لەسەر ئاستی جیهان[١٩].

**بەشی چوارەم: بەراوردکاریی و پێشنیازەکان**

**٧. فینلاند بەراورد بە عێراق و هەرێمی کوردستان**

بە پێداچوونەوە بە هەردوو ئەزموونی فینلاند و عێراق/ هەرێمی کوردستان لە بواری یاسادانانندا، جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕێباز و ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت. ئەو جیاوازییە، زەمینەیەکی گونجاو بۆ بەراوردکاری و سوود وەرگرتن لە وانەکان دەڕەخسێنێت. لە کاتێکدا فینلاند وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو لە دارشتنی یاسا دەستپێشکارەکان بەناوبانگە، عێراق و هەرێمی کوردستان هێشتا بەدەست کۆمەڵێك یاساوە دەناڵێنن کە زۆربەی کات وەڵامدەرەوەن و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگییەکانی ئایندە ناگونجێن.

> **" بە پێچەوانەی ئەزموونی فنلەندا کە لەسەربنەمای سەقامگیری و دیدگای ئاییندەیی دامەزراوە، دۆخی یاسادانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان مێژوویەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئاڵۆزو درێژخایەنی لە ململانێ، ناسەقامگیریی و ئاڵنگارییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. ئەوبارودۆخە مێژووی و هەنووکەییانە بوونەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵە یاسایەك کە زۆربەی کات سروشتێکی "وەڵامدەرەوە"ی هەیە و بەدەرە لە ڕێبازی دەستپێشکارانە، ئەوڕێبازەی کە پێویستە بۆڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی سەدەی بیست و یەکەم "**

لەڕووی لێکچوونەوە، فینلاند لە سەدەی ڕابردوودا جەنگی ماڵوێرانکەر بەرۆکی گرتەوە و زۆرجار ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی فشاری جیۆپۆلیتیکی توند بووەتەوە، ئەو دۆخەش پاڵی بە وڵاتەکەوە ناوە ستراتیجی درێژخایەن بۆ خۆڕاگری و مانەوە بگرێتە بەر. بە هەمان شێوە، عێراق و هەرێمی کوردستان بە چەندین دەیەی پڕ لە ململانێ و پشێویدا تێپەڕیون و دەوڵەت و کۆمەڵگا بە دۆخی جیاواز و سەختتدا تێپەڕیون. بەڵام ئەوەی جیاوازە، فینلاند پاش ئەزموونە سەختەکانی، سەرکەوتوو بوو لە هێنانەکایەوەی سەقامگیریی سیاسی و دروستکردنی دامەزراوەی جیاواز کە پشت بە شەفافییەت و لێپرسینەوەنە دەبەستن و هەماهەنگییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمی و کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەیە. ئەم سەقامگیرییە دەرفەتی بۆ وڵاتەکە ڕەخساند کە دیدگای نیشتمانیی درێژخایەن لەسەر بنەمای کۆدەنگیی نیشتمانی دەربارەی ئامانجەکانی گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی دابڕێژێت.

لە بەرامبەردا، عێراق و هەرێمی کوردستان بەدەست ناسەقامگیریی سیاسیی درێژخایەن، لاوازیی دامەزراوەکان و کاریگەریی ململانێکان لەسەر پرۆسەی یاسادانان دەناڵێنن، کە زۆربەی کات ئەجێندا کورتخایەنەکان و بەرژەوەندییە تەسکەکان بەسەر دیدگا ستراتیژییەکاندا زاڵە. هەروەها کولتووری دامەزراوەیی فینلەندی پاڵپشتییەکی گەورەیە بۆ "پرۆسەی پلاندانانی دەستپێشکار و داهێنان"، لە کاتێکدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان هێشتا کولتووری "بەڕێوەبردنی قەیرانەکان" باڵادەستە.

جگە لەوەی سەرەوە، جیاوازیەکی بەرچاو لە سروشتی دامەزراوەکانی یاسادان و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی یاساکاندا هەیە. لە فینلاند، دامەزراوە تایبەتمەندەکان وەکو "لیژنەی ئاینده" کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا لیژنەیەکی تایبەتمەندە لەناو پەرلەمانی ئەو وڵاتە، کار بۆ تێکەڵکردنی پێشبینیکردنی ئایندەیی لە پرۆسەی یاسادانانەدا دەکات و هاوبەشیی لەنێوان حکومەت، کەسانی ئەکادیمی و کەرتی تایبەت دەدۆزێتەوە، بەو شێوەیەش، گەرەنتی ئەوە دەکرێت کە یاساکان لەسەر بنەمای زانیاریی قووڵ و پێشبینی ورد بۆ کاریگەرییە ئایندەییەکان دادەڕێژرێن. میکانیزمی پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی خولیی کە لەناو یاسا فینلەندییەکاندا جێگیر کراون، نەرمی و توانای گونجانی یاساکان مسۆگەر دەکەن. لە بەرامبەردا، لە عێراق و هەرێمی کوردستان، چوارچێوە یاساییەکان هیچ میکانیزمێک بۆ پێشبینیکردنی ئایندەیی تێدا نییە، بەو هۆیەشەوە یاساکان کەموکورت دەردەکەون و توانای پێشبینیکردنی ئاڵنگارییەکان یان ڕەخساندنی دەرفەتە ئایندەییەکانیان نییە. نەبوونی میکانیزمی پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی خولیی، وا دەکات یاساکان بە خێرایی کۆن بن و پەیوەندییان بە واقیعەوە نەمێنێت. لە فینلاند، یاسا دەستپێشکارەکان بوونەتە هۆی بنیادنانی سیستمێکی خوێندنی جیهانیی بەناوبانگ، ئابورییەکی ڕکابەرانە و بوونی سیستەمێکی چاودێریی کۆمەڵایەتیی بەردەوام. لە کاتێکدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، یاساکان بوونەتە هۆی دروستبوونی کەلێن لە خوێندن، پشتبەستنی لە ڕادەبەدەر بە نەوت و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاڵنگارییە ژینگەییەکان، ئەوەش ڕەنگدانەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەو ڕێبازە یاساییەیە کە پەیڕەو دەکرێت.

### ٨. پێشنیازەکان

لەسەر بنەمای ئەو بابەتانەی لەسەرەوە باسکران، دەکرێت چەند پێشنیازێک بۆ بەهێزکردنی یاسا دەستپێشکارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە چەند ئاستێکی جیاوازدا بخرێنەڕوو:

لەسەر ئاستی دامەزراوەیی، چاکسازیی و نوێکردنەوەی پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان گرنگ و پێویستە بۆ کەمکردنەوەی بیرۆکراسی و بەهێزکردنی شەفافییەت. دەبێت توانای یاسادانەران و شارەزایانی یاسایی لەڕێگەی

بەرنامەی ڕاهێنانی پسپۆڕیی لەسەر شیکاریی ئایندەیی، داڕشتنی یاسای نەرم و بەکارهێنانی ئامرازەکانی "پێشبینیکردنی ئایندە" پەرەی پێ بدرێت. دروستکردنی یەکە یان لیژنەی پسپۆڕ بۆ پێشبینیکردن و خوێندنەوەی داهاتوو لەناو دامەزراوەی یاسادانان و وەزارەتەکاندا کارێکی پێویستە بۆ پێشکەشکردنی شیکاریی ئایندەیی بۆ بڕیاربەدەستان. هەروەها پێویستە هەماهەنگیی فیدراڵی و هاوکاریی نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستان بەهێز بکرێت بۆ دڵنیابوون لە تەبایی یاساکان، بەتایبەت لە پرسە چارەنووسسازەکانی وەک بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان.

> ” کاریگەریی فاکتەرە سیاسییەکان و بەرژەوەندییە تائیفی و حزبییە تەسکەکان، زۆربەی کات بەسەر لایەنە تەکنیکی و بابەتییەکاندا زاڵە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر کوالێتی یاساکان دادەنێت و وای لێدەکات لە خزمەتی ئەجێندای دیاریکراودا بێت، نەوەك پرۆسەیەکی گەشەپێدانی درێژخایەن “

لەسەر ئاستی سیاسەتی گشتی (پۆلەسی)، زۆر گرنگە ستراتیجیی نیشتمانیی گشتگیر و درێژخایەن دابڕێژرێت، وەک (دیدگای عێراق "٢٠٤٠ ") یان (دیدگای هەرێمی کوردستان "٢٠٤٠ ")، کە ئامانجی ڕوون و پێوەری هەڵسەنگاندن لەخۆبگرێت و لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی دەستپێشکارانە دابڕێژرێت. گرنگە یاساکان بەپێی سێکتەرە جۆراوجۆرەکان دەستپێشکارانەبن؛ بۆ نموونە، دەکرێت ‹یاسایەکی گشتگیر لە بواری ئاو› دەربکرێت، کە بەڕێوەبردنی بەردەوامی سەرچاوە ئاوییەکان بە وردیی ڕێکبخاتەوە و گرنتیی بکات، یان ‹یاسای ئابوریی دیجیتاڵی› بۆ پاراستنی داتا و ئاسایشی سیبرانی و هانی داهێنانی تەکنەلۆژی بدات. هەروەها دەبێت میکانیزمی پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی خولیی لە هەموو یاسا نوێیەکاندا جێگیر بکرێت بۆ دڵنیابوون لە توانای گونجانیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا.

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، زۆر گرنگە ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەکادیمییەکان و کەسانی خاوەن بەرژەوەندیی لە گفتوگۆکانی داڕشتنی یاسادا بەهێز بکرێت و بەشداریی کارایان لە قۆناغەکانی پلاندانان و هەڵسەنگاندندا پێبکرێت. ئەمەش پێویستی بە دابینکردنی سەکۆی ڕاوێژی گشتی و پشتگیریکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە کە بایەخ بە

پرسە ئایندەییەکان دەدەن. هەروەها گرنگە سوود لە ناوەندەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان بکرێت، ئەو ناوەندانەی شیکاری سەربەخۆ و پێشنیازی زانستیی بۆ پاڵپشتیی پرۆسەی یاسادانان پێشکەش دەکەن.

بێگومان لە کاتی جێبەجێکردندا ئەم پێشنیازانە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی گەورە دەبنەوە، دیارترینیان ناسەقامگیریی سیاسی، سنوورداری سەرچاوەکان و بەرژەوەندییە سیاسییە دژبەیەکەکانن. بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئاستەنگانە، پێشنیاز دەکرێت گفتوگۆی نیشتمانیی دەربارەی گرنگی بیرکردنەوەی دەستپێشکارانە ئەنجام بدرێت و هاوپەیمانیی بەرفراوان بۆ پشتگیریکردنی چاکسازیی یاسایی پێکبهێنرێت و سوود لە ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان و پشتگیریی تەکنیکیی ڕێکخراوە پسپۆڕەکان وەربگیرێت. جگە لەوەش، پەنابردن بۆ پرۆژەی ئەزموونیی (Pilot projects) لە سێکتەرە جیاواز و جۆراوجۆرەکاندا، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی سوودەکانی یاسادانانی دەستپێشکارانە و هاندەر دەبێت بۆ پەیڕەوکردنی ئەو ڕێبازە لەسەر ئاستێکی فراوانتر.

## ٩. دەرئەنجام

لە کۆتایی باسەکەدا، ڕوون دەبێتەوە کە یاسا دەستپێشکارەکان تەنها خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیی ناهێنێتە کایەوە، بەڵکو پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی ئاواتەخوازی سەقامگیریی و گەشەسەندنن. ئەزموونی فینلاند وانەی بەنرخمان دەربارەی چۆنیەتی بنیادنانی سیستمێکی یاسایی پێدەبەخشێت، کە بتوانێت پێشبینیی ئایندە بکات و ڕێڕەوێک بەرەو خۆشگوزەرانیی بەردەوام دروستبکات، ئەوەش لەڕێگەی تێکەڵکردنی میتۆدیانەی ‹پێشبینیی ئایندە" و نەرمی و گشتگیریی لە کرۆکی پرۆسەی یاسادانانەکەیدا.
لە بەرامبەردا، شیکاریی ڕەخنەگرانە بۆ واقیعی یاسادانان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، کەلێنی قووڵی دەرخست کە هۆکارەکەی باڵادەستیی ‹یاسادانانی وەڵامدەرەوە›یە، بەهۆی کاریگەریی میراتێکی درێژخایەن لە ململانێ و ناسەقامگیریی سیاسی، ئەمەش بووەتە هۆی شکستهێنان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگارییەکانی سێکتەرە گرنگەکانی وەک نەوت و گاز، پەروەردە، ژینگە و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی. ئەم کەلێنانە تەنها ڕێگر نین لەبەردەم گەشەپێدان، بەڵکو کۆمەڵگەکان دەخەنە بەر مەترسیی گەورەتر لە ئاییندەدا.
لە کۆتاییدا، وەرچەرخان بەرەو ڕێبازێکی سەردەمییانە لە یاسادانان، پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز، چاکسازیی دامەزراوەی، بنیادنانی تواناکان، بەهێزکردنی شەفافیەت و بەشداریی کۆمەڵایەتیی هەیە. جێبەجێکردنی ئەو پێشنیازانەی لەم توێژینەوەیەدا هاتوون، کە سەرچاوەی لە سەرکەوتنی مۆدێلە فینلەندییەکە وەرگرتووە، دەتوانێت ببێتە خاڵی دەستپێک بەرەو بنیادنانی چوارچێوەیەکی یاسایی نەرمتر و کاریگەرتر، کە توانای

پێشبینیکردنی ئاڵنگارییەکانی ئایندە و گۆڕینیانی بۆ دەرفەت هەبێت، بەمەش لە بنیادنانی ئایندەیەکی باشتر و گەشەسەندووتر بۆ ناوچەکە بەشدار دەبێت.

## لیستی سەرچاوەکان

1 - Berger-Walliser، Gerlinde. “The Past and Future of Proactive Law: An Overview of the Development of the Proactive Law Movement.” In Legal Strategy and Business Success، edited by Helena Haapio and George J. Seidel، 13–31. Turku: Turku University of Applied Sciences، 2012.
2 - Toivonen، Nina. “Building Proactive Law Competence with Systems Intelligence.” TalTech Journal of European Studies 15، no. 1 (2025): 14–39. https://doi.org/10.2478/bjes-2025-0003.
3 - Marco Imperiale، “Proactive Law in Contemporary Legal Landscape: Five Main Barriers and Potential Pathways to Success،” TalTech Journal of European Studies 15، no. 1 (2025): 312، https://doi.org/10.2478/bjes-2025-0015
4 - Gerlinde Berger-Walliser، Paul Shrivastava، and Adam Sulkowski، "Using Proactive Legal Strategies for Corporate Environmental Sustainability،" Michigan Journal of Environmental & Administrative Law 6، no. 1 (2016): 1–35، https://doi.org/10.36640/mjeal.6.1.using.
5 - Guoyu Xu، "The Legal Approach of Proactive Policing Mode Under the Background of Digital Age،" International Journal of Frontiers in Sociology 5، no. 16 (2023): 145، https://doi.org/10.25236/IJFS.2023.051622.
6 - Proactive material regulation،” Sustainability Directory، accessed December 23، 2025، https://fashion.sustainability-directory.com/term/proactive-material-regulation/.
7 - Ministry of Justice، Finland. “Historical Background of the Finnish Legal System.” Oikeusministeriö. Päivitetty 17. lokakuuta 2011. http://www.om.fi/en/Etusivu/Perussaannoksia/Historicalbackground.
8 - Parliament of Finland. 2017. Finland - The Committee for the Future. September 25، 2017. https://www.parliament.fi/FutureCommittee.
9 - Jukka Kekkonen، "The ‘Golden Age of Legislation’ in Finland 1863–79: Judicial Reforms in a Societal Context،" Russian Law Journal 2، no. 4 (2014): 70-78
10 - Laki valtioneuvoston oikeuskanslerista annetun lain muuttamisesta (531/2017). Finlex. https://www.finlex.fi/fi/lainsaadanto/saadoskokoelma/2017/531.
11 - Valtiontalouden tarkastusvirasto، Koulutuksen määrällinen ennakointi، mitoitus ja kohdentaminen: Erityiskohteena nuorten ammatillinen peruskoulutus، Toiminnantarkastuskertomus 171/2008 (Helsinki: Edita Prima Oy، 2008)، 34–42
12 - Khanam، T.، Peris-Llopis، M.، Xu، X.، Mola-Yudego، B.، Leskinen، L. and Berninger، F. (2025) ‘Finnish forest-related laws need to acknowledge climate change risks and integrate

adaptive strategies to enhance resiliency'، Communications Earth & Environment، 6(332)، pp. 1–10. doi: 10.1038/s43247-025-02284-3.

13 - Paasikivi، Oskari، Johanna Tuohino، Juli Mansnérus، ja Jukka Lång. Tekoälyn käyttömahdollisuudet julkisella sektorilla: Oikeudelliset reunaehdot ja kansainvälinen vertailu. Sitran selvityksiä 206. Helsinki: Sitra، 2022. https://www.sitra.fi/julkaisut/tekoalyn-kayttomahdollisuudet-julkisella-sektorilla/.

14 - Knuutila، Helka. "Vanhuspolitiikan strategiat ja arvot suomalaisessa vanhustenhuollon johtamisessa valtionhallinnon tasolla." Pro gradu -tutkielma، Oulun yliopisto، 2017.

١٥ -نصيف، شيماء فاضل. "الأزمة السياسية في العراق وتأثيرها على الأمن والاستقرار في المنطقة." مجلة دراسات دولية (٢٠٢٥): ١٩٩–٢٣٦.

١٦ - حسين، عيادة سعيد. "مشروع قانون النفط والغاز العراقي المقترح – المشكلات والتحديات والآثار الاقتصادية المحتملة." مجلة جامعة الأنبار للعلوم الاقتصادية والإدارية، عدد خاص: أبحاث المؤتمر العلمي الثاني (٢٠١١): ٣١٣–٣٣٠.

١٧ - عبد الرزاق عبد الجليل العيسى، "واقع وتحديات التعليم العالي في العراق": مقاربات نقدية ورؤى استشرافية، تحرير مركز البيان للدراسات والتخطيط (بغداد: مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٠)، ١٢.

18 - Institute for International Law and Human Rights، Legislative Options for Water Law in Iraq (Washington، DC: Institute for International Law and Human Rights، 2023)، 12.

19 - Suleiman، Nashwan Mohammed، Ahmed Hatim، Mohamed Amer Alseidi، Karrar Shareef Mohsen، Wesam Khalid Abd Al Aali، Alaa Hussein Abdulaal، Mustafa Asaad Rasol، Abdulnaser Khalid Hamzah، and Khudr Bary Freeh Alsrray. "Cybercrime Laws in Iraq: Addressing Limitations for Effective Governance." International Journal of Cyber Criminology 17، no. 2 (July-December 2023): 33-47. https://doi.org/10.5281/zenodo.4766703.

# تەوەری مێژوو وەک ستراتیژ



# سێبەری ڕاستی لە ئاوێنەی خەیاڵدا:
## کاتێک مێژوو ئەدەب دەبنە یەک
## کورتەیەك لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و مێژوو لەدیدی پۆست مۆدێرنەدا

پ.د. سامان حسین ئەحمەد
مامۆستا لە بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی

**ئەدەب و مێژوو، پەیوەندییەکی دێرین**

هەرچەندە ئەدەب بە هەموو بوارەکانییەوە شیعر، چیرۆک، داستان، ڕۆمان و ئەوانی دیکەش، هەمیشە هاوکار بووە لە گێڕانەوەی دۆخی مێژووی و زۆربەی کات لە گێڕانەوەکانیدا گوزارشتی لە دۆخێکی مێژوویی دیاریکراو کردووە، بەڵام بابەتی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو کایەیە زۆر دەمێکە جێگای مشتومڕ و بێنەو بەرەیەکی زۆری سەرقاڵانی ئەم بوارانەیە، ئەم پرسەش پێ بە پێ لە گۆڕاندا بووە، بەتایبەتی لەدوای باڵادەستی تێڕوانینەکانی مۆدێرنە و فەلسەفەی پۆزیتڤیستی لە سەدەی نۆزدە بەملاوە، کە هەوڵدان بۆ بەزانستکردنی مێژوو بنەمایەکی سەرەکی ڕێبازی کارە مێژوونووسییەکانی ئەو سەردەمە بوو، تایبەتتریش لەدوای دەرکەوتنی تێڕوانینەکانی لیۆپۆلد ڤۆن ڕانکەی ئەڵمانی، لە بەستنەوەی مێژوونووسی بە دەقە نووسراوە فەرمییەکانەوە و هەوڵدان بۆ دارشتنی بنەماکانی زانستیبوونی مێژوو و بەبابەتکردنی کایەی سیاسی و ڕووداوە سیاسی و کەسایەتییە گەورەکانی کۆمەڵگا، ئیدی تا ئێستا هەر لەژێر کاریگەریی ئەو تێڕوانینەدا هەندێك لە مێژوونووسان پێیان وایە، بۆ ئەوەی مێژوو زانستێکی وەسفی و شیکاری وردبێت پێویستە لە هەنگاوەکانیدا ورد و وریا بێت، بۆیە ناکرێت مێژوونووس پشت بە کاری ئەدەبی ببەستێت و دەبێت لەم بابەتانە خۆی بە دووربگرێت، ئەوان بەتەواوی هەوڵی دابڕانی مێژوو دەدەن لە کارە ئەدەبییەکاندا، بەڵام هەندێکی دیکە بە پێچەوانەی ئەوانەوە پێیان وایە دەقە ئەدەبییەکان کۆگایەکی گەورەی لەخۆگرتنی شێوازی ژیان و گوزەران و دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتووری گەلانن لە سەردەمی خۆیاندا، هەر بۆیە ناکرێت نادیدەبگیرێن و بەشێوەیەکی گردەبڕ

پشتگوێ بخرێن، ئەوان دەڵێن دەقە ئەدەبییەکان بابەتە مێژووییەکان پشتڕاستتر دەکەن یان ڕوانگە و بینینی گرنگتر و ڕوونتر لەسەر ڕووداوە مێژوویەکان دەبەخشن، کە وادەکەن وێنەیەکی وردتر و ڕوونتری مێژوویی بە دەست بێت.

لە دوای دەرکەوتنی تێڕوانینەکانی پۆستمۆدێرنەوە و ڕەخنەکانیان لە فەلسەفەی مۆدێرنە و پۆزیتڤیستی، بابەتی پەیوەندیی نێوان مێژوو و ئەدەب زیاتر هاتەوە نێو باسان، پرسی مێژوو و زانستی بوونی و نەبوونی، بابەتێکی گەرمی ئەو بێنەو بەرەیە بوو، کە پۆست مۆدێرنە هێنایەئاراوە، ئیدی لە بەرامبەر ئەو بەرگرییەدا کە لایەنگرانی ڕێبازی ڕانکە لە زانستیبوونی مێژوو دەیانکرد، لایەنگرانی پۆست مۆدێرنە تێڕوانینی دیکەیان وروژاند، کە زیاتر لە خزمەت نزیککردنەوەی مێژوو و ئەدەبدا بوون، لای ئەوان هەوڵەکانی بە زانست زانینی کارە مێژووییەکان کەوتنە ژێر پرسیاری جدییەوە و ڕوانین بۆ مێژوو و مێژوونووسی بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕا، ئیدی مێژوو لە کایەیەکی زانستی باڵاوە، کە ئەرکی تەنها نووسینی مێژووی سیاسی و کەسایەتییە سیاسی و بەناوبانگەکان بێت، گۆڕا بۆ ئەوەی بریتیبێت لە گێڕانەوەی واقیعی ڕابردوو بە سەرجەم وردەکارییەکانەوە، مێژوو بۆ هەموان بێت، نەك تەنها توێژێکی دیاریکراو، ئەوان گوتیان مێژوو بەو پێیەی کۆنترین کایەکانە کە لە مرۆڤ کۆڵیوەتەوە، بۆیە لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر و وردی ڕەوتی ژیانی نەوەکان و سەردەمەکانی پێشووە، هەربۆیە بریتییە لە یادگەی مرۆیی و کۆگایەکی گەورەی ڕووداو و ئەزموون و شارەزاییە، کە شارستانییەکان و گەلانی یەک لە دوای یەک پێیدا تێپەڕیون، بەم پێیەش پەیوەندیی توند و بەیەکداچووی لەگەڵ ئەدەبدا هەیە، چونکە ئەدەبیش کایەیەکی دیکەی گێڕانەوەی ژیانی مرۆڤە، کە بارتەقای مێژوو و بگرە زۆر زیاتریش دێرینە، هاوکات هەردووکیشیان کار لەسەر گێڕانەوەی واقیع دەکەن، نەک ڕاستییەکی بابەتییانە. هەروەها هەردوولا بریتین لە بونیادێکی زمانەوانی لە فۆرمی گێڕانەوەدا، هەردووکیشیان دەقەکانی پێشوو لە بۆتەی کارەکانیاندا ڕایەڵەدەکەن، بەمجۆرەش مێژوو سەرچاوەیەکی ژیانبەخشانە دەبێت بۆ ئەدەب، کارە ئەدەبییەکانیش گرنگی گەورەیان بۆ مێژوو دەبێت، بەوەی بەشێک لە ژیانی ڕابردووی دەخەنە بەردەست، بۆ نموونە نووسینی ژیاننامە کاتێك کار لەسەر گێڕانەوەی مەودایەکی زەمەنی دەکات، لە ڕووگە و گوزارشتە جیاوازەکانییەوە، لە ڕوانگەی گێڕانەوەی ژیاننامەی کەسێکەوە، ئەوا بایەخێکی گەورەی لای مێژوونووس هەیە، چونکە ژیاننامە لە باشترین شێوەکانی گوزارشتکردنە بۆ وێناکردنی گێڕانەوە، لەبەرئەوەی بەو پێیەی ژیاننامە کارێکی کۆمەڵایەتییە، تیایدا تاک وەکو داردەستی مێژوونووسی لێدێت، یان هەلی بۆ دەڕەخسێنێت کە مێژوو لە شێوەی گشتگیردا ببینێت، ئەویش لە میانەی گێڕانەوەی ژیانی تاکەکەوە لە بۆتەی چێوە و ژینگە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکەیەوە، کە هەریەکەیان بوارێکی مێژوون و دەتوانێت هاوکاریی توێژەر بێت لە خستنەڕووی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی

و کولتووری و سیاسی و پیشەیی و ئابورییەکان و ئەو گۆڕانانەی کە تاک پێدا تێدەپەڕێت لە بۆتەی گەشەی کۆمەڵگادا.

لە لای ئەوان ئەو تێڕوانینە پەرەیگرت، کە پێیوایە مێژوو تەنها بریتی نییە لە گێڕانەوەی ڕووداوە بابەتییەکان، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی، ئەوان پێیانوابوو مێژوو ئەوکاتە پێویستە ئەگەر بریتیبێت لە ویستی تێگەیشتن لە دیاردە و پرسەکانی ئێستا لەبەردەم مرۆڤدان، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە لە مێژوو، بەها و مانای نابێت ئەگەر لە چارەسەرکردنی کێشەیەکی سەردەمەکە بەشدار نەبێت، لێرەشەوە بەو تێڕوانینە گەیشتن کە مێژوو تەنها بریتی نییە لە ڕووداو، بەڵکو مێژووی گشتی مرۆڤە لە سەرجەم ڕەهەندەکانەوە و تەواوی یادگەی مرۆڤایەتییە، بەمجۆرە گەڕانەوەیەش بۆ مێژووی مرۆیی، ئیدی مێژوو گەڕایەوە بۆ هەموو ئەو کایانەی کە پەیوەستن بە مرۆڤەوە و لە مرۆڤ دەکۆڵنەوە. ڕوونیشە کە ئەدەب یەکێکە لەو کایانەی گرنگی بە ژیانی مرۆڤ دەدات و مرۆڤ کرۆکی بابەتەکانییەتی، هەر بۆیە نزیکترین بواری مەعریفییە لە مێژووەوە و لە هەموو سەردەمێکدا کاریگەریی بەهێزی لەسەر یادگەی گشتی بووە بۆ خوێنەرەکانی، ئەم گرنگییەش تەنها لەوێوە نەهاتووە کە بەدرێژایی مێژوو، ئەدیب و فەیلەسوف و شاعیر، ئاسۆی نوێ لەبەردەم هۆشیاریی مرۆیی واڵا دەکەن، بە ڕزگارکردنی لە بیروبۆچوونە کۆنەکانی کۆمەڵگا و بانگەشەی نوێگەری و ئازادی و یەکسانی و دادی کۆمەلایەتی دەکەن، بەڵکو هاوکات لەبەر ئەوەشە، کە ئەمجۆرە شێوازە لە گوزارشتکردن، واتا ئەدەب زۆر پێش زانستە مرۆییەکان دەرکەوتووە و هەمیشە جگە لە ئێستاتیکا و داهێنان لە فۆرمدا، کۆمەڵێک ئەرکی دیکەیشی لە ئەستۆ گرتووە و گرنگی بە لایەنی مەعریفەش داوە، وەکو گواستنەوەی یادگەی گشتی، دەرخستنی یەکێتی کولتوور، خستنەڕووی وەرچەرخانەکان لە ژیاندا و هی دیکەش، هەر بۆیە لای ئەمان پرسەکە وەکو پێشتر لێی نارِواندرێت، کە مێژوو بە ڕووداو دەپێوراو و دەستنیشاندەکرا و مێژوو لە پێگەیەکی باڵادا ببینێت، بەوەی زانستی ڕاستییەکانە و جیاوازە لە گوتارە خەیاڵئامێزەکانی دیکە، بەڵکو بەلای ئەوانەوە لە واقیعدا مێژووش لە زۆر خاڵدا لەگەڵ ئەدەبدا هاوبەشی هەیە، چونکە ناکۆکی مێژوو و ئەدەب لەڕووی ئەرک و تێگەوە تەنها لەسەر ئاستی ڕووکەشدایە، ئەگەرنا مێژوو و ئەدەب هەردوولایان هەوڵدەدەن بۆ بونیادنانی واقعیکی داهێندراو لە وشە، کە لە ژیانی مرۆڤەوە هەڵقوڵاوە، بەم پێیەش ئەدەب تەنها کۆگا یان سەرچاوەیەک نییە بۆ مێژوو، بەڵکو بوارێکی بنەڕەتییە بۆ مێژوو لەبەرئەوەی دەتوانێت زۆر شت لەسەر ڕابوردوو بڵێت.

لە بەشێکی زۆری جومگەکانی مێژووی کۆن و ناوەڕاست و تەنانەت نوێ و هاوچەرخیشدا بەرهەمە شیعرییەکان ڕۆڵی بەرچاویان لە گێڕانەوەی واقیعییانەی داب و نەریت و شێوازی ژیان و لایەنی سیاسی و باس و خواسی جەنگ و ژیانی پاشاکان و دەیان لایەنی دیکەی ژیاندا هەبووە، بۆ نموونە شیعرەکانی هۆمیرۆس سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ ئاشنابوون بە

مێژووی کۆنی گریک، دوازدە تابلۆکەی ڕۆمانیش بایەخی زۆریان هەیە لە گێڕانەوەی واقیعی مێژوویی ڕۆماندا، لە ئەدەبی میسری کۆنیشدا بە دەیان پارچە شیعر لەبارەی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و قارەمانییەتی و حوکمڕانی سیاسی و پاشاکان هەن، کە دەکرێت لە گێڕانەوەی واقیعی ژیانی ئەو سەردەمەی میسردا گرنگ بن، شیعرەکانی سەردەمی عەرەبی پێش ئیسلامیش کۆگایەکی گەورەی پاراستنی مێژووی عەرەبن لەو سەردەمانەدا، دیوانە شیعرییەکان زۆرجار وەک سەرچاوەی گرنگی مێژوویی بەکارهاتوون، هەربۆنمونە ( محمد تقی جون)ی مێژوونووس، کتێبێکی بە ناونیشانی (المتنبی مؤرخا) واتا (موتەنەبی وەک مێژوونووس) دوە نووسیوە، کە تیایدا دەیسەلمێنێت موتەنەبی شاعیر لەڕێگەی شیعرەکانییەوە یەکێک بووە لە مێژوونووسەکانی سەردەمی خۆی، هەروەها شیعرەکانی دانتی و پەتراک و پۆکاشیۆ بە دەیان دەق لەخۆدەگرن کە دەرخەری ڕوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریی سەردەمی ڕێنیسانسی ئیتالیان و کارەکانی شکسپیریش هی سەردەمی ڕێنیسانسی بەریتانیا، شیعر و دەقە شیعرییەکانی شاعیرانی کوردیش هەر کامێکیان بگری لەمانەی باسکران کەم بایەخترنین لەمڕووەوە، ئەمانە و بەدەیان و سەدان شاعیری دیکە لەنێو گەلانی جیاجیا و لە سەردەمە جیاوازەکاندا شیعرەکانیان وەک دەقی مێژوویی گرنگ ڕۆڵیان بووە، لە ڕوونکردنەوەی دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی گەلەکەیان، کە ئەمە تاڕادیەکی زۆر ئەو بۆچوونەی لای سەرەوە پشتڕاست دەکات، ئەم بابەتەش زیاتر لەبەرئەوەیە کە لەنێو شیعردا گێرانەوە بونیاد دەنرێت و زۆرجار شاعیر لەڕێگەی زمانی ئاماژە و دەلالاتی شیعرییەوە لە زەمەنە جیاجیاکانیدا وا خەریکە دۆخ دەگێڕێتەوە.

لە ئەدەبی نوێدا، دوای ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شیعر و بابەتەکانیدا هاتوون، ئەم بابەتە زیاتر خۆ دەنوێنێت، چونکە لەمجۆرە شیعرەدا زیاتر چیرۆکەکە لەنێو شیعرەکەدا دەخولێتەوە و هاتوچۆ دەکات و زەقتر لە دیزاینە ئەدەبییەکە دەردەکەوێت، واتا ئەنجامدانی دیزاینی شیعری بۆ ئەو ڕاستییانەی کە خۆیان دەئاخنێننە نێو کارێکی ئەدەبییەوە، ڕاستیگەلێک کە ژیانیان لێکراوە وەکو شوێن، بەمەش ئەمجۆرە شیعرە بۆخۆی شوێنەوارێکی مێژووییە لە خەیاڵدانی شوێنێکدا، کە لە وەرگێڕانێکی مێژوویی دەچێت بۆ ژیاننامەی کەسێک یان گێڕانەوەی ڕووداوێک یان هەر بابەتێکی دیکە. هەربۆیە دەقە شیعرییەکان زۆرجار هاوکار دەبن لە تێگەیشتن لە زەمینەی مێژوویی و شێوازی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری ئەو کۆمەڵگایە، لەبەر ئەوەی ئەدەب بەگشتی دەقەکانی لە بۆشاییەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر گوزارشت لە فیکر و سۆز و کێشە و هەست و نەستی کۆمەڵگا دەکەن، هەر بۆ نموونە لە بەشێکی زۆری گێڕانەوەکانی ئەو کارە ئەدەبییە نوێیانەدا بانگەشەی یەکسانی ژن و پیاو، دادی کۆمەڵایەتی، بەهای هاوڵاتی، پرسەکانی دژی جیاوازی ئایینی و مەزهەبی و ڕەگەزی و یاخیبوون لە عورفە هۆزەکییەکان و چەندینی

دیکە لە ناونیشانگەلی هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی خۆ دەنوێنن، کە ئەم گوتارانە دواجار وەکو گوتاری دەستەبژێرێکیان لێدێت بەرەو گۆڕان و هەنگاونان بەرەو مۆدێرنە و مەدەنییەت و پێشەنگی جوڵەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویی دەبن، هەژانێک لە هۆشیاریی گشتی دروست دەکەن، کەواتە ئەم بەرهەمانە بۆخۆیان لە بۆتەی دۆخی مێژوویدا کار دەکەن و گوزارشت لە بابەتی مێژوویی و جومگە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی کۆمەڵگا دەکەن، نەك بابەتی خەیاڵ و ئێستاتیکا بن بە تەنها.

**” هەرچەندە ئەدەب بە هەموو بوارەکانییەوە شیعر، چیرۆک، داستان، ڕۆمان و ئەوانی دیکەش، هەمیشە هاوکاربووە لە گێڕانەوەی دۆخی مێژووی و زۆربەی کات لە گێڕانەوەکانیدا گوزارشتی لە دۆخێکی مێژوویی دیاریکراو کردووە، بەڵام بابەتی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو کایەیە زۆر دەمێکە جێگای مشتومڕو بێنەوبەرەیەکی زۆری سەرقاڵانی ئەم بوارانەیە “**

لە لایەکی دیکەوە دوای دەرکەوتنی ڕۆمان و بەرهەمە ئەدەبییە پەخشانئامێزە نوێیەکانی دیکە، کە زیاتر لە فۆرمی پەخشاندان و بنەمای گێڕانەوە بەکاردێنن، پەیامی فراوانتر و دۆخی مێژوویی ڕوونتر و گەورەتر لەخۆدەگرن، بەتایبەتی دوای پەرەسەندنی نووسین و زاڵبوونی کولتووری شار بەسەر کولتووری لادێدا، چونکە لەوێ بەدواوە بیرکردنەوە لەبەرهەمهێنان، یان نووسینەوەی هەر کایەیەکی ئەدەبی لەو جۆرە، تەنها ئەو بابەتە ناگرێتەوە، کە دەیەوێت باسی بکات و شێوازی داڕشتنەکەی نییە، بەڵکو سروشتی ئەو بیرکردنەوەیە لەخۆدەگرێت کە بەسەر بیرکردنەوەی کەسەکەوە زاڵە، یان لە نووسینەوەیدا، کە تێگەیشتن لەمەش پێویستی بە زانینی شێوازی فیکری و تێگە و چەمکە شاراوە بزووێنەرەکانی ڕەوتی بابەتەکە هەیە، ئەمەش بەوە دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ هۆشیاریی نووسەرەکان و لە مەحەکدانی ستراتیژییەکانی دەقەکانیان، بۆ ئەوەی هەڵوەستە لەسەر دۆخی بەرهەمەکە یان نووسراوەکە بکرێت، بەمەش دەچینە نێو خوێندنەوەی مێژووەکەیەوە و دۆخێکی مێژووی و ئایدیۆلۆجیایەکی باوی سەردەمەکە و چەندین وردەکاری دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی شیتەڵ دەکەین، کە بۆ خۆیان وردەکاری زەمینەی مێژوویی باوی سەردەمەکە ڕوون دەکەنەوە.

ئەو بەرهەمانە لە ناوەخندا گوزارشتن لە کۆمەڵگایەک کە لە گۆڕاندایە، دواتریش دەبنە گوزارشت لە کۆمەڵگایەک هۆشیارە بەوەی لە گۆڕاندایە، ئەمە لە بەشێک لە ڕۆمانە نوێیەکاندا هەیە کە زۆرجار ناوەرۆکەکانی وا لێدەکرێن بۆ گوتارێکی ئایدیۆلۆجی دەگۆڕێت و ڕەچاوی پێداویستییە هونەرییەکان ناکات، بەڵکو لە ڕەوتێکی فراوانتر و گشتگیرتر لە ویست و توانایی تاک کار دەکات، واتا کارەکە گێڕانەوەی سەرکێشی و چالاکییەکانی تاک نییە بەتەنها، بەڵکو هی کۆیە _ واتا ئەو کۆمەڵەی کە تەنها لە مرۆڤ پێکنایەت، بەڵکو لە هەموو دەوروبەرە مادی و کولتوورییەکەشی پێکدێت، ئەمەش ئەو بابەتەیە، کە ڕۆمان لە پەیوەندییەکەیدا لە گەڵ واقیعدا دەیەوێت، کاتێک هەوڵی بە دەقکردنی دەدات، واتا نووسین بە ڕۆحی ئەوکاتەی تێیدا دەژی، بەمجۆرەش دەق بەرهەمهاتوو بریتییە لە بنەماکانی گوتاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی، بەو پێیەی بڕیار لەسەر وەرچەرخان و مێژووی مرۆیی دەدات، کەواتە ئەو ڕۆمانە یان پەخشان و گێڕانەوەیە، ئەگەر بە هۆشیارییەوە گوزارشت لەو وەرچەرخانە مێژوویە بکات، ئەوا ئەو وەکو بەدەقکردن لە ساتی وەرچەرخاندا ڕوودەدات و بەقووڵیش بەو وەرچەرخانە کاریگەر دەبێت، چونکە کاراترین سیستەمی نمایندەکردنی زمانەوانی ئەو واقیعەیە، ئەویش لە بەر ئەو زیندوویەتی و فرەییەی هەیەتی کە فرە ڕووە بۆ گوزارشتکردن لە ڕاستییەکان، واتا لە زۆربەی گێڕانەوەکانی دیکە دەستوالاترە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی. هەروەها ئەو گوتارێکە کە ڕادەیەکی باش لە تێکچرژانی ئۆرگانە فیکری و عقایدی و ئەخلاقییەکان لەخۆدەگرێت و لەو کاتەدا نوێترین جۆرەکانی گێڕانەوە و بیرکردنەوەی مرۆیی لە خۆدەگرێت، بەڵکو ڕاسترین فەزای بەیەکدی گەیاندنە بۆ نمایندەکردنی شێوازی نوێگەریی کۆمەڵایەتی، بەمەش دەق گێڕدراوە و ڕۆماننووسی خۆجەیی هاتووە بۆئەوەی لە چوارچێوەی ئەرکی نمایندەیی دۆزەرەوەی سروشتی واقیعدا کار بکات، لەڕێگەی گێڕانەوەیەکی نوێوە کە دەقێکی ئەدەبی فرە ڕەهەندە، وەکو ئەوەی ویستبێتی ویژدانێکی فرە دەلالەت پێکبهێنێت، ئەویش بە جوڵاندنی کۆمەڵێک مەرجەعیاتی مێژوویی و کۆمەلایەتی. بەم کارەش هێدی هێدی مێژووە تاك ڕەهەندییەکەی، کە تەنها گرنگی بەڕووداوی سیاسی و توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا دەدات، کەواتە پاشەکشە و بێدەنگی تەقییەوە و کۆمەڵگای لاڵ بوونی نەما، ئەمەش دواجار بووە هۆی لە ناوچونی حەتمییانەی بەربەستی نێوان زارەکی و نووسراو، یان با بڵێین وە گۆ هێنانی پشتگوێخراوە نەنووسراوە نادیدەگیراوەکان، لەڕێگەی دەقی نووسراوەوە، بە دڵنیاییشەوە ئەو گێڕانەوانەش بەڵگەنامەیەکی زیندووی کەسایەتی، شوێن و مرۆڤ بەرجەستە دەکەن.

بەمجۆرەش سەرەڕای ئەوەی هەریەک لە ئەدەب و مێژوو دوو بابەتی جیاوازییان هەیە، یەکێکیان ڕابردوو دێنێتە گۆ، ئەوی دیکەیان لە ئێستا دەپرسێت، سەرەنجامیش هەردوولایان بە یەکەوە بە عیبرەت و هەقایەت کۆتاییان دێت، بەڵام ئەمانە هیچیان ڕێگر نەبوون لە

بەردەوامی ئەو گفتوگۆیەی نێوانیان و نەیانتوانیوە نکۆڵی لە پەیوەندیی نێوان مێژوو و داهێنانی ئەدەبی بکەن، بەڕادەیەك هەندێک لە هەڵسەنگێنەرانی ئەو پەیوەندییە، نێوانی مێژوونووسی و ئامانجەکانی ئەدەب بە یەکسان دەبینن و دەڵێن جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان بابەتی مێژوو و ئەدەبدا نییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە باسکرا، لە پشتبەستنی هەردوو کایەکە بە گێڕانەوە و تەکنیکی زمانەوانی لە خستنەڕووی ڕووداوەکاندا و ئەو تێکچڕژانەی کە لەنێوانیاندا هەیە لە کارکردن لەسەر مرۆڤ وەکو لای سەرەوە باسکرا. ڕاسییەکەش هەر ئەوەیە، کە هەریەک لەم دوو کایەیە تایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بەملاوە مرۆڤیان کردووە بە چەقی کارەکانیان و لە زۆر بواریشدا سنورەکانی یەکدییان بەزاندووە، بەڵام هەریەك بە کەرەستە و ڕێگەی خۆی، کە مێژوو لە سەر ئەو مرۆڤە دامەزراوە لەڕێگەی دۆزینەوەی ڕابردووی دوورییەوە لە ئێستای دەپرسێتەوە، وەکو ئەوەی ویستی دۆزینەوەی ڕابردوو بۆ ئێستایەکی داهێنەرانەی نوێ بگۆڕێت، کەچی ئەدەب و بەتایبەتی ڕۆمان هەروەکو باسکرا لە پرسە ئێستاییەکانی مرۆڤەوە دەچێتەوە بۆ ڕابردوو و بە گەڕانەوە بۆ وردەکاری ژیان، کە زۆرجار بریتییە لە نواندنی مێژووی نا فەرمی ئەو مرۆڤانەی مێژوویان نییە، واتا مرۆڤەکانی چینەکانی خوارەوە و پەراوێزخراوەکان، ئەوانەی چاویان لەوەیە لەم دۆخە ڕزگاریان بێت. ڕۆماننووسیش کاتێك دەنووسێت، وا خەریکە لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەدا داستانی ژیانی ڕۆژانە لەدژی مێژووی بە ناوەندگرتن دەنووسێت، واتا بە ناوەندزانینی توێژکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا، تا ئەو ڕادەیەی ڕۆمان لە هۆشیاریی شاراوەی ناوکۆ نزیک دەبێتەوە، ئەو هۆشیارییەی ئەو کاتە دەتوانین بەدەستی بێنین، ئەگەر توانیمان لەڕاستییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی دۆخی مێژوویی ئێستا بە هەموو ئاڵۆزییەکانییەوە تێبگەین، لێرەشەوە گرنگی ڕۆمان لە بونیادنانی مەتنی مێژوو دەردەکەوێت، کە هاوتای مەتنی فەرمی مێژووە، ئەمەش لە زۆربەی ئەو ڕۆمانانەدا بەدیدەکرێت، کە لەگەڵ ڕابردوودا کارلێکیان کردووە و ڕەگ و ڕیشاڵەکانی ڕابردوویان هەڵوەشاندووە، بێئەوەی متلقی هەست بەوە بکات ئەو لەبەردەم بەرهەمهێنانی ڕۆماننووسێکدایە کە مێژوو بۆ بەرجەستەکردنی پرسەکانی خۆی و ناوەرۆکی کارەکەی بەکاردێنێت، ئەمەش وا لە ڕۆمان دەکات کە تەنها مەتنێکی ئەدەبی نەبێت، بەڵکو وەکو کۆگایەکی دووەمی مێژووش بێت، چونکە ڕۆمانووس لێرەدا ئەو کەسەیە، ئەو شتانە تۆماردەکات کە لە دێڕەکانی مێژوونووسیدا نین، نەبینراو و هەست پێنەکراوەکان دێنێتە ناوەوە، بەمەش ئەوەی ئەوان لە بارەی ڕابردووەوە دەیکەن، ئەوە مێژووی ڕاستەقینەیە و ئەوەیە کە خودی مێژوو بۆ خۆی پشتگوێی خستووە، هەروەک پۆستمۆدێرنەکان دەڵێن ڕۆمان لەگەڵ ئەوانەدا بەریەك دەکەوێت کە لە مێژوونووسیدا پشتگوێخراون، هەربۆیە ئەوان پێیان وایە لێکچوونێکی زۆر لەنێو ئەم دوو کایەیەدا هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەودا جیاوازن، کە گوتاری مێژوویی لە بنەڕەتدا لە گوتاری ئەدەبی جیاوازە، ئەویش بە

حوکمی کەرەستەکەی، کە (ڕووداوی واقعییە لەبری خەیاڵی)، نەک جیاوازییەکە بەهۆی فۆرمەوە بێت، ئەم پرسەش زیاتر لە دەرکەوتنی ڕۆمانی مێژوویەوە زیاتر چڕ بووەوە و هەر لەوێشدا زیاتر بەڕوونی دەرکەوت.

**ڕۆمانی مێژوویی**

گرنگی ئەو بابەتەی لای سەرەوە شەن و کەو کرا زیاتر لەوێوە دەرکەوت کە لە ڕۆژئاوا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە ڕۆمانی مێژوویی دەرکەوت، ئەویش بە کارەکانی والتەر سکۆت "١٧٧١-١٨٣٢" کە لە کۆکردنەوە لەنێوان کەسایەتیی واقیعی و کەسایەتیی خەیاڵی سەرکەوتوو بوو و لە چوارچێوەی واقعیدا خستییەڕوو، لە پێشەکی ڕۆمانی(ئیڤانۆی)دا دەڵێت: "ئەو دەتوانێت لە ڕێگەی وێناکردنە خەیاڵییەکانەوە دەستی هاوکاریی بۆ مێژوونووس درێژ بکات". ئەمەش واتای ئەوەیە کە نووسەری ڕۆمانی مێژوویی هەرچەندە لایەنی خەیاڵ زاڵە بەرسەر لایەنی مەرجەعی لە کارەکانیدا، بەڵام ئەوەی لێ داواکراوە کە کەسایەتی و ڕووداوەکان لە چوارچێوەی کات و شوێندا بخاتەڕوو، بەمەش ئەو لە میانەی کارەکەیدا ئەو زەمینەیە بۆ خوێنەر فەراهەم دەکات درک بە هۆکاری ئەو ڕووداوانە بکات کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و بشزانێت ئەنجامەکانیشیان چی بوون، واتا زیاتر کار لەسەر بە بابەتکردنی مێژوو دەکات لە ڕۆمانووسییەکەیدا، کە ئەمجۆرە ڕۆمانەش دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوە بە تەواوی لە پانتایی ئەدەبی ڕۆژئاوادا پەرەیسەند و دوای ئەوەش پەڕیەوە بۆ ناوچەکانی دیکە و لە ئێستادا لەنێو ڕۆماننووسی گەلاندا پێگەیەکی بەرچاوی هەیە.

ڕۆمانی مێژوویی وەکو کارێکی ئەدەبی بەپێی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی دەگرێت، بۆ گەیاندنی پەیامەکانی دوو پێویستی سەرەکی هەن، کە یەکەمیان ئەمانەتی مێژوویە و دووەمیش پێداویستییەکانی هونەری ڕۆماننووسییە، لەمجۆرە کارانەدا ڕۆمان تەنها چێژی هونەریی ئێستاتیکای ئەدەبی نییە، بەڵکو ڕۆڵێکی چالاکانەش دەگێڕێت لە جوڵاندنی هزر و بارگاویکردنی بە بەها و بیرۆکەکان بەرانبەر ڕابردوو و واقع بەیەکەوە. هەروەها ڕوانین بەرەو ئایندە، لەڕێگەی ئەم بیرۆکە و بەهایانەوە، کە جورجی زێدان بەڕوونی دەڵێت مەبەست لە چیرۆکە زانستییەکانی ئەو، ئەوەیە کە مێژوو لەڕێگەی شێوازێکی سەرنجڕاکێش و چێژبەخشەوە پێشکەش بکات، بۆئەوەی بابەتەکە لای خوێنەر بە وشکی نەمێنێتەوە.

لەمجۆرە ڕۆمانەدا بەڕوونی زانیارییە مێژووییەکان و ژیاننامەی کەسایەتییە دیارەکان دەگێڕدرێنەوە و دەبن بە بابەت، مەبەستی سەرەکیش بە کۆمەڵایەتیکردنی مێژووە، واتا لەلایەن زۆرترین کەسەوە بخوێندرێتەوە، ئەویش لەڕێگەی بەردەستخستنییەوە بە شێوازێکی سەرنجڕاکێشتر و سادەتر لەوەی لە دەقە مێژووییەکاندا هەیە، کە کەمترین کەس ئارەزووی خوێندنەوەی دەکات.

جگە لەم ڕۆمانە فێرکارییانە هەندێک ڕۆمانی دیکە دەرکەوتن کە بە تەواوی لەڕووی هونەری و بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ڕۆمانەوە: وەکو زمانی گفتوگۆ و کەسایەتی و گرێچن و وروژاندن پێگەیشتووبوون، لە هەمانکاتیشدا توانیان ڕووداو و کەسایەتیە مێژووییەکان بەمەبەستی خزمەتکردن بە کێشە سەردەمییەکان بەکاربهێنن، بەجۆرێك هاوکات لە گەڵ ئەوەشدا، مێژووەکە ڕاستییەتی و سروشتی مێژوویانەی خۆی لەدەست نەدا، لەوانەش هەروەکو نموونە ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفوز و نەجیب کیلانی کاتێك باسی شەڕی خاچییەکان و سەردەمی فیرعەونەکان و چەندین لایەنی دیکە دەکەن.

> **”لە دوای دەرکەوتنی تێڕوانینەکانی پۆستمۆدێرنەوە وڕەخنەکانیان لە فەلسەفەی مۆدێرنە وپۆزیتڤیستی، بابەتی پەیوەندیی نێوان مێژوو و ئەدەب زیاتر هاتەوە نێو باسان، پرسی مێژوو وزانستی بوونی و نەبوونی، بابەتێکی گەرمی ئەو بێنەوبەرەیە بوو، کە پۆست مۆدێرنە هێنایەئاراوە“**

هەر لەم لایەنەوە جۆرێکی دیکەی ڕۆمان دەرکەوت کە تیایدا نووسەر مێژوو وەکو ئامڕازێک بۆ چارەسەرکردنی کێشە هاوچەرخەکان بەکاردێنێت، ئەو کێشانەی زۆربەیان پەیوەستن بە ئامانجگەلی ژیاری و سیاسییەوە، بێئەوەی زۆر پابەندیی واقیعە مێژووییەکەش بن، لەم کارانەدا نووسەر ڕەنگە تەنها کەشێکی مێژوویی بخولقێنێت و خوێنەر وا هەست بکات کە بابەتی ڕۆمانەکە لە قۆناغێکی مێژوویدایە، بێئەوەی بابەتەکە بنەمایەکی ڕاستەقینەی هەبێت، کەچی نووسەر وادێنێتە بەرچاو، کە کەسایەتی و پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە لە قووڵای مێژوودان، بێئەوەی هیچ بوونێکی مێژوویی ڕاستەقینەشیان هەبێت. لێرەدا ڕەنگە نووسەر کەسایەتییەکی مێژوویی بێنێتەوە و لە واقیعدا دەریخات و بیجوڵێنێت و ڕووبەڕووی کەسانی تر و ڕووداوەکانی بکاتەوە، بۆئەوەی هەڵوێستی خۆی لەهەمبەر کێشەیەک ڕوون بکاتەوە، یان چۆنییەتی چارەسەرکردن و بەسەردا زاڵبوونی شیبکاتەوە، هەندێکجاریش نووسەر کەسایەتییەکی مێژووی بەناوبانگ بکات بە ماسکێک و لە پشتییەوە قسە لەسەر کێشەکانی سەردەمەکەی خۆی بکات، یان ڕووداوێکی مێژوویی، کە چەقی ڕۆمانەکە بێت، بەڵام نووسەر بیکات بە هاوشێوەی ڕووداوێکی هەمانجۆری سەردەمەکەی خۆی و بە گیانی سەردەمەکەی خۆی کەسایەتی و دارِشتنی بۆ دابتاشێت. ئەمجۆرە نووسەرەش زیاتر لە بابەتە ئەدەبییەکەدا ڕۆدەچن وەک لە پابەندبوون بە مێژووەکەوە، ئیدی بەپێی بابەتەکەی و تەسەوراتی خۆی

ڕۆمانەکەی دادەڕێژێت، بێئەوەی سنوورە مێژووییەکە بەری پێبگرێت.

لەڕاستیدا ڕۆمانی مێژوویی بریتی نییە لە دووبارە نووسینەوەی مێژوو، بەڵکو بریتییە لە دووبارە تۆمارکردنەوەی ڕابردوو بەشێوەیەکی ئێستاتیکی، چونکە مێژوو بریتییە لە ڕوانینی مێژوونووس، بەڵام ڕابردوو ئەوەیە کە سەرنجی مێژوونووس ڕادەکێشێت و بەشێوەیەکی مێژوویی دەینووسێتەوە، دواتریش سەرنجی ڕۆماننووس ڕادەکێشێت، دوای ئەوەی وەکو مێژوو لە زەینی کۆمەڵدا جێگیربوو، ئیدی ڕۆماننووس دەیکات بە ڕۆمان، کەواتە ئەوە ڕۆمانە و مێژوو بەکاردەهێنیت، لێرەشەوە مێژوو بەجۆرێک لە خزمەت ڕۆماندا دەبێت کە سنووری ناوەڕۆک تێدەپەڕێنێت، بەڵکو دەگاتە فۆرمیش، ئەویش بەو هەقایەتانەی پێ دەبەخشێت کە ڕۆمانەکە خۆی لەسەر بونیاد دەنێت، ئەمە لە کاتێکدا زانستەکانی دیکە ئەم هێزی هەقایەتەی مێژوو هەیەتی ئەوان نیانە هاوکات بەو پێیەی مێژوو پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت.

بەمجۆرەش ڕۆمانی مێژوویی بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوگەلی جێگیرکراو، ئەویش بە مەبەستی ئەوەی دووبارە ئیستیعاب بکرێتەوە و بەشێوازێکی دیکە بخرێتەوەڕوو، بۆیە ڕۆمانی مێژوویی ئەگەرچی میکانیزمەکەی مێژووە، بەڵام ئامانجەکانی فرە ڕەهەندن.

ڕۆمانی مێژوویی زیاتر ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت و تیشکی دەخاتەسەر، کە لێرەدا ڕۆمان بۆخۆی گەڕانەویەکە بۆ ڕابردوو، بە ڕوانینی ئێستای، لێرەشدا ڕابردوو زەمەنی هەقایەتەکەیە و ئێستاش زەمەنی نووسینەکە. هەربۆیە ئەمجۆرە ڕۆمانە لەنێو سەرقاڵانی بوارەکەدا پێناسە و ناساندنی جیاجیای بۆ کراوە، لەوانە بەلای هەندێکیانەوە بریتییە: لە چیرۆکێکی مێژوویی بە شێوەی خەیاڵئامێز دەگێڕدرێتەوە. هەشیانە دەڵێن: بریتییە لە تۆمارێك بۆ ژیانی کەسەکان و هەستیان، لەژێر هەندێک دۆخی مێژوویدا. بڕێکی دیکەشیان دەڵێن: شێوازێکە لە گێڕانەوە کە وەسفێکی وردی ژیانی هەندێک نەوە دەکات یانیش دەڵێن: بابەتێکە لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژوودا هەوڵی دووبارە پێکهێنانەوەی ژیان دەدات، بەلای بەشێکی دیکەیانەوە ئەمجۆرە ڕۆمانە وا خەریکە بە زمانێکی نوێ داب و نەریتی هەندێک کەس باس دەکات، یانیش هەندێکی دیکەیان دەڵێن: بریتییە لە بونیادنانەوەی خەیاڵئامێزی ڕابردوو کە لە بنەڕەتدا وا خەریکە باسی ژیان و داب و نەریتی کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو دەکات، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ڕۆمانی مێژووی لەپاڵ خەیاڵ و تەکنیکە ئەدەبییەکاندا، پشت بە زەمەنی مەوسوق و شوێنی دیاریکراو و ڕووداوێکی ناسراو دەبەستێت.

کەواتە ئەوانەی لای سەرەوە گوترا ڕوونی دەکەنەوە کە ڕۆمانی مێژوویی وا خەرێکە ڕابردوویەك دەگێڕێتەوە بە تەکنیکێکی ئەدەبی، هەربۆیە ئەمجۆرە ڕۆمانە دوو چاوگی هەیە، یەکەمیان ڕاستییەکی پەیوەندیدار بە ڕووداوێکی مێژووییەوە، واتا هەقایەتەکەی. دووەمیش چاوگی خەیاڵ، واتا گێڕانەوەی خەیاڵئامێز، کە چاوگی یەکەم سوودئامێزەو ئەوی دووەم ئێستاتیکی،

بۆیە لەمجۆرە ڕۆمانەدا پێویستە لەپاڵ بابەتی ئێستاتیکدا، ئەمانەتی مێژوویش بپارێزیت، کە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە، بەمەش لە ڕۆمانی مێژوویدا چەند جۆرێک لە ئامادەگی مێژوو هەن، لەوانە هێنانەوەی ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان، هەروەها خستنەڕووی زەمینە و ژینگە و دۆخی مێژوویی کە تیایاندا کەسایەتییەکان دەردەکەون و ڕووداوەکان ڕوودەدەن، بەجۆرێکیش لەتەواوی پرۆسەکەدا مەبەست تاوتوێکردنی زەمەنێکی دیاریکراوە بە مەبەستی پەند وەرگرتن لە مێژوو. ڕۆماننووس هەوڵدەدات ئەوە ڕوون بکاتەوە ڕووداوەکان لەو کاتانەدا چ ڕەنگدانەوەیەکیان هەبووە بەسەر خەڵکەوە و کردار و پەرچەکرداری خەڵککە بەرانبەر ئەوەی ڕوویداوە چی بووە و پاڵنەرە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی وای لێکردوون بەوجۆرە بیربکەنەوە و ڕەفتار بکەن چیبوون، هەر بۆیە زۆربەی ڕۆمانەکان بایەخ بە ژیانی میللی و کەسانی ئاسایی دەدەن و تیایاندایە زۆر مەیلی بەلای مێژووی فەرمیدا نییە، چونکە ئەم مێژووە فەرمییە لەلایەن فەرمانڕەوا و دەسترۆیشتووەکانەوە نووسراوەتەوەو ئەوانی دیکە پشتگوێخراون، بۆیە مێژووی یەک لایەنەیە. هەندێکیشیان هەوڵدەدن ڕۆمانەکە بەو جۆرە بێت کە باشتر لە ژیانی ئەوکات تێبگەین و باسی ئەوانە بێنەبەردەست کە مێژوو باسی نەکردوون.

**” دەقە شیعرییەکان زۆرجار هاوکار دەبن لە تێگەیشتن لە زەمینەی مێژوویی و شێوازی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری ئەو کۆمەڵگایە، لەبەرئەوەی ئەدەب بەگشتی دەقەکانی لە بۆشاییەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر گوزارشت لە فیکر و سۆز و کێشە و هەست و نەستی کۆمەڵگا دەکەن “**

سەبارەت بە کەسایەتیش ئەوا ڕۆمانی مێژوویی دوو جۆر کەسایەتی بەکاردێنێت، یەکەمیان کەسایەتی ڕاستەقینە، کە مێژوو یەکلای کردووەتەوە، دووەمیشیان کەسایەتی خەیاڵییە، کە ڕۆماننووس گریمانە دەکات هەبووبێت، لە جۆری یەکەمدا مێژوونووس پێویستە بە ڕاستییە مێژووییەکانەوە پابەند بێت، ئەگەرنا ڕاستگۆیی لەدەست دەدات، ئەمەش لە ئازادییەکانی نووسەر کەم دەکاتەوە و ناتوانێت لە بەکارهێنانی خەیاڵدا دەستواڵا بێت، بەڵام جۆری دووەم، زیاتر دەستکراوەیە لە کارە هونەری و ئێستاتیکییەکەدا و ئازادانەتر کار دەکات.

**کەواتە نێوانی مێژوو و ئەدەب چەندە؟**

لێرەدا ئەو پرسە دێتە پێش، ئەگەر ئاسایی بێت مێژوو بەو ئەزموونە مرۆییانەی لە خۆیان دەگرێت سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخشی بەرچاوبێت بۆ ئەدیب، ئەوا ئاساییشە لە هەمان کاتدا ئەوە بڵێین، ئەدەبیش بە هەموو جۆرەکانییەوە سەرچاوەی گرنگن بۆ مێژوونووسین، کە ناکرێت مێژوونووس بەهەندیان وەرنەگرێت، چونکە هەرچەندە بەشێوەیەکی زمنیش بێت ئەوان وێنەی ڕاستگۆیانە لەبارەی کۆمەڵگا یان ماوە یان دیاردەیەکی دیاریکراو لە خۆدەگرن، ئەویش بەهۆی ئەو توانایییەی کە لەبارەی داڕشتنی دەقەوە ئەدەب هەیەتی، بەجۆرێك هەروەکو دەرکەوت لە توانایدایە مێژوو تۆمار بکات هاوکات کارلێکیش لەگەڵ مێژوودا بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمان کاتێک دەستی بۆ مێژوو بردووە، ئەو هۆشیارییەی هەبوو کە بە چ ڕادەیەکی زۆر دەتوانێت بەکاریهێنێت هاوکات کاری لەسەر ئەوەش کردووە تا بۆی دەکرێت سودی لێوەربگرێت لە بونیاد و پێکهاتەی خۆیدا، ئەویش بێئەوەی بکەوێتە ژێر باری یاسا وشکەکانی مێژووەوە، یان مانەوە تەنها لە بۆتەی دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکانی و کۆپیکردنەوەی واقیعەکانییەوە، واتا ڕۆمان لە میانەی بەرهەمهێنانی مەتنە دەقییە/ مێژووییەکەی خۆیدا، ئەوکاتەی باس لە ڕەوتی ژیانی مرۆڤ و مێژوو دەکات لەگەڵ میکانیزمی مێژوو و ئەنجامەکانیدا کۆك نییە، بەمەش سەرەڕای نزیکییان بەڵام ئەوەی هەیە ئەوەیە کە تەنها پەیوەندییەکی دەقئامێزانە لەنێوان ڕۆمان و مێژوودا هەیە، لە سەر ئاستی خودییەتی هەر مەتنێکیان و جیاوازییان لەیەکتر، واتا ڕاستە هەردوولا کار لەسەر گێڕانەوە و بەدەقکردنی ڕابووردوو دەکەن، لەمیانەی دەربڕینێکی وشەئامێزدا، سودێکی دوولایەنەش لە یەکدی دەبینن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کەرەستەکانیاندا، کە بەکاریدێنن جیاوازن، بەوەی مێژوو بابەتێکی مەرجەعییە و پابەندییەتییەکی توندی بە پاراستنی ڕاستییەتی هەیە و لا نەدان لە سروشتە مێژووییەکەی، بەڵام لە ئەدەبدا ئەمجۆرە پابەندییە نییە و ئازادییەکی زۆرتر هەیە لە بەکارهێنانی خەیاڵ بۆ خستنەڕووی ئەو مێژووەی بەردەستی.

بەمەش دەگەینە ئەوەی، لە پرۆسەی گەڕاندنەوە و تۆماردا کە هەریەک لە دەقی مێژوویی و ڕۆمان دەیکەن، هەریەکەیان لە دەقدا سەربەخۆن، بەڵام ئەوە تەنها مێژوو نییە کە ئەرکی پرۆسەی گێڕانەوەی مێژووی ڕووداوەکان و ماوەکان لە ئەستۆ بگرێت، بەڵکو ڕۆمانیش لەڕێگەی کارەکانییەوە ئەمە دەکات، ئەم بابەتی هاوبەشی مەتنی مێژووییەی نیوانیشیان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەسەردەمی پۆستمۆدێرنەدا مەعریفەی مێژوویی لە پرۆسەیەکی مێژوویی تەنیاییەوە گۆڕاوە بۆ کارلێکێك، کە دەکرێت بە هۆی مێژووەوە هەر لایەنێک، دەقێکی مێژووییانە یان دەقێك ڕەهەندێکی مێژوویی هەبێت بەرهەمبهێنێت، هاوکات هەریەکەو دیدگایەکی سەربەخۆیانەی بۆ مێژوو هەبێت، بەڵام ئەوەی هەیە ئەوەیە، کە ڕۆمان مەتنی مێژووی فەرمی وەردەگرێت یان دەیخوازێت بە مەبەستی بەرهەمهێنانی

ڕاڤەکانی خۆی، ئەمەش بەوەمان دەگەیەنێت کە ڕۆمان لە ئاوێتەبوونی لەگەڵ مێژوودا، جا ڕابردوویەکی زۆر دێرین بێت یان واقیعێکی ژیانکراوی ئێستایی بێت، دەقێک بەرهەمدێنێت لە بەرامبەر تاکییەتییەکەی مێژوودا و دەستی لە تۆمارکردنی ڕابردوو و گەڕاندنەوەی ڕابردوودا دەبێت، بەو مانایەی ڕۆمان بەو پێیەی ڕەگەزێکی ئەدەبی نواندن ئامێزە، مەعریفەی مێژوویی و ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی، لە بونیادی مێژووییەوە بۆ بەستێنی مێژوویی گواستەوە، چونکە مێژوو بریتییە لە دەقێکی سروشت زانستی، ڕۆمانیش دەقێکی بەرهەڵستکارانەی، سروشت ڕاڤەکارییە، بەمەش ئەوە نەما کە ڕۆمان تەنها لە مێژوو وەربگرێت، بەڵکو وای لێهاتووە لە یەک کاتدا لێیشی وەرگرێت و پێیشی ببەخشێت، لێرەشەوە ڕۆمان کار لەسەر هێنانەئارای مێژوییەکی دیکەی خاوەن تایبەتمەندیی داهێنەرانە دەکات و دەسەڵاتی ڕاڤەکاریانە، چونکە ئەو ڕێگا بە خۆی دەدات یان با بڵێین ئەو ئازادییە بە خۆی دەدات کە لە ڕێگای دەستبەرداربوونی لە کۆڵینەوە لە ڕاستی و حەقیقەتەوە دووبارە لە ڕابردووەوە بونیادنانەوە بکات.

> **” ڕۆمانی مێژوویی وەکو کارێکی ئەدەبی بەپێی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی دەگرێت، بۆ گەیاندنی پەیامەکانی دوو پێویستی سەرەکی هەن، کە یەکەمیان ئەمانەتی مێژووییە و دووەمیش پێداویستییەکانی هونەری ڕۆماننووسییە، لەمجۆرە کارانەدا ڕۆمان تەنها چێژی هونەریی ئێستاتیکای ئەدەبی نییە، بەڵکو ڕۆڵێکی چالاکانەش دەگێڕێت لە جوڵاندنی هزر و بارگاویکردنی بە بەها و بیرۆکەکان بەرانبەر ڕابردوو و واقیعی بەیەکەوە “**

**ئەدەب وەك كایەیەكی گرنگی بەرجەستەكردنی مێژوو لە یادگەدا**

هەرچەندە ئەدەب لە ئێستادا تاکە شێوەی گوزارشتکردن لە ئەزموونی مرۆڤ نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لای سەرەوە خرایەڕوو دەریدەخات، کە ناکرێت ئەم پەیوەندییەی بە مێژووەوە و ڕۆڵی لە پاراستنی یادگەی مێژوویی بەهەند وەرنەگیرێت، ئەویش بەهۆی ئەو توانابییەی لە لەئامێزگرتنی ئاڵۆزییەکانی ژیانی مرۆڤ و دەرخستنیان لەڕێگەی وشەوە هەیەتی، کە بە هێزەوە گوزارشت لە ئازار و مەینەت و خۆشی و ناخۆشی و لەبیرچوونەوەی مرۆڤ دەکات، بەمەش ئەدەب بە کارەکانی یادگە لە لەناوچوون دەپارێزێت و وای لێدەکات لە زەینی

تاکەکان و کۆمەڵگاکاندا بچەسپێت، هاوکات بەوەی وەکو باسکرا، کە لەسەردەمی نوێدا و بەتایبەت لە سەدەی نۆزدە بەملاوە لەگەڵ مێژوودا هاوبەشە لە پێداگریکردن لەسەر توانایی بۆ نواندنی ڕابردوو و گواستنەوەی ئەزموونەکانی ژیان بە هەمان شێوەی ئەو گوتارانەی کە ئەرکێکی بەڵگەنامەییان هەیە، هەر بەمەش پێگەیەکی دیاری لە پاراستنی یادگەدا بووە. بەو پێیەی یادگەش لەم دواییانەدا کایەیەکی گرنگی نێو زانستەمرۆییەکان بووە، بۆیە نهێنی گرنگیدانی زیاتر بە بابەتە ئەدەبییەکان لە لایەن بوارەکانی زانستە مرۆییەکانەوە لەم دواییانەدا لەبەر ئەو ڕۆڵەی بووە لە بوژانەوە و چالاککردنی یادگە و بوار ڕەخساندن بۆ گروپ و کۆمەڵە جیاوازەکان بۆ یادکردنەوەی مێژووی تایبەتیان و یادگەی گشتییان، کە لەگەڵ یادگەی ئەوانی تردا جیاوازە هەیەتی.

ئەدەب بەو پێیەی کە گرنگی بە ئەزموونی تاک دەدات، وەکو تاکێکی سەربەست، بەگەڕانەوە بۆ تاکایەتی خۆی، دەروازەیەکی گرنگە بۆ ڕۆچوون لەو چینە قووڵانەی ڕووداوەکانی ڕابردوو، کە بە تەنها بە شایەتی و گێڕانەوەیەکی حەرفی مێژوونووسانە نەدەکرا پێیان بگەین. خۆ ئەگەر ئەدەب نواندنی جیاواز بۆ مێژوو پێشکەش دەکات، ئەوە لەبەر ئەوەیە ڕێگەی جیاواز بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبییەکان هەیە لەنێو نووسەرەکاندا بۆ بەکارهێنانی بە مەبەستی موخاتەبەکردنی خوێنەر، کە کەمجار بە کۆپییەکی ڕێک وەکو خۆی سەرچاوەکان، ئەم موخاتەبەیە بە شێوەیەکی کاریگەرانە دەکرێت، چونکە بەردەوام پرۆسەگەلی دووبارە نووسینەوە و گۆڕین و ڕەخنە هەن، ئەمەش دەریدەخات کە تەنها بەدەستهێنانی کەرەستە مێژووییەکە مەبەستەکە نییە، بەڵکو ئەمە تەنها کەرەستەیەکە، کە گێڕەرەوە دەیخاتە خزمەت نووسینەکەیەوە، ئەو ڕۆڵەی ئەدەبیش لەم ڕووە دەتوانێت هەیبێت کە لای سەرەوە ڕوونکرایەوە لە گەیاندنی ڕابردوو بە شێوەیەکی کاریگەرتر بە خوێنەر و نزیکبوونەوەی لە زەینی خوێنەر، وادەکات ئەدەب ئەو کردارە یادەوەرییە بێت کە زۆرترین کاریگەریی لەسەر یادگەی گشتی دەبێت بەو پێیەی دەلاقەی زۆر و بەئاڕاستەی جیاوازی هەیە بۆ ڕاڤەکردن و تێگەیشتن، چونکە ئەو بنەما ئێستاتیکی و هونەرییانەی هەیەتی بەراورد بە گوتارەکانی دیکە وای لێدەکات زیاتر لە ناخ و خودایەتی تاک ڕۆبچێت و لە زەینیان نزیک بکەوێتەوە و بتوانێت گوزارشت لە هەڵوێست و وێناکردنی جۆراوجۆر لەبارەی ڕووداوەکان بکات لە فۆرمی دیالۆگدا، کە گوتن و دژەکەی لەخۆدەگرێت، ئەویش دوور لە بە ئایدیۆلۆجیاکردن و بەکارهێنانی مەبەستداری یادگە. تا ئەو کاتەیشی مرۆڤ پشتبەست بە نووسین جەخت لەسەر گرنگی ڕابردوو بکاتەوە، ئەوا یادگەی گشتی وابەستە بەو ڕووداوانە و گێڕانەوە و وێناکردنیان گەشەدەسەنن و دەکەونە ژێر باری گۆڕانەوە، هەر بەو جۆرەی کە هەموو یادگە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەدەبیش بەو کارایییەی هەیەتی لە

کارکردن لەسەر گەیاندنی ڕابروو بە زەینی تاك و کۆمەڵ بە ڕەهەندە جیاوازییەکانییەوە، بەمە دەتوانێت لە قووڵاییدا و بە شێوەیەکی گشتی کار لەسەر پاراستن و دروستکردنی یادگەی تاك و یادگەی گشتی بکات لە کۆمەڵگادا هەم لە پاراستی و هەمیش لە پەرەپێدانی.

## سەرچاوەکان

١- ادريس الخضراوي، من التاريخ الى الرواية الذاكرة الجمعية مصدرا للسرد، تبين، العدد ٩\٣٣، صيف ٢٠٢٠.
٢- حلمي محمد القاعود، الرواية التاريخية في أدبنا الحديث دراسة تطبيقية ،٢٠١٠.
٣- د. فيصل دراج الرواية و تأويل التاريخ نظرية الرواية والرواية العربية بيروت، ٢٠٠٤.
٤- عادل الغناز، التمثيل التأويلي للتاريخ في الرواية العربية، الشارقة، ٢٠١٩.
٥- د. نضال الشمالي، الرواية والتاريخ دراسة في مستويات الخطاب في الرواية التاريخية العربية، إربد، ٢٠٠٦.

# خوێندنەوەی کتێب

# دەوڵەتان چۆن بیردەکەنەوە: عەقڵانییەتی سیاسەتی دەرەوە

خوێندنەوەی: دەستەی گۆڤار



جۆن جەی مێرشایمەر، سبستیان ڕۆزاتۆ




وڵاتان چۆن بیردەکەنەوە، یەکێکە لە کتێبە هەرە گرنگەکانی نوسەر و لێکۆڵەری بەناوبانگی ئەمریکی جۆن جەی مێرشایمەر کە لە ساڵی "٢٠٢٣" لە زانکۆی (یێڵ) بڵاویکردووەتەوە. ئەم کتێبە لە کاتی خۆیدا دەنگدانەوەیەکی گرنگی هەبوو و بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانستی دادەنرێت بۆ تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی وڵاتان لە پەیوەندیی نێودەوڵەتییەکاندا.

مێرشایمەر لە ئێستادا بە یەکێک لە هەرە بەناوبانگترین و کاریگەرترین لێکۆڵەرەکان لە زانستی سیاسیدا دادەنرێت، بەتایبەت لە سکوڵی ڕیالیزم. ئەو لە ئێستادا پرۆفیسۆری زانستە سیاسیەکانە لە زانکۆی شیکاگۆ کە لە ساڵانی هەشتاکانەوە لەوێ وانە دەڵێتەوە و چەندین سکۆڵەر و توێژەری گەورەی پێگەیاندووە، لەنێویاندا نوسەری دووەمی ئەم کتێبە کە سبستیان ڕۆزاتۆیە. مێرشایمەر زیاتر بە نووسین و کتێبەکانی لەسەر ململانێی

وڵاتە زلهێزەکان و پەیوەندییەکانیان و شیکردنەوەیان لە ڕوانگەیەکی ڕیالیستییەوە ناسراوە و خاوەنی چەندین کتێبی تری گرنگە لەو بارەیەوە، وەکو (John Mearsheimer's "The Tragedy of Great Power Politics")، کە باس لەوە دەکات بەهۆی ئەوەی سیستەمی نێودەوڵەتیی سیستەمێکی ئەنارکییە، ئەمەش وا لە وڵاتان بەتایبەت زلهێزەکان دەکات کە هەمیشە بەدوای بەرژەوەندیی و باڵادەستی زیاتردا بگەڕێن، تەنانەت ئەگەر ئاشتیخوازیش بن.

لەم کتێبەدا (**دەوڵەتان چۆن بیردەکەنەوە: عەقڵانییەتی سیاسەتی دەرەوە**) لەگەڵ سبستیان ڕۆزاتۆ نووسیویەتی، مێرشایمەر ئەو بیر و بۆچوونە ڕیالیستییەی خۆی درێژ دەکاتەوە و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەگەڵ ئەوەی بۆچوونێکی باو هەیە کە سەرکردەکان بەشێکی زۆریان نائەقڵانین یان بڕیارەکانیان ژیرانە یان عەقلانیانە نییە، بەڵام ئەو بە پێچەوانەوە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەرکردەکان بە گشتی سیاسەتی دەرەوەیان بە شێوەیەکی عەقڵانیانە دادەڕێژن.

## ناوەڕۆکی سەرەکی کتێبەکە، بۆچی گرنگە:

بەشێوەیەکی گشتی مێرشایمەر و ڕۆزاتۆ نالێن "عەقڵانیبوون" واتە بڕیاردانی تەواو یان هەمیشە گەیشتن بە ئەنجامە باش و ئەخلاقییەکان. بەڵکو بیرۆکەیەکی زۆر پراکتیکی پێشکەش دەکەن. سیاسەتی دەرەوە کاتێک عەقڵانییە کە سەرکردەکان هەوڵی تێگەیشتن لە جیهان دەدەن بە شێوەیەکی ڕوون و باوەڕپێکراو، کاتێک بڕیارەکان دوای گفتوگۆی ڕاستەقینە لەناو حکومەتدا دەدرێت بە پشتبەستن بە تیۆری پراکتیکی و بۆچوونی جیاواز، لە کۆتاییدا یەک بڕیاری کۆتایی لەلایەن سەرکردەی سەرەوە دەدرێت. لەم ڕوانگەیەوە سەرکردەکان عەقڵانین نەک لەبەر ئەوەی هەموو شتێک بە تەواوی حیساب دەکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی بیر لە دۆخەکە دەکەنەوە بە بەکارهێنانی تیۆرییەکان سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی سیاسەت و دەسەڵات. ئەم گرنگیدانە بە بیرکردنەوە لەسەر بنەمای تیۆری- نەک هەست و سۆز یان حیساباتی سادە- یەکێکە لە ناوەڕۆکە سەرەکی و گرنگەکانی کتێبەکە.

## پوختەی بەشەکانی کتێبەکە

### بەشی یەکەم: گریمانەی ئەکتەری عەقڵانی

لە بەشی یەکەمدا ڕەخنە لە خوویەکی باو لە مشتومڕەکانی سیاسەتی دەرەوە دەگرێت: بە "ناعەقڵانی"کردنی دەوڵەتانی تر یان سیاسەتوانانی تر، کاتێک ئێمە کارەکانیانمان بەدڵ نییە یان لێیان تێناگەین. کاتێک وڵاتێک بە شێوەیەک مامەڵە دەکات کە ئێمە حەزمان لێی نییە- وەک ئەوەی ئێران پاڵ بە فشارەکانی ئەمریکاوە دەنێت، ڕوسیا کردەوەی سەربازیی

مەترسیدار ئەنجام دەدات، یان سەدام حسێن ڕەتی دەکاتەوە پاشەکشە بکات- زۆرێک لە داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوە بە خێرایی دەڵێن سەرکردەکە "شێتە" یان "نالۆژیکییە".

مێرشایمەر و ڕۆزاتۆ دەڵێن ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە زۆر هەڵەیە و زۆر لاوازە، ئەمە وادەکات ئێمە لە نیازی ستراتیژی و لۆژیکی نەیارەکانمان بە باشی تێنەگەین. ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە وا دەکات ئێمە خۆمان ببورین لە باسکردنی پرسیاری گرنگ سەبارەت بە لۆجیکی گرنگی پشت ئەو بڕیارانەی کە وڵاتانی تر دەریدەکەن.

لۆژیکی پشت کردەوەکانی لایەنی بەرامبەر چییە؟ ئەم بەشە بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی سەرەکی کتێبەکە دەخاتەڕوو، کە ئەویش ئەوەیە عەقلانیەت مانای چییە و لێکۆڵینەوە لەوەی کە ئایا دەوڵەتەکان بەڕاستی لە پراکتیکدا ناعەقلانین یان نا.

پێناسەی نووسەران بۆ ئەقلانیەت لە ئێستاوە ئاماژەیە بۆ جیابوونەوەیان لە مشتومڕە ستاندارد و باوەکان. عەقلانییەت لای ئەوان بریتییە لە ماناکردنی جیهان بۆ بەدواداچوونی ئامانجەکان و هەم ڕەهەندی تاکەکەسی هەیە (سەرکردەکان دەبێت تیۆرییەکان بۆ لێکدانەوەی واقیع بەکاربهێنن) و هەم ڕەهەندێکی دەوڵەتی هەیە (دەزگاکان دەبێت لەڕێگەی وردبینییەوە بۆچوونە کێبڕکێکارەکان کۆبکەنەوە بە شێوەیەک کە لەناو حکومەتدا بۆچوونی جیاواز باس بکرێت و دوای مشتومڕ بڕیاری کۆتایی بدرێت).

**بەشی دووەم: عەقلانییەتی ستراتیژی و نادڵنیایی**

لە بەشی دووەمدا نووسەران ڕوونی دەکەنەوە کە بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە هەمیشە لەژێر نادڵنیاییدا دەدرێن. سەرکردەکان هەرگیز زانیاریی تەواو و پێرفێکتیان نییە. زۆرجار مەبەستی ڕاستەقینەی دەوڵەتانی تر و هێزی ڕاستەقینەی دوژمنێک و چۆنیەتی پەرەسەندنی قەیرانێک نازانن. بۆ نموونە پێش شەڕی "٢٠٠٣" لە عێراق کەس بە دڵنیاییەوە نەیدەزانی کە ئایا عێراق هێشتا چەکی کۆمەڵکوژی لەبەردەستدایە یان نا. لە شەڕی سوریادا زلهێزەکانی دەرەوە هەرگیز بە تەواوی تێنەگەیشتن کە کام گروپ بەردەوام دەبێت یان دەڕووخێت. بەهۆی ئەم نادڵنیاییەوە، میرشایمەر و ڕۆزاتۆ دەڵێن کە ناواقیعیانەیە چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە سەرکردەکان بەشێوەیەکی ورد و حیساب بۆکراو مەترسی و ئەگەرە وردەکان لەبەرچاو بگرن. بە پێچەوانەوە سەرکردەکان پشت بە تیۆرییەکان دەبەستن، بیرۆکەی گشتی سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی دەسەڵات، هەڕەشە و مانەوە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بۆ ڕێنماییکردنی هەڵبژاردنەکانیان.

هەر لەم بەشەدا ئەوە دەخەنەڕوو کە بۆچی ئەم بیرۆکەی عەقلانییەتە لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەدا دەگونجێت، بەتایبەتی لە دەوڵەتانی قەیراندار و پڕ لە ململانێدا. لە شوێنەکانی وەک عێراق، سوریا، یان لیبیا، نادڵنیایی بەهێزترە، چونکە حکومەتەکان لاوازن، سیاسەت

دابەش بووە و ئەکتەرە بیانییەکان بە قووڵی تێوەگلاون. لەم بارودۆخانەدا سەرکردەکان ناتوانن چاوەڕێی زانیاریی تەواو بن. دەبێت لە کاتێکدا مامەڵە بکەن و بڕیار بدەن کە زۆر شت ڕوون نییە. بە بڕوای نووسەران، ئەوەی زۆر گرنگە، هەبوونی زانیاریی تەواو نییە، بەڵکو هەبوونی شێوازێکی ڕوونی بیرکردنەوەیە لە جیهان و پرۆسەی بڕیاردان، کە تێیدا بۆچوونە جیاوازەکان باس و تاقیکردنەوە دەکرێن. دەوڵەت کاتێک عەقڵانییە کە بەوردی ئەم تیۆریانە بەکاربهێنێت و ڕێگە بە مشتومڕو گفتوگۆی کراوە دەدات بۆئەوەی بڕیارەکانی باشتر بکات، تەنانەت لە ژینگەیەکی سیاسی زۆر نادیاریشدا.

**بەشی سێیەم: عەقڵانییەتی ستراتیژی واتای چییە؟**

لە بەشی سێیەمدا نووسەران بەڕوونی باس لەوە دەکەن کە مەبەستیان لە عەقڵانییەتی ستراتیژی چییە؟ ئەوان دەڵێن لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا سەرکردەکان ناتوانن پشت بە ژمارە و فۆرمول و حیساباتی تەواو ببەستن، چونکە جیهان و ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن زۆر نادیارە، بەڵکو باشترین ئامراز کە سەرکردەکان هەیانە، بیرۆکەی باوەڕپێکراو و واقعبینانەیە سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی سیاسەت و دەسەڵات، لەگەڵ گفتوگۆ و مشتومڕ لەناو حکومەتدا.

لەسەر ئاستی تاکەکەسی سەرکردەکان عەقڵانین کاتێک لەڕێگەی تیۆرییە باوەڕپێکراوەکانەوە دۆخەکە لێکدەدەنەوە و سیاسەتگەلێک هەڵدەبژێرن کە لەگەڵ ئەو تیۆریانەدا بگونجێت. لە ئاستی دەوڵەتدا، عەقڵانیەت تەنها ئەوە نییە کە یەک سەرکردەی زیرەک هەبێت. پێویستی بە سیستەمێک هەیە کە بیروڕای جیاواز ببیسترێت و بیرۆکە لاوازەکان تەحەدا بکرێت و لە کۆتاییدا یەک بڕیاری ڕوون بدرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، مێرشایمەر و ڕۆزاتۆ جەخت لەسەر خاڵێکی گرنگ دەکەنەوە ئەویش ئەوەیە کە عەقڵانیبوون گەرەنتی سەرکەوتن ناکات. حکومەت دەتوانێت بەوردی بیربکاتەوە و مشتومڕێکی جددی بکات و هێشتا شکست بهێنێت. ئەمەش ئەکرێت ڕووبدات، چونکە زیاتر لە ڕوونکردنەوەیەک بۆ دۆخەکە ڕەنگە مەعقول دەرکەوێت، چونکە زانیارییەکان دەتوانن هەڵە یان ناتەواو بن، یان لەبەرئەوەی ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان هەموو شتێک دەگۆڕن. بۆ نموونە ڕەنگە پلانێکی سەربازی شکست بهێنێت، چونکە هاوپەیمانێک پشتیوانی دەکێشێتەوە، ئەکتەرێکی نوێ دەچێتە ناو شەڕەوە، یان لەناکاو سەنگەرەکان دەگۆڕێت. ئەم بیرۆکەیە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگە، کە شەڕ و قەیرانەکان لە لایەن زۆرێک لە زلهێزەکانی دەرەوە و دابەشکاریی ناوخۆییەوە لە قاڵب دەدرێن. لەم جۆرە ژینگانەدا دەتوانرێت ستراتیژیەتێک بە باشی دابڕێژرێت و هێشتا سەرکەوتوو نەبێت، نەک لەبەرئەوەی سەرکردەکان ناعەقڵانی بوون، بەڵکو لەبەر ئەوەی بارودۆخەکان لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەوان گۆڕاون.

**بەشی چوارەم: تێڕوانینە جیاوازەکان بۆ عەقڵانیەت، عەقڵانیەت و دەروونناسی سیاسی**

لە بەشی چوارەمدا نووسەران باس لە ڕێگا باوەکانی دیکە دەکەن کە زانایان پێناسەی عەقڵانییەت دەکەن و ڕوونی دەکەنەوە کە بۆچی ئەمان باوەڕی پێ ناکەن. یەکێک لە ڕێبازەکان کە پێی دەوترێت تیۆری هەڵبژاردنی عەقلانی، کە دەڵێت سەرکردەکان عەقڵانین ئەگەر بە شێوازێک مامەڵە بکەن کە تێچوون و سوودەکان حیساب بکەن و ئەو بژاردەیە هەڵدەبژێرن کە زۆرترین پاداشتی هەیە. نووسەران دەڵێن ئەمە لەڕووی تیۆریەوە ڕێک و پێک و گونجاوە، بەڵام ڕوونی ناکاتەوە کە سەرکردەکان لەڕاستیدا چۆن بیردەکەنەوە. لە ژیانی ڕاستەقینەدا سەرۆک و وەزیرەکان بە حاسیبە و ژمارەی وردەوە دانانیشن؛ هەوڵ دەدەن بە زانیاریی زۆر سنووردار لە دۆخێکی ئاڵۆز تێبگەن. بۆ نموونە هیچ سەرکردەیەک ناتوانێت بەوردی تێچوون یان سوودی وردی دەستپێکردن یان دوورکەوتنەوە لە شەڕێک حیساب بکات.

> **” وڵاتان چۆن بیردەکەنەوە، یەکێکە لە کتێبە هەرە گرنگەکانی نوسەرو لێکۆڵەری بەناوبانگی ئەمریکی جۆن جەی مێرشایمەرکە لە ساڵی "٢٠٢٣" لە زانکۆی (ییێڵ) بڵاویکردووەتەوە. ئەم کتێبە لە کاتی خۆیدا دەنگدانەوەیەکی گرنگی هەبووو بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانستی دادەنرێت بۆ تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی وڵاتان لە پەیوەندیی نێودەوڵەتییەکاندا “**

ڕێبازێکی دیکە کە دەروونناسی سیاسییە، تیشک دەخاتە سەر هەڵە و لایەنگری. دەڵێت زۆرجار سەرکردەکان ناعەقڵانین، چونکە پشت بە کورتە ڕێگا دەروونییەکان، یان بەراوردکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕابردوو، یان هەستەکان دەبەستن. میرشایمەر و ڕۆزاتۆ ڕەتیناکەنەوە کە سەرکردەکان ئەم کورتە ڕێگایانە بەکاربهێنن، بەڵام دەڵێن ئەمە خۆکارانە نایانکاتە ناعەقڵانی. پێش ئەوەی سیاسەتێک هەڵبژێرن، سەرکردەکان دەبێت سەرەتا لێکیبدەنەوە کە چی ڕوودەدات، کێ هەڕەشەیان لێدەکات، کێ بلەف (هەڕەشەی درۆ و باوەڕپێنەکراو) دەکات و چی لە مەترسیدایە. ئەگەر تەنها بە حیساباتی تەواو حوکم لەسەر عەقڵانیەت بدەین، ئەوا نزیکەی هەموو بڕیارێکی جیهانی ناعەقڵانی دەردەکەوێت. بۆیە نووسەران هانی خوێنەران دەدەن لە کاتی بە ناعەقڵانی ناوبردنی دەوڵەت یان سەرکردەیەک وریا بن و دەرئەنجامە خراپەکان یان ناپەسەندەکان لە بیرکردنەوەی خراپ و پرۆسەی بڕیاردانی لاواز جیابکەنەوە.

**بەشی پێنجەم: عەقڵانییەت و ستراتیژی گەورە (گراند ستراتیژی)**

لە بەشی پێنجەمدا نووسەران سەیری کەیسە مێژووییە ڕاستەقینەکان دەکەن بۆئەوەی بزانن چۆن دەوڵەتەکان لەڕاستیدا بڕیاری گەورە و درێژخایەن لە سیاسەتی دەرەوە دەدەن، کە بە ستراتیژی گەورەش ناسراوە. ئەم بڕیارانە بەزۆری بە پەلە نادرێن. سەرکردەکان کاتێکی زیاتر و ڕاوێژکاری زیاتر و زانیاریی زیاتریان هەیە. میرشایمەر و ڕۆزاتۆ دەڵێن لەم بارودۆخانەدا زۆربەی دەوڵەتەکان بەوردی و بە هۆشیارییەوە بیردەکەنەوە. ئەوان سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی جیهان پشت بە بیرۆکەی ڕوون دەبەستن و پێش هەڵبژاردنی هەر ستراتیژییەک باس لە بژاردەی جیاواز دەکەن.

هەروەها نووسەران ڕوونی دەکەنەوە کە جۆری بیرۆکەکانی سەرکردەکان کە بەکاریدەهێنن، پەیوەستە بە ژینگەی نێودەوڵەتییەوە. کاتێک زۆرێک لە دەوڵەتە زلهێزەکان کێبڕکێ لەگەڵ یەکتر دەکەن، زۆرجار سەرکردەکان بە واقیعی یان ڕیالیستیانە بیردەکەنەوە و سەرنجیان لەسەر دەسەڵات و ئاسایش و مانەوە دەبێت. بەڵام کاتێک دەوڵەتێک لە هەموو ئەوانی تر زۆر بەهێزتر بێت، وەک ئەمریکا لە دوای جەنگی ساردەوە، ڕەنگە سەرکردەکان هەست بەوە بکەن کە لۆژیکی لیبراڵی زیاتر سەلامەتتر بێت، وەک بڵاوکردنەوەی دیموکراسی یان بنیاتنانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان. هەرچەندە نووسەران خۆیان ڕیالیستن، بەڵام قبووڵی دەکەن کە بیرۆکە لیبراڵەکان هێشتا دەتوانن بەپێی دۆخەکە مەعقول و جددی بن. بۆ نموونە لایەنگرانی فراوانبوونی ناتۆ پێیان وابوو کە دیموکراسی و هاوکاریی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ململانێ؛ ئەوان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ناعەقڵانی مامەڵەیان نەدەکرد.

**بەشی شەشەم: عەقڵانییەت و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان**

بەشی شەشەم تیشک دەخاتە سەر ئەو بڕیارانەی کە لە کاتی قەیرانەکاندا دەدرێن، کاتێک سەرکردەکان ڕووبەڕووی فشارێکی زۆر دەبنەوە و کاتێکی زۆر کەمیان هەیە. زۆر کەس پێیان وایە لە کاتی قەیرانەکاندا سەرکردەکان تووشی شڵەژان دەبن و ناعەقڵانی مامەڵە دەکەن. میرشایمەر و ڕۆزاتۆ تەحەدای ئەم بۆچوونە دەکەن. ئەوان بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ حاڵەتە ناسراوەکانی وەک بڕیارەکانی ئەڵمانیا و ژاپۆن دەکەن، کە پێش جەنگە جیهانییەکان دراون، لەشکرکێشی هیتلەر بۆ یەکێتی سۆڤیەت، وەڵامی ئەمریکا لە کاتی قەیرانی مووشەکی کوبا و لەشکرکێشی سۆڤیەت بۆ سەر چیکۆسلۆڤاکیا. لە هەر یەکێک لەو حاڵەتانەدا نووسەران دەڵێن کە سەرکردەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و سۆزداری مامەڵەیان نەکردوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دوای کۆبونەوە و وتووێژی ورد لەسەر ئاسایش و هەڕەشە و دەسەڵاتی وڵاتانی تر مامەڵەو بڕیاریان داوە و باشترین بڕیاریان داوە، کە بۆ ئەو کاتە گونجاو بووە و لەبەرژەوەندیی وڵاتەکەیاندا بووە.

نووسەران لێرەدا خاڵێکی گرنگ دەخەنەڕوو: دەرئەنجامێکی خراپ یان کارەساتبار بەو مانایە نییە کە بڕیارەکە ناعەقلانی بووە. دەکرێت سەرکردەکان بە شێوەیەکی عەقلانی مامەڵە بکەن (بە مانای نووسەران) و هێشتا تواناکان، چارەسەرکردن، مەترسییەکانی پەرەسەندن، یان کاردانەوەی لایەنی سێیەم بە هەڵە حوکم بدەن و تێبگەن. لەوانەیە هێزی سەربازی خۆیان زۆر بخەمڵێنن، لە ئامادەیی دوژمن بۆ شەڕکردن بە هەڵە تێبگەن، یان پێشبینی نەکەن کە دەوڵەتەکانی دیکە چۆن کاردانەوەیان دەبێت. بۆ نموونە، سەرکردەیەک لەوانەیە باوەڕی بەوە هەبێت کە کردەیەکی سەربازیی خێرا کۆتایی بە قەیرانێک دەهێنێت، بەڵام هەندێکجار شەڕێکی درێژخایەن و تێچووی زۆری لێدەکەوێتەوە.

> **" لەم کتێبەدا (دەوڵەتان چۆن بیردەکەنەوە: عەقلانییەتی سیاسەتی دەرەوە) لەگەڵ سبستیان ڕۆزاتۆ نووسیویەتی، مێرشایمەرئەو بیرو بۆچوونە ڕیالیستییەی خۆی درێژدەکاتەوە و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەگەڵ ئەوەی بۆچوونێکی باو هەیە کە سەرکردەکان بەشێکی زۆریان نائەقلانین یان بڕیارەکانیان ژیر انە یان عەقلانیانە نییە، بەڵام ئەو بە پێچەوانەوە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەرکردەکان بە گشتی سیاسەتی دەرەوەیان بە شێوەیەکی عەقلانیانە دادەڕێژن "**

**بەشی حەوتەم: ڕەفتاری دەوڵەتی ناعەقلانی: کاتێک دەوڵەتان بە شێوەیەکی ناعەقلانی مامەڵە دەکەن**

لە بەشی حەوتەمدا نووسەران ڕوونی دەکەنەوە کە دەوڵەتەکان هەندێکجار بە شێوەیەکی ناعەقلانی مامەڵە دەکەن، بەڵام ئەمە زۆرجار ڕوونادات. کاتێک ڕوودەدات، بەزۆری بەهۆی کێشەکانی ناو سیستەمی بڕیاردانەوەیە، نەک لەبەر ئەوەی سەرکردەکان بە سروشتی ناعەقلانین. نووسەران چوار نموونەی ڕوون دەهێننەوە: ئەڵمانیا پێش جەنگی جیهانی یەکەم هێزی دەریایی خۆی فراوان کرد بۆ تەحەدای بەریتانیا، شکستی بەریتانیا لە ئامادەکردنی سوپایەکی بەهێز پێش جەنگی جیهانی دووەم، بڕیاری ئەمریکا بۆ داگیرکردنی کوبا لە کاتی کەنداوی بەرازەکاندا و داگیرکردنی عێراق لە ساڵی "٢٠٠٣"دا. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا سەرکردەکان پشتیان بە بیرۆکەی لاواز یان ناواقیعی بەستبوو و ڕێگەیان بە مشتومڕی ڕاستەقینە نەدەدا. دەنگە گرنگەکان پشتگوێ خران و بڕیارەکان زۆر بە خێرایی پاڵیان پێوە نرا.

بیرۆکەیەکی سەرەکی لەم بابەتەدا جیاوازی نێوان ئاسانکار و باڵادەستە. ئاسانکاریی ئەو سەرکردەیە کە ڕێگە بە گفتوگۆی کراوە دەدات و پێش بڕیاردان گوێ لە بۆچوونی جیاواز دەگرێت. باڵادەست ئەو سەرکردەیە کە کۆنترۆڵی پرۆسەکە دەکات و ناکۆکییەکان لەناودەبات و ئەوانی دیکە ناچار دەکات کە ڕازی بن. کاتێک باڵادەستێک بەرپرسیارە، بیرۆکەی خراپ دەمێنێتەوە، چونکە ڕێگە بە کەس نادرێت تەحەدای بکات. بۆ نموونە لە هەردوو کەنداوی بەراز و شەڕی عێراق "٢٠٠٣"دا، گروپی بچووک لە بەرپرسانی بەهێز لە دەسەڵاتدا کۆنترۆڵی گفتوگۆکەیان کرد و لەو بارەیەوە ڕێگریان لە گفتوگۆی جددی گرت.

ئەم بیرۆکەیە بەتایبەتی بۆ تێگەیشتن لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەسوودە. زۆرێک لە شکستەکانی سیاسەت لە دەوڵەتە قەیراناوییەکاندا بەهۆی کولتوور و سۆزەوە نییە، بەڵکو بازنەی تەسکی بڕیاردان و تۆڕە کەسییەکان و سیستەمی ئەمنی کە سزای ناکۆکی دەدەن. کاتێک سەرکردەکان تەنها بە لایەنگرانی دڵسۆز خۆیان دەورە دەدەن و ڕەخنە بێدەنگ دەکەن، دەکرێت کارەساتی گەورەی بڕیاردانی لێبکەوێتەوە.

**بەشی هەشتەم: ئامانج و مانەوە**

لە بەشی هەشتەمدا مێرشایمەر و ڕۆزاتۆ پرسیارێکی جیاواز بەڵام گرنگ دەکەن: ئایا ئامانجی دەوڵەتەکان خۆیان عەقڵانییە؟ هەندێک لە توێژەران دەڵێن ئامانجەکان ناتوانرێت حوکمیان لەسەر بدرێت؛ تەنها ئەو ڕێگایانەی کە بۆ گەیشتن بەوان بەکاردەهێنرێن دەتوانرێت حوکمیان لەسەر بدرێت. مێرشایمەر و ڕۆزاتۆ لەگەڵ ئەوەدا نین. ئەوان دەڵێن زۆربەی دەوڵەتەکان بەڕوونی (مانەوە) لە سەروو هەموو ئامانجەکانی ترەوە دادەنێن. دەشێت دەوڵەتان سامان، کاریگەری، یان پرێستیژیان بوێت، بەڵام هیچ کام لەمانە گرنگ نین ئەگەر دەوڵەت خۆی نەمێنێت. کاتێک توێژەران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەوڵەتەکان هەندێک جار دژی مانەوەی خۆیان مامەڵە دەکەن، مێرشایمەر و ڕۆزاتۆ ئەوە نیشان دەدەن کە ئەم حاڵەتانە بەزۆری بەو شێوازە نییە کاتێک لە نزیکەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت.

مێرشایمەر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە نزیکەی هەموو دەوڵەتەکان هەوڵی پاراستن و مانەوەی خۆیان دەدەن، تەنانەت کاتێک شکستیان هێناوە. بۆ نموونە ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت یان یوگۆسلاڤیا بەو مانایە نییە کە سەرکردەکانیان دەیانویست دەوڵەت نەمێنێت؛ واتە نەیانتوانیوە ڕێگری لێبکەن. ئەوان تەنها یەک کەیس بە نموونە دێننەوە، کە ئەویش ئەڵمانیای نازییە لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا، کە باسی ئەوە دەکەن کە لەشەڕکردن بەردەوام بوون لە کاتێکدا لە شکست و لەناوچوونیان دڵنیا بوون.

ئەم بابەتە بەتایبەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندیدارە، کە زۆرجار مانەوە لە یەک کاتدا مانای جیاوازی هەیە. سەرکردەکان ڕەنگە هەوڵی پاراستنی دەوڵەت، ڕژێم، یان

هەرێمێکی دیاریکراو بدەن. بۆ سیاسەتی کوردی، ئەمە پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت: ئەگەر ئامانج مانەوەی هەرێمی کوردستان بێت نەک دەوڵەتێکی تەواو سەربەخۆ، چۆن دەبێت حوکم لەسەر عەقڵانییەت بدرێت؟ هەرچەندە کتێبەکە سەرنجی لەسەر دەوڵەتەکانە، بەڵام بیرۆکە سەرەکییەکەی هێشتا جێبەجێ دەکرێت، کە ئەویش ئەوەیە ئەکتەرەکان بەزۆری هەوڵدەدەن ئەو شتە بپارێزن کە لەژێر کۆنترۆڵیاندایە، جا ئەو شتە دەوڵەت بێت، هەرێمێکی سەربەخۆ بێت، یان سیستەمێکی سیاسی و ئەمنی.

> **” مێرشایمەر و رۆزاتۆ دەڵێن ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە زۆر هەڵەیە و زۆر لاوازە، ئەمە وادەکات ئێمە لە نیازی ستراتیژی و لۆژیکی نەیارەکانمان بە باشی تێنەگەین. ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە وا دەکات ئێمە خۆمان ببورین لە باسکردنی پرسیاری گرنگ سەبارەت بە لۆجیکی گرنگی پشت ئەو بڕیارانەی کە وڵاتانی تر دەریدەکەن “**

**بەشی نۆیەم: عەقڵانییەت لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا**

لە بەشی کۆتاییدا نووسەران هەموو ئارگیومێنتەکانیان کۆدەکەنەوە و ڕوونی دەکەنەوە کە مەبەستیان چییە لە عەقڵانی بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی. ئەگەر دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی گشتی بەوردی و ئامانجدار بیر بکەنەوە، بیرۆکەی ڕوون سەبارەت بە جیهان بەکاربهێنن و لەرێگەی گفتوگۆ و مشتومڕەوە بڕیار بدەن، پێش کردارکردن باس لە بژاردەکانی بەردەمیان بکەن، ئەوا هێشتا دەوڵەتەکان ئەکتەری عەقڵانین یان دەکرێت وەکو ئەکتەرێکی عەقڵانی لێیان بڕوانین. ئەمەش گرنگە چونکە زۆرێک لە تیۆرییە ناسراوەکان لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئەم گریمانەیە بنیات نراون. بۆ نموونە ڕیالیزم و لیبرالیزم هەردووکیان وا گریمانە دەکەن کە دەوڵەتەکان بەگشتی بە ئامانجەوە کاردەکەن، جا چ بۆ پاراستنی ئاسایش، یان بەدەستهێنانی دەسەڵات، یان پەرەپێدانی هاوکاری- نووسەران پێیان وایە ئەم تیۆریانە هێشتا گرنگن بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی دەرەوە. ڕیالیزم یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی کێبڕکێ و ململانێ و بابەتە ئەمنییەکان. لیبرالیزم یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی هاوکاری و دامەزراوە و ڕێکخراوەکان و ستراتیژییە درێژخایەنەکان. ئەوان پێیان وایە ئەگەر بەزۆری دەوڵەتان ناعەقڵانیبوونایە ئەوا ئەم دوو تیۆرییە بایەخ و کاریگەرییان لە دەست دابوو..

هەروەها نووسەران هۆشدارییەکی تری گرنگ دەدەن. عەقڵانیبوون بە مانای ئاشتیخوازی یان لە ڕووی ئەخلاقییەوە باشبوون نییە. دەوڵەتێکی عەقڵانی ڕەنگە هێشتا بڕیاری بەکارهێنانی هەڕەشە، فشار، یان تەنانەت شەڕیش بدات ئەگەر سەرکردەکان پێیان وایە ئەمە کاریگەرترین ڕێگایە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان یان دەستەبەرکردنی مانەوە. بۆ نموونە دەوڵەتێک دەتوانێت هێزی سەربازی بەکاربهێنێت بۆئەوەی ڕکابەرێکی بەهێزتر نەبێت یان بەرگریی لەو خاکە بکات کە بە سەرچاوەی مانەوەی خۆی دەزانێت. ئەم بژاردانە دەتوانن توندوتیژی و وێرانکەر بن، بەڵام هێشتا دەتوانن لە چوارچێوەی لۆژیکی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا عەقڵانی بن.

وانەی سەرەکی ئەم کتێبە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان ئەکرێت کورت بکرێتەوە بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

وانەی یەکەم: سەرەتا پێویستە عێراق و هەرێمی کوردستان خاڵێکی گرنگ لە کتێبی چۆن دەوڵەتان بیردەکەنەوە وەربگرن، کە ئەویش بریتییە لەوەی: سیاسەتی دەرەکی باش بریتینییە لە "جوان" یان "گەشبینی". بەڵکو پەیوەستە بە پاراستنی بەرژەوەندییە سەرەکییەکان، بەتایبەتی مانەوە و سەقامگیری، لە ژینگەیەکی نێودەوڵەتی نادیار و کێبڕکێدا. واتە سەرکردەکان پێویستە خۆیان لە بڕیاردان بە پشتبەستن بە سۆز، شانازی، یان دروشم بەدوور بگرن و لەبری ئەوە پێش هەر هەنگاوێکی گەورە پرسیارێکی سادە بکەن: ئامانجمان چییە، چی هەڕەشەمان لێدەکات و واقیعیترین ڕێگا بۆ پاراستنی چییە؟

وانەی دووەم: لە کتێبەکە ئەوەیە کە سەرکردەکان بەڕوونی ڕوونی بکەنەوە کە چۆن جیهان دەبینن. پێویستە بە ئاشکرا بڵێن کە باوەڕیان بە ئێران و تورکیا و ئەمریکا و بەغدا و ڕکابەرییە ناوچەییەکان هەیە. پاشان پێویستە ئەم بیروباوەڕانە تاقیبکرێنەوە نەک وەک ڕاستی وەربگیرێن. زۆرجار سەرکردەکان لەسەر بنەمای گریمانەکانی وەک "ئەم وڵاتە هەمیشە پشتگیریمان دەکات" یان "ئەو وڵاتە هەرگیز پشتمان تێناکات" بڕیار دەدەن. کتێبەکە باس لەوە دەکات کە ئەم بیرۆکانە وەک ئەگەرێک مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت نەک وەک ڕاستییەکی هەمیشەیی. بۆ نموونە ئەگەر ستراتیژییەک پشت بە یارمەتی هاوپەیمانێک ببەستێت، ئەوا سەرکردەکان پێویستە خۆیان بۆ ئەو ساتەوەختە ئامادە بکەن کەوا ئەو هاوپەیمانە ئەولەویەتەکانی دەگۆڕێت یان لە داهاتوودا پشتیوانی کەمدەکاتەوە.

هەروەها کتێبەکە جەخت لەسەر گرنگی مشتومڕی ڕاستەقینە پێش بڕیارە گرنگ و گەورەکان دەکاتەوە. زۆرێک لە سیاسەتە خراپەکان لەو بارودۆخانەوە سەرچاوە دەگرن کە سەرکردەیەک یان گروپێکی بچووک کۆنترۆڵی بڕیارەکان دەکات و ڕێگە بە ناکۆکی و بڕیاری جیاواز نادات. مێرشایمەر ئەمە بە شێوازی سەرکردایەتی "زاڵ" ناودەبات. ڕێگەی باشترین ئەوەیە کە سیستەمێک دروست بکرێت کە بۆچوونی جیاواز ببیسترێت- پسپۆڕانی ئاسایش،

ڕاوێژکاری ئابووری و دیپلۆماتکاران- و کەسانێک ڕێگەیان پێبدرێت بە جددی پلان و بڕیارەکان پێش دەرچوونیان بخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەمەش بڕیاردان خاو ناکاتەوە؛ بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵەی گەورە یاخود ستراتیژیی.

**” مێرشایمەر و ڕۆزاتۆ جەخت لەسەر خاڵێکی گرنگ دەکەنەوە ئەویش ئەوەیە کە عەقڵانیبوون گەرەنتی سەرکەوتن ناکات. حکومەت دەتوانێت بەوردی بیربکاتەوە و مشتومڕێکی جددی بکات و هێشتا شکست بهێنێت. ئەمەش ئەکرێت ڕووبدات، چونکە زیاتر لە ڕوونکردنەوەیەک بۆ دۆخەکە ڕەنگە مەعقول دەرکەوێت، چونکە زانیارییەکان دەتوانن هەڵە یان ناتەواو بن، یان لەبەرئەوەی ڕووداوە چاوەڕوانەنەکراوەکان هەمووشتێک دەگۆڕن “**

لە کۆتاییدا کتێبەکە پێشنیازی ڕێبازێکی هاوسەنگ دەکات لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا. پێویستە عێراق و هەرێمی کوردستان خۆیان لە پشتبەستن بە یەک دەوڵەتی زلهێز یان گەورەی هەرێمی بەتەواوی بەدوور بگرن. لە جیهانێك و هەرێمێکدا کە زۆربەی ئەکتەرەکان لە کێبڕکێ و ململانێدان، یاریزانە بچووکەکان خۆیان دەپارێزن بە هێشتنەوەی بژاردەکانیان بە کراوەیی. ئەمەش بە واتای دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ چەندین هاوبەش و هەروەها بەهێزکردنی توانا ناوخۆییەکان، وەک دامەزراوەکان، هەماهەنگی ئەمنی و ئابووریی هەمەلایەن. ڕەنگە پشتگیریی دەرەکی بتوانێت یارمەتیدەر بێت لە قۆناغێك و ماوەیەک لە ماوەکاندا، بەڵام هەرگیز گەرەنتی هەمیشەیی نییە. سیاسەتی دەرەکی عەقڵانی ئەو سیاسەتەیە کە بژاردەکان زیاد دەکات، بەجۆرێک کە لە کاتی قەیرانێکدا ناچار نەبێت بڕیارێک بدات کە لەلایەن لایەن و کەسانی ترەوە دانراوە، بەڵکو دەرئەنجامی بڕیاری سەرکردە ناوخۆییەکانە.

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

# لە گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

سیاسەت و ڕێنمایی نووسینی گۆڤار لە سێ بەش پێکدێت، کە بریتین لە: (ڕێنمایی نووسین، شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە، ڕێنمایی وەرگێڕان).

**یەکەم: ڕێنمایی نووسین:**

- بابەتی نووسراو، پێشتر لە هیچ جێگایەکی دیکە بڵاو نەکرابێتەوە.
- زمانی بڵاوکردنەوەکانی گۆڤار تەنها زمانی کوردییە.
- گۆڤار ئەو بابەتانە بڵاودەکاتەوە کە پەیوەندیدارن بە پرسە ستراتیجی و جیۆپۆلەتیکییەکان.
- لە پەیکەری نووسینی بابەتدا هەندێك سەربەستی دەبەخشرێتە توێژەر، بەڵام پێویستە پەیکەری بابەتی نووسراو ئەم بەشانە لەخۆبگرێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، دەرئەنجام، پێشنیاز ئەگەر هەبێت، لیستی سەرچاوەکان.
- بابەتەکە بە تایپکراوی و بە فایلی(word) بێت.
- پێشەکی بابەتەکە لەنێوان (٢٠٠-٣٠٠) وشەدا بێت.
- کۆی وشەکانی بابەتی نووسراو، لەنێوان (٣٠٠٠-٥٠٠٠) وشەدا بێت.
- جێهێشتنی (٢ سم)، بۆ هەر چوار لای پەڕەکە.
- بۆشایی نێوان دێڕەکان (١.١٥) بێت.
- پێویستە توێژەر فۆنتی یونیکۆد (Goran) بۆ نووسینی بابەتەکەی بەکاربهێنێت.
- لە نووسینی ناونیشانی بابەت، قەبارەی فۆنتی (١٦)ی بۆڵد بۆ ناونیشان و (١٤)ی بۆڵدیش بۆ ناونیشانی لاوەکی ناوەڕۆك بەکاربێت.
- قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی بابەت (١٤)بێت.
- لە ناوەڕاستی خوارەوەی لاپەڕەوە، ژمارەی لاپەڕە دابنرێت.

- چارت و وێنەکان بە شێوەی (JPG) بێت.
- بابەتی نووسراو لەڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە بنێردرێت: jss@dirasatdiploma. org

**دووەم: شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی بابەتەکەدا و بەشێوازی (Insert Endnote) بێت و بە فۆنتی قەبارە (١٢) بنووسرێن.
- لە لیستی سەرچاوەکان بەم شێوازانەی لای خوارەوە سەرچاوەکان بنووسرێن:

*** توێژینەوەی بڵاونەکراوە (نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا):**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ناونیشانی نامەی ماستەر یان تێزی دکتۆرا، ناوی کۆلێج و زانکۆ، ساڵ، لاپەڕە.

*** کتێب:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ساڵی چاپ، ناونیشانی کتێب، (وەرگێڕ و پێداچوونەوە ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ، دەزگای بڵاوکردنەوە یان چاپخانە، لاپەڕە.

*** گۆڤار:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ساڵی چاپ، ناونیشانی توێژینەوە یان وتار، ناوی گۆڤار، ژمارەی بەرگ، ژمارەی گۆڤار، لاپەڕە.

*** ڕۆژنامە:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، (ڕێکەوت)، ناونیشانی بابەت، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

*** چاوپێکەوتن:**

- ناوی کەسی چاوپێکەوتنکەر، ناوی کەسی چاوپێکەوتنکراو و پیشەکەی، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن، شوێنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، کاژێر.

*** ماڵپەڕ سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ڕێکەوت، (ئەگەر نەبوو ڕێکەوتی سەردانیکردن بنووسرێت)، ناونیشانی بابەت، لینکی ماڵپەڕ، یان سەرچاوەی ئەلیکرتۆنی ڕێکەوتی سەردانیکردنی ماڵپەڕ.

- **تێبینی:** لەو ڕوانگەوەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق ناوی خێزانیی بەکارناهێنرێت، بۆیە لەکاتی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سەرەوە، هەر ناوی سیانی نووسەر بنووسرێت.

*** ڤیدیۆ:**

- ناونیشانی ماڵپەر، (ڕێکەوتی دانانی ڤیدیۆ)، ناونیشانی ڤیدیۆ، لینکی ماڵپەڕ، بەرواری سەردانیکردن.

مەڵبەندی دیراساتی گشتی

گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسی و ستراتیجییە
مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەریدەکات.

# The Strategic Studies

Issue 4, Winter 2025